٩

# ئازادی

## لە هزر و ڕامانی قاسملوودا

عەلی مونەزەمی



**پێشکەشە بە:**

هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگای ئازادیی کوردستان و کورددا کەدیان داوە و زەحمەتیان کێشاوە، بەتایبەتی خاتوو نەسرین قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور.

# ئازادی
## لە هزر و ڕامانی قاسملوودا

□

عەلی مونەزەمی

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک
٢٠٢٢ی زایینی

# ئازادی

## له هزر و ڕامانی قاسملوودا

**نووسین:**
**عەلی مونەزەمی**

**هەڵەچن:**
**جەماڵ فەتحی**

**دیزاین:**
**ڕێبوار**

**١٠٠٠ بەرگ**

**له زنجیره بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»**
**ژمارە (٩)**

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com

سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

## وتەی دەسپێک و سپاس و پێزانین

لەدایکبوونی پەرتووکێک پرۆسـەیەکە کە لە بیرۆکەیەکەوە تا کاتی بڵاوبوونی لە خۆ دەگرێت و زۆر جار خوێنەران مەراق دەکەن، کە بزانن وەها پرۆسـەیەک چۆن و لە کوێیەوە سـەرچاوەی گرتووە. باسکردنی ورد لە وەها پرۆسەیەک بۆ خۆی دەتوانێت ببێتە پەرتووکێک، بەڵام باسـێکی کورت لەسـەر ئەم پرۆسەیە بۆ ئەو خوینەرانەی کە مـەراق دەکەن، دەتوانێت بەکەڵک بێت. ئەو کاتەی کە هێشـتا لە زانکۆ بووم، لە کاتی خوێندنی فەلسـەفەی سیاسـیدا کە بەشێک لە وانەکان لەسەر فەلسەفەی ئـازادی بـوون، بیرم بۆ لای ئـەوە دەچوو کە ئێمەی کورد کە بـۆ ئازادیی گەل و نیشـتمانمان خەبات دەکەین، لە هەموو کەس زیاتر پێویستیمان بەوە هەیە کە لە ئازادیی تێ بگەین و واتا و هزرە پێوەندیدارەکان بەو زاراوەیەوە بزانین. لەبەر ئەوەی کە قاسملوو ڕێبەری هزری و خاوەن تێگەیشتنی قووڵ لە زۆر بابەتی پێوەندیدار بە خەبات بۆ ئازادیی کوردستان و کورد بوو، شکم لەوەدا نەبوو، کە هزرەکانی قاسملوو دەتوانـن بنچینەی فەلسـەفەی ئازادی بۆ کورد پێک بێنـن. بیرم لەوە کردبوو کە

بابەتێکی وەها قورس کاری کەسێکی شارەزا و خاوەن پلەی بەرزی زانستییە و نابێت وەها پرۆژەیەک لە کەسانی شارەزا تێک بدەم و چاوەڕوانیم هەبوو ،کە ڕۆژێک ئاکادێمیسیەنێکی کورد بە ئەرکێکی وەها قورس هەستێت و فەلسەفەی ئازادیی لە ڕوانگەی قاسملوودا بنووسێت، بەڵام ئاواتم بەو شێوەیەی کە دەمویست نەهاتە دی. لەبەر ئەوەی کە تەمەنی مرۆڤیش کورتە، بە پێویستم نەزانی کە زیاتر لەوە چاوەڕوان بم و بۆیە بۆ خۆم بیرم لەوە کردەوە کە دەست بۆ ئەم کارە ببەم. نەک لە بەر ئەوەی کە لە خۆم ڕادەدیت، بەڵکوو بۆ ئەوەی کە لەو بارەوە بێدەنگییەکە بشکێنم و باسەکە بورووژێنم بەو ئامانجە کە کەسانی دیکە بێنە مەیدان و دەوڵەمەندتری بکەن.

دوای هێندێک خوێندن و خۆتەیارکردن بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە، بۆ ئەوەی کە بتوانم لە باری هزرییەوە زۆرتر ئامادە بم، پێویستیم بە پشتیوانیی مۆراڵی هەبوو کە بتوانم هەنگاوی یەکەم هەڵگرم. بیرۆکەکەم لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆشەویست هێنایە بەرباس کە تێکۆشەری ڕێبازی ئازادیی گەل و وڵاتی خۆیانن و بۆ ئەو هەنگاوە پشتیوانیی ئەوانم بۆ گرینگ بوو. نەک لە باری ئاکادێمیکەوە، بەڵکوو لە باری پشتیوانیی مۆراڵییەوە. بۆیە لێرەدا سپاس و پیزانینی خۆم پێشکەشی ئەنوەر کوهەنساڵ و سلێمان کەلەشی دەکەم کە بە پشتگیریی لەو پرۆژەیە هاندەرم بوون بۆ بەردەوامبوونم لەو ئەرکە قورسەدا. دواتر کە بەشی تیئۆریم تا ڕادەیەک ئامادە کرد و بۆ چەند هاوڕێیەکم نارد کە لە باری ئاکادێمیکەوە بیروبۆچوونیان وەربگرم و بزانم کە ئەو بەشەی وەک تیئۆری بۆ فەلسەفەی ئازادی بەکار دەهێنم، تا چەندە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ شیکردنەوەی هزر و فەلسەفەی ئازادیی قاسملوو. لێرەدا پێویستە کە سپاسێکی تایبەتیی هاوڕێ و مامۆستا دوکتور ئالان حەسەنیانی بکەم، کە زۆر بە وردی و جوانی هزر و بۆچوونەکانی لەگەڵ باس کردم و ئەوەش یارمەتیدەر بوو، بۆ ئەوەی کە بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە درێژە بە کارەکانم بدەم. لە ڕەوتی کارەکانمدا بەشێک یان چەند بەشێکی ئەو پەرتووکەم بۆ هاوڕێیان: ئیبراهیم لاجانی، سەعید سوڵتانپوور، عارف نادری و ئالان قادری ناردووە و بیروبۆچوونی ئەوانم وەرگرتووە

و یان لەسەر هێندێک مژار ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کردووە. سپاسی هەر هەموویان دەکەم، کە کات و مەجالی خۆیان دانا بۆ ئەو کارە و بێشک بیروبۆچوونەکانیان کاریگەریی خۆیان هەبوو.

سپاس بۆ شەهاب خالدی کە لە باری هەڵەچنیی دەق زۆر هەڵەی تایپی و نووسینی ڕاست کردەوە و بە دەربڕینی بۆچوونەکانی لەسەر هێندێک بابەت، لەم کارە قورسەدا یارمەتیدەرم بوو.

هەروەها لێرەدا سپاسی جەمیل کولاهی دەکەم کە فایلی پی‌دی‌ئێفی نامەی قاسملوو بۆ مەسعوود ڕەجەویی بۆی ناردم. ئەو نامەیە پێشتر لەلایەن مامۆستا گۆران (حەسەن ئەیووبزادە)وە لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاو کرابوو.

سپاسی تایبەتیم هەیە بۆ سارۆ ئەردەڵان و مەجید هەقی کە هەردووکیان وەک ئێدیتۆر و مامۆستای ڕێنیشاندەر بۆ دەوڵەمەندکردن و پاراستنی چوارچێوەی ئاکادێمیکی ئەم پەرتووکە زۆر پێوە ماندوو بوون، ئەگەرچی نەمتوانی هەموو تێبینییەکانیان لەو پەرتووکەدا بگونجێنم، کە هۆکاری ئەوەش بۆ لاوازیی نووسەر دەگەڕێتەوە.

دیسان پێویستە کە جارێکی دیکەش سپاسی مەجید حەقی بکەم، کە ئەرکی نووسینی بەشی ناساندنی ئەم پەرتووکەی خستە سەرشانی و بەو شێوەیە نرخ و گرینگیی ئەو پەرتووکە بەرز بووەوە.

سپاس بۆ جەماڵ فەتحی (کۆچەر)، کە بە پێداچوونەوە و ئێدیت و هەڵەچنیی زمانەوانی و پێشنیارەکانی ڕەنگ و سیمایەکی جوانی بەو پەرتووکە بەخشی و بووە هۆی ئەوەی کە خوێندنی پەرتووکەکە ساناتر و نێوەڕۆکەکەی دەوڵەمەندتر بێت.

سپاس بۆ هاوڕێیان لە بەشی «کتێبی تیشک» بۆ دیزاین و وەشاندنی پەرتووکەکە.

## پێڕست


ناساندن ........ ۱۱
پێشەکی ........ ۱۵
تیئۆری: ئازادیی ئەرێنی، ئازادیی نەرینی و ئازادیی کۆماریخوازانە ........ ۱۹
ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێکی پێویست پێش باسە سەرەکییەکان ........ ۵۵
ئـــازادی لە ڕوانگەی قاســـملووەوە وەک ئانترۆپۆلۆژیســـتێکی مارکسیســـت ـ پەرتووکی کوردستان و کورد وەک بەڵگەی سەرەکی ........ ۶۱
ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە وەک چەپێکی دێموکرات و پۆست ـ مودێڕنیست... ۱۰۷
مانیفێستی ئازادیخوازیی لەسەر بنەمای هزرەکانی قاسملوو ........ ۱۶۱
ئەنجام ........ ۱۷۹
ژێدەرەکان ........ ۱۸۱

# ناساندن

ئـــازادی، گرینگترین پێناســـەی شـــکۆی مرۆڤایەتی و جێگەی بـــەرزی مرۆڤە. زۆر لە بیرمەندانی سیاســـی لەو بڕوایەدا بوون، کە گەیشـــتن بە بایەخ و ناسنامەیەک بە ناوی «ئازادی»، گەورەترین پێناسەی شکۆ و ناسنامەی مرۆڤە و ژێردەستی و نەبوونی ئازادی، سەرچاوەی بێناسنامەیی و لەژێرپێنانی شکۆی ئینسانییە. بۆیە دوکتور قاسملوو ڕێبەر و بیرمەندی کورد نەبوونی ئازادی بەدژی سروشـــتی مرۆڤ دەزانی، هەر بەو بۆنەوە ژیانی خـــۆی لە پێناو ئازادیـــی نەتەوەکەی تەرخان کرد. ناوی قاســـملوو زۆرتر بە ڕێبەرێکی کاریزماتیـــک گرێی خواردووە، کـــە توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتـــی ڕێبەریی خۆیدا، حیزبێکی وەکـــوو حیزبی دێموکراتی کوردســـتان، بکاتە گەورەتریـــن و کاریگەرترین حیزبی کوردستانی، و سیستەمی مۆدێڕنی ڕێکخراوەیی و بەدامەزراوەییکردنی نێوخۆیی، حیزبی دێموکرات بکاتە بنەمای فەرهەنگی ڕێکخراوەیی، بەڵام قاســـملوو تەنیا ڕێبەری ڕێکخراوەیـــەک نەبوو کە لە چوارچێوەی نۆرمەکانـــی ڕێکخراوەییدا بیەوێت حیزبەکەی بەرەو لووتکەی گەورەترین هێزی پارتیزانی ســـەردەمی خـــۆی ڕێبەری بکات، بەڵکوو قاســـملوو بیرمەندێکی سیاســـی بوو کە بیری لە شـــێوازێک لە بەڕێوەبەریی سیاســـی

دەکـــردەوە کە ئـــازادی و ڕێزگرتن لە شـــکۆی مرۆڤایەتی پێشـــمەرجی دامەزراندنی سیستەمی سیاسیی داهاتووی وڵات بوو. ئازادی بە بڕوای قاسملوو هەڵبژاردن و مافێک بوو، کە لە چوارچێوەی «ئەخلاق»ـــدا شـــرۆڤە دەکرێت و مرۆڤ بە شێوەی سروشتی دەبێت لەو ئازادییە کەڵک وەربگرێت.

ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنـــووس، گرینگترین ئامانجی مرۆڤە. ئەوە ئامانجی فەلســـەفەی بزاڤە نەتەوایەتییەکانی کورد بووە لە ســـەردەمی خانـــی لەپزێڕینەوە هەتا ئەمڕۆ. بۆ ئەوەی لە ئازادی بگەین، پێویســـتە بزانین مەبەســـتمان لـــە «ئازادی» چییە و «ئازادی» لە پێناوی چیدا. لەگەڵ ئەمەشـــدا، ئازادی زۆر جار وشـــەیەکی هەستەکی و واتایەکـــی نەگۆڕی هەیە بـــۆ زۆربەی مرۆڤەکان. ئـــازادی زاراوەیەکە کە لەڕادەبەدەر هۆنراوەی لەسەر نووسراوە، بابەت و تابلۆی هونەری بۆی بەرهەم هاتووە. هونەرمەند، زانا و فەیلەسۆفگەلێکی زۆر، بە شێوە جۆراوجۆرکان پەسنی ئازادی و مافی مرۆڤیان کردووە بۆ بەهرەمەندبوون لە ئازادی. ئازادی «شا وشەی» هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتییە. نەتەوەی کورد، قوربانیـــی هەڵکەوتەی جوغرافیای خۆیەتی، بۆیـــە چەمکی ئازادی لەلای بزاڤی نەتەوەییی کورد و بزاڤە ناوچەییەکانەوە بەتایبەت لە وڵاتانی داگیرکەری کوردســـتاندا زۆر جیاوازە. لە کاتێکدا کە زۆربەی هەرەزۆری فەیلەســـووف و ڕێبەرانی سیاســـی ئەو نەتەوانە باس لە ئازادی و گرینگیی ئازادی دەکەن، کە باس دێتە سەر پرسی نەتەوایەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەک یەکێک لە چەمکەکانی ئازادی، هەموو نۆرمەکانی پێوەندیـــدار بە تیئۆری و فەلســـەفەی ئازادی لـــە بیر دەکرێن و چەمکـــی ئازادی لە چوارچێوەی ئازادیی «تاکەکەســـی» بەرتەســـک دەکەنەوە، کە لـــەوەدا هەموو کەس لە چوارچێوەی مافی شـــارۆمەندیدا ئازادە، کە پێبەند بێت بـــە بنەماکانی «یەکپارچەییی خاک» و پاراستنی سنوورە دەستکردەکان.

یەکێک لە ســـەرەکیترین کارەکانی دوکتور قاســـملوو، وەک بیرمەندێکی سیاسی پێشکەوتوو و ئاسۆبین، شیکردنەوەی جۆری ئازادییەکە کە نەتەوەی کورد خەباتی بۆی دەکات یان دەبێت خەباتی بۆ بکات. بێگومان دوکتور قاسملووش، وەک هەموو مرۆڤێک

بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی، بیرکردنەوەی لەسەر شێوازی گەیشتن بە ئازادییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام بنەمای فەلسەفی و هزریی قاسملوو لەسەر «مافی دیاریکردنی چارەنووس» دانراوە. نووسەر و چالاکوانی سیاسی، کاک عەلی مونەزەمی، لە پەرتووکی «ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا» باس لە ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ هزر و ڕامانەکانی دوکتور قاسملوو دەکات.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کتێبگەلێکی زۆر لەمەڕ کەسایەتی دکتۆر قاسملوو، ژیان و خەباتی سیاسی قاسملوو، وەک بیرمەندێکی سیاسی و ڕێبەرێکی کاریزماتیک نووسراون، بەڵام کەمتر ئاوڕ لە هزرەکانی قاسملوو لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئازادی دراوەتەوە.

ئێمە لە سەردەمی جیهانی پێوەندییەکاندا دەژین، سەردەمێک کە زۆر کەس پێی وابوو، لیبراڵیزم دەتوانێت ببێتە هۆی وێکگەیشتن و لەیەکگەیشتنی نەتەوەکان بۆ ڕێزگرتن لە ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس. لە کاتی نووسینی ئەو پێشەکییەدا مانگێک بەسەر هێرشی داگیرکارانەی ڕووسیە بۆ سەر خاکی وڵاتی ئوکراین تێپەڕ دەبێت و بەکردەوە دوو فەلسەفەی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «ئازادی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی پاوانخوازانی شوێنیستی و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ»، لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون. بۆیە ناسینی فەلسەفەی ئازادی، شرۆڤەی جۆری ئازادی و تێگەیشتن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە جیهانی پێوەندییەکاندا کە بەهۆی سروشتی خێرای گۆڕانکارانەی خۆی، دەتوانێت ببێتە هۆی سڕینەوەی ناسنامەی کۆلێکتیڤی کۆمەڵگاکان، پێویستییەکی ئەمڕۆیی و بنەمایی بۆ داهاتوویەکی هێمن، چوارچێوەدار و گەشەسەندووە.

پەرتووکی «ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا»، لە چوار بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم شرۆڤەی فەلسەفەی ئازادی لە ڕوانگە بیرمەند و فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی جیهان، بەشی دووهەمی پەرتووکەکە باس لە هێڵەکانی هزری قاسملوو دەکات، لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی ئازادیدا، بەشی سێهەمی کتێبەکە، ئازادی لە ڕوانگەی قاسملوو

وەک چەپێکی دێموکرات شـــی دەکاتەوە و بەشـــی کۆتاییش مانیفێســـتی ئازادی لە چوارچێوەی هزرەکانی قاسملوو ڕاڤە دەکات.

ئازادی هەم مافە و هەم هەڵبژاردەیەکە کە لە چوارچێوەی یاســـا نێونەتەوەییەکاندا شـــی کراوەتەوە و خەباتـــی نەتەوەی کورد بـــۆ مافی دیاریکردنی چارەنووســـیش لەو چوارچێوەیەدا شـــی دەکرێتەوە، بەڵام گەیشتن بەو مافانە پێویستی بە هەندێک مەرج هەیە:

مەرجی یەکەم: هەبوونی هێز و توانایی: هێز و توانایی، جەوهەر و بنەمای ئازادییە و بەبێ توانایی، مرۆڤ ناتوانێت بە ئازادی بگات. ئەم تواناییە تەنیا لە ڕێگەی یەکگرتوویی و وێکگەیشتن لە چوارچێوەی بنەما نەتەوایەتییەکاندا مسۆگەر دەکرێت، کە بەشێکە لە فەلسەفەی ئازادی لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووش.

دووەم: بەهرەمەندبـــوون لە عەقڵانییەت و هزرمەندی: بیرمەندی بریتانیایی جانلاک (١٨٢٤)، ئـــازادی بە توانایی بیرکردنەوە دەزانێـــت. لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا و بە بوونی دەیان ڕێکخراوی سیاســـی و کۆمەڵایەتی، بـــۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بگاتە مەنزڵگای ئازادی و لە مافی هەڵبژاردن و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەهرەمەند بێت، پێویســـتە نۆرمەکانی خەباتی هاوبەش لە چوارچێوەی فۆرمێکی هاوبەش دابڕێژرێت، بۆ ڕێبەریکردنی بزاڤی نەتەوایەتی و گەشەسەندنی هزری ئازادیی بەکۆمەڵ و کۆلێکتیڤ.

ئازادی لە ڕوانگەی قاســـملووەوە، مافێکی بنیاتی و ســـەرەتایی مرۆڤە، کە مەرجی ســـەرەکییە بۆ ڕێزگرتن لە شـــکۆی مرۆڤایەتی هەر نەتەوەیـــەک. بێگومان خوێنەری خۆشەویست باشترین هەڵسەنگێنەر و لێکدەرەوەی نێوەڕۆکی ئەو پەرتووکەیە و هیوادارم ئەو پەرتووکە ببێتە هاندەرێک بۆ بەرهەمەکانی داهاتوو و بەهێزکردنی ئەندێشەی ئازادی و چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس و وێکخستنی هێزەکان لە پێناو ئەو ئامانجەدا.

مەجید حەقی

خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی

## پێشەکی

خوێنەری هێژا!

نووسین لەسەر ئازادی، کارێکی دژوار و ئەستەمە. بەتایبەتی بۆ کەسێک کە نە ژیان و نە کات دەرفەتی ئەوەی دەداتێ کە بتوانێت بە قووڵی لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە بکات. کاتێک باسی ئازادی لە ڕوانگەی خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی دەکرێت، کە هەزاران کەس لەژێر ڕێبەری و لە پێناوی ئازادییەک کە ئەو فۆرمووڵەی کردبوو، نەترسانە بەرەو مەرگ چوون، بەڵام ئامانجی ئازادیخوازییەکەیان وەلا نەنا و ئەو ڕێبەرەش لە کردەوەدا سەلماندی کە بڕوای بە وتە و هزرەکانی خۆی هەیە و ئازادی بۆ ژیانی مرۆڤ ئەوەندە بە گرینگ دەزانێت، کە لە پێناودا دەتوانێت ژیانی تاکەکەسیی پشتگوێ بخات، دەردەکەوێت نووسینێک کە شیاوی وەها هزر و ڕامانێک بێت، ئاسان نییە.

لەو پەرتووکەدا باس لە ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ هزر و ڕامانەکانی دوکتور قاسملوودا کراوە. قاسملوو وەک ڕێبەری خەباتێکی ئازادیخوازانە و کەسایەتییەکی پایەبەرزی سیاسی بۆ هەموو لایەک ناسراوە، بۆیە لەو پەرتووکەدا هەوڵ نەدراوە کە

کەسایەتییەکەی و یان داستانی ژیانی بۆ خوێنەر بخرێتە ڕوو. لێرەدا نووسەر هەوڵی داوە، کە هزرەکانی قاسملوو لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئازادیدا شی بکاتەوە و ئازادی جێگای مەبەست و پەسەندی قاسملوو لەو قاڵبەدا بە خوێنەران بناسێندرێت.

ئـــەم پەرتووکە لە چوار بەش پێک هاتووە. بەشـــی یەکەم کە باســـی تیئۆری-فەلسەفی لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدایە، لە هزرەکانی کۆمەڵێک فەیلەسووف کەڵک وەرگیراوە؛ بـــۆ ئەوەی کە جیاوازیی نێوان دوو چەمکـــی ئازادیی ئەرێنی و ئازادیی نەرێنـــی ڕوون بکرێتەوە، دواتر باس لـــە ئازادیی کۆماریخوازانە کراوە کە بە جۆرێک مێدیۆم یان ئاڵترناتیڤێکە کە بەشـــە ســـەرەکییەکانی ئەو دوو شێوەیە لە ئازادی لە خۆ دەگرێتەوە.

بەشی دووهەم، دوای باس لەســـەر چەند خاڵێکی پێویست لە پێوەندی لەگەڵ هێڵی هزریی قاسملوودا، باس لە ئازادی لە ڕوانگەی قاسملوو وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیســـتی کراوە. ئەو بەشە لەســـەر بناغەی نووسینەکانی قاسملوو لە پەرتووکی «کوردستان و کورد»دا ئامادە کراوە.

بەشـــی سێهەمی پەرتووکەکە، باسێکە لەســـەر ئازادیی لە ڕوانگەی قاسملووەوە، وەک چەپێکی دێموکرات و مارکسیستێکی پۆست-مودێرنیست. ئەو بەشە هزرەکانی قاســـملوو لە دوای ئەوەی کە لە سۆسیالیزمی مەوجوود دوور دەکەوێتەوە و ڕێگای سۆســـیالیزمی دێموکراتیک دەگرێتە بـــەر و وەک ســـکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران، خەباتی سیاسیی خۆی دەست پێ دەکات، لە خۆ دەگرێت. لەو بەشـــەدا لە نووســـین و ئاخافتنەکانی قاسملوو لەو سەردەمەدا کەڵک وەرگیراوە، کە زۆربـــەی ئەم نووســـینانە لەلایەن کاوە بەهرامییەوە لە قاڵبـــی پەرتووکێک بە ناوی «تاڤگەی هەقیقەت» لە چوار بەرگدا چاپ  و بڵاو کراونەتەوە.

بەشـــی چوارەم مانیفێستی ئازادییە، کە لەســـەر بنەمای هزر و ڕامانی قاسملوو لـــە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا، لەلایەن نووســـەری ئەم پەرتووکەوە نووســـراوە. وەها مانیفێســـتێک وەک نموونەیەک لە مانیفێستی ئازادی کە دەتوانێت لەسەر بناغەی

هزرەکانی قاسملوو ئامادە بکرێت، نووسراوە و بە هیچ جۆرێک ئیدعای ئەوە ناکرێت، کە وەها مانیفێسـتێک دەگمەن و ڕەهایە؛ بەڵکوو دڵنیام کە ڕەنگ بێت ئەگەر وەها مانیفێسـتێک لەلایەن کەسـانی دیکەوە بنووسـرایە، زۆر دەوڵەمەندتر و باشتریش فۆرمووڵە بکرایە.

بۆ نووسـینی ئەم پەرتووکە لە مێتۆدی چۆنایەتی (کوالیتیاتیڤ) بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و شیکردنەوەیان کەڵک وەرگیراوە. لەبەر ئەوەی کە لە پەرتووکی «دیرۆکەکە ڤەشارتیە»ـدا بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم شێوازە لێکۆڵینەوەیە نووسیومە، لێرەدا بە پێویسـتی نابینم کە بە وردی لە سـەری بدوێم، بەڵام ئاماژە بە هێندێک کۆسـپی سـەر ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوە دەکەم، بۆ ئەوەی کە ئەگەر کەسـانی دیکە لە دوارۆژدا لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشـنە بکەن، باشـتر لە مـن خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. یەکێک لە کۆسـپەکان ئەوە بوو کە پەرتووکەکانی بەشی تیئۆری هەموویان بـە نورویژی یان ئینگلیزی بوون، کە ئەوەش بـووە هۆکارێک کە کاتێکی زۆرتر بۆ نووسـینی بەشـی تیئۆری تەرخان بکەم. ناشارەزاییی نووسەر لە فەلسەفە بە زمانی کوردی و لاوازبوونم لە زمانی ئینگلیزیدا بووە هۆی ئەوەی کە لەوانەیە بەشی تیئۆری بە دڵی خوێنەران و یان لە ئاستی چاوەڕوانیی ئەواندا نەبێت.

نووسـینی باسـی فەلسـەفی لە قەراغ ژیان و کاری ڕۆژانە، سـانا نییە. بابەتی فەلسـەفی-تیئۆری پێویستی بە کات هەیە، کە مرۆڤ بتوانێت قووڵتر بیر بکاتەوە و باشتر نووسینەکان فۆرمووڵبەندی بکات. ژیان ئەو دەرفەتەی نەدا کە بتوانم قووڵتر بچمە نێو بابەتەکانەوە و وردتر باسیان بکەم، ئەوەش بووە هۆی لاوازیی هێندێک لە باسەکان کە دەکرا دەوڵەمەندتر ببان.

بە سپاسەوە

عەلی مونەزەمی ـ نورویژ ٢٠٢٢.٠٢.١٩

## تیئۆری: ئازادیی ئەرێنی، ئازادیی نەرینی و ئازادیی کۆماریخوازانە

زۆر زەحمەتە کە بزانرێت پەیڤی ئازادی بۆ یەکەمین جار کەی و لەلایەن چ کەسێکەوە هاتووە و شی‌کراوەتەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین بە دوای ڕیشەی ئەم چەمکە لە یوونانی ئەنتیقەدا، لەلای «ئەفلاتوون» و «ئەرەستوو» بگەڕێن. بە بڕوای «ئایزایا برلین»: لە فەلسەفەی سیاسیدا ئازادی دەتوانێت واتایەکی ئەرێنی و یان نەرێنیی هەبێت. ئازادی لە واتای نەرێنیی خۆیدا یانی نەبوونی لەمپەری دەرەکی و فیزیکی. ئەو پێناسەیە بۆ ئازادی بۆ یەکەمین جار لەلایەن «تۆماس هابز»ەوە ئاماژەی پێ کراوە.[1] بە بۆچوونی «ئایزایا برلین»، واتای ئازادیی نەرێنی پێوەندی بە وڵامی ئەم پرسیارەوە هەیە، کە «گەلۆ ئەو هەرێمەی کە دەبێت دەست لە بەرۆکی ئەکتەری بیرمەند ـ بە تاک یان گرووپ ـ هەڵبگرن و ڕێگە بدەن کە «خۆیان» بن و ئەوەی کە پێیان خۆشە و پێیان دەکرێت بیکەن بەبێ ئەوەی کە لەلایەن کەسێکی دیکەوە بەرۆکیان پێ بگیرێت، کامەیە»؟ بەڵام واتای ئەرێنیی لە ئازادیدا گرێدراوی وڵامی ئەم پرسیارەیە کە، «چ شتێک یان چ کەسێک سەرچاوەی کۆنترۆڵ و دەستێوەردانە و دەتوانێت دەستنیشانی بکات کە تاک چی بێت و چی نەبێت و یان

---

1. Svendsen, Lars. 2013, «Frihetens filosofi», (Oslo: Universitetsforlaget), p. 119

چـــی بکات و چی نەکات؟»[1] و بە کورتی «کێ دەبێت حوکم بە ســـەر مرۆڤەوە بکات»؟[2] بە واتایەکی دیکە، ئازادیی نەرێنی لەســـەر ئازادیی تاکەکەسی پێداگری دەکات و ئازادیی لەوەدا دەبینێت، کە هەرێمێکی تایبەت بۆ تاک یان گرووپێکی دیاریکراو هەبێت دوور لە دەستێوەردانی کۆمەڵگا و حکوومەت؛ بەڵام بەپێچەوانەوە، ئازادیی ئەرێنی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە دەبێت کۆنترۆڵی بەکۆمەڵ لەســـەر چارەنووسی تاکەکەسیدا زاڵ بێت و ئەو کونترۆڵە لە پراکتیکدا لە دەستی حکوومەت یان زۆربەی کۆمەڵگادایە.

«فیلیپ پێتیت»، شێوازێکی دیکەی لە ئازادیی وەک جێگرەوە بۆ هەردوو شێوەی ئازادیی ئەرێنی و نەرێنی داهێناوە؛ ئەم ئازادییە بە نەبوونی سەردەســـتی و شێوازی کۆماریخوازان لە ئازادی ناسراوە و لە ڕاستیدا لە هزرەکانی قاسملووەوە زۆر نزیکە.

لەو بەشـــەدا هەوڵ دەدرێت، تا ئەو جێگایەی بلوێـــت، واتای ئازادیی ئەرێنی و نەرێنی لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە ڕوون بکرێتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە بیر و ئەندێشەی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی کە ڕوون بێتەوە کە کام یەک لە بەشـــەکانی بیر و ئەندێشەی قاسملوو پێوەندی بە کام یەک لەو دوو تێگەیشتنە لە ئازادییەوە هەیە و خاڵە هاوبەشەکانی هزری «پێتیت و قاسملوو» لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا کامانەن.

## ئازادیی نەرێنی

ئازادیی نەرێنی کە پێوەندیی بە لیبراڵیزمەوە هەیە، لەسەر ئازادی بۆ تاک پێداگری دەکات[3] و شـــێوازێکی دێســـکریپتیڤە لە ڕاڤەکردنی ئازادی کە لەوێدا گرینگی بەو

---

1 . Isaiah, Berlin. 1969 .«TWO CONCEPTS OF LIBERTY,» Four Essays On Liberty .(Oxford, England: Oxford University Press), p. 118-172) p.3

https://n9.cl/ugg1y

ئەو گۆتارەی ئایزایا برلین لە ١٩٦٩دا نووسیویەتی. ژمارەی لاپەڕەکانی ئاماژەپێکراو لەو نووسینەدا بە گوێرەی فایلی پی دی ئێفە کە لە لینکی سەرەوەدا داندراوە.

2. Svendsen 2013. p.127

3. Lavik, Trygve; Fjørtoft, Kjersti; Pedersen, Jørgen. 2016. «Filosofi for samfunnsvitere, 2. utgave». (Oslo: Universitetsforlaget, 2.) p.196

خاڵە دەدات، کە کام ئاڵترناتیف بۆ ئەکتەرێک کراوەیە؛ نەک هەڵوێست و زانیاریی ئەکتەرەکان لەسەر ئەم ئاڵترناتیڤانە.[1] «فیلیپ پێتیت» باس لە سێ خاڵی گرینگ لە بارەی ئازادیی نەرێنیدا دەکا و دەڵێت: «بۆچوونەکان باس لەوە دەکەن، ئازادیی کەسێک کاتێک زەوت دەکرێت کە لە شتێک بێبەش بکرێت، یان لە هەڵبژاردنی ئەو بژاردانەی دەستێوەردان بکەن کە لە بەردەمیدا هەن و یان ئەوەی کە کەسانێک بەسەریدا زاڵ ببن». لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئازادیی خەڵک یان تاکەکان لەسەر بنەمای پێشپێنەگرتن، دەستێوەرنەدان و نەبوونی سەردەستییە.[2] «هابز»، نوێنەرایەتیی بۆچوونی یەکەم دەکات و پێی وایە، کە «مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە، کە لەو کارانەی کە بە هێز و هۆشی خۆی بۆ ویستەکانی خۆی دەتوانێت جێبەجێیان بکات، ڕێگری لێی نەکرێت». «پێتیت»، لەسەر بۆچوونی «هابز» دوو خاڵی گرنگ باس دەکات و دەڵێت: یەکەم بە گوێرەی تێگەیشتنی «هابز» لە ئازادی، کۆسپ و بەربەستی دەرەکی تەنیا کاتێک دەتوانێت لە ئازادییەکەت کەم بکاتەوە، کە بژاردەیەکت هەبێت و بتەوێت ئەنجامی بدەیت، بەڵام ئەم کۆسپ و بەربەستە کۆسپ بێت لەسەر ڕێگای ئەنجامدانی. دووهەم ئەوەی کە، کاتێک شیاوی کەسێکی ئازادیت، کە لە هەموو ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگای ئەو بژاردەیە کە حەزت لێیە ئەنجامی بدەی بەدوور بیت. کەواتە، ئەگەر ئاڵترناتیڤێکی دیکە لە جیاتی ئەو بژاردەیەت بخەنە بەردەست یان ئەو بژاردەیە کە حەزت لێیە لێت بستێنەوە، کەسێکی ئازاد نیت؛ بۆیە وەک کەسێکی ئازاد دەبێت هێندە بەختەوەر یان بەهێز بیت کە ئەو بژاردەیەت پێشی پێ نەگیردرێت. هەروەها ئەگەر بژاردەیەک لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە لێت زەوت بکرێت کە بۆت گرینگ نەبێت، هەست بە کەمبوونەوەی ئازادییەکەت

1. Svendsen 2013. p.127

2. Pettit Philip. 2011. «The Instability of Freedom as Noninterference: The Case of Isaiah Berlin». (Chicago: The University of Chicago Press, Ethics , Vol. 121, No. 4 (July 2011), pp. 693-716, 2011) p. 694

https://n9.cl/ir9wvk

ناکەی و هەر پێت وایە کە کەسێکی ئازادیت، بەڵام لە ڕاستیدا کەسێکی ئازاد نیت. جیاوازیی بۆچوونەکانی «ئایزایا برلین» لەگەڵ «هابز» لەو بوارەدایە کە ئەویش ئەگەرچی وەک «هابز» نەبوونی لەمپەری دەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد بە گرینگ دەزانێت، بەڵام ئەو لەسەر دەستێوەردان و دەستێوەردانی بەئەنقەستی مرۆڤەکان چڕ دەبێتەوە. بە بۆچوونی ناوبراو تەنیا کاتێک ئازادییەکەت دەستەبەر دەبێت، کە بگەیتە قۆناغێک کە لەسەر ڕێگای هیچ یەک لە بژاردەکانت و هەروەها بژاردە شیمانەکراوەکانت لەمپەر و بەربەست نەبێت و ئەو کارە بکەی کە بۆ خۆت دەتەوێت.[١]

«ئایزایا برلین» لەسەر ئازادی دەڵێت: «بە شێوەی سروشتی، بەو ڕادەیە ئازادم کە هیچ تاک یان کۆیەک لە مرۆڤەکان لە چالاکییەکانمدا دەستێوەردان نەکەن. ئازادیی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە، فەزایەکە کە تاک لەوێدا بەبێ پێشپێگرتن لەلایەن خەڵکی دیکەوە، دەتوانێت چالاکی بکات».[٢] «تریگڤە لاڤیک» بە تێگەشتین لە بۆچوونی «برلین» ئەمە بە نەبوونی لەمپەری دەرەکی پێناسە دەکات و دەڵێت: «هەموو مرۆڤەکان مافی خۆیانە کە هەرێمێکیان هەبێت کە لەوێدا بتوانن بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵاتدارانی سیاسی و کۆمەڵگا بەگشتی، چالاکی بکەن. ئەگەر لەلایەن کەسانی دیکەوە پێشم پێ بگیرێت بۆ ئەنجامدانی کارێک کە ئەگەری هەبوو ئەنجامی بدەم، بەو ڕادەیە نائازادم؛ و ئەگەر ئەو فەزایە لەلایەن خەڵکی دیکەوە زیاتر لە نزمترین ئاستی مومکین تووشی دەستێوەردان بێت، ئەوکات دەبێت پێم بڵێن ناچارکراو یان کۆیلە»[٣]، بەڵام ئەو دەستبەستراوییە و نەبوونی توانایییە، بۆ هەموو نەتوانینێک بە کار نایت. مەبەست لێرەدا ئەو تواناییيە جەستەیی و سروشتیانەیە کە تاک هەیەتی. بۆیە «برلین» پێداگری دەکات و دەڵێت: «ئێوە تەنیا کاتێک لە ئازادیی سیاسی بێبەشن کە لەلایەن خەڵکی دیکەوە بەرۆکتان پێ گیرابێت».[٤]

---

1. Pettit. 2011. pp. 696-698
2. Berlin 1969. p. 3 & Svendsen 2013. p.121
3. Lavik, m.m.; 2016. p. 196
4. Berlin 1969. p. 3 & Svendsen 2013. p.121

«جان ستوارت میل» دەڵێت: ئاستی ئازادیی هەر تاکێک بەرامبەرە لەگەڵ ڕادەی ئەو دەرفەتانـــەی کە وەک بژاردە دەتوانێت لە نێوانیانـــدا هەڵبژێرێت. یانی ئازادیی هـــەر تاکێک بـــە ڕادەی ئەو بژاردانەیە کـــە لە بەردەمیدا هەیە. لـــە کۆمەڵگایەکی خاوەن شارســـتانییەتدا بەکارهێنانی هێز بەپێچەوانەی حەز و ویستی کەسێک تەنیا لـــە حاڵەتێکدا ڕێگەپێدراوە کە پێش بـــە بریندارکردنی (زەربەلێدانی) خەڵکی دیکە بگرێت.

بە بڕوای «برلین»، ئازادیی نەرێنی بە واتای «ئازادی لە»، ئەو شـــتانەیە کە دەبنە بەربەست لەسەر ڕێگامان و پێشمان پێ دەگرن. ئەگەر کەسێک بە هۆی سیاسەتی کاربەدەســـتانی وڵات تووشـــی هەژاری بووبێت، ئەو کەسە ئازادیی لێ زەوت کراوە. بەڵام ئەگەر کەسێک بە هۆی بێپارەییەوە نەتوانێت سەفەرێک بکا کە ئەو بێپارەییە بە هۆی بەربەســـتە دەرەکییەکانەوە نەبووبێت، ئەوە بە واتای پێشـــێلکردنی ئازادی نییە.[1] ناوبراو هەروەها لەو باوەڕەدایە، کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە ڕادەیەکی باڵای ئازادیی تاکەکەســـییان هەیە، ئەو ئازادییەیان لە ڕێگەی چەوســـاندنەوەی کەسانی دیکەوە بە دەست هێناوە. بۆیە ئەگەر ئازادی دوایین ئامانجی مرۆڤ بێت، نابێت هیچ مرۆڤێک لێی بێبەش بێت. «ئەگەر ئازادیی من، چینەکەم یان نەتەوەکەم پێوەندیی بە چارەڕەشی و بەلەنگازیی خەڵکانێکی دیکەوە هەبێت، هەر پەرگالێک (سیستەمێک) کە ئەم سیاسەتە بەرەو پێشەوە ببات، نادادپەروەرانە و دژە ئەخلاقییە».[2]

«پێتیـــت» باس لـــە دەربڕینێکی «برلین» دەکات، کـــە ڕوانگەیەکی دیکەی «نا-هابزیی» ئەو دەخاتە ڕوو و دەڵێت: «برلین» ئازادی بە ئەو دەرگایانە دەشوبهێنێت کە مـــرۆڤ دەتوانێت پاڵیان پێوە بنێت بـــۆ کرانەوەیان. بۆ ئەوەی کە ئازادانە دەرگایەک بکەیـــەوە، ڕادەی هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دەرگایانـــەدا، گرێدراوی ئەوەیە کە چەند دەرگا هەن. گرنگیی هەڵبژاردن بەســـتراوەتەوە بەوەوە کە چی لە پشت دەرگاکاندا

---

1. Berlin 1969.  p.3 & Svendsen 2013. p.123
2. Berlin. 1969.  p.5

هەیە و گرنگتر لە هەموو ئەوانە ئەوەیە کە چەندە ئازادیت لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە کام دەرگا بکەیەوە و چەند لەو دەرگایانە کراوەن». یان بە واتایەکی دیکە «دەتوانین بڵێیـــن کە کام یەک لـــە دەرگاکان کراوەیە، بەرەو کام دیمـــەن کراوەیە و چەندە کراوەیە».[1] ئەگەر بمانەوێت بۆچوونی «هابز» و «برلین» لەســـەر ئازادی بەکورتی باس بکەین، بە بۆچوونی «هابز» کۆســـپ و بەربەستی سەر ڕێگای ئازادی (چ ئەوانەی کە دەرەکین و چ ئەوانەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەن) ئەوانەن، کە دەبنە هۆی سڕینەوەی یەک یان چەند بژاردەی بەردەمی کەســـێک، بەڵام «برلین» دەستەیەکی گەورەتر لە دەستێوەردانەکان لە بەرچاو دەگرێت و نەک بە تەنێ سڕینەوەی بژاردەیەک، بەڵکوو گۆڕینـــی بژاردەیەک لەگەڵ بژاردەیەکی دیکە و یان شـــاردنەوەی زانیاری لەســـەر بژاردەکانیش وەک هەڕەشەی ناچاری دەزانێت.[2]

## واتای ڕادەی بژاردەکان و پێڤاژۆی هەڵبژاردن بۆ ئازادی

«برلین»، بە ڕەخنەوە بە «هابز» دەڵێت: ئەگەر تەنیا ئازادی بە واتای نەبوونی کۆسپ و بەربەســـت پێناســـە بکرێت، ئەوکات ئیمکانی هەیە کە کەســـێک بەخۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج، بژاردەیەک هەڵبژێرێت کە کۆســـپ و بەربەســـتی لەسەر ڕێگادا نەبێت و بەو شـــێوە خۆی بـــە ئازاد بزانێت. بە بڕوای «برلیـــن»، هیچ ئازادییەک لە ڕێـــگای خۆگونجاندنەوە بوونی نییە. هەروەها ئەو ئیدعـــا دەکات، کە بەرەتیدان بە بژاردەکان بە هۆی کۆســـپ و بەربەســـتەکانەوە ئازادیت پێ نابەخشـــێت. ئیدعای ســـەرەکیی «برلین» ئەوەیە، کە هەر بژاردەیەک لە هەڵبژاردندا دەبێت لە دەخاڵەت و دەســـتێوەردان بەدوور بێت. ئەو ئیدعایە لەلایەن «ئامارتی سن» پێداگریی لەسەر کـــراوە، کە ئیدەئاڵی ئازادی لەگەڵ بەرەتیدان بە ویســـتە نەگونجـــاوەکان جیاوازە. ئیدەئاڵی بەرەتیدان بە ویستەکان، پێویستیی بە دووربوون لە دەستێوەردان، کۆسپ

1. Pettit. 2011. p. 698
2. ibid

و بەربەست دروســـتکردن لەسەر ڕێگای ویستە ڕاستەقینەکانەوە هەیە و گرێدراوی دووریی لە دەستێوەردانی نابەجێیە.[١]

بۆ «ئامارتی ســـن»، نەک ڕادەی دەرفەتەکان و ئاڵترناتیڤەکان، بەڵکوو پێڤاژۆ و پرۆسەی هەڵبژاردن لە نێوان بژاردەکان و ئاڵترناتیڤەکانیش گرینگ و واتای خۆی بۆ ئـــازادی هەیە. ئەو پێی وایە کە دەبێت هەردووی ئەو لایەنانەی ئازادی، پێداگرییان لەســـەر بکرێت. بۆ «ئامارتی سن» لایەنی ئیمکان ئەوە لە خۆ دەگرێتەوە کە ئازادیی زۆرتر دەرفەتی گەورەتر بە ئێمە دەدات تا بتوانین بەدواداچوون بۆ ئەو ئامانجانەمان بکەیـــن کە لە ژیاندا هەمانە و لایەنی پێڤاژۆیی ئـــەوە لە خۆ دەگرێتەوە کە خودی هەڵبـــژاردن واتایەکی گەورەی هەیە. ئەگەرچـــی لایەنی ئیمکان و پێڤاژۆیی ئازادی بەرەو یەک ئاراستەکردندایە، بەڵام دەتوانن بە دژی یەکتریش بن. بە بڕوای ناوبراو، هەرچـــی بژاردە زۆرتر بێت، پرۆســـە و پێڤاژۆی هەڵبژاردن لە نێوانیاندا ئەســـتەمتر دەبێـــت. هێندێک کەس دەتوانن لـــە نێوان بژاردەی کەمتـــردا، ئاڵترناتیڤی چاکتر هەڵبژێرن.[٢]

بـــە وتەی «فیلیپ پێتیت»، تیۆروانینی «برلین» هەڵگری کارەکتەری چۆنیەتییە، کـــە تاکێک نەک بە تەنێ ئازاد بێت لە ئەنجامدانی ئەو بژاردەیەی کە هەڵیبژاردووە، بەڵکوو ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی هەر بژاردەیەکی مومکیندا کە پێوەندیدارە بە حەزی ئەوەوە و ئەگەر هەر بژاردەیەکی دیکەش هەڵبژێرێت، بێجگە لەوەی کە هەڵیبژاردووە، تووشی ئازار و دەرد نەبێت. یانی هەموو دەرگاکانی پێوەندیدار بە بژاردەکانی بۆ کراوە بن. بەڵام لە هێندێک هەلومەرجدا ئەگەر نەکرا لە یەک کاتدا بە نرخێکی مەعقوول دەستپێڕاگەیشتنی بۆ دوو بژاردە پارێزراو بێت و ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو بژاردەیەدا دەستەبەر نەکرێت و پێداویســـتییەکانی سەرفی ئەو بژاردەیە بکرێت کە مومکینە هەڵیبژێرێت، ئەوە بەرەتیدان بە بژاردەکان نییە.

---

1. Pettit. 2011. pp. 699-701
2. Svendsen 2013. pp.126-127

بە وتـــەی «پێتیت»، لە بارەی نەبوونی دەســـتێوەردان، خاڵـــی ناتەباییی نێوان «برلین و «هابز» لەوەدایە، کە «هابز» دەڵێت: بۆ ئازادی دەبێت نەبوونی دەستێوەردان بگەیندرێتە کەمترین ڕادەی مومکینەوە،[1] بەڵام هەروەک کە پێشـــتر ئاماژە پێ کرا، «برلین» ئازادی لە نەبوونی دەستێوەردانیدا دەبینێت.

«پێتیت» دەڵێت: ئەگەر کەســێک بزانێت کە ویســـت، بـــژاردە و ئامانجەکانی لەگەڵ پرێفرانســـەکانی ئەو کەســـەی کە بە ســـەریدا زاڵە نەگونجاون، بەڵام بێت و بەبێ ئەوەی کە ویست، بژاردە و یان ئامانجەکانی خۆی بگۆڕێت، خۆی لەو کەسەی نزیک بکاتەوە کە بە ســـەریدا زاڵە و لە ڕێگای ماستاوچییەتییەوە کارێک بکات، کە دەســـتێوەردان لە کارەکان و ئامانجەکانیدا نەکرێت، نەبوونی وەها دەستێوەردانێک بەو واتایە نییە کە ئەو کەسە ئازادە و بەم شێوەیە ئازادی بۆ خۆی مسۆگەر ناکات.[2] بۆ «پێتیت»، دەســـتێوەرنەدان لە هەڵبژاردن و نەبوونی دەسەڵاتی دەستێوەردان دوو شـــتی بەتەواوەتی جیـــاوازن، بۆیە ڕەخنە لە «برلین» دەگرێـــت و بۆچوونی «برلین» لەســـەر ئەوەی کە ئازادی بە واتای نەبوونی دەستێوەردانە، ڕەت دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کەســێک سەرەڕای هەبوونی دەسەڵاتی دەســـتێوەردان، بۆ خۆی بڕیار بدات کە لە هەڵبژاردندا دەســـتێوەردان نەکات، بە واتـــای ئەوە نییە کە من ئازاد بووم بە دڵـــی خۆم بژاردەیـــەک هەڵبژێرم کە پێم خۆش بووە، بەڵکـــوو بە هۆی ئەوەی کە هەوڵم نەداوە دەســـەڵاتی دەستێوەردانی ئەو کەسە کەم بکەمەوە و ئەمەش نەبووەتە هۆی دروســـتبوونی کێشە لەگەڵ ئەو دەســـەڵاتدارەی کە نەویستووە دەستێوەردان بـــکات، ئەو دەســـتێوەرنەدانە ناتوانێت پێشـــمەرجی ئازادی بێـــت، هەروەک چۆن نەبوونی پێشـــپێگرتن بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەم مەبەســـتە. ئەم بۆچوونەی «پێتیت» لە «کانت»ـــەوە نزیکە کە دەڵێت: ئەو هزرەی «برلین» لەگەڵ ئەو ڕاســـتییە ڕێک ناکەوێت کە تۆ لە هەڵبژاردنێکدا تا ئەو ڕادەیە ئازادیت کە لەژێر کاریگەریی ئیرادەی

1. Pettit. 2011. pp. 702-704
2. Pettit. 2011. p. 704

ئەوانی دیکەدا نەبێت کە کام بژاردە هەڵدەبژێریت.[1]

بە بڕوای «کانت»، مرۆڤەکان لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێت ئیرادەی خەڵکی دیکە لەسەر خۆیان قەبووڵ بکەن. ناوبراو قەبووڵکردنی ئیرادەی خەڵکی دیکە لەسەر ئیرادەی خۆی، بە ناسروشتیترین شت دەزانێت کە کەسێک دەیکات.[2]

بە بڕوای «پێتیت»، کاتێک کە کەسێک پێداویستییە پێویستەکانی لە بەردەستدا هەیە و خاوەنی دەسەڵات و زانستی پێویستە کە بتوانێت بەبێ دانی هیچ نرخێک لە هەڵبژاردنی ئێوەدا دەستێوەردان بکات، یانی ئێوە ملکەچی ئیرادەی ئەون و ئەو لەسەر ئێوەدا زاڵ و سەردەستە. کەواتە، دەبێت واتای ئازادی وەک نەبوونی دەستێوەردان لەگەڵ ئازادی وەک نەبوونی سەردەستی جێگۆڕکێی پێ بکرێت.[3] نەبوونی سەردەستی، هێز و دەسەڵاتی گرووپێک یان تاکێک بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی لەسەر ئەوانی دیکەدا سنووردار دەکات و ڕێگە نادات کە تەنیا لە بەر نیازپاکیی دەسەڵاتداران، لە هەڵبژرادندا بژاردەکان لە بەردەستدا بن؛ بەڵکوو دەبێت بژاردەکان بەڕاستی ئازاد و لە بەردەستدا بن. بە قەوڵی «ئالجێرنوون سیدنی» کە دەڵێت: «ئازادی، سەربەخۆبوون لە ئیرادەی ئەوی دیکەیە» و یان «کاتۆ» لە نامەکانیدا نووسیویەتی: «ئازادیی ژیان، لەسەر بناغەی مەرجە تاکەکەسییەکانە. ژیان لە ڕەحمەتی ئەوانی دیکەدا کوێلەتییە».[4]

«پێتیت»، بە کەڵکوەرگرتن لە مێتافۆری «برلین» لە بارەی دەرگا ئاوەڵاکان و ئیدەی کۆماریخوازان لە بارەی ئازادییەوە ڕوونی دەکاتەوە، کە ئازادی بە واتای ئەوە نییە کە هەموو دەرگاکان کراوە بن، بەڵکوو دەبێت هیچ دەرگەوانێک نەبێت تا بتوانێت دەرگاکان دابخات و یان بیانشارێتەوە بەبێ دانی هیچ نرخێک. یانی کراوەبوونی دەرگاکان نابێت گرێدراوی ڕەحمەت و کەرەمی دەرگەوان بێت. هەبوونی

1. Pettit. 2011. pp. 704-707
2. Pettit. 2011, p. 694
3. Pettit. 2011. p. 707
4. Pettit. 2011. p. 708

دەرگەوان (سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە دەرگەوانێکی دلۆڤانیش بێت و دەرگاکان دانەخات) بەو واتایەیە، کە ئێمە نرخی پێویستمان نەداوە بۆ ئەوەی کە دژایەتیی هەبوونی دەرگەوان بکەین و ئەوەش نیشان دەدات کە ئێمە پێڕەوی لە ئیرادەی دەرگەوانەکەوە دەکەین. هەست بە ئازادی بە هۆی دڵفراوانیی دەرگەوان، ئازادی نییە؛ بەڵکوو وەهم و خەیاڵی ئازادییە. لەبەر ئەوەی کە کەسێکی سەردەست هەرچەندە کەسێکی باشیش بێت، هەر سەردەست دەمێنێتەوە و ژیان لە ژێردەستی ئەودا، ئازادی نییە. یانی نە بە شێوەی «هابزی» کە ئازادی بە خۆگونجاندن و هەڵبژاردنی بژاردەیەک کە ئەگەری دەستێوەردانی کەمترە و نە بە شێوەی «برلینی» کە ئازادی لە دوورخستنەوەی بژاردەکان لە دەستێوەردان و یان نەهێشتنەوەی یەکجارەکیی دەستێوەرداندا پێناسە دەکەن، کۆماریخوازان ئازادی لە نەبوونی دەستێوەردان، سەربەخۆ لە نیازپاکیی خەڵکی دیکەدا دەبینن. یانی بەهێزبوون تا ئەو ڕادەیە کە لە دونیای واقعیدا لە هەموو سناریۆکان بۆ دەستێوەردان دوور بن و دەرەتانی جێبەجێکردنیان نەبێت. واتە ئەگەرچی نەبوونی کۆسپ و بەربەست و پێشپێگرتن و یان نەبوونی دەستێوەردان باشن بۆ ئازادی، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت ئازادی جێگای ئەوانە بگرێتەوە، گرینگ و پێویستە کە سەردەستی بوونی نەبێت و ئەوە گارانتییەکی بەهێزە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی.[١]

## ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و ئازادیی شێوازی ژیان

کاتێک کە باس لە ئازادیی بیروڕادەربڕین دەکرێت وەک کۆڵەکەیەکی گرینگی ئازادیی نەرێنی، باس لە هزرەکانی «جان ستوارت میل» وەک بیرمەندێکی لیبراڵ گرینگە. هێنانی ئەو باسە لێرەدا تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی تێکچوونی باسەکان لە چوارچێوەی کورۆنۆلۆژیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە «برلین» بە کەڵکوەرگرتن لە هزرەکانی «میل» هەوڵی داوە شیکردنەوە بۆ سنووری ئازادیی نەرێنی بکات، هێنانی

1. Pettit. 2011. pp. 709-7011

ئەم باسە لێرەدا وەک پێویستییەک دەبیندرێت؛ لەبەر ئەوەی کە بۆ «برلین» ڕوون بوو کە بە هۆی هەبوونی ئامانج و خەباتی جۆراوجۆری تاکەکەسەکان کە هەموو کاتێک بـــە هارمۆنی لەگەڵ یەکدا نین و بـــە هۆی هەبوونی نرخەکانی وەک دادپەروەری و ئاســـایش بێجگە لە ئازادی لە کۆمەڵگادا، پێویســـتە کە ئازادیی تاکەکەسی لەلایەن یاســـاوە سنووردار بکرێت. لێرەدا بێجگە لە باس لە ئازادیی بیروڕادەربڕین و ئازادیی شێوازی ژیان، هەروەها باس لە سنووری ئازادیی نەرێنیش دەکرێت.

«تریگڤە لاڤیک» ئازادیی بیروڕا و دەربڕێنی بیروڕا، ئازادیی ئۆلی و مافی هەبوونی ژیانـــی تایبەتی بە جەوهەری ئازادیی نەرێنی ناو دەبـــات.[1] ناوبراو بە هێنانی فاکت لە جان ســـتوارت میل دەڵێت: بە بۆچوونی «میـــل» ئازادیی ڕادەربڕین دەبێتە هۆی پەرەســـەندنی ڕاســـتی و ئەگەر کەسێک وتەیەکی ناڕاســـتیش بکات، ئەوە لەلایەن بیروڕای گشتییەوە ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە ناوبراو دەڵێت: «ئەگەر بە تەنیا یەک کەس بۆچوونێکی هەبێت کە بەپێچەوانەی بیروڕای هەموو ئەوانی دیکە بێت، ئەوانی دیکە هەر بەو ڕادەیە مافیان هەیە کە گوشـــار بخەنە سەر بیر و هزری ئەو کەسە کە ئەو کەسە هەیەتی بۆ گوشارهێنانە سەر بیر و هزری هەموو ئەوانی دیکە.

بە وتەی «تریگڤە لاڤیک» بۆ ئەم پرنســـیپە «میل» ســـێ هۆکار باس دەکات کە بریتین: ١. ئەگەر ئەو تاکە فکرەکەی دروست بێت، ئێمە ئەو دەرفەتەمان لە دەست دەچێت کە بیری نادروســـت بە بیری دروســـت بگۆڕینەوە. ٢. ئەگەر فکرەکە هەڵە بێـــت، ئەو دەرفەتەمان لە کیس دەچێت کە فکری خۆمانی پێ هەڵســـەنگێنین، بە چالێنجی بکێشـــین، بەهێزتر، ڕوونتر و زوڵاڵتری بکەینەوە کە شـــتەکەمان ڕاست و ڕێگەپێدراوە. ٣. ئەگەر فکرەکەی بەشـــێکی دروست و بەشێکی هەڵە بێت، ئێمە ئەو دەرفەتەمان لە کیس دەچێت کە باس و دیالۆگی لەســـەر بکەین بۆ ئەوەی کە لەو ڕێگەیەوە بە شـــتێکی دروست بگەین. هیچ ڕاســـتییەک ناتوانێت وەک ڕاستییەکی ڕەها حەســـێبی بۆ بکرێـــت. بە بڕوای میل، زۆرترین ڕاســـتی دەتوانێت ببێتە هۆی

1. Lavik, m.m., 2016. p. 196

وەدیهاتنی زۆرترین خۆشی و سەرکەوتن. بەڵام ئەگەر ئازادیی ڕادەربرین ببێتە هۆی بریندارکردنی خەڵکی دیکە، ئەو کاتە حکوومەت دەتوانێت سنوورداری بکاتەوە. بۆیە دەبێت هەر کەسێک لە نێوان ئەو کارانەی کە پێوەندی بە خۆیەوە هەیە و ئەوانەی کە پێوەندی بە خەڵکی دیکەوە هەیە، جیاوازی دابنێت.[١]

بەڵام ناوبراو لە نێوان ئەو کردەوە یان بیروبۆچوونانەی کە دەبنە هۆی بریندارکردنی خەڵکی دیکە و ئەوانەی کە لە کۆمەڵگادا ناپەسەندن، جیاوازی دادەنێت و دەڵێت: «کۆمەڵگا لەلایەن سەمپاتی و ئانتیپاتییەوە بەڕێوە دەچێت». بۆ «میل» بریندارکردن، ئەو کارانە لە خۆی دەگرێتەوە کە بەرژەوەندی و عەلاقەی ئەوانی دیکە دەبڕێت. لێرەدا مەبەستی «میل» لە بەرژەوەندی یانی هێندێک بەرژەوەندیی سنووورداری خەڵک کە دوور بن لە کوشتن، لێدان، دزیلێکردن و شتی لەو چەشنەیە. دەنا ڕکابەری و کێبڕکێی سروشتی، ئاسایی و ڕێگەپێدراوە.[٢]

«جان ستوارت میل» داوا دەکات کە نابێت کەسێک یان گرووپێک هزر و بیر و ئەندێشەی خۆی بە تەواو و بێکەموکوڕی سەیر بکات. لەبەر ئەوەی کە هزری ڕەها دەتوانێت ئاکامی قەرەبوونەکراو بە دوای خۆیدا بێنێت و ئەگەر خاوەن هێزەکان خۆیان بەبێ کەموکوڕی سەیر بکەن، بیر و هزری هاووڵاتییان دەچەوسێننەوە و ناهێڵن هاووڵاتییان بە ئازادی بیر و هزری خۆیان پێکەوە بگۆڕنەوە و لەو ڕێگەوە بیر و هزری نوێ بەرهەم بێنن. وەها کارێک لە درێژخایەندا دەتوانێت پێش بە ڕاستی بگرێت و ئەگەر سەردەمێک بیرێک بە دژی هەستی هاوبەش و یان ناعاقڵانە بێتە بەرچاو، لەوانەیە لە درێژماوەدا ڕاست دەربچێت. جەڕباندنی هزرەکان لە ڕێگەی باس و شیکردنەوەوە یەکێک لەو مێتۆدانەیە کە زانستڤانان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیی هزرەکانیان بەکاری دەهێنن. «کارڵ پۆپێر» دەڵێت: زانستڤانان دەبێت بیر و هزری خۆیان بخەنە ئەستەمترین تاقیکارییەکانەوە و تەنیا ئەو هزرانەی کە دوای

---

1. Lavik, m.m., 2016. p. 200
2. Lavik, m.m., 2016. p. 207

ماوەیەکی دوور و درێژ تەحەمولی تاقیکارییە ئەستەمە زانستییەکان بکەن، دەتوانن وەک بیر و هزری چاک و سەلمێندراو بە نیسبەت واقعیتەوە بەردەوام بن.

«تریگڤــە لاڤیک» بۆچوونەکانی «میل» لەســەر ئازادیــی بیروڕادەربڕین لەگەڵ ئەخلاقی دیسکۆرسی «یۆرگن هابێرماس» شیاوی لەبەریەکدانان دەزانێت. «هابێرماس» دەڵێت: هەموو بیر و بۆچوونەکان دەبێت لە دیسکۆرســی ئازاد، گشتی و بێدادوەریدا تاقی بکرێنەوە.

هۆکاری «میل» بۆ گەنگەشــەی بیر و هزری ڕاســت یــان هەڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئــەوەی کــە ئەو پێی وایە کە لە ڕێگەی گەنگەشــە و دەربڕینی هــزرەکان، ئەگەر هزرێــک هەڵە بێت، لە دواییدا ناڕاســتبوونی دەردەکەوێــت و ئەگەر بیر و هزرەکە ڕاست بێت، بە تاوتوێکردن و گەنگەشە، ئەو ڕاستییە زیندوو ڕادەگیرێت و پێش لەوە دەگیردرێت کە ببێتە هزرێکی دۆگم و مردوو. بۆیە لە سیســتەمێکی دێموکراتیکدا نابێت گوشــار بخرێتە ســەر بیر و هزری نادێموکراتیک. چونکە ئەگەر دێموکراسی ڕێگا بەو جۆرە هزرانە نەدات و بە دژیان بەڵگە و ئیســتدلال نەهێنێتەوە، دەتوانێت ئیدەی ئامانجپێکانی دێموکراســی بۆ ئاستێکی دۆگم دابەزێت و لە بەرامبەر کۆسپ و بەربەستەکانی داهاتوودا لاواز دەربکەوێت. «میل» ئازادیی ڕادەربڕین بە کەرەستەی خاوێنکردنەوەی دێموکراسی دادەنێت.[1]

لە ئازادیی بیروڕادەربڕیندا، لەلایەن حکوومەتەوە بە شــێوەی یاســایی، بە هۆی بیروڕادەربڕین ناکەویتە ژێر چاوەدێری، شوێنهەڵکردن و بەدواداچوونەوە. بەپێچەوانەی «میل»، «ڕۆســۆ» پێی وایە کە پێشکەوتنی زانســتەکان و هونەر نەک نەبوونە هۆی باشــی و خێر بــۆ مرۆڤایەتی بەڵکوو بوونەتە هۆی ناســەرکەوتوویی بۆ مرۆڤەکان و لــە ئاکامدا کاولبوونی ئەخلاقی گشــتی. خاڵێکی دیکە بــە دژی «میل» ئەوەیە کە ئەگەرچی «میل» پێی وایە کە بەرزبوونەوەی کۆی گشــتیی ڕاســتی، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کۆی گشــتیی ســەرکەوتن، بەڵام ئەگەر مرۆڤ شتێک کە لە ئازادی

---

1. Lavik, m.m., 2016. pp. 201-203

پێویستتر و بەقازانجتر پەیدا بکات، دەبێ ئازادی لە بەرژەوەندیی ئەوەی دیکەدا وەلا بنێت. هۆکارێکی دیکەی بە دژی «میل» ئەوەیە کە ئازادیی دەربڕینی بیروڕا دەتوانێت وەک ڕاستییەکی ڕەها لەبەر چاو بگیردرێت کە لە وەها حاڵەتێکدا ئەگەر کەسانێک بە کەڵکوەرگرتن لە مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا بە دژی ئەو ئازادییە قسەیەک بکەن، دەتوانن بەرەوڕووی ئەو تۆمەتە بکرێنەوە کە گوایە ئەوان لایەنگری ئازادیی بیروڕادەربرین نین.[1]

ئازادیی شێوازی ژیان، ئازادبوونە لە زەخت و گوشاری کۆمەڵگا لەسەر دەرفەتەکانی ئێمە کە بەو جۆرەی کە حەز دەکەین، هەڵسووکەوت بکەین. گوشاری کۆمەڵگا لەلایەن «میل»ـەوە بە دیکتاتۆرییەتی زۆرینە ناودێر کراوە کە بە بڕوای ناوبراو، مافی هاووڵاتییان بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر دیکتاتۆریی زۆرینەدا بە ڕادەی خۆپاراستنی لە بەرامبەر دیکتاتۆریی حکوومەتی گرینگە. بەو واتایە کە نابێت کۆمەڵگا، تاک ناچار بکات کە دەست لە دروستکردنی کەسایەتیی خۆی هەڵبگرێت تاکوو خۆی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگادا بگونجێنێت. مەبەست لە دیکتاتۆریی زۆرینە لێرەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگا بە شێوەی شاراوە (هەستپێنەکراو) گوشاری خۆی لەسەر ئەوانی دیکە جێبەجێ بکات. یانی چۆن ئەگەر منداڵێک بە هەر هۆیەک خۆی لە منداڵەکانی دیکە جیا بکاتەوە تووشی ئازار و ئەزییەت دەبێت و منداڵان گاڵتەی پێ دەکەن، وەها مکانیزمێک لەلایەن کۆمەڵگاوە دەتوانێت بە دژی گەورەساڵانیش بە کار بچێت.

گوشاری کۆمەڵگا دەتوانێت ببێتە هۆی خۆسانسۆرکردنی تاک و ئەوەش دەتوانێت دەرەتانی خۆڕئالیزەکردنی ئەوان لە کۆمەڵگادا لاواز بکات.

بە بڕوای «میل» ئازادیی شێوازی ژیان بەسوودە و دەتوانێت دەرەتانی زیاتر بداتە هاووڵاتییان کە شێوەی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. شێوە ژیانی چەندڕەنگی و پلۆرالیستی ئاستی دەرەتانی خۆڕئالیزەکردن بۆ هەر تاکێک بەرز دەکاتەوە و ئەوە دەبێتە هۆی هەڵکشانی کۆی گشتیی بەختیاری لە کۆمەڵگادا. وەها فرەڕەنگییەک بە

1. Lavik, m.m., 2016. pp. 203-206

نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بەرزبوونەوەی ئاستی تۆلێرانس و تەحەموڵ و دەرەتانی نوێ دەکرێنەوە بۆ خۆنواندن و کەڵکوەرگرتن.

«میل» لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئۆتۆلیتاریستی هۆکاری ئازادی لە دیکتاتۆریی زۆرینە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئازادی لە خۆگونجاندن (انطباق) بەقازانجە، لەبەر ئـــەوەی کە مرۆڤ تەواو نییە و خاوەنی بیروڕای جیاوازە. مرۆڤەکان مافی خۆیانە کە کردەوەی خۆیان تاقی بکەنەوە و خاوەنی کەســـایەتیی خۆیان بن تا ئەو جێگەیە کە زەربە لە کەسی دیکە نەدەن و بریندارى نەکەن. ناوبراو ئازادهێشتنەوەی مرۆڤەکان بە مەرجی بەختیارییان و پێشڤەچوونی کۆمەڵگا دەزانێت.[1]

## سنووردارکردنی ئازادیی نەرێنی بۆ چی، چەندە و بە چ مەبەستێک؟

«تریگڤە لاڤیک» لەســـەر ئەو باوەڕەیە، کە ئازادیی نەرێنی بە واتای بێســـنووربوونی ئـــازادی نییە. بەڵکوو دەبێت ســـنوورێک هەبێت بۆ ئەوەی کە کاربەدەســـتان کەی دەتوانن لە کاری هاووڵاتییان دەستێوەردان بکەن و کەی ناتوانن.[2] «هابز» لەو بوارەدا پڕەنسیپێکی فۆرموولە کردووە کە بە «بێدەنگیی یاسا» ناودێر کراوە. بە گوێرەی ئەم پڕەنســـیپە، هەموو شـــتێک ڕێگەپێدراوە ئەگەر لەلایەن یاساوە قەدەغە نەکرابێت و بەکارهێنانی یاساش بەو واتایە نییە کە پێش بە خەڵک بگیردرێت، بەڵکوو بەو واتایەیە کە خەڵک لەســـەر ڕێگای ڕاست و دروست ڕابگرێت بۆ ئەوەی کە خۆیان بە هۆی هەوەس، خەمســـاردی و یان دادوەریی هەڵە بریندار نەکەن.[3] دروستکردنی باڵانس لە نێوان ڕادەی ئازادیی نەرێنیی تاک و دەســـتێوەردانی حکوومەت لە ژیان خەڵکدا یەکێک لە مەســـەلە بنەڕەتییەکانی بیرمەندانی فەلســـەفەی ئازادی بووە. لەو بارەوە کاتێک کە «برلین» وشەی ئازادی شی دەکاتەوە، ئازادیی نەرێنی بە «ئازادی لە» مانا دەکات و دەڵێت: «لە هەر حاڵەتێکدا، ئەو هەرێمەی کە پڕەنســـیپی بێدەستێوەردان

1. Lavik, m.m., 2016. pp. 208-210
2. Lavik, m.m., 2016. p. 196
3. Svendsen 2013. p.120

دیاری دەکات، چ یاسای سروشتی و مافی سروشتی بێت، یان زۆرترین بەرژەوەندی [utility] و یان گۆڕینی ئەمری ڕەها، یان پیرۆزیی لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، و یان هەر وشـــەیەکی دیکە کە مرۆڤەکان هەوڵیان داوە بیروبۆچوونی خۆیانی پێی ڕوون بکەنەوە- ئازادی لـــەو ڕوانگەوە بە واتای «ئازادی لە»یە؛ نەبوونی دەســـتێوەردان لە سەرەوەی سنوورێکی ناجێگیری جیگای گۆڕان، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا سنوورێکی جێگای پەســـەند».[1] یانی «ئازادی لە» هەر جۆرە دەخاڵەتێک لە سنووری ناجێگیری قابڵی گۆڕان، بەڵام هەموو کاتێک دانپێداندراوی دوولایەنە.[2] «برلین» دەڵێت: دەبێت لانیکەم بەستێنی ئازادیی تاکەکەسی ڕێزی لێ بگیرێت. لانیکەمی ئازادی بۆ «برلین» ئەوەیە کە «ئەگەر تاکێک لە هەمبەر تەوهین و بێڕێزی بە جەوهەری مرۆڤیی خۆی ملکەچ نەبێ، ناتوانێ ئەو ئازادییە لە دەســـت بدات».[3] بۆ ساکارکردنی ئەمە دەتوانین بڵێین کە ئەو هەرێمە تایبەتە تاکەکەســـییەی کە دەبێت بەدوور لە دەســـتێوەردان، لەســـەر بناغەی هەر پرەنســـیپێک بێت، بە «ئازادی لە» دادەنرێت. ئەو سنوورە هەم لەلایـــەن تاک و هەم کۆمەڵگاوە (یان حکوومەت کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگا دەکات) پەسەندکراوە و دانی پێ دانراوە. ئەو سنوورە دینامیک و شیاوی گۆڕانە دەبێت تاک و کۆمەڵگا (حکوومەت) دوولایەنە دانی پێدا بنێن، بەڵام نابێت ئەو ســـنوورە ئەوەندە بەرتەسک بکرێت کە بە بێڕێزیی بە جەوهەری مرۆڤایەتیی تاکەکان بژمێردرێت.

ئەگـــەر تاکەکان لـــە کۆمەڵگایەکدا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانـــەی کە ئارەزوویانە هیچ بەربەســـتێکیان لە پێشدا نەبێت، ئەو کاتیش دەبێتە بێسەرەوبەری. «میل» پێی وایـــە کە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی کە ماف و ئازادیی تـــاک لە پێوەندی لەگەڵ دەربڕینی بیروڕا یان ناســـنامەکەی سنووردار بکات، دەبێت هۆکاری زۆر باشی هەبێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئازادیی تاک تا ئەو کاتەی کە مرۆڤەکانی دیکە بریندار نەکات، نابێت سنووردار بکرێت. لێرەدا کە باس لە کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، مەبەستی «میل» زۆرینەیە

1. Berlin 1969. p.6
2. Svendsen 2013. p.130
3. Berlin 1969. p. 6

کە نابێت تاک بچەوسێننەوە. زۆرینە بۆ «جان ستوارت میل» دوو واتەی هەیە: یەکەم دەتوانێت بە واتای هێزی حکوومەت بێت کە نوێنەرایەتیی زۆرینە دەکات لە کۆمەڵگادا و دووهەم ئەوەی کە زۆرینە دەتوانێت بە واتای ئەو دابونەریت و فۆرم و شێوازی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە بێت کە لە کۆمەڵگادا باوە. یانی تاک دەبێت هەم لە هێزی حکوومەتی ئازاد بێت و بتوانێت بە ئازادی بیر و بۆچوونی خۆی بهێنێتە سەر زمان و هەم لە شێوازی ژیانی خۆیدا لە گۆشار و تەوژمی زۆرینە بەدوور بێت. تاک دەبێت ئازادیی ئەوەی هەبێت کە هزر و بۆچوونی خۆی دەرببڕێت، ئەگەرچی دنەدەرانە و ناڕاستیش بێت و زۆرینە مافی ئەوەی نییە کە کەسایەتیی مرۆڤەکانی دیکە بخاتە ژێر گوشارەوە، هەر کەسێکیش دەبێت دەرفەت و هەلی ئەوەی هەبێت کە بەو شێوەی کە پێی باشە، خۆی دەربخات و هەتا ئەگەر ئەوە لە ژێرپێنانی شێوازی ژیانی زۆرینەش بێت.[1]

تەنیا مەرجێک کە «میل» بۆ سنووردارکردنی ئازادیی تاک لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا دەستنیشان دەکات و بە دادپەروەرانەی دادەنێت، بۆ پێشگرتن لە بریندارکردنی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگایە. بەربەستکردنی ئازادی بە هۆکاری ئەوەی کە «لە بەرژەوەندیی خۆیدایە، چ فیزیکی یان ئەخلاقی، بەشی ئەو دادپەروەرییە ناکات». پاراستنی ماف و ئازادیی تاکەکان لە کۆمەڵگادا بە بڕوای «میل»، دەبنە هۆی هەڵکشانی کۆی گشتیی بەختیاریی لە کۆمەڵگادا. «میل» وەک بیرمەندێکی ئوتیلیتاریست، ئامانجی ئەوە بوو کە سیستەمێکی یاسایی دروست بکات، کە کۆی گشتیی بەختیاری و سەرکەوتن لە کۆمەڵگادا بۆ باڵاترین ئاست بەرز بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، «میل» ئازادیی ڕادەربرین بۆ تاکەکان بە گرینگ دەزانێت؛ نەک لە بەر ئەوەی کە ئێمە وەک مرۆڤ لە دایک بووینە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە بە مافێکی بەسوودی دەزانێت.[2] «برلین» بۆ سنووردارکردنی ئازادیی نەرێنی کراوەیە، بەڵام

---

1. Lavik, m.m., 2016. pp. 197-198
2. Lavik, m.m., 2016. pp. 199-200

ئەویش پێشمەرجی خۆی هەیە و پێداگری دەکات کە دەبێت وەها سنووردارکردنێک لانیکەمی ئازادیی تاکەکەســـی دەستەبەر بکات، سەرەڕای ئەوەی کە چ شتێکی لێی بەرهەم بێت. هەروەها دەبێت هەر سنووردارکردنێکی ئازادیی نەرێنی بە هۆی بوونی بەهایەکی قورستری دیکە لە پێوەندی لەگەڵ پرسێکی دیاریکراودا بێت.[1]

## ئازادیی ئەرێنی

بەگشـــتی ئازادیـــی ئەرێنی دەتوانێت بە نەبوونی لەمپـــەری دەروونی و عاتفی لێک بدرێتەوە. مەبەســـت لە هەســـت لێرەدا ئەو هەســـت و عاتفەیەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ نەتوانێت بە هۆی ئەوەوە ئامانجی مرۆڤیی خۆی وەدی بێنێت. بەو شـــێوەیە دەتوانین بڵێین، کە کەسێک تا ئەو ڕادەیە ئازادە کە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی وەدی بێنێت و تا ئەو ڕادەیە کەســـێک دیلە (نائازادە) کە هەستەکانی لەسەر ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانـــی لەمپەر بن. بە بنەمادانانی ئەو واتایە لە ئازادی، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین، کە ئەگەر کەســـێک ســـەرەڕای ئەوەی کە ئاکامی نەرێنیی کردەوەکانی ببینێت، بەڵام بە ئەنجامدانی کارێک ڕاهاتبێت و نەتوانێت هەستەکانی خۆی کونترۆڵ بکات و کەوتبێتە ژێر کاریگەریی هەســـتە جەستەیییەکانی خۆیەوە، بۆیە وەها کەسێک ناتوانێت وەک کەسێکی ئازاد لە قەڵەم بدرێت.

ئازادیی ئەرێنی لەســـەر خۆڕئالیزەکردن دەســـووڕێتەوە[2] و بە شێوەی پێویست نۆرماتیڤـــە.[3] «چارلز تایلێر» کە بیرمەندێکی کەنەداییە پێی وایە کە ناتوانین ڕادەی ئازادی لە کۆمەڵگەیەکدا بەوەوە ببەســـتینەوە کە چەندە دەرگا کراوەن، بەڵکوو کام دەرگا کراوەیە و چەندە ئەو شـــتەی کە لە پشـــت دەرگاکانە، بەنرخ یان واتادارە. بۆ نموونـــە لـــە ڕۆژئاوا وا بیر دەکەنەوە کە ئازادیی بیـــروڕا کە ئازادیی ئۆلیش لە خۆی دەگرێتـــەوە، زۆر بەنرختر و گرنگترە لە ئازادی لـــە ترافیکدا. لە باوەڕی «تایلێر»، بۆ

1. Svendsen 2013. p.135
2. Lavik, m.m., 2016. p.212
3. Svendsen 2013. p. 127

ئـــەوەی لە نێوان ئازادییە گرنگ و کەمترگرینگەکاندا جیاوازی دابنرێت، پشـــکنینی چۆنایەتی، زانستی سەرەکییە.[1]

بۆ ئەم مەبەســـتە ناوبراو باس لە دوو جۆر نرخانـــدن دەکات، نرخاندنی بەهێز و نرخاندنـــی لاواز. نرخاندنـــی لاواز هەڵگری هیچ نرخاندنێـــک لە پێوەندی لەگەڵ نرخەکاندا نییە و زۆرتر پێوەندی بە حەزەوە هەیە. بەڵام نرخاندنی بەهێز هەڵبژادنی بەهـــا و بایەخەکان لە خۆی دەگرێتەوە، کە ئێمە پێمان خۆشـــە وەک کاراکتەر بۆ ناســـاندنی خۆمان پیشـــانیان بدەین. بە واتایەکی دیکە، ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەو جۆرە هەڵبژاردنانەدا پیشـــان بدەین کە ئێمە کێین. نرخاندنە بەهێزەکان لەسەر بنەمـــای کۆمەڵێک نرخ و بەها دەکرێن، لـــە جێگایەک کە هێندێک نرخ و بەها بە بنگەهیـــن و گرینگتر لە ئەوانـــی دیکە فام دەکرێن. وەهـــا هەڵبژاردنێک پێوەندی بە کردەوەی تاکەکەســـەوە نییـــە، بەڵکوو پێوەندی بە تێگەیشـــتنی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هەیە لە بارەی ئەوەی کە چ ژیانێک بە ژیانی باش دادەنرێت.[2] یەکێک لـــە هۆکارەکانی ڕەخنەگرتنی «تایلێر» لە ئازادیـــی لیبراڵی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناوبـــراو پێی وایە ئازادیی لیبراڵی بە ڕادەی پێویســـت ئەوە لـــە بەرچاو ناگرێت، کە ئازادی یانی خۆڕئالیزەکردن لە پێوەندیـــی لەگەڵ داخوازیی بەکۆمەڵ (کۆلێکتیڤ) لە بارەی ژیانی باشـــەوە. زاراوەی پۆزیتیڤ لە ئازادی پێوەندی بە خۆڕئالیزەکردنەوە هەیە[3] و لەوە پێک دێت کە کەسێک بە گوێرەی بەهاکانی خۆی بژیت.[4]

بە بڕوای «تایلێر»، ئازادیی ئەرێنی پێوەندیی بە جێبەجێکردنەوە هەیە تا دەرفەت و هەل. بۆ ئەو ئازادیی تەنیا شتێک نییە کە هەمانە، بەڵکوو شتێکە کە هەر لەو کاتەدا کـــە بڕیار دەدەین چۆن بژین، جێبەجێی دەکەین.[5] وەها تێگەیشـــتنێک لە ئازادی سەرچاوەکەی بۆ «ئەرەســـتوو» دەگەڕێتەوە. بۆ «ئەرەستوو» ئازادی بە واتای ژیان لە

1. Lavik, m.m., 2016. 213-214
2. Lavik, m.m., 2016. p. 214
3. ibid
4. Svendsen 2013. p.127
5. Lavik, m.m., 2016. p. 215

کەرامەتدا پێناسە کراوە. لەبەر ئەوەی کە کەرامەتی ئەخلاقی کۆنترۆڵی تێگەیشتن و فامکردن لەسەر هەوەسە. بۆ «ئەرەستوو» ئەو مرۆڤانەی کە لەلایەن حەزی خۆیانەوە بەڕێوە دەچن و توندوتیژی دەکەن، ئازاد نین. هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە سیاسەت نەک کەرەستەیەکە بۆ گەیشتن و ڕئالیزەکردنی بەرژەوەندییەکان و دەرفەت و هەلی خۆت، بەڵکوو چالاکییەکە کە لەوێدا تاکەکان دەتوانن خۆیان وەک ئەندامانی ئەخلاقی و سیاسیی کۆمەڵگا ڕئالیزە بکەن؛[١] لێرەدا ئەوە ڕئالیزەکردنی حەز و ئارەزووی ڕاستەقینەیە، کە واتای ئازادی دەبەخشێت و جێبەجێکردنی ئازادی بە واتای ئەوەی نییە کە مرۆڤ هەرچی حەزی لێیەتی بیکات، بەڵکوو ڕئالیزەکردنی توانایی و بەهاکانە.[٢]

## ئاستەنگە دەروونی و دەرەکییەکان

ئەگەر ئازادیی نەرێنی پێوەندیی بە نەبوونی ئاستەنگ و بەربەستە دەرەکییەکانەوە هەیە، ئازادیی ئەرێنیش پێوەندیی بە بەربەستەکانی ناخی مرۆڤەوە هەیە. «تایلێر» دەڵێت: تیئۆرییەکانی دەربارەی ئازادیی نەرێنی، لەسەر بنەمای ساکاری سایکۆلۆژیی ئەخلاقی دروست کراون و ئەو ڕاستییە لە بەرچاو نەگیراوە، کە ئازادی دەتوانێت لەلایەن بەربەستە دەروونییەکانی مرۆڤەوە سنووردار بکرێت. لە بارەی ئەو بەربەستانەی ناخی مرۆڤ کە لێرەدا مەبەستە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە تێگەیشتنی هەڵە، کەڵکاژۆکردن و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ترس و دڵەڕاوکێ و بەستراوەیی بکەین. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە نێوان دووڕێیانی بەشداریی لە شۆڕش یان پەرەستاری لە دایکە نەخۆشەکەی مابێتەوە، لە وەها حاڵەتێکدا ئەو کەسە بۆ بڕیاردان هەڵسەنگاندنێکی بەهێز ئەنجام دەدات و هەر یەک لە ئاڵترناتیڤەکان بە جۆرێک بۆ ناسنامەکەی گرینگن. هەڵبژاردنی هەر یەک لە ئاڵترناتیڤەکان ئەگەرچی

1. Lavik, m.m., 2016. p. 215
2. ibid

بە واتای لەدەستدانی ئاڵترناتیڤی دیکەیە و دەتوانێت کردەوەیەکی بەژان بێت، بەڵام هەڵبژاردنێکــی ئازادانەیە، بەڵام ئەگەر ئەو تاکە دایکــی نەخۆش نەبووبێت و بەس بە هۆی شــاردنەوەی خەمســاردی و ترسنۆکیی خۆی وای نواندبێت کە دایکەکەی نەخۆشــە و لە ڕاســتیدا بە هۆی ئەوەی کە بەشداریی لە شۆڕشدا بە گاڵتەکردن بە گیــان و بەفیڕۆدانی کاتی خۆی زانیبێت، ئەوە ئەو کەســە لە وەها هەلومەرجێکدا ناتوانێت کەسێک بێت کە بڕیاری دروستی دابێت و ئەگەر لە کەسانی دیکە بپرسێت، ئەوان دەتوانن باشــتر بۆی شی بکەنەوە کە بە ڕاستی کەسێکی ترسنۆک و خاوەن کەسایەتییەکی نزمە.[1]

«برلین»، ڕەخنە لەو جۆرە تێگەیشــتنە لە ئازادی دەگرێت و پێی وایە کە وەها تێگەیشــتنێک لە ئازادی دەتوانێت بۆ بەرگریی لــە ڕێژیمە تەواویەتخوازەکان بەکار ببردرێت. تا جێگایەک کە دەسەڵاتداران بە هۆیانەوە ئەو ڕاستییە بێلایەنە ئەخلاقی و سیاســییانەی کــە بوونیان هەیە و خەڵک لێیان تێ ناگــەن، وەهایان بۆ خەڵکی وێنا دەکەن، کە هەرچی دەسەڵاتداران دەیکەن لە ڕاستیدا بۆ بەرژەوەندی و باشیی خەڵکەکەیە.[2] «برلین» دەڵێت: لە هێندێک هەلومەرجدا ئەگەری هەیە کە لە جیاتی ئەوەی کە تاک بۆ هەڵگرتنی کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئازادیی خۆی تێ بکۆشێت، بۆ قەڵای دەروونی خۆی پەنا دەبات و دەست لە ئامانجەکە هەڵگرێت لەبەر ئەوەی کە دونیای دەرەوە بە مەترســی و نالەبار دەزانێت و خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم کۆسپ و بەربەســتانە لاواز دەزانێت. هەروەها کاربەدەستانیش دەتوانن لــە ڕێگای تەلقینکردنی خۆئینکارکردنی خەڵک، وا لە خەڵک بکەن کە دەســت لە ئامانجەکانی خۆیان هەڵ بگرن و بەو شــێوەیە تاک بەبێ ئەوەی کە بە ئامانجەکانی گەیشــتبێت، بە وەلانانی ئەو ئامانجانە، خۆیان ئازاد هەســت پێ بکەن. یانی ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە بە دوای ئەوەوە بن کە کۆســپ و بەربەســتەکانی سەر ڕێگای

---

1. Lavik, m.m., 2016. p. 216 & Svendsen 2013. p.133
2. Lavik, m.m., 2016. p. 217

ئامانجەکانـــی خۆیان لابەرن و خۆیان ئازاد بکەن، ئامانجەکە لا دەبەن. لەبەر ئەوەی کە پێیان وایە بۆیان ئەستەمە بەو ئامانجە بگەن. ئەو کارە دەتوانێت هەستی ئازادی لای ئەو تاکانە دروست بکات. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ئامانجێک بوونی نەبێ، کۆسپ و بەربەســـتیکیش بوونی نابێت. «برلین» ئەو تێگەیشتنە لە ئازادی ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە ئەوەی بڕوای بە تێگەیشـــتنی نەرێنـــی لە ئازادی هەیە، دەبێت هەوڵ بدات کە ئەو کۆسپ و بەربەستانە لەسەر ڕێگای ئامانجەکان هەڵگرێت.[١]

## بەرزەخۆیی و نزمەخۆیی

لـــە بـــاوەڕی «تایلێر»، مرۆڤەکان خاوەن دوو جۆر کەســـایەتین و لەم بارەوە دەڵێت: هێندێک لە مرۆڤەکان خاوەنی بەرزەخۆیی و هێندێک خاوەنی نزمەخۆیین. خاوەنی بەرزەخۆیی بەو واتایەیە کە ئاکار و کردارییان بەشێکە لە ڕەسەنایەتیی خۆیان، بەڵام ئەوانەی کە ئاکار و کردارییان بە هۆی خەڵکی دیکەیە و لە ڕاستیدا بۆ خۆنواندن لە بەرچاوی خەڵکی دیکە، بەو شـــێوە خۆیان دەردەخەن و ڕاستیی کەسایەتییەکەیان شتێکی دیکەیە، ئەوانە خاوەنی نزمەخۆیین.

بۆیە ناوبراو دەڵێت: ئەگەر خەڵک خاوەنی زانست و لێهاتوویی پێویست نەبن، کە لەگەڵ ڕاســـتی بکەون و خۆیی ڕاستەقینە ڕێالیزە بکەن، دەبێت ئەوانەی کە باشتر دەزانن، ئەوانە ناچار بە ئازادبوون بکەن.

«تایلێـــر» لەو بۆچوونە کـــە دەتوانێت ببێتە پێخۆر بـــۆ پاترنالیزم، خۆی بەدوور دەگرێت و وەک لایەنگری لیبراڵیزم ســـەیری خـــۆی دەکات. بە بڕوای ئەو، هەموو کەسێک خاوەنی ڕەسەنایەتیی خۆیەتی و دەبێت بۆ خۆیان شێوازی ژیانیان بدۆزنەوە، بـــەڵام ئەوە بەو واتایە نییـــە کە تاک لە هەموو کات و هەلومەرجێکدا بۆ خۆی باش دەزانێت کە چیی دەوێت. ئەوانەی کە باشـــتر دەمانناسن دەتوانن ڕێنوینیمان بکەن بۆ ئەوەی کە باشتر تێبگەین کە چیمان دەوێت و دەبێت چی بکەین، بەڵام ئەوە بەو

1. Berlin 1969. p.10-13

واتایە نییە کە حکوومەت یان ڕێکخراوە گشتییەکان دەسەڵاتیان هەبێت کە ویستی ئێمە پێناسـە بکەن. ئەگەر حکوومەت هاووڵاتییان ناچـار بە ئازادبوون بکات، ئەوە بەپێچەوانەی ئەو ئیدەیەیە کە دەڵێت هەر کەسـێک خاوەنی هەبوونی ڕەسەنایەتیی خۆیەتی.[1]

## ئازادیی ئەرێنی و پاترنالیزم

زاراوەی ئازادیی ئەرێنی بۆ «تایلێر» هەڵگری دوو جیاوازییە: ١. بەربەستە دەرەکی و دەروونییەکان ٢. شێوە باش و خراپەکان بۆ خۆڕئالیزەکردن.

«تایلێر» پێی وایە کە پێویسـتیمان بە خەڵکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی کە یارمەتیمان بدەن بۆ ڕزگاربوون لەو بەربەسـتانەی کە لە ناخـی ئێمەدا هەیە، تاکوو بتوانین بە شـێوەیەکی باشـتر خۆمان ڕئالیزە بکەین، لەبەر ئەوەی کە کەسانی دیکە بزانن کە بەڕاسـتی چیمان دەوێت. کاتێک کە بابەتی هەسـت بە برسیەتی و دەرد و ئێش و تێنوویەتـی بێت، ئێمە خۆمان دەتوانین بڕیار بدەین کە ئەو هەسـتەمان هەیە یان نـە، بەڵام بەپێچەوانەوە، کاتێک کە بابەتی ئێرەیی، تووڕەیی، خۆئازاردان و ترسـی زەربە لە خۆدان و هتد بێت، ئەوانی دیکە هێندێک جار دەتوانن باشـتر لە خۆمان دەزانن کە چ هەستێکمان هەیە. زۆر جار کەسانی دیکە دەتوانن لەسەر ئێمە و ئەو ئامانجانەی کە لە ژیاندا دەتوانین بە دوایانەوە بین، ڕاستییەکانمان پێ بڵێن.

بە بڕوای «تریگڤە لاڤیک»، ڕیشـەی ئازادیی ئەرێنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیئۆرییە فەلسـەفییانەی کە تێگەیشتنێکی دووئالیسـتیانەیان لە خودی مرۆڤایەتی هەیە و پێیـان وایە کە مرۆڤ هەم خاوەنی خودێکی ژیرانەی سـەرووی سروشـتی و هەم خودێکی خاوەن ئەزموونە. مەبەست لە سەرووی سروشتی (ترانسسێندێرتاڵ) یانی تاک لەلایەن یاسـا ژیرانەکانـی خۆیەوە بەڕێوە دەچێت. بـەڵام تاک وەک خودی خاوەن ئەزموون، بوونەوەرێکە کە لەلایەن هەسـت، هەوەس و حەزەکانییەوە بەڕێوە

1. Lavik, m.m., 2016. p. 217

دەچێت.[١] (بناغەی فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتوون لەسەر ئەو دابەشکارییە داندراوە کە کۆمەڵگا بەسەر سێ بەش دابەش دەکات، کە لەو دابەشکارییەدا ئەوانەی کە لایەنی هەستیان بەهێزە دەبێت دەبن بە بەرهەمهێنەر، ئەوانەی خاوەنی ئەزموونن، دەبێ ببن بە پارێزەر و ئەوانەی کە خاوەنی تێگەیشتنن و فەیلەسووفن و لە جیاتی هەست، عەقڵی خۆیان بەکار دەبەن، دەبێت ببن بە ڕێبەری کۆمەڵگا).

## کێشەی تێگەیشتنی نەرێنی لە ئازادی

«چارلز تایلێر» لە وتارێکدا لەژێر ناوی «چ شتێکی ئازادیی نەرێنی هەڵەیە؟»، ئازادیی نەرێنی بەرەوڕووی ڕەخنە دەکات و هەر لە هەمان کاتدا بەرگری لە تێگەیشتنی ئەرێنی دەکات. بەپێچەوانەوە، «برلین» بە ئازادیی نەرێنی و ئازادیی ئەرێنی واتای «ئازادی لە» و «ئازادی بۆ» دەبەخشێت. «ئازادی لە» یانی پێویستبوون بە ئەرک لەلایەن کەسانی دیکەوە کە کارێک نەکەن و یان خۆیان لە کارێک وەرنەدەن. «ئازادی بۆ» کە پێوەندیی بە مافی ئەرێنییەوە هەیە، یانی ئەوە کە کەسێک شتێک پێشکەش بکات و یان بە شێوەیەکی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکات، بەڵام «تایلێر» هەر بە شێوەیەکی هاوڕەنگ تێگەیشتنی نەرێنی لە ئازادی بە «ئازادیی مومکین» (opportunity-concept) و ئازادیی ئەرێنی بە ئازادیی «مەشقکردن-excercise concept» مانا دەکاتەوە.

بیروبۆچوونی «تایلێر» لەسەر ئازادی، بە واتای ئیمکانێکە، یانی: «... ئازادبوون مژارێکە کە ئێمە چی دەتوانین بکەین، چ شتێک کراوەیە بۆ ئێمە کە بیکەین، و یان نە ئەوە کە ئێمە شتێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئاڵترناتیڤانە دەکەین... ئازادی تەنیا لە حاڵەتێکدایە کە هیچ کۆسپ و بەربەستێک لەسەر ڕێگا نەبێت. ئەوە مەرجێکە بۆ ئازادیی هەر کەسێک کە هیچ شتێک لەسەر ڕێگای نەبێت».[٢]

---

1. Lavik, m.m., 2016. p. 220
2. Taylor Charles. 1985. «What´s Wrong With Negative Liberty», (Kopisamling fra SVF-FIL-2022 Politisk Filosofi ved universitetet I Tromsø (2008)) p. 213

بە شـــێوازێکی ســـاکار، واتای ئازادی بە مانای ئیمکان یانی نەبوونی کۆســـپ و بەربەســـتی دەرەکی و ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت ئـــەوەی بکات کە ئیمکانی هەیە و لە دەســـتی دێت. ئەوەش بەپێچەوانەی ئازادیـــی ئەرێنییە کە «تایلێر» بە ئازادیی مەشـــقکردن مانای کردووە و دەڵێت: «تیۆرانینێک لە ئازادی، لە بنەڕەتدا سەپاندنی کونترۆڵ لەســـەر ژیانی تاک لە خۆی دەگرێتەوە. هەر کەســـێک بەس تا ئەو ڕادەیە ئازادە کە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر شێوەی ژیانی خۆی دەستنیشان بکات».[1]

بەو واتایە لە ئازادی، کە دەتوانێت تێگەیشـــتنێکی پڕبایەخ و قووڵ ببەخشـــێت، «تایلێر» وا بیر دەکاتەوە، کە هەر کەســـێک تا ئەو ڕادەیە ئازادە کە بتوانێت بەســـەر کۆسپ و بەربەستە دەروونییەکانی خۆی سەرکەوێت، بۆ ئەوەی کە کونترۆڵ لەسەر ژیانی خۆیدا بەدەســـتەوە بگرێت. تێگەیشـــتنی یەکەم، ئازادیی نەرێنی ـ فامکردنی ئازادی وەک دەرفەت ـ بە بۆچوونی «تایلێر» ئەمە کورتبینییە، ئەگەر ئەو ڕاســـتییە لە بەرچاو نەگیردرێت کە مرۆڤەکان هەم بە هۆی کۆســـپ و بەربەستی دەروونی و هەم بە هۆکاری کۆسپ و بەربەستە دەرەکییەکان دەکرێت پێشیان پێ بگیردرێت و بە ئامانجەکانیان نەگەن. وەک دەڵێت: «خاڵی جێگای مشـــتومڕ لێرەدا ئەوەیە کە بۆ تێگەهەکی جێبەجێکار لە ئازادیدا، ئازادبوون ناتوانێت بەس پرســـی ئەنجامدانی ئەو کردەوەیانە بێت، کە بەبێ کێشە بتەوێت ئەنجامیان بدەیت. بەڵکوو دەبێت هەروەها ئەوەی کە دەتەوێت بیکەی، نابێت بە دژی ئامانجی بنەڕەتی و یان خۆڕئالیزەکردنی تو بێت».[2]

بەو شـــێوەیە ئەوە شتێکی سادە نییە، کە مەرجی ئەوەی کە کەسێک چیی پێ خۆشە بیکات و بکرێتە مەرجێکی ئەوتۆ و لەسەر بنەمای ئەو بابەتە بڕیار بدرێت کە مرۆڤ ئازادە یان نە؛ بەڵکوو گرنگە ئەوەیە، کە کردەوەی تاکەکان نەبێتە هۆی ئەوەی کـــە بە ئامانجەکانی نەگات. هەروەها لەبەر ئـــەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بە دوای ئامانجەکانیـــدا دەگەڕێت ـ دەبێت مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی چەندایەتی و چۆنایەتی،

1. Taylor. 1985. P.213
2. Taylor. 1985. P. 216

ئەو ئازادییانە لە یەکتر جیا بکاتەوە کە کامەیان گرنگتر و پڕبایەخترن لەوانی دیکە. بە بۆچوونی «تایلێر»، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤەکان لە بینینی کەموکۆڕی یان هەڵەکانی خۆیان گرفتیان هەیە، شـــتێکی ئاســـاییە ئەگەر کەســـێک، کەسێکی دیکە فێری شتێک بکات، بەبێ ئەوەی کە ئەو کارە وەک باوکسالاری (پاترنالیزم) سەیر بکرێت. بۆیـــە بۆ«تایلێر» ئازادیی ئەرێنی خۆڕئالیزەکردن و ئازادیی نەرێنی ئیمکان و دەرفەت بـــۆ ئەنجامدانی کارێک ـ نەک خودی جێبەجێکردنی کارەکە ـ لە خۆی دەگرێتەوە، کـــە تایلێر ئەو جیاوازییە وەک جیاوازیی نێـــوان چۆنایەتی و چەندایەتی ناو دەبات. هەروەک چۆن ئەو کەســـەی کە خاوەنی ئازادیی ڕادەربڕینە لەو کەسەی کە ماشین بەخێرایی لێ دەخوڕێـــت، ئازادترە. بە بۆچوونی «تایلێر»، ئەوەی کە خاوەنی ئازادیی ئەرێنییە، لەوەی کە خاوەنی ئازادیی نەرێنییە، ئازادترە.

«تایلێر» خۆی بە لیبراڵ دەزانێت و ئەمە ڕەت دەکاتەوە، کە تیئۆرییەکانی لەسەر ئازادیی ئەرێنی بە وردی بە واتای پاترنالیزم بن.[1] بە وتەی «سڤێندســـێن» زاراوەی ئازادی بۆ «تایلێر» فرەڕەهەند و پلۆرالیســـتییە و ئەو هاوڕایە لەســـەر ئەم مژارە کە زۆر تێگەیشـــتنی جۆراوجۆری ســـەبارەت بەوە هەیە، کە کام ژیان باشـــە بۆ ئەوەی کە کەســـێک بتوانێت بڵێ کامە شرۆڤە لەسەر ژیان ڕاستەقینەیە، یان ناکرێت تەنیا ئیدەئالێـــک لە گوێی خەڵکـــدا بچپێندرێت.[2] کەواتە هیچ کێشـــەیەک نییە، ئەگەر ئازادیی ئەرێنیش پلۆرالیستی بێت.[3]

## ئازادیی ئەرێنی، پاترنالیزم و ڕێژیمە تووتالیتێرەکان

یەکێـــک لە گرینگتریـــن جیاوازییەکانی نێوان ئازادیی ئەرێنی و نەرێنی، شـــێوازی لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی نێوان تاک و حکوومەتە.

ئازادیی نەرێنی بریتیە لەوەی کە تاک یان گرووپێک لە تاکەکان کە یەکینەیەک

1. Lavik, m.m., 2016. pp. 217-218
2. Svendsen 2013. p.134
3. Svendsen 2013. p.129

پێــک دێنن، مافی خۆیانــە کە لە بەرامبەر حکوومەتدا پارێــزراو بن. بەڵام ئازادیی ئەرێنی بریتییە لەوەی کە تاک دەبێت خۆی وەک بەشێک لە حکوومەت و کۆمەڵگا ڕئالیــزە بــکات. لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا پێویســتیمان بــە هەر دوو جۆری ئازادی هەیە. تاک پێویســتیی بە فەزایەک هەیە کە بتوانێت بەبێ زەختی دەرەکی هەڵسوکەوت بکات. دێموکراسی ئەو گریمانەیە دادەنێت کە تاک بۆ خۆی لەگەڵیەتی بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ئەو بڕیارانە دابنێت کە پێوەندی بە خۆیەوە هەیە و ئەوە فەرز دەکات کە تاک مافی بەشداریی سیاسیی هەیە، ئەمە یانی ئازادیی ئەرێنی.[1]

لە گوتاری «دوو شــێوەی ئازادیـ»ــی «برلین»، باس لــە نیگەرانییەک دەکات بەرامبەر بەوەی کە بیر و هزری لە بارەی ئازادیی ئەرێنی دەتوانێت بۆ ڕەواییدان بە ڕێژیمەکانــی تەواویەتخواز بەکار ببردرێت. ئێمە دیتمان کە «تایلێر» ئازادیی ئەرێنی وەک دەرفەت بۆ ڕئالیزەکردنی دەروونیترین حەز و نرخەکان پێناسە دەکات. ئازادیی ئەرێنی ڕئالیزەکردنی ناخ، واقعیەت و ویستی ئێمەیە.[2]

ئەو گریمانەیە لە هەردوو ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناخەوەیی (دەروونیـ)ــیەوە سەرچاوە دەگرێت. کێشە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو جۆرە پێناسەکردنانەی ئازادی لەگەڵ ئەو تێگەیشــتنە تێکەڵ دەکرێت، کە زۆربەی خەڵــک نازانن چییان دەوێت. مرۆڤ خەریکی ئەوەیە کە ئەوەی لە چرکە و ســاتدا پێی خۆشــە بیکات و کردەوەکانی زۆربەیــان لــە حەز و چێژی لەناکاوەوە ســەرچاوە دەگرێت، بۆیە پێویســتیمان بە ڕێبەرانی سیاســی هەیە کە بتوانن هاووڵاتییان لە ئاراســتەی دروستدا ڕێنوینی و پەروەردە بکەن، بە شــێوەیەک کە لە دواییدا تێ بگەن کە بەڕاستی چییان دەوێت. بە واتایەکی دیکە، دەبێت هاووڵاتییان ناچار بکرێن کە ئازاد بن.[3]

بە گوێرەی وتەکانی ئەفلاتوون، هەموو کەسێک خاوەنی ئەو لێهاتووییە نییە کە بەو ڕوانگە دروستە بگات، کە دەبێتە بناغەیەک بۆ کردەوەی ڕاست و دروست، بۆیە

---

1. Lavik, m.m., 2016. p. 218
2. ibid
3. Lavik, m.m., 2016. p. 219

حکوومەت دەبێت لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە بچێت، کە پرەنسیپەکانی سیاسەتی باش و کۆمەڵگایەکی باش دەناسن.

بە وتەی «لاڤیک»، «برلین» بڕوای بەوە هەبوو کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە فەزایەکی هەبێت، کە لەو فەزایەدا بەبێ پێشگرتن لەلایەن ئاستەنگە دەرەکییەکانەوە کاری خۆی بکات، کە ئەو ئاستەنگ و پێشگرتنەوەیە چ لەلایەن حکوومەتەوە بێت، چ لەلایەن هاووڵاتییانی دیکەوە. هەروەها «برلین» بە مافی هەر کەسێک دەزانێت کە خاوەنی ژیانی تایبەتیی خۆی بێت و حکوومەت مافی ئەوەی نییە، کە هەموو شتێک لەسەر هاووڵاتییانی بزانێت. هاووڵاتییان مافی خۆیانە کە تێگەیشتنی سەربەخۆی خۆیان و پێشمەرجەکانی ژیانێکی باش بە دوور لە زەخت و گوشار و کەڵکاژۆی دەسەڵاتداران دروست بکەن. بە وتەی «برلین» هۆکاری بەرگریی «میل» لە ئازادیی تاکەکەسی ئەوە بووە کە «میل» پێی وابووە کە ئازادیی تاکەکەسی یان دەستێنەوەردان پێشمەرجێکە بۆ گەشەکردنی ڕاستکرداریی کەسیەتی، بەرزبوونەوەی ڕاستی، تاکگەرایی و بیرکردنەوەی نوێ. ڕەخنەی «برلین» لەو تێگەیشتنەی «میل» ئەوەیە کە پێی وایە «میل» دوو شت لەگەڵ یەک تێکەڵ دەکات، کە پێویست ناکات پێشمەرجی یەکتر بن. یەکەم ئەوەی کە مێژوو سەلماندوویەتی کە بیر و هزری نوێژەن و بلیمەت دەتوانن لە نێو دیسیپلینی داخراویشدا گەشە بکەن. دووهەم ئەوەی کە زاراوەی ئازادیی بۆ «میل» لەگەڵ سەرەڕۆیی و نەبوونی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک پێکەوە ناگونجێت. هەروەک چۆن لە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا مافی هاووڵاتییان زەوت دەکرێت، دیکتاتۆرێکی لیبراڵیش دەتوانێت ئازادیی تاکەکەسیی زیاتر بداتە هاووڵاتییانی خۆی.

دێموکراسی سیستەمێکە کە مافی هاووڵاتییان باشتر لە سیستەمەکانی دیکە دەپارێزێت، بەڵام هیچ پێکەوەگرێدانێکی پێویست لە نێوان ئازادیی تاکەکەسی و دێموکراسی و خۆبەڕێوەبەریدا نییە.[1]

---

1. Lavik, m.m., 2016. p. 219

بــە بۆچوونــی «برلیــن»، ئازادیی ئەرێنی بــە واتای بوون بــە حاکمی خۆی و بەڕێوەنەچوون لەلایەن هێزە دەرەکییەکانە.[1]

پارێزەرانــی ئازادیی ئەرێنی پێیان وایە، ئازادی بە واتای خۆڕئالیزەکردنە، ئەویش وەک بوونەوەرێک کە خاوەن شــعوورە، نەک لە ڕووی هەستەوە خۆی ڕئالیزە بکات. پێڕەویکردن لە شعوور بە واتای ئەوەیە کە هەرچی مرۆڤ دەیکات، ڕاست ئەوەیە کە دەیەوێــت بیکات، نەک ئەوەی کە بە ڕواڵەت و بە شــێوەیەکی ڕووکەش وا بنوێنێ کە حەزی لێیە.

لە تێڕوانینی ئازادیی ئەرێنییــەوە کۆمەڵگا وەک ئۆرگانێکی تەواو دەژمێردرێت، کە هەموو بەشــەکانی بە یەکەوە بەستراون و بەشەکان بە هۆی تەواویەتەوە بوونیان هەیــە. لە وەها تێڕوانینێکدا ئازادی بە واتای ڕئالیزەکردنی دوورەدیمەنی (ڤیزیوونی) بەکۆمەڵــە بۆ ژیانێکی باش. لە وەها کۆمەڵێکدا تــاک دەبێتە خودێکی جێباوەڕ کە وەک بەشــێک لە شــتێکی گەورەتر و بەهێزتر لە تاکی سادە و ساکار فام دەکرێت. ئــەو یەکینە بەرز و بەهێزە کە تاک بەشــێکیەتی، دەتوانێــت بۆ نموونە کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ئۆلی بێت.[2]

بە وتەی «لاڤیک»، «ڕۆســۆ» دەڵێت: تاک دەتوانێت لە ڕێگای کار لە ئاراســتەی ویســتی گشتیدا دیسان ئازادیی خۆی بەدەســت بهێنێتەوە و ئەوانەی کە بە دژی ویستی گشــتی دەجووڵێنەوە، بە هەڵەدا دەچن. لە وەها ڕوانگەیەکەوە، ئەوانەی کە بەپێچەوانەی بایەخە گشتییەکان هەڵسووکەوت دەکەن، وەک مرۆڤگەلێکی بێشعوور و بێتوانــا بۆ خۆبەڕێوەبــردن دەبینرێن. بەڵام ئەوانەی کە خاوەنی تێگەیشــتن لە ڕاستییە سیاسی و ئەخلاقییەکانن، دەتوانن ئەوانی دیکە بەڕێوە ببەن تاکوو ئەوانیش ببنە خاوەنی تێگەیشــتن و بینینی ئەو شتانەی کە بۆ خۆیان باش و بەقازانجە. لەو ڕوانگەوە، پەروەردە و خوێندنی دروســت کەرەستەی گەیشتن بە ئازادین.[3] ڕوانگەی

---

1. ibid
2. Lavik, m.m., 2016. p. 220
3. ibid

ڕۆســـۆ سەبارەت بەوەی کە دەبێت تاک لە ویســـتی گشتی پێڕەوی بکات و ئەگەر وا نـــەکات، ئازاد نییە و کۆمەڵ دەتوانێت ناچاری بکات تا ئازاد بێت، بەپێچەوانەی پرەنســـیپی خودموختاریی تاکە، کە «برلین» باســـی لێ دەکات و پێی وایە کە تاک وەک سابژێکت (ئەکتەر یان مژاری سەرەکی) پێویستیی بە نەبوونی گوشار و زەخت هەیە و ناکرێت خودموختاریی تاک تەنیا لە چوارچێوەی ئازادیی ئەرێنیدا سنووردار بکرێت.[١]

«تریگڤە لاڤیک»، لە ڕوانگەی ئازادیی ئەرێنیەوە دەنووســـێت، کە ئەوەی خاوەنی ڕاستبینی بێت لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاستییەکانی دیاریکراوی سیاسی و ئەخلاقیدا، بە پێڕەوی لەو ڕاســـتبینییەش هەڵسوکەوت دەکات. هەر بە وتەی ناوبراو، بۆیە «برلین» پێی وابوو کە ئازادیی ئەرێنی دەتوانێت ڕەواییبوون بە سیســـتەمێکی پاترنالیســـتی بدات، کە لەوێدا ڕێبەران بە ئەو تێگەیشتنەوە ڕێبەری دەکەن، کە زۆرینەی خەڵک باشـــییەکانی خۆیان ناناســـن و ئەوە پێچەوانەی تێگەیشتنی نەرێنییە لە ئازادی کە پێداگری لەســـەر مافی تاکەکەســـی بۆ خۆبڕیاردان دەکات و پێی وایە کە تاک بۆ خۆی دەزانێت کە چ شـــتێک بە قازانجی خۆیەتی تا جێگایەک کە خەڵکی دیکە لە دەرفەتی ئەنجامدانی هەمان شت بێبەش نەکات.[٢]

«لاڤیک»، دەنووسێت کە بە بڕوای «برلین» تێگەیشتنی ئەرێنی لە ئازادی، لەسەر هێندێک لێتێگەیشـــتنی تایبەت لە مرۆڤ و کۆمەڵگا بنیات نراون، کە نەگۆڕن. بەو واتایە کە مرۆڤ خاوەن سروشتێکی دروستە کە لە ڕێگای هەستەوە ئاشکرا دەکرێن و ئیزن نادات لەلایەن فۆبیا و ئەفسانەی نامەنتقییەوە بە لاڕێدا ببرێت.

تێگەیشـــتنی ئەرێنی لە ئازادی بە دوو شێوە، ڕاوەستاو و نەگۆڕبوونی کۆمەڵگا بە پێشـــمەرج دادەنێت. یەکەم ئەوەی کە تیئۆرییە پێوەندیدارەکان بە ئازادیی ئەرێنی، گرێ دراون بەو هزرەوە کە ڕاستییە ئەخلاقی و سیاسییەکان بوونیان هەیە. دووهەم

---

1. Svendsen 2013. pp.128-129
2. Lavik, m.m., 2016. pp. 220-221

ئـــەوەی کە ئەو هزرانە گرێ دەدەنەوە بەو بۆچوونەوە کە گەشـــەکردنی مێژوویی بە گوێرەی پرنســـیپە لۆژیکییەکان ڕوو دەدەن. هەر بەو شـــێوەی کە هێگل و مارکس بۆچوونیان وابوو کە بوونی ڕاســـتبینی لە ڕاســـتییە ئەخلاقی و سیاسییەکاندا، تاک ئازاد دەکات.

چ دوکتورینـــی لێنین بۆ پێویســـتبوونی دیکتاتۆریی پرولێتاریـــا کە پێی وابوو کرێـــکاران لە دواییدا بۆ خۆیان تێ دەگەن کە ئـــازاد کراون، هەم تێئۆریی مارکس لەســـەر قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە تا کۆمەڵگایەکی بێچین ـ جێگایەک کە دیسان مرۆڤ، سروشت و ئازادیی خۆی دەدۆزێتەوە و دەبێتە خاوەنـــی خۆی و هێزی خۆی ـ و چ تیئۆرییەکانی هێگل کە هزری گەشـــەکردنی مێژوویی زۆری پێ مەعقوول بوو، لە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەی کە لە سەردەمەدا ئاماژە پێ کرا، جێی دەگرن.[1] بەو واتایە کە ئەوان پێیان وابوو کە قۆناغەکانی گەشەی هەر کۆمەڵگایەک بەو شێوەیەیە کە ئەوان باسی لێوە دەکەن و بۆ هەموو کۆمەڵگاکان قۆناغەکانی گەشـــەکردن وەک یەکە و ئەو ڕاســـتییانەی کە ئەوان لەسەر کۆمەڵگا باس دەکەن، ڕاســـت و دروستن و گەشـــەکردنی کۆمەڵگا بە گوێرەی ئەو پرنسیپە لۆژیکییانە ڕوو دەدەن کە ئەوان دەڵێن.

«برلین»، بۆیە ئەو تێگەیشتنە لە ئازادی بە هەڵە دەزانێت کە وەها تێگەیشتنێک وا نیشـــان دەدات، کە فۆرمێکی تەواو و بێکەموکۆری لە بەڕێوەبەریی بوونی هەیە و هەموو کەس خوازیاریەتی بەو مەرجەی ئەگەر لەو پرنسیپە عەقڵانییانەی تێ بگەن، کە کۆمەڵگا بڕیارە لەســـەری بنیات بنرێت. ئەو تێگەیشـــتنە دەتوانێت ببێتە هۆی ســـەرهەڵدانی دیکتاتۆری (دیسپۆتی) و چەوســـانەوە لەژێر ناوی ئازادیدا. دەرفەتی

---

1. Lavik, m.m., 2016. p. 221

بۆیە بۆ نموونە بە بڕوای «لێنین» پێرەوی لە دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا نەک بندەستیی هاووڵاتیان، بەلکوو لە پێناوی ئازادیی ئەوان‌دا بوو و ئەندامانی کۆمەڵگا دوایی دەزانن کە لە بەر خاتری ئازادیی ئەوان دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا دامەزرابوو. یانی مەجبوورکردنی تاک بە ئازادبوون لە ڕێگایەکی وەها بۆ ئەوان نەک باوکسالاری، بەلکوو لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان‌دا لێک‌دەدرێ و بۆیە ئەو یەکە بە ئەخلاقی دەژمێردرێ. یانی هاووڵاتیان هەموو کاتێک نازانن چ شتێک باشە. بەس ئەوانە دەزانن، دەتوانن بۆیان دیاری بکەن چ شتێک باشە یان نە.

دەربڕینـــی نارەزایەتـــی ئازادی نییە، بە هۆی ئەوەی کە ئـــەو حکوومەتانە وای وێنا دەکەن کە ڕووبە ئازادی بەســـەر خەڵکدا حوکمڕانی دەکەن، لە حاڵێکدا لە ڕاستیدا ئازادییـــان لێ زەوت دەکرێت. زۆربەی دێموکراتەکان هاوبۆچوونن لەگەڵ ئەوەی کە حکوومەت دەبێت بە یاســـا بەڕێوە بچێت، بـــەڵام بۆ ئەوەی کە وەها حوکمڕانییەک لەگەڵ ئازادیدا بگونجێت، دەبێت هاووڵاتییان ئەو یاســـایانە هەڵبژێرن کە دەیانەوێت پێڕەوی بکەن و ئەمە پرنسیپێکی دێموکراتیکی بنچینەیییە.[1]

گرێدانـــی ئازادیـــی ئەرێنی لەگەڵ حکوومەتی یاســـا و ئـــەوەی کە حکوومەت دەبێت بەو یاســـایانە بەڕێوە بچێت، کە هاووڵاتییان دەیانەویست هەڵیبژێرن، ئەگەر لە سروشـــتی ڕاســـتیی مرۆڤ و کۆمەڵگا تێ بگـــەن، دەتوانێت بـــۆ بەلاڕێدابردنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگا کەڵکی لێ وەربگیرێت و نارەزایەتی یان ناکۆکییەکان بە هۆی بەرژەوەندییەکانەوە وەک نیشـــانەیەک لە تێنەگەیشـــتوویی و ناژیربوون ببیندرێن. لەو حاڵەتەدا ناکۆکییەکان وەک نیشـــانەیەک بۆ دێموکراسییەکی زیندوو کە لەوێدا هاووڵاتییان ئازادن، بۆ بەرەوپێشبردنی پێداویستی و حەزی خۆیان، لێک نادرێتەوە، بەڵکوو وەک ئەوەیە کە وڵات هێشتا بە ئامانجەکەی نەگەیشتووە.

خاڵێکی دیکەی جێگای ســـەرنج، ناکۆکبوونی ئـــەو ئازادییەیە لەگەڵ نێوەڕۆکی ئازادیی نەرێنی. لە بەر ئەوەی کە ئازادی لەگەڵ سیستەمێک کە تێیدا هاووڵاتییان ناچار بە ئازادبوون دەکرێن، یەک ناگرێتەوە.[2]

بە گوێرەی نووســـینی «لاڤیک»، «برلین» هەروەها لەگەڵ ئازادیی ڕەهادا نییە و پێی وایە کە ئازادیی ڕەها دەبێتە هۆی قەیران و بێســـەرەوبەری کە لەوێدا ئەوانەی بەهێـــزن، دەرفەتیان دەبێت کە ئازادیی خۆیان لەســـەر حەســـێبی ئەوانەی لاوازن پـــەرە پێ بدەن. بۆیە ئەگەر ئازادی بەرزترین دەســـکەوتە بۆ مرۆڤ، نابێت هێندێک کـــەس زیاتر لەوانی دیکەیان بـــەر بکەوێت. لەبەر ئەوەی کە ئازادی پێشـــمەرجی

1. Lavik, m.m., 2016. p. 222
2. ibid

دادپەروەریشە، بۆیە ئازادیی نەرێنی دەبێت لە بەرژەوەندیی ئازادیدا سنووردا بکرێت، نەک ئەوەی کە کەسێک ئازادیی خۆی بکاتە قوربانی، بەڵام قەبووڵ بکات کە ئازادیی کەمتری هەبێت، تاکوو هەلومەرجێک بێتە پێشەوە کە ئازادی بە شێوەیەکی دادپەروەرانەتر دابەش بکرێت.[1]

لە لەبەریەکدانانی ئازادیی ئەرێنی و نەرێنیدا، «سڤێندسێن» پلۆرالیزم بەو ڕادەیەدا کە ئازادیی نەرێنی سنووری بۆ دادەنێت، بە دروستتر و مرۆڤانەتر دەزانێت وەک ئیدەئالێکی مرۆڤی تا ئەو ئامانجانەی لەلایەن نەزمێکی پاوانخوازەوە لایەنگریی لێ دەکرێت، تا ئیدەئالێک بدۆزنەوە لە بارەی چینایەتی، ڕەگەزی و هەموو مرۆڤایەتی کە سەروەرییەکی ئەرێنی لەسەر خۆیان جێبەجێ بکەن. هۆکاری «سڤێندسێن» بۆ گەیشتن بەو ئاکامە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر ئامانجی مرۆڤایەتی بوونیان هەیە و هەموو ئامانجەکانیش لەگەڵ یەکتردا ڕێک نین و هێندێکیشیان لەگەڵ یەکدا لە ناکۆکیی هەتاهەتاییدان. هەروەها ناوبراو دەڵێت: مرۆڤەکان لە نێوان بەها بناغەییەکاندا بۆ ژیان و بیرکردنەوە، بۆ بوون، تێگەیشتن لە ناسنامە و ئەوەی کە ئەو دەکاتە مرۆڤ؛ بەها ئەخلاقییەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەو بەهایانەی نەک لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێک، بەڵکوو لە ئەندامی گرووپێکەوە بۆ ئەندامێکی دیکەش دەتوانێت جیاواز و ناکۆک بن. هەروەها تاکێک بۆ خۆی دەتوانێت بە هۆی هەبوونی ناسنامەیەکی تێکەڵپێکەڵی کۆمەڵایەتی، خاوەنی بەهای جیاواز بێت کە هەر کامەیان ئەو بۆ لایەک ڕادەکێشن. وەها پلۆرالیزمێکی بەهاکان پێویست نییە بە نگاتیڤ لێک بدرێنەوە، بەڵکوو دەتوانێت وەک دەوڵەمەندییەک ببیندرێت کە دەرگا بەرەو شێوە ژیانی جۆراوجۆر دەکاتەوە. ئەو فرەڕەنگییە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی. بۆ نموونە زۆرینەی خەڵک بە ئاسانی لە ڕێگەی ئەو بەهایانەی حەزیان لێیە، گوشار دروست بکەن بۆ سەر کەسێک، بەڵام ئەوە چارەسەریی گرفتەکە ناکات. ناوبراو بۆ بەهێزکردنی ئارگۆمێنتەکانی، وتەیەک لە «جان گری» دەهێنێتەوە کە وتوویەتی:

---

1. ibid

«بەهای هاوبەش پێویست نییە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بەڵام دامەزراوەی هاوبەش پێویستن، کە لەوێدا زۆر شێوەژیان پێکەوە دەتوانن بوونیان هەبێت».[1]

## پێوەندیی نێوان سیستەمی حوکمڕانی و ئازادی

حکوومەتەکان و سیستەمە بەڕێوەبەرییەکان زۆر شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، بۆ نموونە حکوومەتێک دەتوانێت ئانارشیستی، ئەرەستووکراتی، دێموکراتی، پاشایەتی، پاشایەتیی سێمبۆلیک (مەشرووتە)، کلیپتۆکراتی، ئۆلیگارشی، ئوتووکراتی، پاتریارکاتی، قەیسەری و هتد بێت. بۆ جیاکردنەوەی سیستەمە حوکمڕانییەکان لە یەکتر بە شێوەیەکی ساکار و بنەمایی، ئاماژە بە دەستەبەندیی حکوومەتەکان لەلایەن «ئەرەستوو»ەوە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت، کە بەبێ درێژدادڕی و زۆروێژی، خاڵی مەبەست بخرێتە ڕوو. «ئەرەستوو» حکوومەتەکان لەسەر بناغەی ئەوەی کە گەلۆ حکوومەت لەلایەن تاکێکەوە، گرووپێکی بچووک و یان زۆرینەی خەڵکەوە بەڕێوە دەچێت، لە یەکتر جیا دەکاتەوە. ناوبراو، حکوومەتێک کە لەلایەن تاکێکەوە بەڕێوە بچێت بە حکوومەتێکی دیکتاتۆر و زاڵم (تیرانی)، حکوومەتێک کە لەلایەن دەستەیەکی بچووکەوە بەڕێوە بچێت، بە ئۆلیگارشی یان ئاریستۆکراتی و حکوومەتێک کە لەلایەن زۆرینەوە و بە شێوەیەکی دێموکراتیک بەڕێوە بچێت، بە کۆماری ناودێر دەکات. کەواتە لەو دوو شێوازەی کە لە سەرەتاوە ئاماژەیان پێ کرا، بە هۆی ئەوەی کە خەڵک کاریگەرییان نییە لەسەر ئەوەی کە کێ حکوومەت دەکات و چ بڕیارێک دەدا و بە جۆرێک خەڵک دەکەوێتە ژێردەستی حوکمڕانەکان و حوکمڕانەکان دەبنە کۆسپ و بەربەست لەسەر ڕێگای ئازادیی خەڵک و دەستێوەردانی ژیانی تایبەتیی ئەوان دەکەن، بەس خەڵکەکە لە چوارچێوەی ئەو جۆرە حکوومەتانەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئازادی بێبەش دەبن، بەڵام لە حکوومەتێکی کۆماریدا (نەک سیستەمێکی بەناو کۆماری کە لەسەر بنەمای ئایدلۆژییەکی تایبەت دامەزرابێت)، بە

1. Svendsen 2013. pp.136-137

هۆی ئەوەی کە خەڵک ڕاســـتەوخۆ و چالاک لە کاروباری حکوومەتداریدا بەشدارن، لەلایەن بیرمەندانەوە زۆرتر وەک سیستەمێک دەناسێندرێت کە خەڵک تێیدا ئازادیی هەیە. بۆ ئەوەی کە باشتر ڕوون بێتەوە کە ئازادیی کۆماری چییە، بە کورتی لێرەدا شی دەکرێتەوە.

## سیستەمێکی کۆماری

«پێتیــت» بە ڕوونکردنــەوەی دیمەنێکی کۆماری لە ئازادی نیشــان دەدات، کە بۆ «هابز» کەســێکی ئازاد، کەســێکە کە خاوەنی مافی هاووڵاتیبوونە و بە پشــتیوانیی یاســا خاوەنی مافە لە هەڵبژاردنی هێندێک بــژاردەی بنچینەییدا و بۆیە «هابز» بە دژی ئەو کەســانە ڕادەوەســتا کە لە پارلەمان یان هەر جێگایەکــی دیکە ئازادیی کەســییان لێ وەرگرتبا، لــە کاتێکدا دەبوایە هەموو هاووڵاتییــان ئازادییان هەبا و چێژیان لێ وەرگرتبایە. بە وتەی «پێتیت»، «برلیـن»ـیش سەربەخۆ لەو باسەی «هابز» و پارلەمانتارەکان، نیشــان دەدات کە کۆماریخوازە و لــەو باوەڕەدایە، کە ڕێکەوتنە یاســاییەکان (نەک یاسای مێتافیزیکی) دەستەیەکی زۆر لە بژاردەکان دەسنیشان دەکەن، کە بۆ هەموو کەس بە شێوەی یەکسان دەبنە پشتیوان. ئەو هەروەها هاوڕایە کە دەبێت هەرێمی چالاکییەکانی کەسانی ئازاد لە ڕێگەی یاساوە سنووردار بکرێت و هەرێمی دەسنیشــانکردنی هەڵبژرادن بۆ چالاکییە ئازادەکان، دەبێت بە شــێوەی یەکســان لە بەردەســتی هەمووواندا بێت و تا ئەو جێگایەی کە دەلوێت، دەبێت ئەو هەرێمە لەگەڵ هەبوونی کۆمەڵگای ڕێکخراو، بە شێوەی بەردەوام پەرەی پێ بدرێت.[١]

«برلین»، ئازادییە نەرێنییــەکان لە بواری هزری، ڕێکخراوەیی، دەربڕینی بیروڕا، شوێنی ژیان و خاوەنداریەتی بە جۆرێک لە ئازادی دەزانێت کە بەرهەمی پەیمانەکان و یاســاکانی کۆمەڵگا جیاوازەکانن، بۆیە ڕاڤە و شرۆڤەی جیاوازیان لەسەر دەکرێت. بەڵام ئەو ئازادییانە ئەوەندە لەمێژە قەبووڵ کراون کە ڕەچاوکردنیان وەک تێگەهەکی

1. Pettit. 2011. p. 712

نۆرماڵـــی مرۆڤـــی لێ هاتـــووە. «برلین» هـــەم دیکتاتۆرییەتـــی خێرخوازانە و هەم دێموکراســـییەتی پێشپێگرانە بە بێزراو دەزانێت و بۆیە شێوەیەک لە حکوومەتداریی کۆماریخوازانە شـــیاوی مرۆڤی ئازاد دەزانێت، کە تێیدا هاووڵاتییان یاســـادانەرن و «پێتیت» دەڵێت: بەو شێوەیە ئازادی یان سەردەستیی ئەوان بەو ڕاستییە دەستەبەر دەکرێت، کە ئەوان لە ژێر یاســـای گرووپیی خۆیاندا کە ئیرادەی هاوبەشی گشتییە، دەژیـــن. ئەوە بە وتەی «پێتیت» ئیدەئاڵێکی وەهـــا جۆرێکی ڕادیکالتری ئازادییە لە هەڵبژاردنـــدا، کە ئازادییە بنچینەیییەکانیتر و ئیمتیـــازە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆی دەگرێت و ئـــەوەش بەرفراوانترە لە ئـــازادی وەک نەبوونی دەســـتێوەردان. ئازادی هەروەها دەبێت دەســـتەبەری ئەوەش بکات کە هەر کەســـێک بۆ خۆی سەروەری خۆیەتی.[1]

## ژێدەرەکان


1. Berlin, Isaiah. 1969. «TWO CONCEPTS OF LIBERTY,» Four Essays On Liberty. ((Oxford, England: Oxford University Press), p. 118-172) https://n9.cl/ugg1y (03.02.2022)
2. Taylor, Charles. 1985. «What´s Wrong With Negative Liberty», Kopisamling fra SVF, FIL-2022 Politisk Filosofi ved universitetet I Tromsø (2008)
3. Lavik, Trygve; Fjørtoft, Kjersti; Pedersen, Jørgen. 2016. «Filosofi for samfunnsvitere, 2. utgave». (Oslo: Universitetsforlaget, 2.) Svendsen Lars, «Frihetens filosofi», (Oslo: Universitetsforlaget, 2013)
4. Svendsen, Lars. 2013, «Frihetens filosofi», (Oslo: Universitetsforlaget)
5. Pettit Philip. 2011. «The Instability of Freedom as Noninterference: The Case of Isaiah Berlin». (Chicago: The University of Chicago Press, Ethics , Vol. 121, No. 4 (July 2011), pp. 693-716, 2011) p. 694 https://n9.cl/ir9wvk
6. Berg Lars Øivind. 2007. «Nødvendigheten av frihet og behovet for beskyttelse». Hovedfagsoppgave for graden Candidatus Rerum Politicarum Institutt for Sammenliknende politikk (Bergen: universitetet i Bergen) https://n9.cl/hj1e6l
7. Liberalistene. 2021. Positive og negative rettigheter. Publisert: 2021-01-29 https://n9.cl/2lvra


---

1. Pettit. 2011. p. 713-714

## ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێکی پێویست پێش باسە سەرەکییەکان

پێش ئەوەی کە بچینە سـەر باسی ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە، ڕوونکردنەوەی هێندێک خاڵ بۆ ئەوەی کە خوێنەر باشـتر لە شـێوازی دارشتن و پێشکەشکردنی باسەکان تێ بگات، پێویستە.

ژیانی سیاسـیی قاسـملوو لەلایەن «دوکتور ئیسـماعیل بازیار»ەوە بەسەر دوو قۆناغدا دابەش کراوە: قاسملوو وەک چەپێکی کورد (۱۹۴۸-۱۹۷۱) و قاسملوو وەک کوردێکی چەپ (۱۹۷۱-۱۹۸۹).۱ بەڵام «سـارۆ ئەردەڵان» بۆچوونێکی جیاوازتری هەیـە کە دەڵێت: «لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە ڕووی مەعریفی و ئیپیسـتمۆلۆژییەوە لەگەڵ دوو قاسملوو بەرەوڕوو نین»، دابەشکردنی ژیانی قاسملوو بەسەر دوو قۆناغی «قاسملوو وەک چەپێکی کورد و قاسملوو وەک کوردێکی چەپ» لەگەڵ ڕاستییەکانی بیر و هزری قاسـملوو نایەتەوە و بەڵگەیەکیش نییە، کە ئەو دابەشـکارییەی ژیانی قاسملوو لەسەر ئەم دوو قۆناغەدا پشتڕاست بکاتەوە». ئەگەرچی لە ڕووی بەشدارییی لە حیزبێکی سیاسیدا ڕەنگە ئەو باسە بکرێت، بەڵام لە ڕووی مەعریفییەوە ناگونجێت.

---

۱. بازیار سمایل، ۲۰۲۰. «کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان / حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە (۱۹۴۵-۱۹۹۱)». ل. ۲۷۹ (هەولێر)

لە ڕوانگەی «سارۆ ئەردەڵان»ـەوە، قاسملوو خاوەنی دوو بەرهەمی هزریی سەرەکیی «کوردستان و کورد» و «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»ـــە. لەو دوو بەرهەمەدا لە باری مەعریفەییەوە دابڕانێک نییە؛ ئەگەرچی هەر یەکێک لەو بەرهەمانە لە یەکێک لەو قۆناغانەدا نووسراوە، کە «بازیار» ئاماژەی پێ داوە». ئەو پێی وایە کە ڕەوتی هزریی قاسملوو لە ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیستییەوە بەرەو چەپێکی دێموکرات بووە، کە لە دواییدا شێوەیەکی ڕادیکاڵ لە دێموکراسی پێشنیار دەکات.[1] ئەو بۆچوونەی «سارۆ ئەردەڵان» لەگەڵ بۆچوونی «دوکتۆر مەولەوی» کە «حەسەن ڕەستگار» لە گێڕانەوەی بەســەرهاتی خۆیدا لە پەرتووکی «بڕگەیەک لە ژیان و خەباتمدا» ئاماژەی پێ داوە، پشتڕاســت دەکرێت. «ڕەستگار» نووسیویەتی: لە دوای چاوپێکەوتنی نێوان قاسملوو و دوکتور مەولەوی لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، کاتێک کە «حەسەن ڕەستگار» لە «دوکتۆر مەولەوی» دەپرســێت، کە ناوبراو ڕازییــە لەگەڵ حیزب کار بکا یان نا، ناوبراو لە وڵامدا دەڵێت: «نا کار ناکەم، چونکە لام وایە ڕەحمان [قاسملوو] ئێستاش بیروباوەڕی حیزبی توودەی وەلا نەناوە، من لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە کارم بۆ ناکرێت».[2] لێرەدا مەبەســت لە بیروباوەڕی حیزبی توودە، دەبێ بیروباوەڕی مارکسیستی بێت، کە «دوکتور مەولەوی» ئاماژەی پێ داوە. کەواتە لە باری هزرییەوە قاســملوو خەتی هزریی خۆی پاراستووە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی سیاسیدا و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە باری هزرییەوە هەیبووە، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەســەر کۆمەڵگادا هاتبوو، هزرەکانی قاســملووش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام جەوهەری بیر و هزری هەروەک خۆی ماوەتەوە.

قاســملوو وەک ئانترۆپۆلۆژیســتێکی مارکسیســتی، کە ئاگای لە هەلومەرجی نالەباری ژیانی کورد لە ژێردەســتیی داگیرکەراندا هەبوو و لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو

١. وەرگرتنی بیر و بۆچوونی سارۆ ئەردەڵان لە ڕێکەوتەکانی ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ و ٢٥ی کانوونی دووهەمی ٢٠٢٢دا.

٢. ڕەستگار حەسەن. ٢٠٢١. «بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم، بەرگی یەکەم، بەشی دووهەم». ل. ٩٥ (ئاڵمان)

کە کوردســـتان لەلایەن داگیرکەرانەوە کۆلۆنیزە کـــراوە، لە بیری ئەوەدا بووە کە بۆ دەربازبوونی کورد لەو ژیانە سەخت و نالەبارە، دەبێت هەلومەرجێک یان دەرفەتێک بێتـــە پێش یان بخولقێنێـــت کە کورد بتوانێت ئامانجـــی مرۆڤیی خۆی بپێکێت و ئازادیی خۆی وەدەســـت بێنێت. قاســـملوو بۆ پێکهێنانی ئەو هەلومەرجە، دەســـتی داوەتـــە خەبات، بەو مەبەســـتەی کە هەمـــوو ئەو پێوەندییانەی کـــە بوونەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی کورد بەهای مرۆڤیی خۆی لەدەســـت بدات، تێک بشـــکێنێت. لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت کە قاسملوو ئازادی و پێشکەوتنی کوردستان و کوردی لە ســـەرکەوتنی سۆســـیالیزمدا بەدی دەکرد، نەک پێچەوانەکەی. لەبەر ئەوەی کە بۆ قاسملوو پرســـی نەتەوەیی گرینگ بوو و بەپێچەوانەی مارکسیستەکانی ئەوکات کـــە خەباتی نەتەوایەتییان پێ دواکەوتوویی بـــوو، ئەو پێی وابوو کە نەتەوەی کورد بۆ دەربازبوون بۆ قۆناغی سۆســـیالیزم، دەبێت هاوشـــانی نەتەوەکانی دیکە بێت و لە ژێردەســـتیی نەتەوە فەرمانڕەواکاندا بێتە دەر و وەک نەتەوەیەکی یەکســـان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا بەشدار بێت. بۆیە قاسملوو پێی وابوو کە خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی دەبێت وەک بەشـــێک لە خەباتی سۆسیالیســـتی دابنرێت. چونکە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە کوردســـتان وڵاتێکی کۆلۆنیالیســـتی و کورد نەتەوەیەکـــی چەوســـێندراو بوو، کـــە حکوومەتە داگیرکەرەکان وەک بەشـــێک لە سیســـتەمی جیهانیی ئیمپریالیستی لە پێکهێنانی ئەو وەزعەدا دەور و ڕۆڵیان هەیە. یانی لێرەدا دەردەکەوێت کە هۆی چوونی قاســـملوو بەرەو مارکسیزم، پێش ئەوەی باوەڕی بە دادپەروەیی کۆمەڵایەتی بێت، هەوڵدانێک بۆ چارەســـەریی پرســـی کورد بووە. یان بە جۆرێکی دیکە، قاســـملوو بۆیە سۆسیالیزمی هەڵبژاردبوو کە پێی وابوو ئەو سیستەمە باشتر لە سیستەمی ئیمپریالیستی دەتوانێت خزمەتی پرسی نەتەوەیی بکات. یانی قاســـملوو لە چوارچێوەی ئەو پرنسیپانەی کە مارکسیستەکان بۆ ئازادیی ئەرێنـــی هەیانبوو، هەوڵی دەدا کـــە کورد وەکوو نەتەوە، ئازادیی خۆی وەدەســـت بێنێـــت و ببێتـــە خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووســـی خۆی. ناوبـــراو پێی وابوو

کـــە تەنیا جیاوازیی نێوان کـــورد و نەتەوەکانی دیکە لە فاکتـــەری «کار»دا دەبێت خـــۆ بنوێنێـــت. لەبەر ئەوەی کە بۆ زاڵبوون لەســـەر سروشـــت و دەرچوون لە ژێر گوشـــار و وڵامدەربوون بۆ پێداویستییەکان، مرۆڤ پێویســـتیی بە فاکتەری «کار»ە. تێڕوانینی نەتەوەییی قاســـملوو بۆ پرســـی کوردســـتان و کورد بـــووە هۆی ئەوەی کە تیئۆریســـییەنەکانی «حیزبی توودە» لۆمەی بکەن و کەســـێکی وەک «ئیحسان تەبەری» بۆ ناســـاندنی پەرتووکی «کوردســـتان و کورد» لە گۆڤاری «دنیا»دا ڕەخنە لە بیر و هزری قاســـملوو و شێوازی نووســـینی پەرتووکەکە بگرێت.[1] ئەوەش نابێت لەبیر بکرێت کە تیئۆریســـییەنەکانی «حیزبی توودە» کە سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا بـــوون و هێـــزی «ماددی» و دەســـەڵاتی حوکمڕانی بەدەســـت نەتەوەکەیانەوە بوو، دەیانەویســـت هەروەها هێزی هزریی سەردەستیش هەر لەبەر دەستی خۆیاندا بێت و بۆ ئەوان تەنیا یەک جۆرە ڕاستیی مارکسیستی بوونی هەبوو، بەڵام قاسملوو وەک مارکسیستێکی پۆست-مودێرنیست[2] بڕوای وابوو کە مارکسیزم وەک زانست ناتوانێت لە پاوانی کەســـدا بێت، ئەگەرچی زانست لەســـەر بناغەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگاش دابنرێن، بەڵام کۆمەڵگا بەردەوام لە پرۆسەی گەشەکردندایە. کەواتە ڕاستییەکانیش دینامیکـــن و دەگۆردرێن، بۆیە زانســـت دەبێت خۆی لەگەڵ هەلومەرج ڕێک بخات و ناتوانێت شـــتێکی دوگم بێت. بابەتێکی دیکە بۆ قاســـملوو، جیاوازیی نەتەوەکان، وڵاتەکان و پێداویســـتییەکانی ئەوان لەگەڵ یەک بوو، بۆیە قاسملوو لە ئاکامدا بەو بڕوایە گەیشتبوو، کە سۆســـیالیزم دەبێت ببێتە سیستەمێکی پلۆرالیستی و بۆ هەر نەتەوەیـــەک و وڵاتێک بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی ئەوان دابەزێندرێت. دەتوانین بڵێین کە سۆســـیالیزمی دێموکراتیک لە ڕاستیدا سۆسیالیزمێکی نیشتمانپەروەرانە یان پاتریۆتیستییە کە لەوێدا «کار» وەک ئامرازی پێوەندیی نێوان سروشت و کۆمەڵگا و وڵامدەربـــوون بۆ پێداویســـتییەکانی هاووڵاتییان لـــە کۆمەڵگایەکی دیاری کراوە.

---

١. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٨٢ و ٤٥٨

٢. زەنگین موستەفا، ٢٠١٩، « دوکتور قاسملوو ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد»، و. سیپان ڕۆژهەڵاتی، گۆڤاری تیشک ٥٣، ٢٩١-٢٧٤

کەواتــە، پێوەربوونی «کار» لە کۆمەڵگای کوردســتاندا یانی ئــەو کارەی کە مرۆڤی کورد بیکات، دەبێ وڵامدەری پێداویســتییەکانی خەڵکی کوردستان بێت، بە هۆی ئەوەی کە پێداویســتییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە هۆی ئەو پێوەندییــە تایبەتییەی کە لە نێوان سروشــت و کۆمەڵگادا هەیە، دەگۆردرێت. بۆیە سۆســیالیزم ناتوانێت بە یەک چەشــن بۆ هەموو کۆمەڵگاکان وەک یەک وڵامدەر بێــت و دەبێت لــە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیــاواز بێت. ئەوەی کە «دوکتور ئیســماعیل بازیار» باس لە ڕۆیشتنی قاسملوو بەرەو سۆسیال دێموکراسی دەکات،[١] هەم لەگەڵ هێڵی فکریی دوکتور قاسملوو ناتەبایە و هەم لەگەڵ ئەو وتەیە کە دوکتور قاســملوو لە کورتەباسدا بە ڕاشکاوی باســی کردووە، کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی جیاوازە و ئێمە سۆسیالیزمێکمان دەوێت کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان ڕێک بکەوێت.[٢] بێجگە لەوە، بە بۆچوونی قاسملوو بۆ جێگیرکردنی وەها سۆســیالیزمێک لە کوردستاندا، پێویست بە شۆڕشی کرێکاری نییە. پرســێکی دیکە کە قاسملوو پێداگریی لەسەر دەکرد، پرسی دێموکراسی بوو. قاسملوو نەیدەتوانی لە پرسی دێموکراسی و ئازادی وەک چوارچێوەیەک بۆ پاراستنی ئازادییەکان و بەتایبەتی ئازادیی سیاســی کە لە پێداویستییە حاشاهەڵنەگرەکانیی گەلی کورد بوون، خۆی ببوێرێت. بۆ قاســملوو سۆســیالیزم بــە گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجــی وڵات بۆ وڵامدانەوە بە پرســە کۆمەڵایەتییەکان گرینگ بوو، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و پرســی ئازادی، ئەوە دێموکراسی و سیستەمێکی پلۆرالیستیی سیاســی بــوو، کە بە گرینگی دەزانــی؛ یانی کەڵکوەرگرتن لە بەشــە گرینگەکانی هەر دوو تێڕوانینی کۆمۆنیتاریســتی و لیبراڵیســتی و تواندنەوەی ئەوان پێکەوە بۆ پێشکەشکردنی ئاڵترناتیڤێکی نوێ کە «سارۆ ئەردەڵان» بە «دێموکراسیی ڕادیکاڵ»[٣]

١. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٣٤٨

٢. بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ٢٠٠٨. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو» (بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم). ل. ٤٣

٣. ئەردەڵان سارۆ، ٢٠٢٠، «دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی، بەرەو خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، گۆڤاری تیشک ژمارە ٥٥، ١٤٣-١٢٤

نـــاوی دەبات، ئەو باســـانە زۆر نزیکن لەو تێڕوانینەی کە «پێتیت» لەســـەر ئازادیی کۆماریخوازانە هەیەتی. ئێســـتا لە پێشـــدا دەچینە سەر باســـی ئازادی لە ڕوانگەی قاســـملوو وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیستی، پاشان ئازادی لە ڕوانگەی قاسملوو وەک مارکسیستێکی پۆست مودێرنیست لەســـەر بنەمای «کورتەباس» و هزرەکانی قاسملوو لە دوای ١٩٧٩ــەوە لە بەشێکی دیکەدا شی دەکرێتەوە.

## ئازادی لە ڕوانگەی قاسملوویەوە وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیست، پەرتووکی کوردستان و کورد وەک بەڵگەی سەرەکی

گرینگترین سەرچاوە بۆ شرۆڤەی هزرەکانی قاسملوو وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیستی، پەرتووکی «کوردستان و کورد»ە کە تێزی دوکتورای قاسملوویە. «کوردستان و کورد» لە ١٩٦٤دا یەکەمین جار لە چێکوسلڤاکیا چاپ و بڵاو کرایەوە. لەو پەرتووکەدا قاسملوو هەوڵی داوە کە دوای شیکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان و کورد بەگشتی، لە چوارچێوەی هزر و تێگەیشتنی چەپی و مارکسیستییەوە ڕێگای ئازادی و گەیشتن بە مافی چارەنووس بۆ کورد دەستنیشان بکات. بۆ ئەم مەبەستە، قاسملوو لە پێشدا هەبوونی «کوردستان» لە باری جوغرافیایی و «کورد» وەک نەتەوە، لە ڕێگای نرخاندن و هەڵسەنگاندنێکی بەهێزەوە دەسەلمێنێت و دواتر لەسەر بنەمای تێگەیشتنی خۆی لە مارکسیزم و ئەو پرنسیپ و ئەرکانەی کە مارکسیستەکان لە بەرامبەر پرسی نەتەوەکاندا هەیانە و دەبێت ئەو یەکە بۆ کوردیش بەجێ بگەیێنن، دەخاتە ڕوو. ئامانجی قاسملوو نیشاندانی ڕێگای گەیشتنی کورد بە سەروەریی نەتەوەیی لەسەر خاکی خۆی وەک مافێکی بێئەملاوئەولا و نەهێشتنی

چەوساندنەوەیە. تێڕوانینی مارکسیستەکان بۆ ئازادی، تێڕوانینی ئەرێنی لەمەڕ ئازادییە، بەڵام قاسملوو سەرەڕای هەبوونی ئایدۆلۆژیای مارکسیستی، بۆچوونەکانی لەسەر ئازادی لەگەڵ مارکسیستەکان و لێنینیستەکاندا جیاوازیی هەیە. لەو سۆنگەیەوە دەبێت بیر و هزری قاسملوو لەسەر ئازادی وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیستی و باوەڕمەند بە مافی نەتەوەیی شرۆڤە بکرێت.

## کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک وڵات

لە بەشی تیئۆریدا باس کرا کە نرخاندنی بەهێز کە پێوەندیی بە ئازادیی ئەرێنییەوە هەیە، بە واتای هەڵبژاردنی ئەو بەها و بایەخانەیە کە ناسنامەی کەسێک دەخەنە ڕوو و نیشان دەدەن کە ئەو کەسە کێیە. هەروەها باس کرا کە وەها نرخاندنێک پێوەندیی بە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە پێوەندیی لەگەڵ تێگەیشتنی بەکۆمەڵ لە ژیانی باش و ژیان بە گوێرەی ئەو بەهایانە و خۆڕئالیزەکردن وەک ئەندامی ئەخلاقیی کۆمەڵگاوە هەیە. قاسملوو بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنێت کورد نەتەوەیە، نرخاندنێکی بەهێز ڕەچاو دەکات. ئەو بە کەڵکوەرگرتن لەو فاکتەرانەی کە لە تێگەشتنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کورددا بوونیان هەیە و نەتەوەبوونی کورد وەک کۆمەڵێک دەسەلمێنن، بەرپەرچی سیاسەتی داگیرکارانە و ئینکارکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە دەدات و دەسنیشان دەکات کە بە تورک، ئێرانی، عێراقی یان سووریایی زانینی کورد و سەپاندنی ئەو ناسنامانە بەسەر کورددا لەگەڵ تێگەیشتنی کورد لە ناسنامە و بەهاکانی خۆی ناتەبایە و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی کورد لەو ژیانە باشە کە خۆی وەک ئامانجێک بۆ خۆی دیاریکردووە.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، ترسی حکوومەتە داگیرکەرکان لە جیاوازبوونی نەتەوەی کورد و نەتەوەی خۆیانە. واتە لە نێوان نرخاندنی بەهێزی کورد و نرخاندنی بەهێزی نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکاندا

لــە پێوەندیی لەگەڵ بڕیاری بەکۆمەڵ بۆ ژیانێکی باش جیاوازی هەیە. داگیرکەران، کورد بە فاکتەری تێکدانی یەکڕەنگیی نەتەوایەتی لە وڵاتی خۆیاندا [بە کوردستانی داگیرکراویشەوە کە بە وڵاتی خۆیان حەسێبیان کردووە] دەزانن و دروستبوونی بیری ســەربەخۆییخوازی لای کورد بە مەترسییەکی وایان داناوە، کە پشتیان بلەرزێنێت. ئەو ترســە هاندەر بووە بۆ نەتەوە داگیرکەرەکان کە بۆ بندەستهێشــتنەوەی کورد، ســەرەڕای هەموو جیاوازی لە نێوان خۆیاندا، بیر لە هاوکاریی لەگەڵ یەکتردا بکەن و هەســتی هاوبەشیان هەبێت لە دژایەتیی نەتەوەی کورددا. یانی بێجگە لەوەی کە لە هەر پارچەیەکــدا ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە هەوڵیان داوە کە لە هەمبەر کورد لە پارچەی بندەســتی خۆیاندا ببن بە لەمپەر و سەردەست، هەروەها هەوڵی ئەوەشیان داوە کە دەستێوەردان لە کاروباری کورد لە پارچەکانی دیکەشدا بکەن و سەردەستیی داگیرکەرانی دیکەش بەرامبەر بە کورد بەهێز بکەنەوە. هەر بۆیە ســەرکوتی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردســتاندا لە بەرژەوەندیی خۆیان لێکی دەدەنەوە. قاســملوو دەڵێت: فارســەکان لە دژایەتی کورددا هەوڵیان داوە ئەگەر لە دەســتیان بێت، لە تورکــەکان نەرمتر بجووڵێنەوە و سیاســەتەکانیان دووربینتر بــووە. ئەوان بناغەی سیاســەتییان لەسەر ئەوە بووە کە پڕوپاگاندای خۆیان لەسەر ئێرانیبوونی کوردەکان دامەزرێنن و لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەییەوە هەوڵ بدەن کە کورد «بە شێوەی ئێرانی» پەروەردە بکەن. ئاکامی ئەو سیاسەتە ئێستاش لە سەر بیر و هزری نەتەوەی کورد بەجێ ماوە و بە یەکجاری نەسڕاوەتەوە.[١] یانی فارسەکان لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەییەوە هەوڵ دەدەن کە کورد پرێنسیپەکانی خۆی بگۆڕێت و ئەو بژاردەیە هەڵبژێــرن کە لە هزری حکوومەتــی داگیرکەری ئێرانەوە نزیکە و لە ڕێگای خۆ بە ئێرانیزانینــەوە، لە جیاتی ئەوەی کە بکەونــە دژایەتیی ئەو حکوومەتە داگیرکەرەدا، هەســت بە ئارامــی و ئازادییەکی چــرووک بکەن. ئەوە بەتەواوەتــی بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئازادییە. لەبەر ئەوەی کە سیستەمی پەروەردەیی وەک کەرەستەیەک

١. قاسملوو عبدلرحمان، وەرگێڕانی حسن‌زادە عبداللە. ٢٠٠٧. «کوردستان و کورد». ل٢٨٥-٢٨٣ (هەولێر).

بەکار دەبردرێت بۆ شــاردنەوەی زانیاری لەســەر بژاردەی دروست بۆ کوردەکان و خودی ئەو بژاردەیە (داوای ســەربەخۆیی) لە بەرچاوی کورد ون دەکات و ناهێڵێت کە کورد لە هێز و توانای خۆی بۆ دژایەتیی ئەوان کەڵکی پێویســت وەربگرێت. بە واتایەکــی دیکە، دوژمنانی کورد بۆ ئەوەی کــە بتوانن درێژە بە زەوتکردنی ئازادیی نەتەوەی کورد بدەن، خاوەنی پلانی ستراتێژیکن بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەییەوە کورد وا بار بێنن کە لە کاتی نرخاندنی بەهێزدا، بەهاکانی ئەوان لە جیاتــی بەها و بایەخەکانی کورد دابنێن و بە هەڵەتێگەیشــتن لە بڕیاری بەکۆمەڵ بــۆ ژیانێکی باش، هەوڵی خۆڕئالیزەکــردن وەک ئەندامی ئەخلاقیی کۆمەڵگا بەپێی بەهاکانی دوژمنان بدەن و لە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان دوور بکەونەوە.

لێرە پرسیار دێتە پێش، کە گەلۆ چی ڕوو دەدات ئەگەر کورد هەڵسەنگاندنێکی بەهێــزی نەبێت بۆ ناســنامەی خــۆی و خۆی لەگەڵ ئەو هەڵســەنگاندنە بەهێز و چرووکــەی کە داگیرکەران بۆ ناســنامەی کورد دەکەن، ڕێــک بخات؟ کورد لەم پێوەندییەدا چ شــتێک لە دەست دەدات؟ بە پشتبەســتن بە تیئۆرییەکانی ئازادی دەردەکەوێــت، کە وەها حاڵەتێک دەبێتە هۆی ســەرهەڵدانی لەمپەری دەروونی لە لای کوردەکان و ئەوان ناتوانن لە ناخی خۆیاندا هەســت بەو ناســنامە ســەختە و چرووکە بکەن، کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بۆیان داتاشــراوە و لە ئاکامدا دەبنە دیلی داگیرکەران و لە ئازادیی بێبەش دەبن.

بۆیە قاســملوو خاڵی هاوبەشــی هەموو داگیرکەرانی کوردستان لەوەدا دەبینی، کــە داگیرکەران شــۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورد بۆ ئازادی بــە دژی ئەو ئامانجەیان دەزانن و لە لایەک بۆ شکســت و سەرکوتی هەموو جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی کورد ئەوپــەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن، لە لایەکی دیکــەوە دان بە بوونی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی ســەربەخۆ دانانێن. قاســملوو هەروەها سیاسەتی ئێران بەرامبەر بــە نەتەوەی کورد لــەوەدا کورت دەکاتەوە، کە ئەوان سیاســەتیان وایە کە ئەگەر لە ســەرکوتی جووڵانەوەکانی کورددا ســەرکەوتووش نەبن، «دەســت بهاوێژنە نێو

جووڵانەوەکە  بۆ ئەوەی بتوانن ڕاســـتەوخۆ باندۆڕ دانێنە ســـەری و تەنانەت ئەگەر بۆیـــان بلوێ سەرکردایەتیشـــی بکەن و ئەگەر هیچ نەبێت هـــەوڵ بدەن ڕیزەکانی جووڵانەوە تێک بدەن و ئەو کەسانەی بەڕاستی داکۆکیی لە قازانجی کورد دەکەن، لە سەرکردایەتی دووریان بخەنەوە».[1] ئەو قسانەی قاسملوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە داگیرکەران بێجگە لەوەی کە نەتەوەی کورد لە ئازادی بێبەش دەکەن، هەروەها تێدەکۆشـــن کە هەوڵی کورد بۆ ئازادیش بەبێ ئـــاکام بهێڵنەوە و لە هەر ڕێگایەکی لاوەوە، بە دەســـتێوەردان یان ئافراندنی کۆســـپ و بەربەستی زیاتر، خەباتی گەلی کورد لە گەیشتن بە ئامانج دوور بخەنەوە.

باس کرا کە قاســـملوو بۆ ســـەلماندنی ئەوەی کە کـــورد نەتەوەیە نرخاندنێکی بەهێزی ئەنجام داوە. باشـــە ئەو نرخاندنە بەهێزەی کە قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەبوونی کورددا کردوویەتی کامەیە و کامە کۆســـپ و بەربەســـت لەسەر ڕێگای نەتەوەبوونی کورد بوونیان هەبووە؟ قاســـملوو بە نرخاندنێکی بەهێز، سەقامگیربوونی کـــوردی لە ڕەوتی مێژوودا وەک نەتەوەیەک لە ڕووی زانســـتییەوە ســـەلماندووە و فاکتەرەکانـــی نەتەوەبوونی کـــوردی لە زمانی هاوبەش، خاکـــی هاوبەش، مێژووی هاوبـــەش، دابونەریـــت و کولتووری هاوبەش و هەســـتی هاوبەشـــدا دەبینێت. ئەو پێـــی وابوو ئەگەرچی ئابووریی هاوبەشـــیش وەک بناغەی نەتەوەکانی ســـەردەم و گەشەکردنی سەرمایەداری لە سەقامگیربوونی نەتەوەدا گرینگن، بەڵام گەشەنەکردنی ســـەرمایەداری لە کوردســـتاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ لەتبوونی کوردستان. ئەو هەروەها دابەشکردنی هەریەک لە پارچەکانی کوردستان لە نێوخۆی ئەو وڵاتە داگیرکەرانەشدا بە بەشـــی بچووکتر، و نەبوونی ڕێگاوبانی باش بۆ پێکەوەگرێدانی شـــار و ناوچەکانی کوردســـتان بە یەکەوە، وەک کۆسپ و بەربەســـتێکی گەورە لەسەر ژیانی ئابووریی هاوبەش دێنێتە ئەژمار.

قاســـملوو هەروەها کۆسپ و بەربەستەکانی ســـەر ڕێگای نەتەوەسازیی کوردی

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٨٧- ٢٨٦

دەسنیشان کردووە، کە ئاماژەیەکە بۆ نرخاندنە لاوازەکانی کورد، ئەگەرچی پێوەندییان بە حەز و هەستەوە هەیە تا بایەخە بناغەییەکان، بەڵام بوونەتە هۆی دروستکردنی کۆسپ و بەربەست لەسەر ڕێگای نەتەوەسازیی کورددا. ئەو هاوئایینی کورد و نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانی بە خاڵێکی لاوازی پێگەیشتنی نەتەوەی کورد دەزانێ و پێی وایە کە ئیسـلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسڵمان، وەک پەردەیەک بۆ داپۆشـینی زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغداد و سوڵتانەکانی عوسمانی بەرامبەر بە کورد کەڵکی لێ وەرگیراوە.

قاسملوو، هەروەها پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەرەبەگایەتی کە تا ئێستاش هەر بوونی هەیە، بە یەکێک لە کۆسـپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای نەتەوەسازیی کورد دادەنێت و هیوادار بوو کە بە گەشەکردنی بازاڕی نێوخۆیی و سەرهەڵدانی پێوەندییە سـەرمایەدارییەکان، پێوەندییە عەشـیرەییەکان بێبایەخ بکرێن. ئەو پێی وابوو کە تێپەربوونی کورد لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری، تێپەڕینە لە قۆناغی هۆزەوە بۆ نەتەوە.

قاسملوو سەرەڕای ئەم کۆسـپ و بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگای سەقامگیریی نەتەوەی کورد دەستنیشـانی کردوون، دەڵێت: هەبوونی ئەم کۆسـپ و بەربەستانە «بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە کە بتوانین حاشـا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین، کە ڕۆژبەڕۆژ گەشـە دەکات و سەقامگیر دەبێت».[1] بەو شێوەیە قاسملوو نەتەوەبوونی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز و خاوەنی هەموو کاراکتەرێکی نەتەوەبوون، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە دەسـەلمێنێت و نیشان دەدات کە کورد لە باری نەتەوایەتییەوە تورک، فارس و یان عەرەب نییە و بە تەواوەتی جیاوازە.

سـەلماندنی ئەو ڕاسـتییە کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیـاواز لە نەتەوەکانی دیکەیە، هەم لەلایەک لە ڕووی ئازادیی ئەرێنییەوە لەسـەر بنەمای یاسا و پەیمانە نێونەتەوەییەکانـەوە کـە دەوڵەتە داگیرکـەرەکان بۆ خۆیـان قەبووڵیان کردووە،

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل.٢٩٢-٢٨٧

داگیرکـــەران ئەرکـــدار دەکات کە ئازادیی نەتەوەی کورد بە گوێرەی ئەو یاســـایانە پارێزراو بێت، کەچی ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێی ناگەیەنێن و هەم لە ڕووی ئازادیی نەرێنییەوە، نەبوونی هەر چەشـــنە ئازادییەک لە کوردستانی داگیرکراودا بۆ کوردی بندەســـت و پارچەپارچەکراو پشتڕاست دەکات و نیشان دەدات کە هەوڵی کورد بۆ ئازادی، هەوڵێکی ڕاســـت و دروســـتە و کورد بۆ نەهێشتنەوەی سەردەستیی نەتەوە داگیرکەر و فەرمانڕەواکان، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی خۆی تێ دەکۆشێت.

دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان وەک خاکی کوردان لە باری زەوینیگارییەوە لەلایەن قاسملووەوە مەبەستێکی سیاسیی بەهێزی لە پشتە، کە ئەویش ئاماژەیەکە بۆ نرخاندنێکی بەهێز و بایەخدار. قاســـملوو دەیەوێت نیشـــان بـــدات ئەو خاکە لە کوێ هەڵکەوتووە کە کورد دەیەوێت حاکمییەتی خۆی لەســـەری بنیات بنێت. یانی ڕئالیزەکردنی ئیرادەی بەکۆمەڵی کورد لە بوون بە سەروەریی خۆی لەسەر ئەو خاکە، لەلایەک سەردەســـتیی گەلانی دیکە لە نێو دەبات و ســـنوورێک بۆ دەستێوەردانی ئـــەوان لە کاروبـــاری کوردەکاندا دادەنێت و لەلایەکی دیکـــەوە ئەو یەکە لە ڕووی ئازادیـــی پۆزیتیڤەوە، دەرفەت بۆ تاکی کورد دەئافرێنێت کە بتوانێت لە چوارچێوەی تێگەیشـــتنی گشـــتیی کورد بۆ ژیانێکی باش، خۆیان لە ژێر حاکمییەتی نەتەوەیی خۆیاندا و بۆ خزمەت بە ئامانجە نەتەوەیییەکان لەســـەر بنەمای بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کوردییەکاندا پێش بخەن و ڕئالیزە بکەن.

قاســـملوو لە لاپەڕەی ١٣ی پەرتووکی «کوردســـتان و کورد»دا ســـێ هۆکاری ســـەرەکی باس دەکات، کە بێجگە لە لەمپەرە نێوخۆییەکانی کورد بۆ خۆی، وەک سێ لەمپەری سانتراڵ لەســـەر ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کورد دێنە ئەژمار و هەموو لەمپەرەکانی دیکە بە جۆرێک لە ژێرکۆی (زیرمجموعە) ئەو سێیانەدا جێ دەگرنەوە. ئەو سێ لەمپەرانە بریتین لە: دابەشبوونی کوردستان، نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، دانپێنەنانی کوردستان وەک وڵات بە شێوەی نێونەتەوەیی.

ئەگەر ئێمە لە ســـۆنگەی ئازادیی ئەرێنییەوە ئـــازادی بە «خۆڕئالیزەکردن وەک

بەشـــێک لە حکوومەت و کۆمەڵگا» ئەژمار بکەین، ئەو کات ڕووبەڕووی ئەو پرســـە دەبینەوە کە گەلۆ کورد دەبێت وەک بەشێک لە کام حکوومەت یان کۆمەڵگا خۆی ڕێالیزە بکات و لە ڕووی زاراوەی ئەرێنی لە ئازادی، ئازادیی خۆی مســـۆگەر بکات؟ قاســـملوو کە دابەشبوونی کوردستان بە کۆسپ و بەربەســـتی سەر ڕێگای ئازادیی کوردســـتان و کورد لە قەڵەم دەدات، ئەو ڕاســـتییە دەخاتە ڕوو کە دابەشـــبوونی کوردستان، ناهێڵێت کورد وەک گرووپێکی نەتەوەیی لە پراکتیکدا، ڤیزیۆنی خۆی بۆ ژیانێکی باش ـ ژیان لە ژێر سێبەری دەوڵەت-نەتەوەی کوردیدا ـ جێبەجێ بکات.

قاســـملوو لەسەر زەوینیگاریی کوردستان دەڵێت: «کوردستان وڵاتی کوردان لە ئاسیای ڕۆژئاوا کەوتووەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ پێک نەهاتووە، چونکە خاکی کوردســـتان لە نێوان ئێران، عێراق، تورکیا و سووریەدا دابـــەش کراوە».[١] کەواتە دوو لەمپەری گەورە لەســـەر ڕێگای بەدەســـتهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد وەک بەشێک لە ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە ئەوەیە، کە وڵاتی کورد لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کراوە و لەســـەر ئەو خاکە دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ پێک نەهاتووە. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا، گەورەترین لەمپەری بێبەشـــبوونی نەتەوەی کورد لە ئازادییە. بە واتایەکی دیکە ئەو چوار وڵاتەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، گەورەترین لەمپەری سەر ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کوردن. لەبەر ئەوەی کە کورد بە دابەشبوون لە نێوان چوار وڵاتدا، ئەگەر بە گوێرەی سیستەم و یاسای هەریەک لەو وڵاتانە خۆیان ڕێالیزە بکەن، لە ڕەسەنایەتی و لەو شێوە ژیانە کە بۆ خۆیان پێیان خۆشە دوور دەکەونەوە و ناتوانن لەســـەر چارەنووســـی خۆیاندا حاکم بن و ئـــەو یەکەش لەگەڵ نێوەڕۆکی ئازادیی ئەرێنی ناتەبایە. لەبەر ئەوەی کە لەلایەک سیستەمی حوکمڕانیی هەر یەک لە حکوومەتە داگیرکەرەکان لەگەڵ ئەوی دیکە جیاوازیی هەیە و لەلایەکی دیکەوە ڕوانگـــەی ئەوان لـــە پێوەندی لەگەڵ نرخاندنی بەهێز بـــۆ ژیانێکی باش بە بەراورد

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ١٣

لەگەڵ ئەوەی کە کورد هەیەتی، جیاوازە. نەتەوە و حکوومەتە داگیرکەرەکان پێیان وایە کە کورد پێویســـتە خۆیان لە چوارچێوەی سیســـتەمی ئەوانـــدا ڕئالیزە بکەن، تاکوو بتوانن ببن بە خاوەنی بەرزەخۆیی و بە دەربازبوون لە کۆسپ و بەربەستەکانی ناخـــی خۆیان، ئاکار و کرداریان لەگەڵ ڕەســـەنایەتیی خۆیان بگونجێنن. ئەو یەکە لەگـــەڵ ڕەخنەی «برلین» لە ئازادیی ئەرێنی کـــە دەتوانێت ببێتە پێخۆر بۆ ڕێژیمە تۆتالیتارەکان یەک دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە تێڕوانینی کورد بۆ ژیانێکی باش بە شێوەیەکی بەهێز، حەز و بەرژەوەندیی نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکان دەبڕێت. هەســـت و هەوەس و بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران لەسەر ڕێگای کورد کۆسپە، بۆ ئەوەی کە کورد بتوانێت بە پێڕەوی لە یاســـا ژیرانەکانی خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت. هەستی کورد لێرەدا وەک تووڕەیی یان ئێرەیی و هتد نییە، کە نەتەوە یان لایەنێکی دیکە ئەگەر کورد بۆ ڕئالیزەکردنێکی باشتر ڕێنوێنی بکات، بەس داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی گەیشـــتنی کورد بە بەرزەخۆییە، واتە پێویستیی کورد بۆ ئازادی و ژیانێک بە دوور لە دســـتێوەردانی خەڵکانی دیکە دروست وەک هەستی کەسێکی تێنوو یان برســـییە کە بۆ خۆی لە هەموو کەســـێک باشتر لە هەستەکانی دەگات و دەزانێت چ شـــتێکی پێویستە. ئەوەی کە قاسملوو ئاماژە بە پێکنەهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کورد دەکات، لە ڕاستیدا بە واتای کۆسپ و بەربەستی سەر ڕێگای ڕئالیزەبوونی بەرزەخۆییی کوردە.

لەمپەرێکی دیکەی جێگای ســـەرنج کە قاسملوو هەر لەو سەرچاوەیەی کە لە ســـەرەوەدا ئاماژەی پێ کراوە، دەستنیشان دەکات، ئەوەیە کە وشەی کوردستان بە فەرمی و بە شێوەیەکی نێونەتەوەیی دانی پێدا نەنراوە و لە پەرتووک و نەخشەکانی زەوینیگاریدا بە شـــێوەی پێویست بەرچاو ناکەوێت. کورد وەک نەتەوە، خاوەنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بە شێوەی ئەرێنی، لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەیییەکانە. هەم کۆمەڵـــگای نێونەتەوەیی و هەم حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردســـتان لە بـــەر قەبووڵکردنی ئـــەو پەیماننامە نێونەتەوەیییانـــە ئەرکدارن، کە

کــــورد و مافەکانی ئـــەو نەتەوەیەش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، بەگوێرەی یاســـا و پەســـەندکراوەکانی ڕێکخـــراوە نێونەتەوەییيـــەکان بەفەرمی بناســـن. کاتێک کە کۆمەڵـــگای نێونەتەوەیـــی بە ئەرکی خۆی بەرامبەر بە کورد هەڵنەســـتێت، ئەوە لە تێڕوانینـــی ئازادیی ئەرێنیدا پێشـــێلکردنی ماف و ئازادییەکانـــی گەلی کوردە. بۆیە قاسملوو ئەوەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە شێوەی فەرمی هەبوونی کوردستان و کورد پشتگوێ دەخات و نایەوێت لە پەرتووک و خەریتەکانی زەوینیگاریدا بکەوێتە بەرچـــاو، ئەو یەکـــە زەق دەکاتەوە کە ئەگەر داگیرکەران بـــە هۆی دوژمنایەتییەوە ئینـــکاری ماف و ئازادییەکانـــی گەلی کورد دەکەن، کۆمەڵـــگای نێونەتەوەییش بە بەجێنەگەیاندنی ئەرکی خۆی و گوشـــار خستنەسەر داگیرکەران بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، هۆکارە بۆ ژێردەســـتمانەوەی کورد و داگیرکراویی خاکی کوردستان. داگیرکـــەران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە جیاتی ئـــەوەی کە ئەرکی خۆیان بەجێ بگەینن، چاوەڕوانن کە کورد ئامانجی ئازادیی خۆی و وڵاتەکەی وەلا بنێت، ئینکاری خۆی و ئامانجەکانی بکات و بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەوان هەست بە ئازادی بکات، بەڵام وەها شـــتێک بەپێچەوانەی ئازادی و بەدوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتییە و وەک لەمپەرێکی دەروونی پێش بە ئازادی دەگرێت و نکۆڵی لە بوونی مرۆڤی کورد دەکات و تا ئاستی ناچاربوون و کۆیلەبوون دایدەبەزێنێت.

هەروەها ئەگەر کورد پرێفرانسەکانی خۆی لەگەڵ چاوەڕوانییە بە دوور لە ڕاستی و ئەخلاقییەکانی حکوومەتە داگیرکـــەرەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بگونجێنێت و ئینکاری ئامانجی خۆی بکا و دەســـت لە کوردایەتی و خەباتی ئازادیخوازانە هەڵ بگرێت، بەو واتایە نییە کە دوژمنانی نەتەوەی کورد دەســـت لەســـەر ئەو نەتەوەیە هەڵدەگرن و لە کاروباریاندا دەســـتێوەردان نەکەن. توندوتیژییەکانی سیستەماتیکی داگیرکەران لە بەرامبەر کورددا دەری دەخات، کە ئەوان تا تواندنەوەی یەکجارەکیی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی لەسەر گۆی زەوی ڕازی نابن. سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەو داگیرکەرانە سەلمێنەری ئەو ڕاســـتییەیە، و بە ئێرانیکردن، تەعریبکردن و یان

ئاسـمیلەکردنی گەلی کورد لە نێو تورکدا (تورکیزەکردن) ڕێگا بە ئازادیی نەتەوەی کورد نادرێت،  کەواتە هەوڵی کورد بۆ نەهێشتنەوەی سەردەستیی دوژمنان، هەوڵێکی ڕاسـت و دروسـتە بە گوێرەی پرەنسـیپەکانی ئازادی و لەگەڵ ئیرادە و ویسـتی نەتەوەیـی کورد و ئەو مرۆڤانە دەگونجێت، کە ناتوانن بە لەدەسـتدانی جەوهەری مرۆڤایەتیی خۆیان ڕازی ببن.

## دابەشبوونی کوردستان ـ بەکارهێنانی بەهەڵەی فاکتەرەکانی بەرزەخۆیی لەلایەن کورد و هەوڵنەدانیان بۆ سڕینەوەی سەردەستیی ئەوانی دیکە

کوردستان تا سەدەی ١٦ بەشێک لەو ئیمپراتۆرییانە بووە کە لە ئێراندا حکوومەتیان کردووە. لە دوای شەڕی چاڵدران چارەنووسی کوردستان و کورد گۆڕدرا و لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سەفەوی و عوسمانیدا دابەش کرا. قاسملوو دەڵێت: لە سەدەی ١٦دا لە سەردەمی ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانیدا لە ئێران و عوسمانی دوو حکوومەتی ناوەندیی بەهێز دامەزرابوون کە سـەفەوییەکان شیعە و عوسمانییەکان سونی بوون. کاتێک کە عوسـمانییەکان بە تەمای هێرش بۆ سەر ئێران بوون، گەورەکانی کورد پێشـنیاری یارمەتیدانیان بە شا ئیسماعیلی سەفەوی لە بەرامبەر لەشکری سوڵتانی عوسمانیدا کردبوو، بەڵام شای ئێران ئەو پێشنیارە پەسەند ناکات و فەرمانی گرتنیان دەدات، ئەوەش دەبێتە هۆکار کە عوسمانییەکان لە هەستی ئۆلیی کوردەکان کەڵک وەرگرن و بە هاوکاریی ئەوان سپای ئێران لە شەڕی چاڵدراندا تێک بشکێنن. ئاکامی ئەو شـەڕە شوومە بووە هۆی دابەشبوونی کوردستان بۆ جاری یەکەم و تا ئێستاش شوێنەواری لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورددا دیارە.[١]

بە دابەشـبوونی یەکەمی کوردسـتان، کوردەکان بە یەکجاری ئازادیی خۆیان لە دەسـت نەدا. بەڵکوو ئەو ئازادییە پلە بە پلە سـنووردارتر و کەمتر کرا. قاسملوو دەڵێـت: «لە ماوەی نێوان سـاڵی ١٥١٤ و نیوەی دووهەمـی چەرخی نۆزدەهەمدا

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٤٠

چەند میرنشـــینێکی کورد دامەزران، کە هەر کامێکیان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی یان ئێراندا خاوەنی چەشنە ســـەربەخۆییەک بوون. تەنانەت هێندێکیان هەم لەگەڵ شای ئێران و هەم لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی پێوەندییان هەبوو».[١]

یەکێک لە هۆکارەکانی لەدەســـتچوونی ئازادیی کوردەکان ئەوە بووە، کە بنەماڵە دەرەبـــەگ و میرەکانی کـــورد لە جیاتی ئەوەی کە هێزی داگیرکەران بە کۆســـپ و بەربەســـتی ســـەر ڕێگای ئازادی و دەســـەڵاتی خۆیان ببینن، لەنێو خۆیاندا یەک نەبوون و هەمیشە پێکەوە شەڕ و کیشەیان هەبوو.[٢] ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتە داگیرکەرەکان لە جیاتی ئەوەی کە دەستێوەردان لە کاروباری میرنشینە کوردەکاندا بکەن، ئەوانیان بە شێوەیەک ئۆرگانیزە کردبوو کە لەبەر کێبڕکێی نێوان خۆیـــان، نەتوانن یەکگرتوو بن و حکوومەتە داگیرکـــەرەکان لەبیر بچێتەوە، چونکە بـــۆ بەرفراوانکردنی هەرێمی دەســـەڵاتداریی خۆیان، میرە کوردەکان پێویســـتیان بەوە هەبوو کە دەســـتدرێژی بکەنە ســـەر هەرێمی میرێکی دیکەی کورد. ئەوان بە شـــێوەیەک فریو درابوون کە لە جیاتی ئەوەی کە بیر لە ســـڕینەوەی سەردەستیی داگیرکەران بکەن، بیریان لە ســـڕینەوەی سەردەســـتیی یەکتر لە سەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان دەکردەوە.

لەو باســـانەی قاســـملوودا دەردەکەوێت، کە کوردەکان لە ســـەردەمی شـــەڕی چاڵدراندا فاکتەری ئایینیان وەک فاکتەری سەرەکی بۆ پێناسەی بەرزەخۆیی خۆیان بەکار هێناوە و ئەوەش بووەتە هۆکار کە خۆیان لە عوســـمانییەکان نزیک بزانن، کە هاوئایینزای ئەوان بوون. لە ئاکامدا بە یارمەتیی کوردەکان عوســـمانییەکان بەســـەر ئیمپراتۆریی سەفەویدا ســـەردەکەون و کوردستان دابەش دەبێت. کوردەکان لێرەدا هەوڵی پێویستیان نەداوە بۆ سڕینەوەی سەردەستیی ئەوانی دیکە و دەستەبەرکردنی ئازادیی خۆیان. دەســـەڵاتدارانی عوســـمانی و ســـەفەویش بۆ ئەوەی کە کورد بیر

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٤١

٢. سەرچاوەی پێشوو

لە ئازادی و سـڕینەوەی سەردەسـتیی ئەوان نەکاتەوە، خۆیان بە دوور گرتووە لە دەسـتێوەردانی بەرچاو لە کاروباری میرنشـینە کورددەکاندا، بەو شێوەش کورد بە لاڕێدا بردراوە و بە شێوەیەکی خەیاڵی و ساوێرانە خۆیان بە ئازاد زانیوە.

دامەزراندنـی دەوڵەت-نەتەوە بەرهەمی نیوەڕاسـتی سـەدەی ۱۷ و سـەدەی ۱۸یـە. کوردەکانیش بەهـۆی ئەوەی کە لەلایەک تا ئەو سـەردەمە ئازادییەکەیان لە سـنووری میرنشـینەکاندا زۆر سـنووردار نەکرابوو و لەلایەکی دیکەوە بە هۆی زاڵبوونی هزری هاوبەشـیی ئایینی لەگەڵ نەتـەوە فەرمانڕەواکاندا، لە بیری ئەوەدا نەبوون کە بۆ خۆیان سـەرچاوەی کۆنترۆڵ و حوکمڕانی بەسەر خۆیاندا بن و وەک نەتەوەیەک هەڵسوکەوت بکەن و خۆیان بەدوور بگرن لە عەشیرەگەرایی. ئەگەرچی کورد لەو قۆناغە وەکوو ئێسـتە ژێردەسـتە و داگیرکراو بوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی زەخت و تەوژمێکی لەڕادەبەدەر لەلایەن حکوومەتە داگیرکەرەکانەوە هەسـتی بەوە نەدەکرد، کە ئازادییەکەی وەک نەتەوە لێی زەوت کراوە و کەرامەتی شـکێندراوە و بە هۆی نەبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێو میرنشـینەکاندا و نەبوونی ئامانجی ڕزگاریخوازانە و دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە لە لای کوردەوە وای کردبوو کە بۆیان گرینگ نەبێت کە وەک نەتەوە خۆیان و خاکەکەیان لە ژێردەستی ڕزگار بکەن. یانی میرەکانی کورد بە گونجاندنی خۆیان لەگەڵ پرێفرانسەکانی نەتەوە داگیرکەرەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، بۆ ئەوەی کە ئاسایشی خۆیان بپارێزن، هەوڵی دژایەتی لەگەڵ سەردەستیی داگیرکەرانیان نەداوە و یان ئەگەر هەوڵیشیان دابێت، بە ئامانج نەگەیشـتوون. بە وتەی قاسـملوو ئەگەرچی کوردەکان جارێک لە ئێراندا دەرفەتی ئەوە بەدەسـت دێنن کە لە سـەردەمی حکوومەتی بنەماڵەی پاشایەتیی «زەند» لە ساڵی ۱۷۵۲دا دەسـەڵات بەدەستەوە بگرن و ئازادیی خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام کەریـم خانی زەند لە جیاتی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و دامەزراندنی کوردسـتانی سەربەخۆ لەسـەر خاکی کوردسـتان، بوو بە فەرمانڕەوای هەموو ئێران و خۆی بە

نوێنەری خەڵکی ئێران و بە (وکیل‌الرعیا) ناساند.[١]

لە کوردســـتانی بندەستی عوسمانیش شکســـتی تورکەکانی عوسمانی لە ساڵی ١٦٨٣دا لە نزیک ڤییەن بوو بە هۆی ئەوەی کە عوسمانییەکان سەرنجی خۆیان لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بگۆڕن و بە دامەزراندنی بنکە ســـەربازییەکان (بە ڕواڵەت لە ڕێگای لەمپەری فیزیکی لەسەر خاکی کوردستان)، بە دەستێوەردان لە کاروباری میرە کوردەکان و سەپاندنی سەردەستیی خۆیان بە شێوەیەکی بەهێزتر لە ڕابردوو، ئازادیی ســـنوورداری ئەو میرانە تووشی کۆسپ و بەربەســـت بکەن. لە ئاکامی ئەو دەستێوەردانانە و سەردەســـتییەدا، میرەکانی کورد ئەو سیاسەتەی داگیرکارانەیەی دوژمنانیان بە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی خۆیانی زانی و لێیان ناڕازی و توورە بوون و جاروبار بە دژی ڕادەپەڕین. ئەو ڕاپەڕینانە نیشـــانەی ئەوە بوون کە کورد دووبارە پێویســـتیی بەوە بووە کە نرخاندنێکی بەهێز ئەنجام بدات. لەسەر ئەو بنەمایە بۆیان دەرکەوتبوو کە وەها داگیرکارییەک لەلایەک کورد لە دەسەڵاتداریەتی دوور دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە ئیزن نادا کە ئەم نەتەوەیە ببێت بە خاوەنی ڕەسەنایەتیی خۆی و وەک خۆی بژیت و لە ئاکامدا بە هۆی سەردەستیی ئیرادەی داگیرکەرانەوە ئیرادەی ئەوان دەبێتە قوربانی، بەڵام هەموو ڕاپەڕینەکان بە هۆکاری ڕۆڵی ئایینەوە، ناکۆکیی نێوخۆیی، خەیانەت، هاوکاریی داگیرکەرانی کوردســـتان لەگەڵ یەک بە دژی کورد، یارمەتیدانـــی هێزە داگیرکـــەرەکان لەلایەن وڵاتانی ئیمپریالیســـتی و زۆر هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی دیکە، نەیانتوانی ئەو کۆسپ و بەربەستانە لەسەر ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵگرن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ئازادیی خۆیان لەدەست دا.[٢] ڕاپەڕینەکانی کورد لەو ســـەردەمەدا دەری دەخات کە ئەو لەمپەرە فیزیکییانەی کە عوســـمانییەکان بە هۆی دامەزراندنی بنکە چەکدارییەکانییەوە بۆ کوردەکان پێکیان هێنابوو، بووە هاندەر کە هەستی هێندێک لە میرەکانی کورد ببزوێنێت و ئەوان تێ

---

١. سەرچاوەی پێشوو

٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٤٦-٤٣

بگەن کە ئۆلی هاوبەش نەیتوانیوە ببێتە هۆی پاراستنی ئازادی و مافەکانییان و ئەو دەرفەتەی بەوان نەداوە تاکوو خۆیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریی عوسمانییەکاندا وەک ئەوەی کە هەن (ئۆرجینالّی خۆیان) ڕئالیزە بکەن. بەو واتەیە کە دوورەدیمەنی گشـــتیی عوسمانییەکان ـ وەک موســـڵمان و هاوئۆلی کوردەکانی ئەو ناوچەیە ـ بۆ ژیانێکی باش لەگەڵ هەســـت و ئیرادەی کۆی کوردەکان یەکی نەگرتەوە و بە هۆی ئەوەی کە لە چوارچیوەی دەســـەڵاتداریی عوســـمانییەکاندا کە دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای ئایین بوو، دوورەدیمەنی گشتی بۆ ژیانێکی باش نەیدەتوانی پلۆرالیستی بێت، کوردەکان لە بەرامبەر ئەو شێوەیە خۆڕئالیزەکردنەدا دەرکەوتن و نەیانویست خۆیان وەک بەشـــێک لە کۆمەڵگا و حکوومەتی عوســـمانی بزانن و بۆیە چەندین ڕاپەڕین سەری هەڵدا. بەڵام ئەو ڕاپەرینانە بە هۆی شک و دوودڵیی هێندێک باوەڕمەند بە ئایین، بە ئاکام نەگەیشـــتن. لە بەر ئەوەی کـــە باوەڕمەندان لە نێوان دوورەدیمەنی گشتی بۆ ژیانێکی باش لە ڕوانگەیەکی ئایینی و ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە، ڕوانگەی ئایینییان هەڵبژارد و خەڵکیان بە دژی ڕوانگەی نەتەوەیی هان دا، کە بەناوبانگترینی ئەو خیانەتانە، خیانەتی «مەلای خەتێ»[1] بوو. بە واتایەکی دیکە، ئەگەرچی هێندێک لـــە کوردەکان بـــە هۆی بەرزەخۆیـــی و نرخاندنێکی بەهێز و دروســـت بەو ئاکامە گەیشـــتبوون کە دەبێت بۆ خۆیان بڕیاربەدەست و لەسەر چارەنووسی خۆیاندا حاکم بن و بڕیار بدەن کە چی بکەن و چی نەکەن، لە بەرامبەردا دەستەیەک لە کوردەکان بە هۆی ئۆل و نرخاندنێکی بەهێزی چەوت و یان نزمەخۆیی و پاراســـتنی ئارامیی ژیـــان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاولایەن لەگـــەڵ داگیرکەران کەوتنە لایەنی دژبەری بزووتنەوە نەتەوەیییەکانی کوردەوە.

ئەگـــەر مرۆڤ باش لە هەلومەرجی کورد و کوردســـتان بڕوانێت، دەتوانێت بڵێ

---

١. هێندێک کەس بۆچوونێکی دیکەیان لە پێوەندی لە گەڵ «مەڵای خەتێ»دا هەیە و پێیانوایە کە ئەوە «گیۆ موکریانی» بوختانی بۆ هەڵبەستووە و ئەو خەیانەتی نەکردووە. بەڵام باس لە «مەڵای خەتێ» وەک کەسێکی خەیانەتکار لە هزری نەتەوەیی‌دا جێ کەوتووە و زۆر زەحمەتە کە بە پێچەوانەکەی بۆ خەڵک بسەلمندرێ. لە پێوەندی لە گەڵ ئەم بۆچوونەدا ئێوە دەتوانن زانیاری لەو سەرچاوەیەدا وەربگرن : https://n9.cl/o4iqu

کە باشترین شێوەی ئازادی بۆ کورد و کوردستان بەرامبەر نەتەوە و حکوومەتەکانی دیکە، شێوەی نەرێنیی ئازادییە. ئەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی کە کورد بتوانێت وەک یەکینەیەکـــی نەتەوەیی و یەکێک لە ســـەدان نەتەوەی ســـەر گۆی زەوی بە دوور بێت لە کۆســـپ و بەربەســـتەکانی ســـەر ڕێگای ئازادیی خۆی، دوور بێت لە دەستێوەردان و سەردەســـتیی نەتەوە داگیرکەرەکان، بەڵام جێبەجێکردنی ڕێژەیی ئازادیی ئەرێنی لە چوارچێوەی کوردســـتانێکی ئازاد و سەربەخۆدا، پرسێکی دیکەیە کە دوایی باس لەو بارەوەیە دەکرێت.

ئەگـــەر لە ڕوانگەی ئازادیی ئەرێنییەوە ســـەیری بارودۆخی کورد بکەین، هەر لە دوای تێکچوونی حکوومەتەکانی ســـەفەوی و عوســـمانی و تا ئێستاشـــی لەگەڵ بێـــت، تۆتالیتاریزم و دیکتاتۆرییەتی حکوومەتە داگیرکـــەرەکان قەت ئیزنی نەداوە بـــە کورد کە ئازادانە شـــێوەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، خـــۆی حاکمی خۆی بێت و ئەوەی کە دەیەوێت و بە پێڕەوی لە شـــعوور و تێگەیشـــتنی خۆی بە دروســـت دەزانێت، جێبەجێ بکات. کەواتە ئەو ئازادییەی کە کورد خوازیارەتی لە چوارچێوەی حکوومەتە داگیرکەرەکاندا جێبەجێ نابێت و قەبووڵی ئازادیی ئەرێنی لە چوارچیوەی ئەو حکوومەتە داگیرکەرانەدا، سڕینەوەی کەرامەت و ئازادیی گەلی کوردە کە لەگەڵ بەرزەخۆیـــی و نرخاندنی بەهێزی کورد بۆ ژیانێکی بـــاش یەک ناگرێتەوە. بە هۆی ئەوەی کە کوردستان لەژێر حوکمی چوار داگیرکەردایە، پرسیارێک دێتە پێش ئەوەیە کە کورد بە گوێرەی کام سیستەم یان یاسا دەتوانێت لە ڕوانگەی ئازادیی پۆزیتیڤەوە هەســـت بە ئازادی بکات؟ کام سیستەم یان یاسا، حکوومەتە داگیرکەرەکان ئەرکدار دەکات کە مافەکانی گەلی کورد بپارێزن و ئەو مافانە کامانەن؟

## حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانیان

بریتانیا، فەڕانســـە و ڕووســـیەی تزاری لە سەردەمی شـــەڕی یەکەمی جیهانی، لە پەیمانی «سایکس-پیکۆ»دا، نەخشەی شـــوومی دابەشکردنی کوردستانی بندەستی

عوسمانییان دارشـــت. ئەگەرچی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر لە ڕووسیە ئەو نەخشـــە شوومە ئاشـــکرا کرا و ئەو بابەتە کاریگەریی زۆری لەسەر چارەنووسی زۆر یەک لە گەلانی بندەستی حکوومەتی عوسمانی دانا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە بڕیار درابوو و لە پەیمانی «سێڤر»دا کە مانگی ئووتی ١٩٢٠ مۆر کرابوو، بەفەرمی دان بە مافی کورد دانرابوو و ئاســۆی چارەنووسی گەلی کورد و گەیشتنیان بە سەربەخۆیی لــە هەموو کاتێک ڕوونتر بــوو، دواجار ئەو ئاواتە لە ڕێگەی پەیمانی «لۆزان»ــەوە لــە ســاڵی ١٩٢٣دا تەفروتوونا کرا و کورد نەک هەر بە بندەســت و خاکەکەی بە داگیرکــراوی مایەوە، بەڵکوو کوردســتان بۆ جاری دووهەمیــش دابەش کرا و ئەم جارە کوردســتان بــوو بە چوار بەش. ئــەم جارە ئازادیی نەتــەوەی کورد لەلایەن چوار نەتەوە، چوار هێزی داگیرکەر، چوار ماکەزاگۆنی شــوێنیزمپارێز، ســێ زمانی سەپێندراو، چوار سنووری دەستکرد و چرووکەوە لێیان زەوت کرا. قاسملوو دەڵێت: «لەو پەیمانەدا [لۆزان] بەهیچ جۆرێک باسی پرسی کورد نەکراوە و تەنیا ئەوەندەی تێیدایە کە پێویســتە ڕێز بۆ مافی فەرهەنگی و ئایینیی کەمایەتییەکان دابنرێت»،[1] بــەڵام هەروەک هەموو کەس باش دەزانێت، ئەو کەمترین مافەش کە لەو پەیمانەدا هاتــووە، لەلایەن داگیرکەرانەوە بۆ کورد بــە ڕەوا نەزانراوە و لە پراکتیکدا جێبەجێ نەکــراوە. کەواتە ئەو لەتە مافە کولتووری و ئایینیــەش کە لەو پەیماننامەدا کورد دەگرێتەوە هیچ ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە و لەلای داگیرکەرانی کوردستان کەمترین هەســت بە بەرپرســایەتیی لە بەرامبەر ئەو ئەرکانە نەکراوە و تەنیا ئەو مافەیان بۆ خۆیانیــان قەبووڵ بوو. بەو چەشــنە کورد تەنانەت بەپێی ئــەو پەیماننامەیەش لە ئازادییە ئەرێنییەکەش بێبەش کراوە.

لە بەشی تیئۆریدا باسمان لەوە کرد کە لە گوتاری «دوو شێوەی ئازادی» «برلین» بــاس لە نیگەرانییــەک دەکات بەرامبەر ئەوەی کە بیر و هــزری لە بارەی ئازادیی

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل ٤٦-٥٥

ئەرێنـــی دەتوانێت بۆ ڕەواییدان بە ڕێژیمـــە تەواویەتخوازەکان بەکار ببردرێت. ئێمە دیتمان کە «تایلێر» ئازادیی ئەرێنی وەک دەرفەت بۆ ڕئالیزەکردنی دەروونیترین حەز و نرخەکان پێناسە دەکات و دەڵێت: ئازادیی ئەرێنی ڕئالیزەکردنی ناخ، واقعییەت و ویســـتی ئێمەیە.[1] ویستی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا توانەوە لە نێو نەتەوەی فەرمانڕەوا و نەمانی یەکجارەکیی خۆی نەبووە و نییە، بەڵام سیاســـەتی حکوومەتە داگیرکەرەکان ئەوە بووە کە کورد بتوێننەوە و لە نێوی بەرن. هەوڵدانی داگیرکەران بـــۆ تواندنەوەی کورد بـــۆ ئەوەی ببن بە هاوڕەنگی ئەوان، بـــە واتای ڕێنوێنیکردنی کوردەکان لە ئاراســـتەی دروســـتدا نییە، بەڵکوو زەوتکردنـــی ئازادیی ئەوان و مافە ئەرێنییەکانی ئەوانە؛ کە ئەمە بە واتای شوێنیزم و تۆتالیتاریزمی تەواوە.

زۆرجار حکوومەتێکی داگیرکەر لە هەموو یان بەشێک لە خاکی ئەو کوردستانەی کە داگیری کردووە، حاشـــای هەبوونی کوردی کردووە و ئەگەر کەسێک بەرەواژی ئەو ویستەی ئەوان هەڵســـوکەوتی کردبێت، تووشی سزا بووە و بە شێوەی فیزیکی و دەروونـــی توندوتیژیـــی بەرامبەری کراوە. لەلایەن ئـــەو داگیرکەرانەوە و بە هۆی ئازادیخوازی و مافویســـتییەوە دەیان هەزار کەس لە کورد گیانیان لێ ئەستێندراوە. بەکورتی لە هەر یەک لە بەشـــەکانی کوردستان حکوومەتە داگیرکەرەکان ئەوەندە دەســـتێوەردانی هەرێمـــی تایبەتیی کوردیان کردووە، کـــە ئازادیی ئەوان لە ڕادەی پێویســـت زۆر کەمتر بـــووە و مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە کورد لـــە هەقیقەتدا لەژێر ستەمی ئەواندا بە کۆیلە یان ناچار دەژمێردرێن. قاسملوو لە لاپەرەی ٢١ی پەرتووکی «کوردســـتان و کورد»دا وتەیەکی «ئیسمەت ئینۆنۆ» ســـەرۆکی بەناوبانگی «حیزبی کۆماریی گەل» لە تورکیا کە لە ســـاڵی ١٩٣٠دا کە ســـەرۆکوەزیر بووە، دێنێت کە وتوویەتی: «لەم وڵاتەدا تەنیا نەتەوەی تورک مافی ئەوەی هەیە، داوای هەقی قەومی و ڕەگەزیی خۆی بکا و هیچ ڕەگەزێکی دیکە ئەو مافەی نییە».

قاســـملوو هەر لە درێژەی باســـەکەیدا بۆ ئەوەی کە زوڵم و زۆر لەسەر کورد لە

---

١. سەرچاوەی پێشوو

باکووری کوردســـتاندا باشتر بخاتە ڕوو، وتەیەک لە مەحموود ئەسەد وەزیری داد لە تورکیا لە ســـاڵی ۱۹۳۰دا وەک بەڵگە دەهێنێتەوە کە وتوویەتی: «لەم وڵاتەدا تەنیا تورک سەروەر و ئاغا و فەرمانڕەوایە و ئەوانەی ناچنەوە سەر ڕەگەزی خاوێنی تورک، تەنیـــا هەقێکیان لەلای ئێمە هەیە، هەقی ئەوە کـــە خزمەتکار بن، هەقی ئەوە کە کۆیلە بن». ئەوان لەو چەوســـاندنەوە و کەمکردنەوەی ڕادەی ئازادیی کورددا ئەوەندە چووبوونە پێشەوە کە وشەی «کورد» لە تورکیا و کوردستانی بندەستی ئەواندا قەدەغە و قاچاخ بوو.[1] بەو چەشـــنە حوکمڕانانی تورک بە ئەنجامدانی نرخاندنێکی بەهێزەوە دەستنیشانیان کردووە کە «کورد» دەبێت یان «تورک» بێت و یان خزمەتکار و کۆیلە. ئەوەش بەپێچەوانەی ئەو مافە کولتووری و ئایینییانەیە کە لە پەیمانی لۆزاندا تورک قەبووڵی بەرپرســـایەتییەکەی کردبوو. یانی نرخاندنی بەهێزی تورک و دوورەدیمەنی ئەوان بۆ ژیانێکی باش، بە واتای نەمانی کوردە وەک نموونەیەک لە ئازادیی ئەرێنی. ئەمە هەروەها دەسەلمێنێت کە لە ئاکامی سەردەستیی تورکدا، دەستێوەردانی ئەوان لە هەرێمی تایبەتیی کورددا ئەوەنـــدە بەهێزە کە بچووکترین ڕادەی مومکینی ئەو هەرێمـــەش لە نێو دەبـــات و بێڕێزی بە جەوهەری مرۆڤیی تاکی کورد دەکات و لە ئازادیی نەرێنیش بێبەشی دەکات. ئەوە دەسەلمێنێت کە سیستەمی دەسەڵاتداریی تورک هەردوو شـــێوازی دیکتاتۆریی زۆرینە لە خۆی دەگرێت و ناتوانێت فرەڕەنگیی کۆمەڵگا قەبووڵ بکات. ئەوە هەروەها پێشێلکردنی مافی ئازادیی بیروڕادەربڕینیش لە خۆ دەگرێتەوە و مافی ئازادیی بیروڕا لە هەموو ئەو کەســـانە دەستێنێت کە بە دژی وەها سیستەمێک بیروڕای جیاوازیان هەیە. لەبەر ئەوەی کە لە هزری کاربەدەستانی تورکدا ڕاســـتییەکانی کۆمەڵگای تورکیا ڕەها و نەگۆڕن. لە ڕوانگەی کاربەدەســـتانی تورکەوە ئەوەی کە هەوڵی گۆڕینی ئەو ڕاســـتییە ڕەهایە بدات، کەسانێکی کۆیلەن کە لە مافی ئازادی بێبەشن.

قاســـملوو وەزعی کـــوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانی داگیرکـــراو لەلایەن

---

۱. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۲

ئێرانیشەوە هەر بەو جۆرە لێک دەداتەوە و شوێنیزمی پانتورکیست و پانئیرانیستەکان بە مونکری هەبوونی کورد تاوانبار دەکات، یانی دابەشبوونی کوردستان بە ڕادەیەک کاریگەریی لەسـەر دەسـتێوەردانی حکوومەتە داگیرکەرەکان لـە ژیانی تایبەتیی کوردەکانـدا هەبووە، کە نـەک ئازادیی ئەوانیان بە تەواوی لە نێـو بردووە، بەڵکوو هەبوونی ئەوانیشـیان بە یەکجاری بە نەبوون ئەژمار کردووە و لە باشترین حاڵەتدا تەنیا مافی کۆیلەتییان بۆ بە ڕەوا زانراوە.[1] قاسـملوو دەڵێت: کاربەدەسـتانی تورکیا و ئێران بەتایبەتی پاش شـەڕی یەکەمی جیهانی، سیاسـەتی تواندنەوەی کوردیان پێـڕەو کردووە و زمانی کوردی لە تورکیا، سـووریا و ئێران قەدەغەیە و تەنانەت لە دادگاکانیشـدا زمانی نەتەوەی داگیرکەر بەکار دەبردرێـت و ئیزن بە بەکارهێنانی کوردی نادرێت.[2]

لە باری کولتووری و فەرهەنگیشەوە کورد ئازادییەکەی لێ زەوت کراوە. قاسملوو دەڵێت: «نەتەوەی کورد شـانازیی فەرهەنگێکی لەمێژینەی هەیە، بەڵام داگیرکەرە بێگانەکان بەتایبەتی تورک و فارسـەکان کە نەخشـەی بێشـەرمانەی تواندنەوەی کوردیان بەدەسـتەوەیە، بەرهەمە فەرهەنگییەکانی کوردیان یان داگیر کردووە، یان لە نێویان بردووە».[3]

## جیاوازیی ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیزمی نەتەوە داگیرکەرەکان لەسەر بنەمای نرخاندنی بەهێز و بەرزەخۆیی

نرخاندنی قاسـملوو بۆ ناسیۆنالیزمی کورد و ناسـیۆنالیزمی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردسـتان لەسـەر بنەمای فاکتەرەکانی گرێدراو بە نرخاندنـی بەهێز بە گوێرەی تیئۆرییەکانی ئازادیی ئەرێنییە، لەبەر ئەوەی کە سیاسەت بۆ کورد لە پێوەندیی نێوان نەتەوەکانیشـدا (پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا) لەسەر بنەمای خۆڕئالیزەکردن وەک

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢١
٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٩ و ٣١
٣. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣٢

ئەندامی ئەخلاقی و سیاسـیی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی جێبەجێ کراوە و بەتایبەتی قاسملوو زۆر پێداگریی لەسـەر ئەخلاق لە سیاسەتدا کردووە. ئەرکی ناسیۆنالیزمی کورد خەبات بۆ ئازادیی نەتەوە بووە، وەک مافێکی مرۆڤ. لە کاتێکدا کە ناسیۆنالیزمی داگیرکەرانی کوردستان بە ئەرکی خۆیانیان زانیوە کە بە پێشێلکردنی ماف و ئازادیی خەڵکانی دیکە، بۆ سەپاندنی هەژموونیی نەتەوەیی خۆیان شێوەی هێرشبەرانە بگرنە پێش.

لێرەدا پرسـیارێک دێتە پێش کە گەلۆ ناسـیۆنالیزمی کورد کە ناسیۆنالیستی هێرشبەر نییە و زیاتر لەسـەر بناغەی نیشتیمانپەروەرییە، هۆکارێکە بۆ بندەستیی کـورد؟ کوردەکان لە کاتی دەسـەڵاتداریەتی لەسـەر نەتەوەکانـی دیکەدا زۆرتر پارێـزەری ماف و ئازادیی نەتەوەکانی دیکە بوون تا ئەوەی کە چەوسـێنەر بن. لە حکوومەتـی «کەریم خانی زەنـد»ەوە بگرە تا دەگاتە کۆماری کوردسـتان بەڵگەی بەهێزی سـەلماندنی ئەو ڕاسـتییەن، کە کورد لە مێژووی خۆیدا ئامادە نەبووە بۆ سـەپاندنی هەژموونی و حاکمییەتی خۆی لەسـەر خەڵکی دیکەدا، بە خۆسەپاندن حاکمییەتەکەی بەڕێوە ببات. قاسـملوو دەڵێـت: «کەریم خان یەکەم کەس بوو کە خەڵـک لەقەبی [نازناوی] «وەکیلـ»ـی دابوویە»[١]، بەڵام ئەوە لـە کاتێکدایە کە بۆ نموونە تورکەکان بەپێچەوانەی کوردەکان جووڵاونەتەوە و قاسملوو بە هێنانی فاکت لە جەواهیر لەعل «نەهرۆ» بۆ نیشـاندانی شـوێنیزمی تورک لە سەردەمی ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیراندا نووسـیویەتی: ««نەهرۆ» ڕاست دەکات کە دەڵێت: بەم جۆرە تورکەکان کە تازە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی خۆیاندا سەرکەوتبوون، دەستیان کرد بە لێدانی ئەو کوردانە کە لە ڕێگای ڕزگاریی خۆیاندا خەباتیان دەکرد. بەڕاستی سەیرە، نەتەوەیەک کە تا دوێنێ دیفاعی لە مافی خۆی دەکرد، ئێستا دەسدرێژی بکاتە سەر مافی نەتەوەیەکی تر و خەباتی ڕزگاریخوازی بکاتە خەبات بۆ ژێردەستکردنی گەلانی تر. ساڵی ١٩٢٩ ڕاپەرینێکی دیکەی نەتەوەی کورد هەڵایسا، بەڵام ئەویش لانیکەم

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٤١

بۆ ماوەیەک دامرکایەوە. بەڵام کێ هەیە بتوانێت میللەتێک لە نێو بەرێ کە لەسەر وەدەستهێنانی مافی خۆی موکورە و ئامادەیە نرخی ئەم ئازادییە بدات؟»[1] یانی کورد وەک ئەوانە نییە کە ئەگەر نەیتوانیبێت بگاتە ئازادی، ئامانجەکە وەلا بنێت بۆ ئەوەی کە خۆی ئازاد هەست پێ بکات. ئەوەی کە ئامانجی زۆرێک لە دوژمنانی کوردە و زۆرجار لاوانی کورد بەو قسەیە بە لاڕێدا دەبەن کە گوایە کورد قەت ڕزگار نابێت و هانیان دەدەن کە خۆیان بەدوور بگرن لە خەبات و بەشداریی لە شۆڕشدا تا ژیانی ئارامیان نەشڵەژێت. هەر ئەوەی کە کورد لە دوای شکستی هەر شۆڕشێک، شۆڕشێکی نوێی هەڵگیرساندووە، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەو فاکتەی قاسملوو لە «نەهرۆ» هێناویەتی کە تا نەتەوەی کورد بەردەوام بێت لە خەبات و کۆڵنەدان بۆ ماف و ئازادیی خۆی، لە ژیان بەردەوام دەبێت و بە بێشک و گومان ڕۆژێک هەر سەر دەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو وتەیەی «نەهرۆ» سەلمێنەری ڕاستییەکی بەهێزە لە ئاوێتەبوونی ئەخلاق لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد. لە مێژوودا نموونەی نییە کە کورد دوای سەرکەوتن وەک دوژمنانی دەسدرێژی کردبێتە سەر مافی نەتەوەیەکی دیکە. قاسملوو ئەو دەسدرێژییەی تورک بۆ سەر ماف و ئازادیی گەلی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی تورک. بۆیە دەڵێت: «چونکە کاتێک ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی چەوساوە، دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکا سروشتێکی «خۆپارێزی» هەیە، بەڵام هەر ئەو ناسیۆنالیزمە کاتێک خۆی بەسەر نەتەوەیەکی چەوساوەدا دەسەپێنێت و ئاکارێکی کۆنەپەرستانە و شوێنیستی ڕەچاو دەکات، سروشتێکی «دەسدرێژیکەر» پەیدا دەکات.[2]

وەک سروشتی دەسدرێژیکەرانەی حکوومەتی تورک بۆ سنووردارکردنی ئازادیی نەتەوەی کورد، ئەرکی ئەو ناسیۆنالیزمە لەلایەن ڕیبەرەکانیان، بەکارهێنانی هێزی چەکداریی زۆر بۆ وێرانکردن و سووتاندنی خانوو و گوندەکانی کورد و کوشتنی

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٥٨
٢. سەرچاوەی پێشوو

هەزاران کــەس لە کورد بە ژن و منداڵەوە بووە.[١] یانی حکوومەتی تورک لە جیاتی پێشکەشــکردنی خزمەتە یاســاییەکان بە کــورد و بەجێهێنانــی ئەرکی خۆی و ڕئالیزەکردنی ئازادیی ئەرێنیی نەتەوەی کورد، بەپێچەوانەوە هەڵســوکەوتی کردووە و بۆ وێرانیی کوردســتان و قڕکردنی کورد تێکۆشاوە. بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە قاسملوو وەســفی ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەرانەی کوردی کردووە و ئەو یەکەیەی وەک کاراکتەرێکــی بەرز و نرخاندنێکی بەهێز بــەکار هێناوە، هەتا جیاوازیی نێوان ناســیۆنالیزمی کورد و ناســیۆنالیزمی نەتەوەکانی فەرمانڕەوا باشــتر بخاتە ڕوو، کە لە ڕاســتیدا جیاوازیی نێوان تێگەیشــتنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردە لەگەڵ تێگەیشــتنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی داگیرکەرانی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ ژیانی باش‌دا.

**جیاوازیی ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێکردن لەلای کورد و داگیرکەراندا**

قاســملوو بیر و هزری لەو ســەردەمەدا کە وەک ئانترۆپۆلۆژیســتێکی مارکسیستی چالاکیی سیاســیی بووە، نزیکە لە ئازادیی ئەرێنییەوە، بەڵام ئەو هەرگیز دەســتی لە دێموکراســی و پرســی نەتەوەیی بەر نەداوە، و پێی وابــووە کە لە قۆناغەکانی گەشــەکردنی کۆمەڵی کوردەواریدا کورد لە ئێســتەدا لە سەردەمی ناسیۆنالیزمدایە و بۆیــە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی کوردی کە سروشــتی ئەم قۆناغەیە، دەبێت بە ئەنجام بگات. لە بەشــی تیئۆریدا باس کرا کە «تێگەیشــتنی ئەرێنی لە ئازادی بــە دوو شــێوەیە و نەگۆڕبوونی کۆمەڵگا بە پێشــمەرج دادەنێت. یەکەم ئەوەی کە تیئۆرییەکانــی پێوەندیدار بــە ئازادیی ئەرێنی، گرێدراون بەو هزرەوە کە ڕاســتییە ئەخلاقی و سیاسییەکان بوونیان هەیە. دووهەم ئەوەی کە ئەو هزرانە گرێ دەدەنەوە بــەو بۆچوونەوە کە گەشــەکردنی مێژوویی بە گوێرەی پرنســیپە لۆژیکییەکان ڕوو دەدەن». بۆیە قاسملوو وەک ئانترۆپۆلۆژیستێکی مارکسیستی، ئیمپریالیزم بە دوژمنی

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٥٩

ئازادیی کورد و سۆسیالیزم و وڵاتە سۆسیالیستەکان بە دۆستی کورد دادەنێت.

قاسملوو، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، داشناکەکان و حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپایی ئەندام لە ئنتێرناسیۆنالی دووهەم و هەڵسووکەوتییان بەرامبەر بە پرسی کورد، بەتایبەتی کۆمەلی «خۆیبوون» کە هەموو ڕێکخراوە نەتەوایەتییە کوردەکان تێیدا یەکیان گرتبوو، سێ خاڵی سەرنجڕاکێش باس دەکات:

**یەکەم،** ئەوەی کە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و داشناکەکان بۆ ئامانجی خۆیان کە یەکەمیان دەیانەویست بە هۆی مەسەلەی کوردەوە تەوژمی سیاسی بخەنە سەر تورکیە و داشناکەکانیش کە بریتی بوون لە ناسیۆنالیستە توندڕەوە ئەرمەنییەکان و دەیانەویست لە ڕێگای پشتیوانی و بەهێزبوونی ڕاپەڕینی کوردەکان، حکوومەتی تورکیە لاواز بکەن و لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردیشدا ئاسۆیەکی نوێ بۆ خەباتی داشناکەکان لە پێناوی دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورەدا بکرێتەوە و ئەوان بتوانن لەوێدا بە دژی تورکیە و یەکیەتیی سۆڤیەت خەبات بکەن.

**دووهەم،** ئەوەی کە خۆیبوون بە هۆی قازانجی تەسکی ڕێبەرەکانی نەیتوانی دۆستی ڕاستەقینە بۆ کورد پەیدا بکات.

**سێیهەم،** خاڵی جێگای سەرنج، هەڵوێستی ڕێبەرانی ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم بەرامبەر مەسەلەی کوردە. ئەوانیش بە هۆی ئەوەی کە نەکا مەسەلەی کورد لە سنووری تورکیە بترازێت و وڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستانیش ڕێکێش بکات بۆ نێو ناکۆکییەکە، هەوڵ دەدەن کە خۆیان لە پشتگریی مەسەلەی کورد ببوێرن و بیانووشیان ئەوەیە کە خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی، خەباتێکی چەکدارانەیە و لەسەر ئەم یەکە پێداگری دەکەن کە « ئنتێرناسیۆناڵی دووهەم دژی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانە، ئەگەر ئەو مافە لە ڕێگای چەک و خوێنڕشتنەوە دابین بکرێت».[1] ئەو سیاسەتە لە بەرامبەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردە بەبێ

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٦٥-٦١

ئەوەی کە سەرنج بدرێتە ئەو جینایەتانە کە وڵاتانی داگیرکەر بە دژی نەتەوەی کورد دەیکەن، سیاسەتێکی ئیدئالیستییە کە لەگەڵ ڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەک ناگرێتەوە، کە بناغەی حکوومەتداری لەو ناوچە ئاڵۆز و پڕکێشەیەدا لەسەر هێزی چەکداری داندراوە. قاسملوو لە وتوویژێکدا لەگەڵ «عینایەتی فانی» دەڵێت: «جێگرەوەی خەباتی چەکداری، دێموکراسییە»[1] و لە نەبوونی ئازادی و دێموکراسیدایە کە کورد ناچار کراوە بۆ پاراستنی خۆی، خەباتی چەکداری بکات.

قاسملوو دەنووسێت: حکوومەتی تورک بۆ سڕینەوە و پاکتاوی کورد و تواندنەوەیان لە باکووری کوردستان بە شێوەیەکی یاسامەند، لە ساڵی ١٩٢٥دا یاسایەکی پەسەند کردبوو کە بە گوێرەی ئەو، نیزامی «پشکنینی گشتی» دامەزرابوو کە مافی ئەوەی هەبوو حکوومەتی نیزامی بەرپا بکات. یانی میلیتاریزەکردنی کوردستان و بەکارهێنانی هێزی چەکدار بە دژی گەلی کورد. ناوبراو هەروەها لە درێژەدا ئاماژە بەوە دەدات، کە لە مانگی مای ١٩٣٢دا یاسایەکی نوێ لە تورکیە پەسەند کرابوو کە بوو بە هۆی ئەوەی کە سەدان هەزار کورد لە مەڵبەندی خۆیان گوێزرانەوە بۆ ناوچەکانی دیکە لە تورکیە، کە تەنیا ٥٪ی دانیشتوانی پێک بێنن. واتای ئەو یەکە ئەوەیە کە حکوومەتی تورکیە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەرنامەداڕێژراو هەوڵی تواندنەوەی کوردی داوە. یاسای تورکیە ڕێگر بووە لەوەی کە کورد بتوانێت زمانی زگماکیی خۆیان بەکار بێنێت، دێیەکانیان دروست بکەنەوە و مەڵبەندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە و دەستە و کۆمەڵی پیشەسازی و ئایینی و هی تر دابمەزرێننەوە و ئەوانەی کە داشمەزرابوون، دەبوایە بە گوێرەی ئەو یاسایە هەڵبوەشێنرێنەوە. قاسملوو دەڵێت: ئەو یاسایە بەپێچەوانەی پەیمانی لۆزان و بەڵێنەکانی تورکیا لەو پەیمانەدا بووە کە دەڵێت: «حکوومەتی تورکیە بەڵێن دەدا کە دەستەبەریی ژیان و مافەکانی دانیشتوانی تورکیە وەئەستۆ بگرێ» و یان ئەوەی کە «لە بەکارهێنانی

---

١. فانی عنایت، ٢٠١۴. مصاحبه با قاسملوو در سال ١٩٨٩، که یک ماه قبل از ترورش ضبط شده بود و در سال ٢٠١۴، مصادف با بیست‌وپنجمین سالگرد ترورش از بی‌بی‌سی فارسی پخش شد. ٠٨:۴٠-٠٨:۵٠ https://n9.lc/r44na

هیچ زمانێک پێشگیری ناکرێ».[١] ئەوە دەری دەخات کە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ دژایەتیی نەتەوەی کورد تا ڕادەیەک چوونەتەوە پێش کە نەک بەڵێنەکانی خۆیان لە بەرامبەر کورد و ڕێبەرانی کورد، بەڵکوو ئەو بەڵێنانەی کە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەییشیان داوە، هەر کاتێک کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندی و ئامانجە داگیرکارانەکانی ئەوان بووبێت، پێشێلی بکەن و نە بۆ بەڵێنەکانی خۆیان ڕێز دابنێن و نەش بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. بەداخەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەییش بەرامبەر ئەو یاسا و بەڵێنیشکێنییانەی تورکیە، بێدەنگ و بێهەڵوێست بووە.

قاسملوو زۆر بە جوانی لە نووسینەکانیدا نیشانی داوە کە زڵم و زۆری حکوومەتی تورکیە بەس یەک ئاکامی هەبووە: دیسان سەرهەڵدانی کورد بە دژی زوڵم و زۆری داگیرکەران بۆ ئەوەی کە ئازادیی خۆیان بپارێزن. قاسملوو دەڵێت: «سیاسەتی چەوساندنەوە و زەبروزەنگ و ڕەگەزپەرەستیی کاربەدەستانی تورکیە لەساڵی ١٩٣٧دا بوون بە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی گەورە بە سەرۆکایەتیی سەید ڕەزا لە ناوچەی دەرسیمدا». حکوومەتی تورکیە دیسان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە، دەستی دایەوە کوشت و کوشتارێکی بێڕەحمانە و لەسێدارەدانی ڕێبەرانی شۆڕشەکە بە تاوانی «چەتەیی»، بەڵام ڕاستییەکە لە چاو خەڵکی دیکە ون نابێت و ئەوان دەزانن کە ڕێبەرانی کورد لە شۆڕشی دەرسیمدا بۆ یەکیەتیی نیشتمانەکەیان و بۆ دەرکردنی بێگانەکان (تورکەکان) لە وڵاتەکەیان ڕاپەڕینیان کردووە. لەو ڕاپەڕینەدا ئەگەرچی هەستی ئایینیش شوێنی لەسەر هەستی خەڵک دانابوو، بەڵام سەرەکیترین هاندەر، هەستی نەتەوایەتی بووە.[٢]

تورکەکان بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان، هەر ئەوەی کە تا ئەمڕۆش لای دوژمنانی کورد باوە، بۆ دادپەروەرانە نیشاندانی ئەو جینایەت و دڕندەییانەی کە دەرحەق بە نەتەوەی کورد کردوویانە و دەیکەن، هەوڵیان دابوو کە شۆڕشی سەیدڕەزا دەرسیمی

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٦٦-٦٥

٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٧٠-٦٩

گرێ بدەنەوە بە یەکیەتیی سـۆڤیەت و ڕاپەڕینەکە بە دەسـکردی بێگانە لە قەڵەم بدەن،[١] بەڵام ڕاسـتی ئەوە بوو کە تێکۆشـانی کورد بۆ یەکخستنەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کورد، بۆ دەستەبەرکردن و گارانتیکردنی مافە نەتەوەییەکان بوو.

قاسملوو لەسەر تێکۆشـانی نەتەوەی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانی لە باشووری کوردسـتاندا ئاماژە بە شۆڕشی شـێخ مەحموودی بەرزنجی بە دژی ئیمپریالیستی بریتانیا لە پاش شـەڕی یەکەمی جیهانی و دواتر شۆڕشـی شێخ ئەحمەد بازانی لە ساڵی ١٩٣٢ و ڕاپەڕینێک بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا دەکات. شۆڕشی شـێخ مەحموودی بەرزنجی و شـێخ ئەحمەد بارزانی بە دەستی بریتانیا سەرکوت کران و بریتانیا بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی هەوایی هەزاران خانووی سووتاند، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی خەباتی چەکدارانە وەک ڕێگایەک بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان گرتە بەر.[٢]

قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت: هەرچی حکوومەتە داگیرکەرەکانـی ناوەندی لـە ئێران بەهێز دەبوون، ئازادیی کوردەکان بەرتەسـکتر و لاوازتـر دەبوو. یەکێـک لە ڕاپەرینە گرینگەکانی کورد بۆ ئـازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا ڕاپەڕینی سمکۆی شـکاک بوو کە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دەستی پێ کرد و توانی بەشـێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگار بکات. سمکۆ بێجگە لە هێزەکانی داگیرکەری ئێران، چەندین جار بە دژی هێزەکانی داگیرکەری عێراق و تورکیەش شەڕی کردبوو و لە زۆربەیاندا سەر کەوتبوو.[٣]

هەر وەک چوون لە سـەرەوەدا ئاماژەمان بە هەڵوێستی ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم بەرامبـەر خەباتی کورد کـرد، زۆر جار زلهێزەکان و ڕێکخـراوە نێونەتەوەییەکان، خەباتـی چەکدارانەی کورد بۆ ڕزگاری، بە شـتێکی نەرێنی چاو لێ دەکەن و ئەوە

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٧١
٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٨٣-٧١
٣. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٨٤

بـــە خاڵێکی لاوازی تێکۆشـــانی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری دێننـــە ئەژمار. بەڵام لە نووســـینەکانی قاســـملوودا پێچەوانەی ئەو خاڵە ڕاست و دروستتر خۆی دەنوێنێت، گرتنەبەری ڕێگای وتوویژ و چارەســـەریی کێشـــەکان لە ڕێگای ئاشـــتییانەوە بووە کـــە دەرفەتی داوەتە دەســـتی داگیرکەران تا زەفەر بە ڕێبەرانـــی کورد بەرن و بە لەداوخســـتن و کوشتنی ڕێبەران، شۆڕشـــەکانی کوردیان تووشی نسکۆ و تێکشکان کردووە. نموونەی بەهێزی ســـەلماندنی ئەم ڕاستییە، شەهیدکرانی سمکۆ بەدەستی حکوومەتی ڕەزاخانی پەهلـــەوی بوو، کە بەناوی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی هێزەکانی ئێراندا بانگیان کرد بۆ شاری شنۆ و لەوێ بە ناجوامێرانە شەهیدیان کرد.[1]

حکوومەتە داگیرکەرەکان زوو شـــتەکان لە یەکتر فێر دەبن، بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەلایەن حکوومەتی داگیرکەری ئێرانەوە هەروەک باکووری کوردستان کە حکوومەتی تورک، نەتەوەی کوردی لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێبەش کردبوو، کـــورد لە مافەکانی نەتەوەیی خۆی بێبەش کرا. قاســـملوو دەڵێـــت: «کوردەکان لە هەمـــوو مافێکی نەتەوایەتی بێبەش کـــران و بەکارهێنانی زمانی کوردی و تەنانەت جلوبەرگی کوردیشـــیان لێ قەدەغە کرا».[2] ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد، نیشان دەدات کە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردســـتان، بێجگە لەوەی کورد لە مافی سیاســـی بێبەش دەکەن، ئازادییە کولتوورییەکان، شـــێوازی ژیان و جلوبەرگیشیان لێ زەوت دەکەن و هەوڵی لەنێوبردنی زمانی کوردیش دەدەن.

قاسملوو، بەکورتی مێژووی نەتەوەی کورد، لە نیوەی دووهەمی چەرخی نۆزدەوە تا شـــەڕی یەکەمی جیهانی، بە ڕیزە ڕاپەڕینێک بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئازادی و ســـەربەخۆیی و لە سەرەتای ســـەدەی بیستەم و لە شەڕی یەکەمی جیهانیشەوە، خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە قەڵەم دەدات.[3]

قاســـملوو هۆی ســـەرەکیی ئەو ڕاپەڕینانەی نەتەوەی کـــورد دەگەڕێنێتەوە بۆ

١. سەرچاوەی پێشوو.
٢. سەرچاوەی پێشوو.
٣. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٨٥

زۆرداریی نەتەوایەتیی داگیرکەران لەسەر کورد و پەرەگرتن و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتـــی لای نەتەوەی کورد. قاســـملوو دەڵێت: کۆمەڵـــی کوردەواریی پێکهاتوو لـــە چین و توێـــژە جۆراوجۆرەکان لە بەرامبەر داگیرکەرانـــدا هەر کامەیان بە هۆی پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هەستی نەتەوایەتییەوە یەکگرتوو لە بەرامبەر داگیرکەراندا خەبات دەکەن. حکوومەتە داگیرکەرەکان بە چەوساندنەوەی جووتیاران بە هۆی وەرگرتنی باج و پیتاکی قورسەوە، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و شێخەکان بە هۆی ئەوەی کە هەرچی دەسەڵاتی داگیرکەران زیاد دەبوو، دەسەڵاتی ســـەرۆک عەشیرەتەکان، دەرەبەگەکان و شێخەکان کەم دەبوو و کەمبوونی نفووزی بورژوازیی کورد بە هۆی دابەشبوونی کوردستان و بەرتەنگکردنەوەی پێوەندیی ئەوان لەگـــەڵ ناوەندە بازرگانییەکان و بەنـــدەرە گرنگەکان، ببوونە هۆی ئەوەی کە هەموو چین و توێژەکانی کورد هەســـت بەوە بکەن کە دەســـەڵاتی داگیرکەران بووە هۆی سنوورداربوونی ئازادی و بەرتەسکبوونەوەی بازنەی نفووز و بەرژەوەندییەکانی ئەوان.[١]

قاســـملوو وەزعی کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردســـتانیش هەروەک بەشـــەکانی دیکەی کوردستان دەزانێت، کە دوای دابەشبوونی کوردستان کەوتوونەتە ژێردەست و حوکمـــی داگیرکەرانی ســـووریە. ئەگەر ئەوان پێش شـــەڕی دووهەمی جیهانی چاپەمەنیی کوردیان هەبووە، بەڵام دوای شـــەڕ ئەو وەزعەیان گۆڕاوە. قاسملوو پێی وابوو کە پێشڤەچوونی دێموکراســـی لە سووریە دەبێتە هۆی ڕووناکتربوونی ئاسۆی دابینبوونی مافە نەتەوەیییەکانی کورد و بەپێچەوانەشەوە، هەر کاتێک کۆنەپەرەستی پەرەی گرتبێت، پەلاماری هێـــزە دێموکراتییەکانی داوە، بە دوای ئەوەوە ڕێکخراوە کوردییەکانیش کەوتوونەتە بەر پەلامارەوە. قاســـملوو هەروەها باســـی ئەو کوردانە دەکات کە لەلایەن حکوومەتی ســـووریەوە بە «اجنبی» (بیانی) ئەژمار کراون. ئەوان نـــەک هەر لە مافی هاووڵاتیبوونی ســـووریە بێبەش کراون، بەڵکوو بەپێی یاســـای ئیسلاحی زەوی، مافی کڕینی زەوی، کارکردن و خوێندنیشیان لێ زەوت کراوە و بۆ

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٨٦-٨٥

شوێنێکی دوور لە زێدی خۆیان لە سەحراکان دوور خرانەوە.[١]

بەکورتی، لەسەر ئەم بەشە دەتوانین بڵێین، کە ئازادیی پۆزیتیڤ بۆ کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا نەک نەبووە هۆی پێشکەوتن و بەرفراوانکردنی ئازادیی نەتەوەی کورد و ڕاگرتنی کورد لە ڕێگای دروست بەرەو ژیانێکی باش، بەڵکوو بەپێچەوانەوە کورد لە ژێردەستیی داگیرکەراندا ژیانی لێ تاڵ کراوە و لەلایەک لەلایەن هێزی حکوومەتەوە و لەلایەکی دیکەوە لەلای زۆرینەی نەتەوەی سەردەستەوە کەوتوونەتەوە بەر هێرش؛ وڵات، زمان، کولتوور و هەموو ئێلێمێنتەکانی نەتەوەسازیی کورد تووشی دەستێوەردان و لاوازکردن هاتوون. خەباتی کورد بە دژی داگیرکەرانیش نیشانەی وشیاریی نەتەوەییی کورد و نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە دوژمنان بەبێ دانی نرخێکی زۆر ناتوانن سەردەستیی خۆیان لە سەر کورددا بسەپێنن و ئیرادەی کورد بکەنە شوێنکەوتووی ئیرادەی خۆیان. بێجگە لەوەی کە کوردەکان بە ڕاپەڕینەکانیان بوونە کۆسپ و بەربەست لەسەر ڕێگای سەردەستیی داگیرکەران، ئەوان هەروەها لە باری دەروونیشەوە، تەسلیمی داگیرکەران نەبوون و بە دڵەوە سەردەستیی ئەوانیان قەبووڵ نەکرد. ئەوە نیشان دەدا کە کورد لە نێو بەها گرینگەکاندا نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەرەستی بە دوو خاڵی گرینگ و سەنتراڵ ئەژمار دەکات و ئازادی لە ڕوانگەی ئەوانەوە (تەنانەت ئازادیی پۆزیتیڤ) شتێکی دیکەیە لەوەی کە دوژمن بە ئازادیی دادەنێت. ئەو ڕوانگەیە ڕاست و دروستە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە ڕوونی دەرکەوت. لێرەدا دەردەکەوێت کە تێڕوانینی کورد بۆ ئازادی، گرێدراوی ئەو یەکە نییە کە چەند دەرگا بەرەوڕووی کورد کراوەن، بەڵکوو کامە دەرگا کراوەیە و ئەو هەلومەرجەی کە کورد خۆی تێیدا ئازاد هەست پێ دەکات، چ هەلومەرجێکە و چەندە بەنرخ و واتادارە. جیاوازیی تێڕوانینی کورد و داگیرکەران بۆ ئازادیی ئەرێنی، دوو تێڕوانینی زۆر جیاواز و دوور لە یەکن. ئازادیی بۆ کورد لە ژێردەستیی داگیرکەراندا ئەو ئازادییە نییە، کە کورد

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٩٦

لە ســـایەی ڕەحمەتی داگیرکەراندا هەیەتی، بەڵکوو ئازادیی جێگای مەبەستی کورد بەســـتراوەتەوە بەو بڕیارە گشـــتییەی کوردەوە کە بڕیاریـــان داوە چۆن بژین. یانی کـــوردەکان بە دوای ئـــەو دەرفەت و مەجالانەوە نەبوونە کـــە دوژمنان بۆیان دابین کردووە کە لە ئاکامی ئینکاری ناســـنامەی کوردیدا دەبووە نەســـیبی کورد. بەڵکوو کوردەکان لە باســـی سیاسییەوە بەو ئاکامە گەیشـــتبوون کە خۆیان وەک ئەندامی ئەخلاقی و سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان ڕئالیزە بکەن، کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە حەز و ئارەزووی ڕاســـتەقینەی ئەوانەوە هەبوو و دەبووە هۆی ئەوە کە کورد بتوانێت بەها و توانایییەکانی خۆیان بناسێنن و کردەییان بکەن.

ڕاپەرینەکانـــی کورد بە دژی داگیرکەران لەو ســـەردەماندا نیشـــانەی ئیرادەی بەهێزی نەتەوەی کوردە، کە ســـەرەڕای ناهاوســـەنگیی هێز، لە بەرامبەر دوژمناندا لاواز دەر ناکـــەون و پەنـــا بۆ قەڵای دەروونیی خۆیان نابـــەن. ئەوان وەک خودێکی ســـەرووی سروشتی، هەوڵیان داوە کە لەلایەن یاســـاکانی ژیرانەی خۆیانەوە بەڕێوە بچن و خۆیان لە هەست و هەوەس بەدوور بگرن، تا بتوانن شێوەی ژیانی خۆیان بە شێوەیەکی کاریگەر و لەژێر سێبەری حاکمییەتی نەتەوەیی خۆیاندا دەسنیشان بکەن. بەس دژایەتیی کورد لەگەڵ پێناسەی چۆنایەتیی ئازادی لەلایەن داگیرکەرانەوە کە شـــێوازێکی پاترنالیســـتی و تۆتالیتارانە لە ئازادی بوو، لـــە دژی ئامانجی بنەڕەتیی داگیرکەران و لە ئاراســـتەی ئامانجی بنەڕەتیی کـــورددا بووە. ئەگەر کورد خۆی لە ڕاپەرین بپاراســـتایە و بە گوێرەی ویستی داگیرکەران ژیابایە، ئەوە دەبووە هۆکار کە کورد نەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر شێوازی ژیانی خۆی دەستنیشان بکات.

**نموونەیەک لە ئازادیی ئەرێنیی ڕاستەقینە و هەرێمێکی بەرفراوانی ئازادیی نەرێنی**

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا، لەو بەشـــەی کە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، لە ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦دا دامەزرا، لەژێر سێبەری کۆماردا توانی بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێک دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت،

هەســـت بە ئازادیی ڕاســـتەقینە بکەن. بە وتەی قاسملوو لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردســـتاندا، «زمانی کوردی بۆ یەکەمجار بوو بە زمانێکی ڕەسمی و منداڵانی کورد بـــە زمانی زگماکیی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایـــەوە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بە چەشـــنێکی بێوێنە بڵاو کرانەوە. بۆ یەکەمجـــار تیئاتری کوردی دامەزرا و ژنـــی کورد بۆ یەکەمجـــار لە ژیانی سیاســـی و فەرهەنگیی وڵاتدا بەشـــدار بوو. لەبەرئەوەی ڕاســـتەوخۆ پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت دامەزرابوو، بازرگانیش بەخێرایی گەشـــەی کرد». یانی قاســـملوو گەشەی سیاسی، ئابووری و کولتووری لە ســـەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە بەرهەمی حکوومەتی کورد دەزانێت. لە درێژەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە «مووچەخۆرانی کورد جێگای فارس و ئازەربایجانییەکانیان گرتبـــووەوە. لە جێگای پۆلیس و ئەرتەشـــی حکوومەت، هێزی ســـوپایی میللی و پێشـــمەرگە دامەزرابوو»، یانی کـــورد کۆتایی بە دەســـەڵاتی حکوومەتی داگیرکەر هێنابوو کە مووچەخۆری فارس و ئازەربایجانی وەک ســـێمبۆلی داگیرکاریی ئیداری و پۆلیس و ئەرتەشـــی حکوومەت وەک هێـــزی چەکداریی حکوومەتێکی داگیرکەر ســـێمبۆلی داگیرکاریی چەکداری و میلیتاریزەبوونی کوردســـتان بوون. بە بۆچوونی قاسملوو، ئازادیی نەتەوایەتی گەورەترین دەسکەوتی کۆماری کوردستان بووە،[1] یانی گرینگە بۆ کورد کە بۆ خۆی حاکم بێت بەســـەر چارەنووسی خۆیدا و بۆ خۆی بڕیار بـــدات کە چی بکات و چی نـــەکات. ژیانێکی باش لە ڕوانگەی گشـــتیی کوردەوە ڕئالیزەبوونی کوردســـتانێکی سەربەخۆ بە سیستەمێکی کۆماریدا ڕەنگی دابوویەوە و ئەو مۆدێلە لە ئازادی بۆ ئەمڕۆش لای کورد مۆدێلێکی پەسەندە و هزری گشتی لە قەبووڵکردنیدا بە شـــێوەیەکی لۆژیکی لاڕێی نییە. لە بەر ئەوەی کە تەمرینی ئازادی لەو سیستەمەدا سەلمێنەری ڕاست و دروستبوونی ئەو یەکەیە.

قاســـملوو، جووڵانـــەوەی ١٩٤٥-١٩٤٦، بە بەشـــێک لـــە جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیســـتی و دژی فاشیســـتیی گەلان پێناســـە دەکات، کـــە دژی زۆرداریی

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٩٠-٨٩

نەتەوایەتـــی و لـــە پێناوی ڕزگاریی هەموو نەتەوەی کـــورددا هاتە ئاراوە و توانی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستاندا حکوومەتێکی نیشتمانیی کوردی دامەزرێنێت و بیســـەلمێنێت کە تەنیا حکوومەتێک دەتوانێـــت خزمەتی نەتەوە بکات و قازانجی خەڵــک بپارێزێت کە لەنێـــو ئەو نەتەوەیە هەڵقوڵابێت. قاســـملوو هەروەها کۆماری کوردستان بە هۆی بەشداریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو کۆمارەدا، بـــە موڵکی نەتەوەیی کورد دادەنێت کە ئەو کۆمارە بوو بە «ئاڵاهەڵگری جووڵانەوەی هەموو نەتەوەی کورد و یەکیەتیی نەتەوەی کورد خۆی تێدا نواند».[١]

کۆماری کوردســـتان  بە کردەوە لە هەرێمی دەســـەڵاتداریی خۆیدا کۆســـپ و بەربەستی سەر ڕێگای کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەڵگرتەوە و بووەماڵێکـــی ئازاد بۆ هەموو کوردەکان و ئەوانەی کە لەوێ لەژێر ســـێبەری حکوومەتی کوردستاندا دەژیان، خۆیان بە بەشێک لەو سیستەمە دەزانی و قەبووڵیان کردبوو، کە لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکە کۆمارییەدا، لەسەر بنەمای بایەخ و بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کوردی، خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری گشتی لە بارەی ژیانێکی باش ڕێالیزە بکەن.

## پرسی کورد و ئازادی لە چوارچیوەی سیستەمێکی سۆسیالیستیدا

لـــەو ئارگومێنتانەی کە تا ئێســـتا باس کـــراون دەر دەکەوێت، کە قاســـملوو وەک ئانترۆپۆلۆژیســـتێکی مارکسیســـتی، ئازادی بۆ کورد لە هـــەردوو ڕوانگەی پۆزیتیڤ و نگاتیڤـــەوە لە چوارچێوەی حکوومەتە داگیرکەرەکانی تۆتالیتار ـ شۆوینیســـتدا بە نەلـــواو دەزانێت و بـــڕوای وابوو کە کورد لە جیهانی دووجەمســـەریی ئەو کاتدا، لە سیستەمێکی سۆسیالیستیدا دەتوانێت ئازادیی بەدەست بێنێت.

قاســـملوو، کوردستان بە یەکێک لە هەژارترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنا، کە پیشـــەی قورس بێجگە لە پیشـــەی نەوت تێیدا دانەمەزراوە. ئەویش لە

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٩٣-٩٢

ژێردەســـتی کومپانیاکانی ئیمپریالیســـتی و حکوومەتە داگیرکەرەکاندایە. بێجگە لە نەوت، زۆر کانگا لە کوردســـتاندا هەن کە ئەوانیش لەلایەن داگیرکەرانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و بۆ پێشخستنی باری ژیانی خەڵک هیچ کەڵکێکی نەبووە.[١] مەبەستی قاســـملوو لێرەدا ئەوەیە کە ئەو ڕاســـتییە بخاتە ڕوو کە ڕەوشـــی دواکەتووی ژیانی خەڵک لە کوردســـتاندا لە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەران و وڵاتانی ئیمپریالیستییە. نـــەداری وەک لەمپەرێک لەســـەر ڕێگای ژیانی باشـــتری خەڵک، نەک شـــتێکی سروشتی، بەڵکوو شتێکی سازکراوی دەستی داگیرکەران و سیستەمی داپڵۆسینەری داگیرکەرانە، کە خۆشـــی و شادیی لە ژیانی خەڵک سڕیوەتەوە و ئەوانی لە هەژاری و نەداریدا ڕاگرتووە و ئیمپریالیزم لە پشـــتی ئەو سیستەمەوەیە و هەڵیدەسووڕێنێ. ئەو وتەیەی قاســـملوو لەگـــەڵ بۆچوونی «برلین» لەســـەر ئازادیی سیاســـی یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت: «ئێوە کاتێک لە ئازادیی سیاسی بێبەشن کە لەلایەن خەڵکی دیکەوە بەرۆکتان پێ گیرابێت». قاســـملوو کە حکوومەتە داگیرکەرەکان بە نوێنەری ئیمپریالیزم دەزانیت، بەس داگیرکرانی کوردســـتان و ژێردەستیی نەتەوەی کورد بە سیاسەتێکی ئیمپریالیستی دادەنێت و لە بەرامبەریاندا سیستەمی سۆسیالیستی کە دژی ئیمریالیستییە بە دۆســـت و ڕزگاریدەر دادەنێت. لەبەر ئەوەی کە سۆسیالیزم ئانتیتێزی ئیمپریالیزمە. قاســـملوو چارەســـەیی یەکجارەکیی پرســـی کورد لە باری سیاســـی و نەتەوایەتییەوە دەبەســـتێتەوە بە ســـەرکەوتنی هێزە دێموکراتییەکان و دامەزرانی ڕێژیمێکی سۆسیالیستی. قاسملوو سەربەخۆیی سیاسی بە هەموو شتێک نازانێت بۆ ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان کە لە هەژاریدا دەژین، ڕازی بکات، بەڵام بە بڕوای ناوبراو، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە باری ئابووریی وڵات بەباشـــی خۆی نیشـــان بدات و ببێتە تەرازوو بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەکردنی داهاتووی وڵات.[٢]

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ١٠٢-١٠١

٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٥٨-٢٥٧

قاســملوو جووڵانــەوەی گەلی کورد بــە دژی ئیمپریالیســتی و دژی چینی فەرمانــڕەوای وڵاتانی داگیرکەری کوردســتان دادەنێت و پێــی وایە کە «نەتەوەی کورد وێڕای جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی نەتەوەکانی ئەم سێ وڵاتە [واتە تورکیە، ئێران و عێراق] بۆ ئازادیی نەتەوایەتیی خۆشــی خەبات دەکات». قاســملوو ئەم ســێ وڵاتە بە ڕواڵەت سەربەخۆ دەزانێت کە باندۆری ئیمپریالیستەکان نەک بە شــێوەی ئیستعماری، بەڵکوو لە پشتپەردەی حکوومەتە دەرەبەگ و بۆرژوازییەکانی ئەم ســێ وڵاتەدا خۆی شاردووتەوە و ئەم سێ وڵاتەیان کردووە بە پێگە بۆ قازانجی خۆیان.

قاسملوو پێی وابوو کە وڵاتە ئیمپریالیستەکان بە درۆ خۆیان بە وەکیلی قازانجی نەتەوەی کورد نیشــان دەدەن و لە ڕاستیدا بە دوای بڵاوکردنەوەی تووی ناکۆکیی نەتەوایەتین بۆ ئەوەی کە ئاڵۆزی بخەنە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانییەوە.

قاسملوو هەروەها دابەشبوونی کوردستان بە هۆکارێکی سەرەکیی سەرنەکەوتنی جووڵانــەوەی ئازادیخوازیی کــورد دادەنێت، کە بووەتە هۆی ئــەوەی کە کورد لە مەڵبەندی ســنوورەکانی ئەو وڵاتە دەســتکردانەدا ببن بە کەمایەتی، و هێزی کورد بە شــێوەیەکی دەســکرد لەتلەت بکرێت و لە بەرامبەردا حکوومەتە داگیرکەرەکان بۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بــە دژی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد لــە هەر یــەک لە پارچەکاندا یارمەتیــی یەکتر دەدەن و هــەوڵ و تەقەلای کورد بۆ ڕزگاریی هەریەک لە بەشــەکانی کوردســتان بــەرەوڕووی بەربەرەکانیی چینی فەرمانڕەوای وڵاتە داگیرکەرەکان دەبێت. هەروەها قاســملوو پێی وایە کە هەبوونی ســامانێکی زۆری نەوت کە گرینگە بۆ ئیمپریالیســتەکان و بۆ ئەوەی کە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە هەر پارچەیەکی کوردســتاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی هەبێت لەسەر هاوکێشــەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاســتدا کە دەروازەی پێکەوەگرێدانی سێ قورنەی ئافریقا، ئاســیا و ئورووپایــە و ئەو ناوچەیە هاوســنووره لەگەڵ یەکیەتیی ســۆڤیەت، وڵاتانی ئیمپریالیســتی بۆ ئەوەی کە نفووز و بەرژەوەندییەکانی خۆیان

لەو ناوچەیەدا بپارێزن، لە دژی ئەو گۆڕانکارییانە لە ناوچەکەدا ڕادەوەســـتن، کە بە چەشنێک پێوەندیی بە پرسی کوردەوە هەبێت.[١]

قاسملوو سیاســـەتی ڕەگەزپەرەســـتانەی داگیرکەرانی کوردستان دەخاتە ڕوو و ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات، کە «حکوومەتی تورکیە کە ئیدیعا دەکا لایەنگری خەباتی گەلان لە پێناوی ئازادی و ســـەربەخۆییدایە و هەموو کەرەســـتەیەک بۆ پشتگیریی مافـــی کەمایەتی تورکـــی قبرس بەکار دێنێت، لە چوارچێـــوەی وڵاتی خۆیدا خۆی لـــە مافەکانی گەلی کورد گێل کردووە» و ئەگـــەر حکوومەتی ئێرانیش لە قۆناغێکدا بەرامبـــەر نەتـــەوەی کورد هێندێک نەرمیـــی نواندبێت و هێندێک پارەی ســـەرفی ئاوەدانیی کوردستان کردبێت، ئەوە لە بەر ئەو ترسە بووە کە لە پرسی کورد هەیبووە.[٢]

قاســـملوو ئەگەرچی بە هۆی سروشـــتی دژی ئیمپریالیستیی خەباتی نەتەوەی کـــورد، ئەو خەباتە گـــرێ دەداتەوە بە خەباتـــی نەتەوەکانی دیکە لـــە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەموو جیهاندا، بەڵام ئەو پێی وایە کە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا گۆڕانێـــک بەســـەر وەزعی کورددا بێت، کاریگەریی دەبێت لەســـەر وەزعی کورد لە هەمـــوو پارچەکانی دیکـــەدا و بەهێزبوونی کورد لە هـــەر پارچەیەکدا ئەو دەرفەتە دەخولقێنێت، کە زیاتر یارمەتیی براکانی خۆیان بدەن لە پارچەکانی دیکەدا. هەروەها قاســـملوو خەباتی نەتەوایەتیی کورد بۆ مافی چارەنووس بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی دەزانێت.[٣]

قاسملوو، هەروەها بە هێنانی فاکت لە لێنین، کە چارەسەریی پرسی نەتەوایەتی لە دێموکراســـییەکی تا ســـەر دەبینێت، پێی وایە کە هەرچـــی ئەو دەوڵەتانەی کە فەرمانڕەوایی بەســـەر کورددا دەکەن، دێموکراتیزەتر بن، دەرەتانی کورد لە خەبات بـــۆ مافە نەتەوایەتییەکان زیاتر دەبێت. پرســـی ئازادییە دێموکراتییەکان ئەوەندە بۆ قاسملوو سەنتراڵ و جەوهەرییە کە پێی وایە «بەبێ دێموکراسی و دابینبوونی ئازادییە

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٨٠-٢٧٧
٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٨٢
٣. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٩٤-٢٩٣

دێموکراتییەکان، نە پرسـی نەتەوایەتی چارەسـەر دەکرێت و نە هیچ نەتەوەیەک مافـە نەتەوایەتییەکانی دەسـت دەکەوێت»، بەڵام قاسـملوو هەوڵـدان بۆ ئازادییە دێموکراتییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگای گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی کـورد نازانێت و پێداگری دەکات، کە «دەبێـت داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کورد وەک یەکێـک لە داخـوازە دێموکراتییەکان بە ڕوونی بهێنینە گۆڕێ».[1] لە بەشـی دیکەدا بەکارهێنانی زاراوەی «دێموکراسـی» و «ئـازادی» وەک دوو زاراوەی هاوواتا لەلایەن قاسملووەوە وردتر ڕوون دەکرێتەوە.

قاسملوو دژایەتی لەگەڵ سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا وەک دژایەتی لەگەڵ نوێنەرانی سیسـتەمی ئیمپریالیسـتی دەزانێت. بۆیە قاسملوو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد بە جووڵانەوەیەکی دژی دەرەبەگایەتی دەناسێنێت و دەرەبەگەکان بە کۆنەپەرسـترین دەسـتەی کۆمەڵی کوردەواری لە قەڵەم دەدا، کە کۆسپ و بەربەسـتی سەر ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگان. قاسملوو کە پێی وایە ٨٠٪ دانیشـتووانی کوردسـتان جووتیاران پێکی دێنن، لـەو باوەڕەدایە کە دەبێت ئـەو هێزە هان بدرێت کە لـە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بەشـدار بێت و دابەشـکردنی زەوی بەسـەر جووتیاراندا بە هۆیەکی دروست دەزانێت بۆ ڕاکێشانی سـەرنجی جووتیاران بۆ لای خەباتی نەتەوایەتی. قاسـملوو هەروەها دەرەبەگەکان کە پێشـتر سـەرکردایەتیی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی کوردیان کردووە، بە هۆی هەڵنەگرتنی دروشمی دابەشکردنی زەوی لە نێو جووتیاراندا بە هۆکاری شکانی ئەو جووڵانەوەیانە دەزانێت. قاسـملوو هەروەها لەو باوەڕەدایە، کە تەنیا پێداگریی لەسەر خەباتی نەتەوایەتی کە ناسیۆنالیستە ڕاستییەکان پێداگریی لەسەر دەکەن و پرسی چینایەتی لەبەرچاو ناگرن، ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.[2] بەڵام قاسملوو دەڵێت: بە هۆی دواکەوتوویی و گەشـەنەکردنی پێوەندییەکانـی بەرهەمهێنان، جووتیاران

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٩٦-٢٩٥

٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٢٩٨-٢٩٧

ناتوانن ســەرکردایەتیی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە کوردســتاندا بکەن و بۆرژوازیی نیشــتمانی کــە بۆرژوازیی بازرگانــی و چینی کرێکار -کە کرێکاری پیشــەییە- ســەرکردایەتیی جووڵانەوەکە دەکەن. قاســملوو بە هێنانی فاکت لە «لێنین»ـــەوە هەوڵ دەدا کە بۆرژوازیی نیشــتمانیی کورد بێمەترســی نیشان بدات و دەنووسێت: «ناســیۆنالیزمی بۆرژوازیی هەموو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو نێوەرۆکێکی دێموکراسیی گشــتی هەیە کە دژی زوڵم و زۆر و چەوســاندنەوەیە و ئێمە بەتەواوی پشــتیوانی لەو نێوەرۆکە دێموکراتییە دەکەین». قاســملوو هەروەها دەرفەتی شۆڕشــگێڕەکان بۆ بەدەســتەوەگرتنی ڕێبەریی جووڵانەوەی نەتەوایەتی بــەرز دەنرخێنێ و دەڵێت: خەباتــی نەتەوایەتی لە کوردســتاندا لەلایەن حیزبە سیاســییە چەپەکانەوە بەڕێوە دەچێت، کە پێوەندییەکــی ئۆرگانیکیان لەگەڵ حیزبە سەرتاســەرییەکانی نەتەوە فەرمانڕەواکان هەیە کە بۆ دێموکراســی خەبات دەکەن. قاســملوو هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە ژمارەی کرێکارانی پیشــەیی لە کوردســتاندا کە لە دەستی مۆنۆپۆلە ئیمپریالیســتەکاندان، زۆر زیاتــرە لە ژمــارەی بۆرژوازەکانی کــورد کە لە ڕێگەی بازرگانییەوە بوونەتە سەرمایەدار و ئەو سەرمایەدارانە پێوەندییان لەگەڵ بۆرژوازەکانی نەتەوە فەرمانڕەواکان لاوازە، کە بەرهەڵستیی بیروباوەڕی ئازادیی نەتەوایەتیی کورد دەکەن. قاسملوو هەروەها بۆرژوازیی گەورە لە وڵاتانی ئیمپریالیستیدا بە گەورەترین دوژمنی ســەر ڕێگای ڕزگاریی کورد دەژمێرێت و پرۆلیتاریای وڵاتانی سۆسیالیستی کە پشــتیوانی مافی دیاریکردنی چارەنووســی نەتەوەکان دەکەن، بە پشتیوانی ئەم خەباتە ئەژمار دەکات.

قاسملوو ڕۆڵی ڕووناکبیران لە پشتیوانیی لە شۆڕشگێڕەکان کە لە نێو جووڵانەوەدا بتوانن سەرکردایەتی بگرنە دەست، بە گرینگ وەسف دەکات و بە پێویستی دەزانێت کە شۆڕشگێڕانی کورد لەلایەک بە دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد و لەلایەکی ترەوە بە دژی شــوێنیزمی نەتــەوەی فەرمانڕەوا خەبات بکەن. هەروەها قاســملوو هوشــداری دەدات کە هێزە کۆمۆنیستەکانی نەتەوە فەرمانڕەواکان فریو نەخۆن و لە

بەرامبـــەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورددا کە بە توندی لە ژێر زوڵم و زۆرداریدایە، پشتیوانی لە شوێنیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوا نەکەن.[1]

قاسملوو لە باسکردن لە مافی چارەنووس، بابەتی ڕزگاربوونی وڵاتانی کۆلۆنیکراو دێنێتە پێش و سیاســەتی وڵاتانی کۆلۆنیستی لە دژی ســەربەخۆیی نەتەوەکانی دیکە دەزانێت. قاســملوو هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە تیئۆرییە مارکسیستییەکان، ســەربەخۆیی بە مافێکــی بێئەملاوئەولای نەتەوەی کورد دەزانێــت و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە مافی یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد ناو دەبات و دانپێدانان بە مافی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە دانپێدانان بە مافی یەکسانیی نەتەوەکان لە قەڵەم دەدات، کە لە ئوســوولەکانی ئینترناسیۆنالیســتییە. قاسملوو بە ئەرکی زەحمەتکێشانی وڵاتە زۆردارەکانی دەزانێت کە پشتیوانی مافی جیابوونەوەی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بن.[2] لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە قاســملوو سۆســیالیزم وەکوو ڕێگایەک بۆ ســڕینەوەی سەردەســتیی نەتەوە فەرمانڕەواکان دادەنێت، ئەمە هاوواتای تێگەیشــتنی «پێتیت»ــە لە ئازادی، کە ئازادی لە نەبوونی سەردەستیی ئەوانــی دیکەدا دەزانێت و ئەوەش بۆ خۆی بە واتای ڕەتکردنەوەی ئیرادەی خەڵکی دیکەیە لەسەر ئیرادەی نەتەوەی کورددا.

قاســملوو هەڵوێســتی ئــەو کۆمۆنیســتانەی کە لە ترســی ئــەوەی کە نەکا دەرەبەگەکان دەوڵەتی ســەربەخۆی کوردســتان بگرنە دەست، دژایەتیی دامەزرانی دەوڵەتی ســەربەخۆی کورد دەکەن، بە هەلوێســتێکی ناڕاست دەزانێت و پێی وایە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە ڕێگای خەباتێکی سەخت کە بۆرژوازیی نیشتمانی و هێزە شۆڕشــگێڕەکان نەخشی سەرەکیی تێدا وەئەســتۆ دەگرن، دادەمەزرێت و هەروەها دەڵێت: ئەو ســەردەمە بەسەر چووە کە دەرەبەگەکان ڕێبەری جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بکەن. قاســملوو دەرەبەگەکان کە کەند و کۆسپ و بەربەستی

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣٠٣-٢٩٩

٢. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣٠٨-٣٠٥

زۆر دەخەنە سـەر ڕێـگای ڕزگاریی کورد، بە بنکەکانی سـەرەکیی ئیمپریالیزم لە کوردستاندا دەزانێت، کە پێوەندییە عەشـیرەتگەری و دەرەبەگایەتییەکان خزمەت بـە چینەکەیان دەکات. قاسـملوو، ئیمپریالیزم بە یەکەمیـن دوژمنی دامەزراندنی کوردستانێکی سـەربەخۆ دەزانێت و دەڵێت: «دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ هیچ وەخت هەنگاوێکی کۆنەپەرستانە و بۆ لایەنگری ئیمپریالیزم نییە».[١]

قاسـملوو پێی وایە کە پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بە واتای دامەزراندنی دەوڵەتێـک نیە کـە بچووک و لە بـاری ئابوورییەوە لاواز بێ، بەڵکـوو پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئابووریی گەورە، لەسـەر بناغەی دابەشـکردنی کار بە شـێوەیەکی نوێی نێونەتەوایەتی، کە لەوێدا نەتەوەی زۆرلێکراو بە بەدەسـتهێنانی مافی جیابوونەوە دێتە ئاستی بەرامبەر لەگەڵ نەتەوەی فەرمانڕەوا و هەلومەرجێک دێتە پێش کە هەردوو لا بە مافی یەکسـان و لەسەر بناغەی دێموکراسی بە دوور لە ڕوانینی سووک و شوێنیستی، یان بە ڕوانینی تێکەڵ بە شک و گومان و تەسکی ناسیۆنالیستی، لە ڕێگای یەکیەتی و سەقامگیریی سیاسی و ئابوورییەوە پێکەوە مامەڵە بکەن.

قاسملوو دوای ئەو خوێندنەوەیە دێتە سەر ئەو بڕوایە، کە دروشمی سەربەخۆیی کوردسـتان لـەو هەلومەرجەدا کە خەبات لە دژی ئیمپریالیـزم لە گۆڕێدایە و ئەو خەباتە خەباتی هاوبەشـی نەتەوەکانی فەرمانڕەوا و زۆرلێکراوانە و، هەروەها ئەوەی کە کوردستان وەک وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراو نەناسراوە، بەڵکوو لە نێوان چەند دەوڵەتدا دابەش کراوە، داوای سـەربەخۆیی کوردسـتان زەحمەتـە و زەرەر لە یەکیەتیی نەتـەوەکان لـەو دەوڵەتانەدا دەدات کـە کوردیان تێدا دەژی و کـورد دەبێت لە پێشـدا «دژی قازانجی ئابووریی ئیمپریالیـزم، واتە دژی مۆنۆپۆلەکانی نەوت و دژی پەیمانی سەنتۆ و دژی هەموو پەیمانە نیزامییەکان خەبات بکات». قاسملوو هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە،

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣٠١٢-٣٠٨

بۆرژوازییەک دەسەڵاتی بەدەستەوەیە کە هەستێکی بەهێزی خۆپارێزی شوێنیستیی هەیـــە و تا ڕێژیم ڕێژیمی ســـەرمایەداری بێت، نەتەوەی کـــورد دیاریکردنی مافی چارەنووســـی خۆی بەدەســـتەوە ناگرێت، بـــەڵام هەر لەو کاتەدا قاســـملوو دەڵێت: ســـەرەڕای ئەمە دەبێت خەبات بۆ داخـــوازە نەتەوایەتییەکان بەردەوام بێت و هەوڵ بدرێت ئەو داخوازییانە کە لە هەلومەرجی ئێستادا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەیە، وەدی بێن.[1]

ئـــەو ئیدعایەی قاســـملوو لەوانەیە وەک ئەوە بێتە بەرچاو کە قاســـملوو هەوڵی گونجاندنی ئامانجی کوردەکان لەگەڵ پرێفرانسەکانی نەتەوەکانی فەرمانڕەوا دابێت؛ بـــەو واتایە کە ئـــەوان لەوانەیە کەمتـــر دژایەتییان لەگـــەڵ خودموختاری بێت تا ســـەربەخۆیی. بەو شێوەیە کە لە بەشی تیئۆریدا باسمان کرد کە «برلین» بە ڕەخنە لە «هابز» دەڵێت: ئەگەر تەنیا ئازادی بە واتای نەبوونی کۆســـپ و بەربەست پێناسە بکرێـــت، ئەو کات ئیمکانی هەیە کە کەســـێک بەخۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجدا، بژاردەیەک هەڵبژێرێت کە کۆسپ و بەربەستی لەسەر ڕێگا نەبێت و بەو شێوە خۆی ئازاد هەســـت پێ بکات. بە بڕوای «برلین» هیچ ئازادییەک لە ڕێگای خۆگونجاندنەوە بوونی نییە. هەروەها ئەو ئیدعا دەکات کە بەرەتیدان بە بژاردەکان بە هۆی کۆســـپ و بەربەســـتەکانەوە ئازادیت پێ نابەخشـــێت. ئیدعای سەرەکیی «برلین»، ئەوەیە کە هـــەر بژاردەیەک لە هەڵبژاردندا دەبێت لە دەخاڵەت و دەســـتێوەردان بەدوور بێت. ئەو ئیدعایە لەلایەن «ئامارتی سنـ»ـــەوە پێداگریی لەسەر کراوە کە ئیدەئاڵی ئازادی جیاوازە لە بەرەتیدان بە ویســـتە نەگونجاوەکان. ئیدەئاڵی بەرەتیدان بە ویستەکان، پێویســـتیی بە دووربوون لە دەستێوەردان و کۆسپ و بەربەست خستنەسەر ڕێگای ویستە ڕاســـتەقینەکانەوە هەیە و گرێدراوی دووریی لە دەســـتێوەردانی نابەجێیە»، بەڵام لەبەر ئەوەی کە قاســـملوو لە نەفسی خۆیدا سەربەخۆیی ڕەت ناکاتەوە، بەس وەک ئەوە دێتە بەرچاو کە مەبەستی قاسملوو ئەوە بێت، هەروەک لە بەشی تیئۆریدا

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣١٦-٣١٢

باس کرا: «به‌ڵام له‌ هێندێک هه‌لومه‌رجدا ئه‌گه‌ر نه‌توانرێت ده‌سپێڕاگه‌یشتنی ئه‌و بۆ دوو بــژارده‌ له‌ یه‌ک کاتدا به‌ نرخێکی مه‌عقووڵ بپارێزرێت و ئازادیی هه‌ڵبژاردن له‌ نێوان ئه‌و دوو بژارده‌یه‌دا ده‌سته‌به‌ر نه‌کرێت و پێداویستییه‌کان ته‌رخانی ئه‌و بژارده‌یه‌ بکرێت کــه‌ مومکینه‌ هه‌ڵیبژێریت، ئه‌وه‌ به‌ره‌تیدان به‌ بــژارده‌کان نییه‌». یانی ئه‌وه‌ نییه‌ که‌ قاســملوو له‌ نێوان خودموختاری و سه‌ربه‌ســتیدا به‌ره‌تی به‌ خودموختاری دابێت، به‌ڵکوو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌ نرخی سه‌ربه‌ســتی زۆره‌، قاســملوو پێی وابووه‌ که‌ خودموختاری ساناتر به‌ده‌ست دێت و ڕێگای سه‌رکه‌وتنی ئیراده‌ی کورد مسۆگه‌رتر ده‌کات. له‌بــه‌ر ئه‌وه‌ی که‌ بێجگه‌ له‌ داگیرکه‌ران، سیســته‌می ئیمپریالیســتیش به‌ دژبه‌ری مافی کورد ده‌زانێت.

قاسملوو، ڕێگای گه‌یشــتنی کورد به‌ سه‌ربه‌خۆیی ده‌به‌ستێته‌وه‌ به‌ سه‌رکه‌وتنی سۆسیالیزم و هاتنه‌ سه‌رکاری هێزه‌ شۆڕشگێڕ و دێموکراته‌ دژه‌ ئیمپریالیستییه‌کان له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاســتدا و ته‌نیا ئه‌و هێزانه‌ به‌ دۆســت و هاوپه‌یمانی ڕاسته‌قینه‌ و به‌رده‌وامی کورد ده‌زانێت. قاسملوو له‌و بڕوایه‌دایه‌ که‌ چاره‌سه‌ریی پرسی سه‌ربه‌خۆییی سیاســیی کورد له‌ چوارچێوه‌ی ڕێژیمی ســه‌رمایه‌داریدا ئیمکانی نییه‌، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هێزه‌ شۆڕشگێڕه‌کان له‌و وڵاتانه‌ی که‌ کوردیان تێدا ده‌ژیت ده‌سه‌ڵات بگرنه‌ ده‌ست، کــورده‌کان ده‌توانن ده‌وڵه‌تی ســه‌ربه‌خۆی خۆیان دامه‌زرێنــن. به‌ڵام ئه‌مه‌ نه‌ک به‌ کتوپــڕ، به‌ڵکوو به‌ره‌به‌ره‌ دێته‌ دی. بۆیه‌ قاســملوو به‌ هێنانــی فاکت له‌ به‌یاننامه‌ی حیزبی کۆمۆنیســت که‌ له‌لایه‌ن مارکس و ئینگڵســه‌وه‌ نووسراوه‌، ده‌نووسێت: «ئه‌و کاته‌ی چه‌وســانه‌وه‌ی ئینســان به‌ده‌ســتی ئینســان کۆتایی هات، چه‌وسانه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌ک به‌ده‌ستی نه‌ته‌وه‌یه‌کی تریش دوایی دێت.»

قاسملوو وه‌دیهاتنی مافی چاره‌نووسی نه‌ته‌وه‌ی کورد ده‌به‌ستێته‌وه‌ به‌ پێشکه‌وتنی دێموکراســی و پێی وایه‌ که‌ له‌ سه‌ره‌تادا کورد ده‌توانێت خودموختاری وه‌ربگرێت و ئه‌گه‌رچی ئه‌وه‌ بۆ خۆی به‌ســتراوه‌ته‌وه‌ به‌ دانپێدانان به‌ کورد وه‌ک نه‌ته‌وه‌ و زمانی کوردی، بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ره‌تانی خودموختاری له‌ مه‌یدانی ئابووری، سیاســی، کولتووری

و ئیداریدا بۆ کورد بڕەخسێت.

قاســـملوو هەموو ســـناریۆکان بۆ گەیشـــتنی کورد بە دۆخی دیاریکردنی مافی چارەنووس شـــی دەکاتەوە و ئەو ئەگەرانە بـــاس دەکات کە چۆن هەر یەک لەوانە دەتوانـــن بۆ کورد و یەکگرتنەوەی هەموو بەشـــەکانی کوردســـتان لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاددا یارمەتیدەر بن. قاسملوو پێی وایە کە دیاریکردنی مافی چارەنـــووس بۆ کورد هەر ئـــەوە نییە کە کورد بە ڕواڵەت دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی هەبێت، بەڵکوو نێوەڕۆک بۆ کورد گرینگە و بابەت ئەوەیە کە کورد بەڕاســـتی مافی چارەنووســـی خۆی بەدەســـتەوە بێت و بۆ خۆی بە ئازادی بتوانێت ئەو مافە بەکار بێنێت.[١]

یانی بۆ قاســـملوو گرینگە کە کورد لە باری دەروونییەوە بەربەستی لە بەردەمدا نەبێت و هەســـت بە ئازادی بکات و ئەوەی کە خودموختاری لە هەموو شـــێوەکانی دیکەی مافی چارەنووس لاواترە کە لەو قۆناغەدا ســـەر بگرێت. هەروەها بۆ قاسملوو، بابەتی چۆنایەتیی ئەو ئازادییەی کە کورد بە دەســـتی دێنێت، گرینگە و ئەو بابەتە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ئازادیی ئەرێنییەوە هەیە. ئەو یەکەش بە ڕوونی دەردەخات کە قاسملوو لەو سەردەمەدا بڕوای بە ئازادیی ئەرێنی هەبووە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاســـیی نێونەتەوەییدا، ئەگەرچی لایەنە باشـــەکانی ئازادیی نەرێنیشی بەتایبەتی پرسی دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتییەکان لە بیر نەکردووە، بەڵام ئازادیی ئەرێنی بۆ قاســـملوو پلۆرالیستی بووە و ئەو پێی وابووە کە کورد بەو شێوە دەتوانێت ئازادیی خۆی وەدەســـت بێنێت و وەک کورد خۆی ســـوود بکات. قاســـملوو کە باسی ئەوە دەکات کە لە پێشـــەڕۆژدا ئەگەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شێوەی فیدراسیۆنێک لە کۆمارەکانـــی فیدراڵ ئیدارە بێت، کوردســـتانی یەکپارچە دەتوانێت یەکێک بێت لە کۆمارە فیدراتیڤەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.[٢] قاسملوو بەو شارەزاییەی کە لە زانستی

---

١. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣١٩-٣١٦

٢. بەهرامی کاوە. ئامادەکردن. ١٣٨٢. «قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات». ل. ٨٦
https//:n9.cl4/pnjz

مارکسیستیدا هەیبووە، ئەرکی ئەوان بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی بەباشی دەزانی و ئەرک دەخاتە سەر شانی ئەوان بۆ جێبەجێکردنی ئازادیی ئەرێنیی نەتەوەی کورد کە لەوێدا کورد بتوانێت لەســەر چارەنووسی خۆی بڕیاردەر بێت، خاوەنی ڕەسەنایەتیی خۆی بێت، هەســت بە ئازادی بکات و ئەو یەکە ناتەبا نەبێت لەگەڵ ئەو هەســتەی کە لە ناخیدایە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە قاســملوو لە ئەزموونی مێژووی نەتەوەی خۆی کەڵک وەردەگرێت و ڕۆڵی وڵاتانی ئیمپریالیســتی لە دابەشکردنی کوردستان و تێکشــکاندنی چەندین شۆڕشــی کورددا دەزانێت، ئاگاداری ئەو ڕاستییە بوو کە ئەوان چۆن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ماف و ئازادیی خەڵکانی دیکە پێشــێل دەکەن، لەگــەڵ داگیرکەرانی کوردســتاندا چ پێوەندییەکیان هەیە و چــۆن کۆمپانیاکانیان نەوتی کوردســتان تاڵان دەکەن، ئەوانی بە کۆسپ و بەربەستی سەر ڕێگای ئازادیی کوردســتان دادەنا. قاســملوو هەروەها دەرەبەگەکان و عەشیرەتگەریی بە کۆسپ و بەربەســتی سەر ڕێگای سەرکەوتنی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلی کوردی دادەنا. ئەو هەڵسەنگاندنەی قاسملوو هەڵسەنگاندنێکی بەهێزە لەو قۆناغەدا کە نیشان دەدات کورد بۆ گەیشــتن بە ئــازادی دەبێت لە جیهانێکی دووجەمســەریدا لە کوێ جێ بگرێت. ئەو هەڵســەنگاندنە لە هزری قاســملوو کە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و دژی ژێردەســتبوونی نەتەوەکان بوو، دەکرێ وەک ئێلێمێنتەکانی بەرزەخۆیــی ناوبراو بێتە ئەژمار. خاڵێکی گرینگ کە لێرەدا دەتوانین باســی بکەین، ئەوەیە کە قاســملوو مافی چارەنووس بۆ کورد بۆیە بــە گرینگ دەزانیت کە کورد بۆ خۆی سەردەســت بێــت وەک نەتەوەکانــی دیکە و لە ئاســتی ئەواندا بێت لە چوارچێوەی سیســتەمێکی سۆسیالیستیدا. ئەو بۆچوونەی قاسملوو بۆ ئازادی زۆرتر لــە ڕوانگەی ئازادیی نەرێنییەوەیە هەتا ئازادیــی ئەرێنی. ئەو هەروەها ئیمپریالیزم بە ســەرەکیترین کۆسپ و بەربەستی ســەر ڕێگای ئازادیی کورد دەهێنێتە ئەژمار و دەرەبەگەکانی کوردســتانیش بە بنکەی ئیمپریالیســتی لە کوردستاندا لە قەڵەم دەدات، کە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد بە دژی ئەوان وەک کۆنەپەرەســتترین

دەستەی کۆمەڵی کوردەواری وەستاوەتەوە. لە نووسینەکانی قاسملوودا دەردەکەوێت، کە ئەو نیگەرانی ئەوەش بووە کە سۆسیالیستەکانی نەتەوە فەرمانڕەواکان بە هۆی بیری شۆوینیستییەوە پشتیوانیی لە حکوومەتە داگیرکەرەکان بە دژی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بکەن. لە دواییدا دەرکەوت کە ئەو ترسەی قاسملوو زۆریش بێهۆ نەبووە. لەبەر ئەوەی کە لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، دەرکەوت کە زۆربەی ئەو هێزە چەپانە بە هۆی دژایەتیی خومەینی لەگەڵ ئامریکا بە لارێدا چوون و پێیان وابوو، کە ڕێژیمی خومەینی سروشتێکی دژی ئیمپریالیستیی هەیە و بۆیە بە پشتیوانیکردن لەو ڕێژیمە کەوتنە دژایەتیی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد. ئەوەش دەریخست کە خوێندنەوەی قاسملوو بۆ ئەو حیزب و لایەنانە خوێندنەوەیەکی ئابژێکتیڤ و لە ڕووی زانیارییەوە بووە.

## ژێدەرەکان


بازیار سمایل، ۲۰۲۰. «کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان / حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە (۱۹۴۵-۱۹۹۱)».

ڕەستگار حەسەن. ۲۰۲۱. «برگەیەک لە ژیان و خەباتم، بەرگی یەکەم، بەشی دووهەم».

قاسملوو عبدلرحمان، وەرگێڕانی حسن‌زادە عبدالله. ۲۰۰۷. «کوردستان و کورد».

بەهرامی کاوە. ئامادەکردن. ۱۳۸۲. «قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات». ل. ۸۶
https://n9.cl/4pnjz

زەنگین موستەفا، ۲۰۱۹، « دوکتور قاسملوو ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد»، و. سیپان ڕۆژهەڵاتی، گوڤاری تیشک ۵۳، ۲۹۱-۲۷۴

ئەردەڵان سارۆ، ۲۰۲۰، «دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی، بەرەو خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، گوڤاری تیشک ژمارە ۵۵، ۱۴۳-۱۲۴

فانی عنایت، ۲۰۱۴. مصاحبە با قاسملوو در سال ۱۹۸۹، کە یک ماه قبل از ترورش ضبط شدە بود و در سال ۲۰۱۴، مصادف با بیست‌وپنجمین سالگرد ترورش از بی‌بی‌سی فارسی پخش شد. ۰۸:۵۰-۰۸:۴۰
https://n9.cl/r44na

ئاخافتن لە گەڵ سمایل بازیار ۲۰۲۱ لە و ئاخافتن لە گەڵ سارۆ ئەردەڵان لە مانگی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۱ و کانوونی دووهەمی ۲۰۲۲.

# ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە وەک چەپێکی دێموکرات و پۆست ـ مودێڕنیست

گرینگترین هزر و ئایدیایەک کە قاسملوو لە پێناوی و بۆ پراکتیزەکردنی لە کۆمەڵگادا تێدەکۆشا، «بەرزترین ڕادەی مومکینی ئازادی»ـیە. ئەو ئازادییە ئۆپتیمۆمەی جێگای مەبەستی قاسملوو، گرینگترین بەشەکانی هەردوو شێوەی ئازادیی ئەرێنی و نەرێنی لــە خۆی دەگرێتەوە، کە لە سیســـتەمێکی دێموکراتیـــک و دادپەروەر و کۆماری‌دا ئیمکانی ڕێالیزەبوونی هەیە.

یەکێک لە کاراکتەرە بەهێزەکانی قاسملوو ئازادیخوازیی قاسملوویە، کە لەلایەن زۆر کەس و لایەنەوە پێداگریی لەســـەر دەکرێت و وەک پێناسەیەکی بەهێز بۆ ئەو بەکار دەبەن. قاســـملوو دەڵێت: هەر لە هەرەتی لاوەتییەوە بۆ نەهێشـــتنەوەی هەر چەشـــنە ستەمێک خەباتی کردووە.[1] لە ژیانی سیاسیی قاسملوودا پرسی نەتەوەیی، پرســـی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لابردنی هەرچەشـــنە زۆردارییەک سێ پرسی

---

۱. بهرامی کاوه. گردآورنده. ۱۳۸۸. «کردستان رنج و ایستادگی- بخشی از مقالات و مصاحبه‌های دکتر عبدالرحمن قاسملو» (تاڤگەی هەقیقەت بەرگی چوارەم). ل. ۳۲۵

ســـەنتراڵن، کە قاسملوو لە ڕێگای هێنانە سەر کاری سیستەمێکی دێموکراتیکدا بۆ چارەســـەری و لابردنیان تێکۆشاوە. بە بۆچوونی قاسملوو خەبات بۆ ئازادی بە واتای لەنێوبردنی ســـتەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ســـتەمی سیاسییە. قاسملوو لەبەر ئەوەی کە ســـتەمی چینایەتی بە بەشـــێک لە زۆرداریی دەزانی، لابردنی ئەو ستەمەش بە بەشێک لە ئازادیی دادەنا.[1]

قاســـملوو لەو سەردەمەدا کە وەک ئانترۆپۆلۆژیســـتێکی مارکسیستی خەباتی سیاسیی هەبووە، پێی وابوو کە بە دامەزرانی سیستەمی سۆسیالیستی لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، دەرەتانی ئەوە پێک دێت کە کوردیش بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگات و لە درێژماوەدا دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کوردستانێکی یەکگرتوو بنیات بنێن. چونکە لە ڕووی تیئۆرییەوە سۆسیالیســـتەکان بێجگە لە چارەسەریی پرسی چینایەتی، خۆیان بە لایەنگری مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دەزانی. لە بەر دوو هۆ قاســـملوو ئاڵوگۆڕ بەســـەر ئەو هزرەیدا هات، کە «بازیار» ئەوە بە «ماڵاوایی [قاسملوو] لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم»[2] ناو دەبات.[3] یەکێک لە هۆکارەکان داگیرکرانی چێکوســـلڤاکیا و هێندێک وڵاتی دیکەی سۆسیالیســـتی لەلایەن ئەرتەشی سووری سووڤیەت بوو و قاسملوو ئەوەی بە هەڵە دەزانی کە وڵاتێکی سۆسیالیستی لەلایەن وڵاتێکی دیکەی سۆسیالیســـتی و دۆســـتەوە داگیر بکرێت و بـــەزۆر هەوڵ بدرێت تەنیـــا یەک مۆدێل لە سۆســـیالیزم بە چاولێکەری لە یەکیەتیی ســـووڤیەت پیادە بکرێت، بەبێ ئـــەوەی کە تایبەتمەندییەکانی هەر یەک لە وڵاتان بە جیا لەبەر چاو گیرابێت. وەها داگیرکارییەک لەگەڵ بڕوای قاســـملوو بە دێموکراســـیی ڕاستەقینە

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل.٦٦-٦٤

٢. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٧٩

٣. نابێ ماڵاوایی لە گەڵ مێتافیزیکی مارکسیسم هاوواتای ماڵئاوایی لە مارکسیسم دابنرێ. قاسملوو لەو بڕوایەدابوو کە ئەگەر چی زانست لە سەر بناغەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگا دادەنرێ، بەڵام ئەو ڕاستییانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک دەگۆردرێن و بۆیە زانستیش شتێکی دینامیکە کە دەبێ خۆی لە گەڵ ڕاستییەکانی سەردەم ڕێک بخات. لە بەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە کە قاسملوو بە مارکسیستێکی پۆست مودێرنیست دادەنرێ. هزری مێتافیزیکی نەگۆڕن بەڵام مارکسیستێکی پۆست مودێریست ڕاستی بە موتڵەق دانانێ.

ناتەبا بوو.[١] دووهەم هۆ، تێڕوانینی ناسیۆنالیستیی زۆربەی ڕێبەرانی فارسی حیزبی توودە[٢] بەرامبەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بە «فیرقە»کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.[٣] ئەو دوو هۆیە بێجگە لەو کاریگەرییە هزرییە نەتەوایەتییەن کە بە هۆی شۆڕشی سمکۆ و ئاتمۆسفەری سیاسیی سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە سەر قاسملوو بەجێ مابوون.

بە چاولێکردن لە پەرتووکی کوردستان و کورد و ژیانی سیاسیی قاسملوو دەردەکەوێت، کە ئازادیی ئەرینیش بۆ ئەو ناتوانێت لەگەڵ دێموکراسی ناتەبا بێت و قاسملوو بڕوای بەوە هەبوو کە ئەو ئازادییەش دەتوانێت فرەڕەهەند و پلۆرالیستی بێت، کە نەتەوە جۆراوجۆرکان، زمان و کولتووری جیاواز و بیر و هزری جیاواز بتوانن بە هارموونی لەگەڵ یەک لە چوارچێوەی یەک سیستەمدا پێکەوە بژین، بەبێ ئەوەی کە ئازادیی هیچ کامەیان لێی زەوت بکرێت. بەڵام کاتێک کە قاسملوو دەبینێت لە پراکتیکدا دێموکراسی لەلایەن ئەو کەسانەوە پێڕەو ناکرێت، کە پڕوپاگاندە بۆ هزری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم دەکەن، بۆچوونی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و ئەو ڕاستییە بۆی دەردەکەوێت، کە «پرسی نەتەوایەتی لە کاناڵی خەباتی چینایەتییەوە تێ ناپەڕێت و ناکۆکیی نێوان کار و سەرمایە بە ناکۆکیی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان دانانرێت».[٤] بە بڕوای قاسملوو حیزبێکی واقعبین دەبێت تێ بگا کامە ستەم لە کامە قۆناغدا گرینگە، کە بۆ لەنێوبردنی خەبات بکرێت. بۆ قاسملوو خەبات بە دژی ستەمی نەتەوایەتی کە پێوەندیی بە هەموو چین و توێژەکانی کوردستانەوە هەیە، بەرەتی هەیە لە بەرامبەر ستەمی چینایەتیدا. بەڵام بۆ ئەو، خەبات بۆ دێموکراسی کە لە ڕاستیدا خەبات بۆ ئازادیی سیاسیی تاکەکەسی و

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٤
٢. هەروەک کە پێشتریش باس کرا، قاسملوو ترسی لەوە هەبوو کە مارکسیستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا تووشی ئەو هەڵەیە ببن و لە بەرامبەر پرسی مافی چارەنووسی گەلی کورددا، پشتیوانی لە شۆوینیسمی نەتەوەی فەرمانڕەوا بکەن کە ئەو گومانەی قاسملوو نیشانەی تێگەیشتنی قاسملوو لە بارودۆخی ئەو سەردەمە و ناسینی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نیزیکەوە ناسیون و لێکدانەوەیەکی بە تەواوی ئابژێکتیف بووە.
٣. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٨٠
٤. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٧٩

گشتییە، لە هەموویان گرینگترە کە دەبێت بەردەوام و بێپسانەوە خەباتی بۆ بکرێت.[١]

لەو بەشەدا هەوڵ دەدرێت بیر و هزری قاسملوو لەمەڕ ئازادی وەک دێموکراتێکی چەپ و پۆست ـ مودێڕنیست ئانالیزە و شرۆڤە بکرێت. ئەو قۆناغە لە ١٩٧١ـــەوە تا ١٩٨٩ لە خۆی دەگرێتەوە و بە خۆشـــییەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم قۆناغە، بەڵگە و دووکوومێنتی زۆر لە بەردەســـتدا هەن کە قاســـملوو بە نووسین، ئاخافتن و یان هەڤپەیڤین لەگەڵ میدیا جۆراوجۆرەکان لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون.

## مافی چارەنووس وەک بەشێک لە ئازادی

قاســـملوو خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووس بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە بەشەکانی هەرە گرینگی خەبات بۆ مافی مرۆڤەکان لە سەردەمی ئێستادا دێنێتە ئەژمـــار.[٢] هەروەک کە لە بەشـــی تیئۆریدا باس کرا، بـــە بۆچوونی «پێتیت» ئازادیی خەڵک یان تاکەکان لەســـەر بنەمای پێشـــپێنەگرتن، دەســـتێوەرنەدان و نەبوونی سەردەستییە. بۆ قاسملووش بەدەستەوەهێنانی مافی چارەنووس بە واتای ئەوەیە کە نەتەوە فەرمانڕەواکان و حکوومەتە داگیرکەرەکانیان نەتوانن پێش بە جێبەجێکردنی ئیـــرادەی گەلـــی کورد بگرن، دەســـتێوەردان لـــە کاروبار و ژیانی ئـــەو نەتەوەیەدا بکەن و بە ســـەریاندا سەردەست بن. قاســـملوو وەک دێموکراتێکی چەپ و پۆست -مودێڕنیســـت کە باس لە مافی چارەنووســـی کورد وەک گرینگترین بەشی ئازادی دەکات، ســـێ ئاڵترناتیڤ بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەیی لە یەکتر جیا دەکاتەوە، کە بریتین لە سەربەخۆیی، فیدراڵیزم و خودموختاری. لەو دەستەبەندییەدا، سەربەخۆیی بەرزتریـــن و خودموختـــاری بچووکترین ڕادەی لواوە بۆ کورد کە وەک نەتەوە مافی چارەنووســـی خۆی بەدەســـتەوە بگرێت و بەو هۆیەوە هەست بە ئازادی بکات و لە باری دەروونیشەوە هەست بە ئارامی بکات کە چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەتی.

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦٤-٦٦ & بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٢٨

٢. بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ١٣٨٦. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « ( بەرگی سێهەم). ل.٢٣٧

هەر یەک لەو فۆرمانەی مافی چارەنووس، سـنووری دەستێوەردانی خەڵکانی دیکە (حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و نەتەوەی فەرمانڕەوا) لە هەرێمی تایبەتی و چارەنووسی نەتەوەی کورددا دیاری دەکا.

لەبـەر ئەوەی کە تـا ئەو کاتەی کە کورد بندەسـت و خەڵکی دیکە لەسـەر چارەنووسـیدا زاڵە، لەلایـەن حکوومەتە داگیرکەرەکانەوە لـە هەموو گۆڕەپانەکانی چالاکیی سیاسـی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەسـتێوەردان لە ژیانی خەڵکی کورددا دەکرێت و هیچ سـنوورێک بۆ ئەم دەسـتێوەردانانە نییە. نەتەوەی کورد لە پێناوی دەستبەرکردنی ئازادی داوای ئەستاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکات و بوونی هێزی داگیرکەر لەسـەر خاکی کوردسـتان بە لەمپەری هەرە گەورە لەسەر ڕێگای ئازادیی خۆی دەزانێت. لەبەر ئەوەی کە پاشـکەوتوویی کوردسـتان و بێبەریبوونی کورد لە ژیانێکی بەختیار، سـەردەمیانە و مرۆڤانە، ئاکامی سیاسـەتی داگیرکەرانی کوردستانە. داگیرکەرانی کوردستان لە بەر ئەوەی کە سەردەستن لە بەراورد لەگەڵ کـورددا هێزی ئەوەیان هەیە، کە سیاسـەتی داگیرکارانەی خۆیان بەسـەر کورددا جێبەجێ بکەن. بەس هەروەک «برلین» دەڵێت: «بە شـێوەی سروشتی، بەو ڕادەیە ئـازادم کە هیچ تـاک یان کۆیەک لە مرۆڤەکان لە چالاکییەکانمدا دەسـتێوەردان ناکەن و ئازادیی سیاسـی لەسەر بنەمای ئەو پێناسـەیە، فەزایەکە کە تاک لەوێدا بەبێ پێشـپێگرتن لەلایەن خەڵکی دیکەوە، دەتوانێـت چالاکی بکات» و «لاڤیک» ئەوە بە لەمپەری دەرەکی پێناسـە دەکات و دەڵێت: «هەموو مرۆڤەکان مافی خۆیانە هەرێمێکیان هەبێت، کە لەوێدا بتوانن بەبێ دەسـتێوەردانی دەسەڵاتدارانی سیاسی و کۆمەڵگا بەگشـتی، چالاکی بکەن» و «پێتیت» چارەسـەریی ئـەو ئاڵەنگارییە بۆ سـڕینەوەی سەردەسـتیی ئەوانی دیکە دەگەڕێنێتەوە. کەواتە، قاسملوو کە خەبات بـۆ مافی نەتەوەیی بە چالاکییەکی گرینگ بۆ پاراسـتنی مافی مرۆڤ و جەوهەری مرۆڤیی تاکی کورد دەزانێت، ڕێگای دروسـتی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئازادی نیشان دەدات.

قاســـملوو دەڵێت: مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ســـێ شێوەی سەربەخۆیی، فیدراڵیزم یان خودموختاری دەتوانێت جێبەجێ بکرێت، کە ســـەربەخۆیی شێوەی هـــەرە بەناوبانگەکەیەتـــی و ئەو نەتەوەیـــەی کە ســـەربەخۆیی وەردەگرێت، مافی دیاریکردنی چارەنووســـی خۆی بەتەواوی بەدەستەوە دەگرێت.[1] ئەوە بەو واتایەیە کە ئەو نەتەوانەی کە ســـەربەخۆییان وەر نەگرتبێت، مافی دیاریکردنی چارەنووســـیان بەتەواوی وەر نەگرتووە و لەو نێوەدا خودموختاری وەک بچووکترین فەزای مومکینە کە نابێت تووشی دەســـتێوەردان بێت و ئەگەر نەتەوەیەک خاوەنی خودموختاریش نەبێت و یان خودموختارییەکەشیان تووشـــی دەستێوەردان بێت، یانی کەرامەت و کەســـایەتییەکەی بۆ ئاستی کویلەیی دابەزێندراوە و لە ئازادی بێبەشە. هەروەک کە «لاڤیک» لەسەر بنەمای تێگەیشـــتنی «برلین» لە ئازادی دەڵێت: «هەموو مرۆڤەکان مافـــی خۆیانە کە هەرێمێکیـــان هەبێت کە لەوێـــدا بتوانن بەبێ دەســـتێوەردانی دەســـەڵاتدارانی سیاسی و کۆمەڵگا بەگشتی، چالاکی بکەن. ئەگەر لەلایەن کەسانی دیکەوە پێشـــم پێ بگیرێت بۆ ئەنجامدانی کارێک کە ئەگەر نە، ئەنجامم دەدا، بەو ڕادەیـــە نائازادم؛ و ئەگەر ئەو فەزایە لەلایەن خەڵکـــی دیکەوە زیاتر لە بچووکترین ڕادەی پێویســـت تووشی دەســـتێوەردان بێت، ئەوکات دەبێت پێم بڵێن ناچارکراو و یان کۆیلە»، یان ئەو بۆچوونانەی قاسملوو بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەرێنی لە ئازادی بمانەوێت شی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەگەر پێویست بێت کۆنترۆڵی گشتیی لەسەر ژیانی تاکێکی کوردستانیدا هەبێت، ئەو کۆنترۆڵە دەبێت لە ئیرادەی گشتیی خەلکی کوردســـتانەوە سەرچاوە بگرێ و حکوومەتە داگیرکەرەکانیش دەبێت ڕێز لە بچووکترین هەرێمی تایبەتیی کوردســـتانیان بگرن، کە لەسەر بنەمای یاسانامە یان ئاییننامەی خودموختاری دیاری کراوە.

قاسملوو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلان بە مافێکی بێئەملاوئەولای هەموو نەتـــەوەکان دادەنێت و بە هێنانی فاکت لە لێنیـــن کە لایەنگری مافی دیاریکردنی

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٩

چارەنووســـی گەلان و لایەنگری یەکســـانیی گەلانی بچووک و گەورە بوو، ئەو مافە بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی ســـەربەخۆی نەتەوەیی بەبێ مانـــا دەزانێت و جیاوازی دادەنێت لە نێوان سەربەخۆیی لە بواری ئازادیی فەرهەنگی و مافی چارەنووسدا.

لەســـەر ئەو بناغەیە، قاســـملوو پێی وایە کە تەنیا خوێندن بە زمانی زگماکی و ئازادیـــی پراکتیزەکردنی کولتووری نەتەوەیی بەس نییە، بۆ ئەوەی کە هەســـت بە ئازادی بکەین. ئازادیی نەتەوەیی پێوەندیی بە سەروەری و حاکمیەتی نەتەوەییەوە هەیە.[1] لێرەدا قاسملوو لە ڕێگای نرخاندنێکی بەهێزەوە، بەرزەخۆییی نەتەوەیی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس دەخاتە بەرچاو. بەس مافی چارەنووس بایەخێکە کە ناســـنامەی نەتەوەییـــی کورد بەهێز دەکات و هەروەک کە لە بەشـــی تیئۆریدا ئاماژەی پێ کرا، نرخاندنی بەهێز هەڵبژاردنی ئەو نرخ و بایەخانە لە خۆی دەگرێتەوە کە ئێمە پێمان خۆشـــە وەک کاراکتەر بۆ ناســـاندنی خۆمان نیشـــانیان بدەین. بە واتایەکی دیکە، ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەو جۆرە هەڵبژاردنانەدا نیشـــان بدەین، کە ئێمە کێین. قاســـملوو مافی ســـەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو لەم دونیایـــەدا بە ڕەوا دەزانێت و پێی وایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد و یەکگرتنەوەی هەموو کوردســـتان لە چوارچێوەی یەک وڵاتی ســـەربەخۆدا نـــەک جیابوونەوە نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە یەگرتنەوەیە. جیابوونەوە لە نەتەوەکانی دیکە و یەکگرتنەوەی گەلی کـــورد، حەقی یەکگرتنەوەیە کە لە حەقی جیابوونەوە زیاترە. لە ڕوانگەی قاســـملووەوە دابەشـــبوونی کوردستان دابەشبوونێکی دەسکرد و ناسروشتییە کە وەک دابەشکردنی بنەماڵەیەک وایە کە بەپێچەوانەی ئیرادەی کورد کراوە و ئەو ژیانەی کورد ئێستا هەیەتی، بە دڵخوازی خۆی هەڵینەبژرادووە.[2] کەواتە لەسەر بنەمای تیئۆرییەکانی ئازادی، بێبەشبوونی کورد لە هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بەربەســـتە لەسەر ڕێگای ئازادیی شـــێوازی ژیان، ئازادیی سیاسی و هەموو چەشنە

---

۱. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۲۵۰-۲۴۹

۲. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۲۹۰

ئازادییەکی دیکە کە دەرەتانی خۆڕئالیزەکردنی لە کورد گرتووە و کورد ناچار کراوە کە دەســـت لە کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبگرێت و خۆی لەگەڵ ئەو نرخ و بەها چرووکانە بگونجێنێت، کە نەتەوە داگیرکەرەکان بەســـەر کورددا سەپاندوویانە و دەیســـەپێنن. گوشـــار و تەوژمی ســـەر ژیانی نەتەوەی کورد، هەر دوو شـــێوازی دیکتاتۆریەتی زۆرینە لە خۆی دەگرێتەوە: دیکتاتۆریەتی حکوومەتە داگیرکەرەکان و دیکتاتۆریەتی زۆرینە کە لەلایەن نەتەوەی فەرمانڕەوا لەو وڵاتانەی کە کوردستان لە نێوانیاندا دابەش کراوە، بەرەوڕووی کورد دەکرێت و بەهۆی ئەوەی کە کورد لەگەڵ ئەوان جیاوازی هەیە، تووشی ئازار و تەنگوچەڵەمە دەبن. کەوابوو، گەیشتنی نەتەوەی کورد بە ســـەربەخۆیی بە واتای ڕزگاربوونی نەتەوەیەکە لـــە ئازار و ئەزییەتی چوار حکوومەتی دیکتاتۆر و سێ نەتەوەی زۆرلێکەر کە بە شێوەی دیکتاتۆرییەتی زۆرینە، کورد دەچەوسێننەوە. بۆیە قاسملوو گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی بە مافێکی ڕەوا و بێئەملاوئەولای کـــورد دەزانێت. ئازادیی هەموو نەتەوەکان و هەڵبژاردنی شـــێوە ژیانی تایبەت بە خۆیان لەلایەن هەر نەتەوەیەکە، دەبێتە هۆی هاتنە کایەی شـــێوە ژیانی پلۆرالیســـتی و فرەڕەنگی و هەڵکشـــانی کۆی گشـــتیی بەختیاری، تۆلێرانس و دروســـتبوونی دەرەتانـــی نوێ بۆ خۆنواندن و ئیفادەکردن و هەڵکشـــانی ئاســـتی بەختیاری لە هەموو جیهاندا کە ئەو یەکە بۆ کوردیش ڕاستە و لەگەڵ هزر و بیری قاسملووش یەک دەگرێتەوە.

نەتەوەیەک کە سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت، دەبێتە حاکم لەسەر چارەنووسی خـــۆی، بـــۆ خۆی بڕیـــار دەدات کە چی بـــکات و چی نەکات و چـــی بێت و چی نەبێت. یانی نەتەوەیەک کە لە تێڕوانینی پۆزیتیڤ لە ئازادی، لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی خۆییەوە بە ئازادی گەیشـــتبێت و لە ئیرادەی گشـــتیی خۆی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باش پێڕەوی بکات، لە ڕوانگەی ئازادیی نەرێنیشەوە زۆر یەک لە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئازادیی نەرێنیی خۆی (هێزە داگیرکەرەکان، کۆسپ و بەربەستە نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیییەکان) لا بردووە و یان ئیمکانی

لابردنی بۆی ئاســـانتر بووە. بەهۆی ئەوەی کە سەردەســـتیی ئەوانی دیکەی لەسەر خۆی لا بردووە.

پرســـیارێک لێرەدا دێتە پێش کە باشـــە ئەگەر قاسملوو بڕوای بە سەربەخۆییی کوردستان وەک یەک وڵات هەبوو و ئەوەی بە ئازادیی ڕاستەقینە دەزانی، بۆ داوای خودموختاریی دەکرد؟ لە بەشـــی تیئۆریدا ئاماژەمان کرد کە بە بڕوای «برلین» هیچ ئازادییـــەک لە ڕێگای خۆگونجاندنەوە بوونی نییە و بەرەتیدان بە بژاردەکان بە هۆی کۆسپ و بەربەســـتەکانەوە ئازادیت پێ نابەخشێت. بەڵکوو ناوبراو ئیدعا دەکات، کە هەر بژاردەیەک لە هەڵبژاردندا دەبێت لە دەستێوەردان بە دوور بێت. ئیدعایەک کە لەلایەن «ئامارتی سنـ»ـــەوە پێداگری لەسەر کراوە کە ئیدەئاڵی ئازادی جیاوازە لە بەرەتیدان بە ویســـتە نەگونجاوەکان و ئیدەئاڵی بەرەتیدان بە ویستەکان، پێویستیی بە دووربوون لە دەســـتێوەردان و کۆســـپ و بەربەست خستنەســـەر ڕێگای ویستە ڕاستەقینەکانەوە هەیە و گرێدراوی دووری لە دەستێوەردانی نابەجێیە.

قاســـملوو لە لێکدانەوەکانیدا دەیخاتە ڕوو، کە «باســـکردن لە ماف شـــتێکە و گەیشـــتن بەو شـــتێکی دیکەیە»[1] و باس لەوە دەکات، کە کورد وەک یەکینەیەکی نەتەوەیـــی وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە، ئەگەر لە ئاســـتی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا کۆسپ و بەربەستەکانی ســـەر ڕێگای ئازادیی نەرێنیی خۆی هەڵنەگرێت بۆ ئەوەی کە ســـەربەخۆیی وەک بژاردەیەکی کراوە لە بەردەســـتیدا بێت، ناتوانێت ئەو بژاردەیە (واتە ســـەربەخۆیی) کە کراوە نییـــە، هەڵبژێرێت. بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کـــە ئامانجی بەدەســـتەوەگرتنی حاکمیەتی خۆمان فـــڕێ بدەین و یان وەلا بنێین و بەو چەشـــنە ژیان بکەین، کە دوژمنانمان دەیانەوێت و لە نەبوونی ئامانجی ڕزگاریخوازیـــدا خۆمان ئازاد هەســـت پێ بکەین و لە هێڵی ئـــەو بۆچوونە چەوتەدا هەنـــگاو بنێین، کە دوژمنان هەوڵ دەدەن کـــوردی پێ ناهۆمید بکەن و دەڵێن کە

---

١. بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ١٣٨٤. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « (بەرگی دووهەم). ل. ٣٦ (سلێمانی)

گوایە «کورد نابێتە هیچ». بەڵکوو قاسملوو تاکتیکی چوونەپێشی پلە بە پلە گرتبووە بـــەر، بۆ ئەوەی کە ڕۆژێـــک نەتەوەی کوردیش وەک هەمـــوو نەتەوەکانی دیکە بە ئازادی و حاکمیەتی نەتەوەییی خۆی لە قەوارەی سەربەخۆیی یان یەکگرتنی هەموو کوردســـتان لە چوارچیوەی فیدراسیۆنێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگات. یانی ئەو لە هەموو هەلومەرجێکدا خوازیاری لابردنی سەردەستیی نەتەوە فەرمانڕەواکان بوو، تاکوو کوردیش وەک نەتەوە لە ئاســـتی ئەواندا باڵادەســـت بێت بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووســـی خۆیدا. قاسملوو لێرەدا بە شێوەی ڕیالیستانە و لە چوارچێوەی هەردوو تێڕوانینی ئازادیی نەرێنی و ئەرێنیدا بە دوای ڕێگاچارە دەگەڕێت و بە تێگەیشتن لە ڕەوشـــی کورد لە سێ ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بەو ئاکامە دەگات، کە لەبەر خراپیی وەزعی ئابووری، ســـەنعەتی، ستراتێژیکی و ژئۆپۆلیتیکی دەرەتانی گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی لاوازە. بە هۆی ئەوەی کە کورد لە باری نێوخۆیییەوە ئەو هێزەی نییە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا داوای ســـەربەخۆیی کوردستان یانی بەرەوروربـــوون لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، ئێران و تورکیـــا و لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ) کە هاوپەیمانی تورکیان و لە ئاســـتی نێونەتەوەییدا واتە گۆڕینی ســـنووری دانپێداندراوی فەرمیی چوار وڵات لە پاش شـــەڕی یەکەمی جیهانی، لە کاتێکدا کە کورد لە ئاســـتی نێونەتەوەییدا هیچ پشـــتیوانێکی ئەوتۆی نییە. کەواتە، زۆر زەحمەتە کورد بتوانێت لەو ســـەردەمەدا ســـەربەخۆیی بەدەست بێنێت و یان دوای بەدەســـتهێنانی بپارێزێـــت. هەروەها داوای ئەوتۆ ئەوەندە نرخی قـــورس دەبێت کـــە کورد لە توانایدا نییە ئەو نرخە قورســـە بـــدات و بە ئاکامیش نەگات. ئەو هۆکارانە بۆ داوای سەربەخۆیی بە تەنیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر ڕاســـتن. بۆیە ئەو تەنیا دەرگایەک کە دەتوانیت بەرەو مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتـــەوەی کورددا دەرەتانی کرانەوەی هەبێت، لـــە خودموختاریدا دەبینی. بە بڕوای قاســـملوو لە ڕۆژهەڵاتیشـــدا لەبەر ئەوەی کە داوای فیدراڵیزمیش بەستراوەتەوە بە هەموو نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێرانەوە، کورد ناتوانێت نوێنەرایەتیی هەموو ئەو

نەتەوانە بکات و لە جیاتی ئەوان بڕیار بدات، ئەگەرچی کورد فیدراڵیزمیشی پێ باشە. یانی داواکردنی مافی نەتەوەیی لەلایەن گەلانی دیکەی بندەستی ئێراندا یارمەتیدرە بۆ گەیشـــتنی کـــورد بەو مافە و بەپێچەوانەشـــەوە، داوانەکردنی دەبێتە کۆســـپ و بەربەســـت و خۆی لە خۆیدا ئیمکانی بەدەســـتهێنانی مافی چارەنووســـی نەتەوەی کوردیش ســـنووردار دەکات. هەروەک «پێتیت» دەڵێت: لـــە هێندێک هەلومەرجدا ئەگەر نەتوانرێت دەستپێڕاگەیشتن بۆ دوو بژاردە لە یەک کاتدا بە نرخێکی مەعقووڵ بپارێزرێـــت و ئازادیـــی هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو بژاردەیەدا دەســـتەبەر نەکرێت و پێداویســـتی بۆ ئەو بژاردەیـــە تەرخان بکرێت کە پێدەچێـــت هەڵیبژێریت، ئەوە بەرەتیـــدان بە بـــژاردەکان نییە. یانی ئەگەر کورد ئەو هێـــزەی نەبێت کە لە نێوان سەربەخۆیی و خودموختاریدا، دەستپێڕاگەیشتن بە سەربەخۆیی بە نرخێکی گونجاو بپارێزێـــت، لە وەها حاڵەتێکـــدا داوای خودموختاری یان هەر داوایەکی دیکە کە لە ســـەربەخۆیی کەمتر بێت، بە واتای بەرەتیدان بەوان لە بەرامبەر سەربەخۆییدا نییە. بەڵکوو لابردنی هێندێک لە کۆســـپەکان و دیســـان خەبات بۆ لابردنی کۆسپەکانی دیکەیە. ئەوە لەلایەن قاسملووەوە بە سیاست وەک «هونەری مومکین» ناودێر کراوە.[١] «سیاســـەت وەک هونەری مومکین» کە شێوازی پراگماتیستی لە سیاسەت پێناسە دەکا، پێناسەیەکە کە لە لایەن «بیسمارک»ەوە داهێنراوە.[٢]

لە پیوەندی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس، قاســـملوو خەباتی حیزبەکەی وەک حیزبێکی شۆڕشـــگێڕی واقعبین، تێکۆشـــان بۆ لابردنـــی زۆرداریی نەتەوەیی دەزانێـــت کە گەلەکەی بە لابردنی ئەو زۆرردارییە و بە وەرگرتنی مافی دیارکردنی چارەنـــووس، هەســـت بەوە بکات کە خاوەنی چارەنووســـی خۆیەتـــی.[٣] لە ڕوانگەی قاســـملووەوە فۆرمی دیاریکردنی چارەنووس گرینگ نییە، بەڵکوو گرینگ نێوەڕۆکە.

---

١. قاسملوو. ١٣٦٨. «وتاری قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال لە سەر وتووێژ».
https://n9.cl/34lgx لە خۆڵەکی ١٠:٠١-٠٠:٠١ (١٠ی شوباتی ٢٠٢٢).

2. Solberg Susseg, Monica Irén. 2020. «det muliges kunst». Trønder avisa.Publsert: 14.06.20 20:35 https://n9.cl/e9sgz

٣. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٢٣

ئەگەر کورد بە مافی چارەنووسی خۆی گەیشت و ستەمی نەتەوایەتی لەسەری نەما و بەو ڕاســـتییە گەیشـــت کە ئەوە بۆ خۆیەتی کە لە چارەنووسی خۆیدا سەرپشکە، گرینـــگ نییە کە ئایا گەلی کورد بە خودموختاری گەیشـــتووە یان ســـەربەخۆیی.[١] لێرەدا مەبەســـت لابردنی لەمپەرە دەرەکییەکان لەســـەر ڕێگای مافی دیاریکردنی چارەنـــووس، بـــۆ ئەوەیە هەر نەتەوەیەکی چەوســـاوە لە باری دەروونیشـــەوە خۆی ئازاد هەســـت پێ بکات. یانی لابردنی لەمپەرەکانـــی بەردەم مافی چارەنووس وەک ئازادیـــی نەرێنی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەمپەرە دەروونییەکانیشـــی لا بچن و بە گوێرەی پێناســـەی ئازادیی ئەرێنیش ئەو نەتەوە چەوســـاوەیە بـــە ئازادی بگات لە ڕێـــگای رئالیزەکردنی ئیرادەی نەتەوەیی و لە ژێر ســـێبەری حاکمییەتی نەتەوەیی خۆیدا. بە واتایەکـــی دیکە، وەرگرتنی مافی دیاریکردنـــی چارەنووس لەلایەن هەر نەتەوەیەکەوە ســـەرەتای گەیشتن بە ئازادی لە تەواویەتی خۆیدایە. لەبەر ئەوەی کە لەلایەک سەردەستیی نەتەوەی فەرمانڕەوا و حکوومەتە داگیرکەرەکان لەسەر خۆی لا دەبات و لەلایەکی دیکەش دەبێتە هۆی گۆڕینی شێواز یان پانتایی دەسەڵاتداریی حکوومەتە داگیرکەرەکان و ئـــەوە هەم دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئازادیی تاکەکەســـی و هەم ئازادیی گشتیی نەتەوەی چەوســـاوە. ئازادی بە واتای «لابردنی زۆرداریی نەتەوەیی» کە قاسملوو باسی لێ دەکات لەلایەک شێوازێکی نۆرماتیڤە لە ئازادی کە هەم کۆســـپە دەروونییەکان لەسەر ڕێگای ئازادیی نەتەوەیی لا دەبات و هەم کۆســـپە دەرەکییەکان کە لەلایەن زۆردارانەوە لەسەر ڕێگای ئازادیی نەتەوەی چەوســـاوە ساز کراون. ئەوە لە هزری «پێتیت»ـــەوە نزیکە، کە ئازادی «لە نەبوونی سەردەســـتیدا» پێناســـە دەکات. لابردنی سەردەســـتی لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی نەتەوەییدا، باشتر ئەو جۆرە ئازادییە شی دەکاتەوە.

لە نەبوونی لەمپەری دەرەکی و نەبوونی دەســـتێوەردان و سەردەستیی گەلانی دیکەدا ئەگەر کورد بە حەزی خۆی لە نێوان ئەو ســـێ شێوازەی مافی چارەنووسدا

---

١. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٣٦

هــەر کامەیان هەڵبژێرێت، بەو واتایەیە کە بە شــێوەی نەرێنــی بە ئازادیی خۆی گەیشــتووە، بەڵام قاســملوو بە شــرۆڤەی هەر یەک لەو ئاڵترناتیڤانە و قامکدانانی لەســەر خودموختاری بــە زانینەوە، هەوڵ دەدات کە بە لاوازکردنی سەردەســتیی نەتەوەی سەردەســت، لە ڕێگای خۆگونجاندنی ڕێژەیی لەگەڵ پریێفرانسی نەتەوەی سەردەســت، ئازادیی نەرێنیــی نەتەوەی کورد لە بەرگی ئازادیی ئەرێنیدا نیشــان بدات، بەبێ ئەوەی کە نێوەڕۆکی ئەو ئازادییە تێک بچێت. یانی بە لاچوونی ڕێژەیی کۆســپ و بەربەستەکانی ســەر ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کورد لە ڕوانگەی ئازادیی نەرێنییــەوە ئەو یەکــە دەخرێتە ڕوو کە کام یەک لــەو ئاڵترناتیڤانە ئیمکانی هەیە بەدەســت بێت و ئەوەی کە بە دەســت دێت چەندە بەرفراوانە. لێرەدایە قاســملوو ڕوونــی دەکاتەوە، کە نەک تەنیا ڕادەی بژاردەکانی بەردەمی کورد، بەڵکوو پێڤاژۆی هەڵبژاردن بەپێی هەلومەرجیش گرینگە.[١] لەو بارەوە ئەو تێگەیشتنە لە بۆچوونەکانی قاســملوو، نزیکە کە بۆچوونی «ئامارتی ســن» کە لە بەشی تیئۆریدا خرایە بەرباس. ئەو شــێوەیە لە پێشکەشــکردنی داخوازەکانی نەتەوەی کورد، بە شــێوەی ئازادیی پۆزیتیڤ ئەرک دەخاتە سەرشــانی نەتەوەی فەرمانڕەوا و حکوومەتە داگیرکەرەکان کە نێوەڕۆکی سیستەمەکەیان بگۆڕن و ئەرکی خۆیان لە بەرامبەر دەستێوەرنەدان و خۆ بە سەردەســت فەرزکردن بەرامبەر ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد بپارێزن. بەڵام قاســملوو ئــەو ئاڵترناتیڤە (خودموختاری) بە ڕەهــا نازانێت. لەبەر ئەوەی کە هیچ ڕاســتییەک ڕەها نییە. قاسملوو کە باس لە خودموختاری وەک فۆرمی لواو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووســی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەکات، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە نەســڵەکانی دوای ئەویش هەر هەمان ویست و داخوازیان هەبێت. قاسملوو دەڵێت: «لەگەڵ ئاغای بەنی ســەدر کە ڕۆیی کێشەمان هەبوو، دەیگوت: «ئێوە ئێستا دەڵێن خودموختاری، نەســڵێکی دیکە داوای ئیســتقلال دەکا، جودا دەبێتەوە». گوتم یانی تۆ دەتەوێ من لە ئێســتاوە مەســئوولی کاری نەســڵی داهاتوو بم!؟ ئەتۆ دەتوانی

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٥٩٢-٥٨٢

مەســـئوولی کاری نەسڵی داهاتوو بی؟ ناتوانی! داوایەکی زۆر بێمانایە. وەڵڵا من پێم ئاوایە، مومکینە نەســـڵی داهاتوو نەســـڵی سۆسیالیزم بێت و نەسڵی ئیستقلال بێت، ئیســـتقلالی کوردستان وەرگرێت. ئەمن لە ئێستاوە وەزیفەی خۆم وەک ئینسانێکی سیاسی لە داخڵی ئەو حیزبەدا هەتا هەم ئەنجام دەدەم و لە پاش منیش ئەوانەی کە دێن، ئینشەڵڵا ئەوان باشتر لە ئێمەش ئەنجامی دەدەن، بەڵام من تەکلیف بۆ ئەوان ناکەم».[1] ئەو وتەیەی قاســـملوو لەلایەک ڕەتکردنەوەی پاترنالیزمە و لەلایەکی دیکە دینامیکزانینی هزر و داخوازییەکانی سەردەمی خۆی. بۆ ئەوەی کە هەم نەسڵەکانی دوای ئەو بە ئازادی لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن و هەم سەربەخۆیی وەک شـــێوازی ڕاستەقینەی ئازادیی نەتەوەیی وەلا نەنرێت. ئاکامی ئەو یەکەش بە واتای ســـڕینەوەی سەردەستیی ئەوانی دیکەیە لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا. ئەو کەسانەی کە هێندێک جار بە ئەنقەست، بەڵام بۆ کەم بایەخکردنی هزرەکانی قاسملوو و یان بە ناشـــارەزایی لە هزرەکانی قاســـملوو، پێیان وایە کە خودموختاریخوازی بە واتای ڕەتکردنەوەی سەربەخۆییە، ئەوە لەگەڵ تێگەیشتنێکی قووڵ لە هزرەکانی قاسملوو ناتەبایە. قاســـملوو وەک سیاسەتڤانێکی پراگماتیســـت و ڕێالیست کە سیاسەتی بە هونـــەری مومکین دەزانی لە ســـەر ئەم بڕوایە بوو کە بەدەســـتهێنانی تا ڕادەیەکی ئازادی و بەکارهێنانی وەک دەرفەت بۆ ئەوەی کە باشتر خەبات بکرێت بۆ گەیشتن بە ئازادیی ئۆپتیمۆم و لابردنی پلە بە پلەی داگیرکاری، باشترە تا ژیان لە ژێردەستی و لە ژێر سێبەری دیکتاتۆری و سیستەمێکی بەتەواوی زاڵمدا،کە خەبات بۆ لابردنی زەحمەت و پێداویســـتیی زۆری دەوێت کە کورد لە حاڵی ئێستادا نییەتی. «برلین» کـــە باس لە ئازادیی نەرێنی دەکات و ئـــازادی بە ڕادەی ئەو دەرگایانە دەزانێت کە دەبێـــت کراوەبن بۆ ئەوەی کە ئەکتەرێک لە نێوانیاندا بە کەیفی خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام لەو هەلومەرجەی کە قاســـملوو باس لە خودموختاری دەکات هیچ دەرگایەک بۆ چارەســـەریی پرسی نەتەوەیی کورد کراوە نەبوو و قاســـملوو بە هێنانە بەرباسی

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٨٥-١٨٤

خودموختـــاری هەوڵی ئەوەی داوە، کە ئەو بژاردەیە کە لە هەموویان زیاتر ئەگەری وەدیهاتنـــی هەیـــە و ئەگەر ئەو دەرگایە بکرێتەوە چ شـــتێک بۆ کورد لە پشـــتی ئـــەو دەرگایە هەیە، خودموختاری بـــە ڕێگاچارەیەکی گونجاو دادەنا. یانی ئەوە نییە کە هەموو بژاردەکان لە بەردەســـتدا بن و قاســـملوو نەیویستبێت بژاردەیەکی دیکە بێجگە لە خودموختاری هەڵبژێرێت و بەئەنقەست داخوازی سەربەخۆیی وەلا نابێت. لە ڕوانگەی قاســـملووەوە هەموو بژاردەکانی بەردەم دیاریکردنی مافی چارەنووســـی نەتـــەوەی کورد لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە بە تەواوی ـ بە هێزی زبر و نەرم ـ داخـــراون و هەلومەرجی نێوخۆیی، هەرێمی و جیهانی ئەو ئیزنە نادەن، کە کورد بە دڵخوازی خۆی شـــێوازی مافی چارەنووســـی خۆی دیاری بکات و تەنیا یەکێک لـــە دەرگاکان لە ڕێگای «هونەری مومکینـــەوە» ئەگەری کردنەوەی هەیە و ئەویش خودموختارییـــە. یانی داوای خودموختاری هیچ کاتێک ناکەوێتە خانەی ئەوەی کە قاســـملوو ئیرادەی نەتەوەی کوردی کردبێتە قوربانی و خســـتبێتییە ژێر چەپۆکی ئیرادەی داگیرکەرەوە. بەڵکوو قاســـملوو لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ئیرادەی نەتەوەی کـــورد لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە ڕیالیزە بکات و بگەیەنێتە ئامانج. قاســـملوو بەو شێوەیە ویستوویەتی هەم هەیبەتی سەردەستیی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە بەرژەوەندیی دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورددا بشکێنێت و هەم ئازادییەکی ڕێژەیی بۆ کورد دەستەبەر بکات، کە لەو فەزایەدا کورد دەرفەتی هەبێت بە نرخێکی کەمتر، هەرێمی ئازادییەکانی خۆی بەرفراوان بکات. ئەو خۆگونجاندنە ڕێژەیییە پێش ئەوەی کە ئیرادەی نەتەوەی کورد بخاتە مەترســـییەوە، سەردەســـتی و زۆرداریی نەتەوەی سەردەســـت دەکاتە ئامانج. یانی ئەوە شـــێوەیەکی نوێ بۆ مەشقکردن لە سەپاندنی کونترۆڵی حکوومەتی ناوەندی لەسەر ژیانی نەتەوەی کوردی لێ دەکەوێتەوە، کە زۆر ســـنووردارە و وەک جاران ناهێڵێت کە ئەوان لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و گشتیی کورددا بە شێوەی سەردەستانە دەستێوەردان بکەن.

بیر و هزری قاسملوو سەبارەت بە شێوەی بەدەستەوەگرتنی مافی چارەنووس کە

لە وتاری «باسێک لەسەر دروشمی بنەڕەتیی حیزب»ـدا شی کردووەتەوە، لە واقیعدا ڕێگای گەیشـــتنی کورد بە ئازادی لە ڕۆژهەڵات نیشان دەدات. لە نەبوونی ئازادیی نەرێنی و نەبوونی کەرەســـتەکانی بەرەنگاری لەلایەک و بەهێزیی ئازادیی ئەرێنی لە شـــێوەی تۆتالیتاریستیی شوێنیستی لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و حکوومەتە داگیرکەرەکان بەرامبەر بە مافی چارەنووســـی نەتەوەی کورددایە، کە قاســـملوو بە تێگەیشتن لەو بارودۆخـــەی کە کورد تێیدا دەژی، دەبینێت کـــە دەرەتانی ئەوە هەیە کە کورد بۆ گەیشـــتن بە ئازادی پێویســـتە لە ســـەرەتادا لە خودموختارییەوە دەست پێ بکات. خودموختاری واتە لابردنی هێندێک لە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئازادیی کورد و ســـڕینەوەی سەردەستیی داگیرکەران لەلایەک و ئەرکدارکردنی حکوومەتە داگیرکەرەکان لەلایەکی دیکەوە بەرامبەر مافەکانی نەتەوەی کورد و ڕێزدانان بۆ ئەو سنووره دەستێوەرنەدراوانەی کە کورد و داگیرکەران لەسەری بە ڕێککەوتن دەگەن و شیاوی پەسەندی دوولایەنانەیە. ئەو پرەنسیپەی سنووری دەستێوەرنەدان لەلایەن قاسملووەوە بەو چەشنەیە فۆرموڵە کراوە:

«ئـــەوەی کە پێویســـتە و دەبێ لە دەســـەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیـــدا بێت، وەک پێوەندییەکانـــی دەرەوە و پارێزگاری لە ســـەربەخۆیی گشـــتی و تەواویەتی خاکی وڵات (ئەرتەش)، ئیدارەی سیستەمی دراوی و بانکی، دارشتنی بەرنامەی درێژخایەن کە ســـامانی زۆریان دەوێت».[1] بێجگە لەو چوار خاڵە قاسملوو دەڵێت: دەبێ کورد بۆ خۆی دەسەڵاتی لە هەموو بوارەکانی دیکەدا هەبێت و ئیدارەی نێوخۆیی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا بەدەســـتی خەڵکی کوردســـتانەوە بێت. قاســـملوو ژاندارم و پۆلیسی حکوومەتـــی ناوەندی بە هێزێکی زاڵم لەســـەر کورد دەزانێت، کـــە کورد بەرامبەر بەوان هەست بە ئەمنییەتی خۆی ناکات و بۆیە بە پێویست دەزانێت کە ئەمنییەتی نێوخۆیی کوردستان بە دەستی ئۆرگانەکانی خودموختارەوە بن، تا کورد هەست بە

---

١. بەهرامی. ۴٨٣١. ل. ٩۵ & بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٠۶١ و ٧۶١-۶۶١

دەسەڵاتداریی خۆی لەسەر خۆیدا بکات. یانی لابردنی پۆلیس و ژاندارم وەک کۆسپ و بەربەستی دەرەکی لەسەر ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کورد، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەســـتی ڕق لەوان لە ناخی کورددا نەمێنێت و لە ناخی خۆیاندا هەست بە ئازادی بکەن و ئەهرۆمی سەپاندنی سەردەستیی ئەوان لە نێو بچێت.

قاســـملوو بۆ ئەرتەشـــیش ئەو مەرجە دادەنێت و تەنیا کاتێک بوونی ئەرتەش لە کوردســـتاندا بە بێکێشـــە دەزانێت، کە ئەرتەش نەبێتە فاکتەرێک بۆ ســـەرکوت و دەســـتێوەردان لە کوردستاندا.[1] لەبەر ئەوەی کە دەســـتێوەردان و داگیرکردن بە واتای ئەســـتاندنەوەی ئازادییە و ئەرتەش ئەو یەکەی لە مێژووی خۆیدا سەلماندووە کە هۆکاری داگیرکاری و ئەســـتاندنەوەی ئـــازادی لە نەتەوەی کورد و کاولکاری لە کوردستانە.[2]

قاســـملوو بە هەڵســـەنگاندنێکی بەهێز و پێناســـەی زمـــان وەک نرخێک بۆ «بەرزەخۆییـ»ـی کورد داوا دەکات، کە دەبێت زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی لە کوردستان بناســـرێت، کە بەرزترین فاکتەری فەرهەنگیی نەتەوەی کوردە. هەروەها قاســـملوو داوای دیاریکردنی چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی کوردســـتانیش لە ڕۆژهەڵاتدا دەکات. بە دەستنیشانکردنی سنووری جوغرافیایی کوردستان، سنووری ماڵـــی تایبەتی کـــورد دادەنرێت، کـــە حکوومەتی ناوەنـــدی و داگیرکەران دەبێت ڕێـــزی لێ بگرن و خۆیان بە دوور بگرن لە دەســـتێوەردانی. ئەو یەکەش دەرەتانی خۆڕێالیزەکردن بۆ کورد دەئافرێنێت کە بتوانن ئەو شێوە ژیانە و بەو شێوە بژین کە بۆ خۆیان پێیان خۆشـــە. ئەوەش ئیزن و دەرفەت دەدات بە کورد کە بەدوور بن لە پاترنالیزم و دیکتاتۆرییەتی حکوومەتی ناوەندی و دیکتاتۆرییەتی زۆرینەی نەتەوەی داگیرکەر.

ســـەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا لە پێوەندی لەگەڵ خودموختاریدا باس کرا و بە

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٠٣

٢. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٩ و ل. ١٥٨ & بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٣٠-١٢٩

دەســـتهێنانی ڕێژەییی ئازادی لەو چوارچێوەیەدا، بەڵام ئازادی وەک «ڕئالیزەکردنی ناخ، واقعییەت و ویستی ئێمە» ناتوانێت بەبێ سەربەخۆییی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە بەدەست بێت. هێندێک کەس ئەوەی کە قاسملوو وتوویەتی: «ئێمە لـــە هەر ئێرانییـــەک ئێرانیترین و ئیـــزن نادەین کەس خۆی لە ئێمـــە بە ئێرانیتر بزانێت» وا لێکی دەدەنەوە، کە گوایە هەســـتی ئێرانیبـــوون لە ناخی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا ئەوەندە بەهێزە کە زاڵە لەسەر هەستی کوردستانیبووندا و کـــورد لە ڕۆژهەڵات لە فۆرمی خۆبەئێرانیزانیندا خۆی ئازادتر هەســـت پێ دەکات، تا کوردســـتانیبوون. بەڵام ڕاســـتی ئەوەیە کە ئەو وتەیەی قاسملوو بەو واتایەیە کە ئەگەر قەرار بێت کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بژی و خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی بێت، لە ســـنووری جوغرافیاییی ئێراندا نابێت ئیرادەی خەڵکانی دیکە لەسەر ویست و ئیـــرادەی کورددا زاڵ بێت و لە وەهـــا هەلومەرجێکدا ئەگەر کورد خاوەنی ماف و ئازادیی زیاتر لـــە «ئەوانی دیکە» نەبێت، ئامادە نییە کەمتری قەبووڵ بکات. ئەوەش بەو واتایەیە کە کورد بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە چی دیکە سەردەستیی نەتەوە یان گرووپەکانی دیکە لەسەر خۆی قەبووڵ بکات. قاسملوو دەڵێت: شوێنیزمی نەتەوەی فارس لە ژێر ئاڵای «ئێرانیدا» دەیەوێت نەتەوەکانی دیکە ناچار بکا کە لەبەر خاتری فارس، بە هۆی ئەوەی کە گوایە «هەموومان ئێرانین» دەست لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان هەڵ بگرن. قاســـملوو ئەو هزرە بە دوژمنی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد دەزانێت کە نەتەوەی سەردەســـت بۆ ســـەپاندنی دەســـەڵاتی خۆی لەســـەر نەتەوەکانی دیکەدا بەکاری دەبات.[١] ئەوە هەڵســـەنگاندێنێکی بەهێزە بۆ ئەو ئازادییە کە قاســـملوو مەبەســـتیەتی کە کورد دەبێت لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و کوردســـتانێکی خودموختاردا هەیبێت. ئەو شێوە نرخاندنە، نرخاندنێکی بەهێزە کە لە مەیدانی سیاســـیدا بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە و بەڵگەیەکە بۆ ئەو ڕاستییە کە نابێـــت ئیرادەی گەلی کورد بە کەمبایەخ حەســـێب بکرێت و ئەگەر بڕیارە کورد لە

١. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٠٣١-٩٢١

ئێراندا بژی، دەبێت ئەو ئیرادەیە لە بەڕێوەبردنی یاسای ئێراندا ڕەنگ بداتەوە و پێش بە دەســـتێوەردانەکانی کاربەدەستانی ئێرانی لە پرسەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (بێجگە لەو چوار خاڵانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێ درا) بگیرێت و سەردەستیی نەتەوەی فەرمانڕەوا ڕەت بکاتەوە. یانی دانپێدانانی کورد وەک نەتەوە و بەفەرمیناسین و پراکتیزەکردنی ماف و ئەو شێوەژیانە کە کورد بۆ خۆی حەزی لێیە، دەبێـــت ئەرکی حکوومەتی ناوەندی بێت، نابێت جیاوازبوونی نەتەوەیی کورد لەگەڵ نەتەوەی سەردەســـت ببێتە هۆی بێبەشکردنی کورد لە ماف و ئازادییەکانی و نابێت کورد ناچار بکرێت لە ئیرادەی نەتەوەی سەردەست پێڕەوی بکات. جیا لەوە، قاسملوو کە باســـی ئێرانیتربوونی کورد دەکات، ئاماژەیەکی سیاســـییە بە مێژووی کەوناری کورد وەکوو یەکەمین دانیشـــتووی ڕەســـەنی ئەم جوغرافیاییەی کە ناوی ئێرانیان لەســـەر داناوە و هەروەها وڵامێکیشە بەو لایەنە فاشیستە ناوەندگەرا ئێرانییانەی کە پێناسەیەکی دووفاقیان لە ئێران و ئێرانیبوون هەیە، کە لەلایەک هەموو نەتەوەکانی ئەم جوغرافیایە بە ئێرانی دەزانن و لەلایەکیشـــەوە تەنیا فارس بە خاوەنی ڕەسەنی ئەم خاکە دەناســـێنن و تەنیا ئەوان مافی ســـەروەری و دەســـەڵاتداریەتییان هەیە. جەوهەری ئەم قســـەیەی قاســـملوو ئەوەمان پێ دەڵێت: ئەگەر هەموومان ئێرانین بۆچی دەبێت هەر فارســـەکان باڵادەســـت و دەســـەڵاتدار بن؟ دیسان لە پاشکۆی شاراوەی ئەم قسەیە، قاســـملوو بە زمانێکی نەرمونیانی سیاسی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەر ئێرانیبوون ئامرازێکە بۆ سەردەســـتبوون، کەواتە کورد لە هەموو کەسێک ئێرانیترە و دەتوانێت سەردەست و دەسەڵاتدار بێت.

## خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران

لە ڕوانگەی قاســـملووەوە سیســـتەمی حوکمڕانی لە ئێراندا کە بناغەکەی لەســـەر ناوەندگەرایی و تۆتالیتاریزم دانراوە، کۆســـپ و بەربەستی هەرە گەورەی سەر ڕێگای ئازادی و مافی چارەنووســـی نەتەوەی کورد بەگشـــتی و خودموختاری بەتایبەتییە.

لەبەر ئەوەی کە ئــەو پێکهاتە کە لەلایەن داگیرکەرانەوە لە ناوەندەوە پێک هاتووە، دەسەڵات و حوکمڕانییەکەیان لەسەر چارەڕەشی و بندەستهێشتنەوەی نەتەوەکانی دیکە دامەزراوە و ئازادی و هەبوونی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران بە هەڕەشە لەسەر سەردەستی و دەسەڵاتی خۆیانی دەزانن. پێشتر باس کرا کە «برلین» دەڵێت: «ئەگەر ئازادیی من، چینەکەم یان نەتەوەکەم پێوەندیی بە چارەڕەشی و بەلەنگازیی خەڵکانێکــی دیکەوە هەبێت، هەر پەرگالێک (سیســتەمێک) کە ئــەو یەکە بەرەو پێشەوە ببات، نادادپەروەرانە و دژە ئەخلاقییە.»

بــە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیســلامی حکوومەتێکی تێئۆکراتیکی تۆتالیتارییە و تۆتالیتاریزم بە ئانتیتێزی دێموکراســی دادەنرێت، قاسملوو لابردن و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە لە بەرژەوەندیی ئازادیدا دەبینێت. ئەو یەکە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو ئامانجەی قاســملوو باســی لێ دەکات و خەباتی نەتەوەکەی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی وەک گەورەترین کۆســپ و بەربەستی ســەر ڕێگای ئازادی ناو دەبات و دەڵێت: «ئێســتا ئێمە شــەڕ دەکەین بۆ ئەوەی کە ڕێژیــم بڕووخێنین. چونکە لەم بڕوایەدایــن کە هیچکام لــە داخوازەکانی خەڵکی کوردســتان و گەلانی ئێران، لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینیدا وەدی نایە».[1] لەبەر ئەوەی کە قاسملوو پێی وایە کە لە نێوان وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا پێوەندیی ڕاســتەوخۆ و دوولایەنەی هەیە. قاسملوو دەڵێت: «بەبێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین ناکرێت و بەبێ دابینبوونی مافی نەتەوایەتیــی گەلی کوردیش، ڕێژیم بە مانای تەواوی وشــە دێموکراتیک نابێت».[2] لە ڕوانگەی قاســملووەوە دوو فاکتەر هەن بۆ پاراستنی مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان وەک بەشێک لە ئێران. ئەو دوو فاکتەرە بریتین لە دێموکراســی و چەکی پێشمەرگە. قاسملوو دەڵێت: «تا ئەو کاتەی دێموکراسییەکی

---

١. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٠-١٢٩
٢. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٠-١٢٩

ڕاســـتەقینە لە کوردســـتان و ئێراندا پێک نەهاتووە، ناچارین چـــەک هەڵبگرین».[١]
دێموکراسی و چەکی پێشـــمەرگە کە بە کەرەستەی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی کورد لەلایەن قاســـملووەوە دانراوە، بـــۆ ئەوەیە کە کورد ئـــەوە دەرەتانەی هەبێت کە پێش بە دەســـتێوەردان و سەردەســـتیی ئەوانی دیکە لە کاروبار و چارەنووســـی نەتـــەوەی کورد بگرێت، نەک ئەوەی کە کورد بەس چاوەڕوان بێت کە ئەوانی دیکە ئەوەندە تێگەیشتوو بن کە دەستێوەردان نەکەن و سەردەستیی خۆیان فەرز نەکەن. بەس دێموکراسی و چەکی پێشمەرگە کەرەستەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەوانی دیکەیە بۆ دەســـتێوەردان و سەپاندنی سەردەستیی خۆیان بەسەر ئیرادەی نەتەوەی کورددا. هەر وەک «کانت»ـــیش بڕوای وابوو کـــە مرۆڤەکان لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێـــت ئیرادەی خەڵکی دیکە لەســـەر خۆیان قەبووڵ بکەن. ناوبـــراو قەبووڵکردنی ئیرادەی خەڵکی دیکە لەســـەر ئیرادەی خۆی، بە ناسروشتیترین شت دەزانێت، کە کەسێک بکات.

## دێموکراسی و ئازادی

دێموکراســـی ئانتیتێـــزی دیکتاتۆرییە. قاســـملوو خەبـــات بۆ ئـــازادی و ئازادییە دێموکراتییەکان بە خەبات بۆ دێموکراســـی لە سەرتاسەری جیهان دێنێتە ئەژمار.[٢]
قاســـملوو لە زۆر جێگادا زاراوەکانی «دێموکراســـی» و «ئازادی» پێکەوە بەکار هێناوە و ئەو تێگەیشـــتنە لای مرۆڤ دروســـت دەکات، کە دەبێت لە ڕوانگەی قاسملووەوە دێموکراسی هاوواتای ئازادی بێت و  ئازادیی جێگای پەسەندی قاسملوو ئازادییەکە کە لە سیســـتەمێکی دێموکراتیکدا دەتوانێت بوونی هەبێت. ئەو بۆچوونەی قاسملوو لەگـــەڵ بۆچوونی «برلین» و «پێتیت» بۆ ئازادیی لـــە حکوومەتێکی کۆماریخوازانەدا یەک دەگرێتەوە. بە بۆچوونی «پێتیت»، بەو شـــێوەیە ئازادی یان سەردەستیی ئەوان

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٠٣
٢. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٢٣٧

[هاووڵاتییـــان] بەو ڕاســـتییە گارانتی دەکرێت، کە ئەوان لە ژێر یاســـای گرووپیی خۆیاندا کە ئیرادەی هاوبەشـــی گشتییە، دەژین. بۆ قاسملوو ئەگەرچی دێموکراسی یەکینەیـــەک پێـــک دێنێت کـــە هەموو بەشـــەکانی پێوەندییەکـــی دیالێکتیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام ئەو بۆ شـــرۆڤەی باشـــتری هزرەکانی لەســـەر دێموکراســـی، دێموکراسی بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات کە بریتین لە: دێموکراسیی سیاسی، دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و دێموکراسیی ئابووری. ئامانجی قاسملوو لە دێموکراسی، دەســـتەبەرکردنی ئازادی بە واتای ســـەروەریی هاووڵاتییان لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانیاندایـــە. ئەو بۆچوونـــە وەک بۆچوونی «پێتیت»، ئیدەئاڵێکە بۆ پێشکەشـــکردنی شێوەیەکی ڕادیکاڵتر لە ئازادی.

قاسملوو دێموکراسیی ئابووری لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی نەتەوەییدا دەبینێت و دێموکراســـیی کۆمەڵایەتیش لە نەهێشتنەوەی ئیمتیازی نادادپەروەرانە لـــە پێوەندی لەگەڵ پرســـە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا پیناســـە دەکات. بەڵام گرینگترین بەشـــی دێموکراسی لە ڕوانگەی قاسملووەوە کە دێموکراسیی سیاسییە، لەلایەک ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ ژیانی تاکەکەسی لە خۆی دەگرێتەوە و لەلایەکی دیکەوە ئازادییەک کە پێوەندیی هەیە لەگەڵ هەڵوێســـت و چالاکییە سیاسییەکانی کەســـێک بەرامبەر بە دەوڵەت و حاکمییەتەوە کە ناوبراو بە دێموکراســـیی گشتی ناوی دەبات.[1]

بـــۆ ئەوەی کە ئەو بەشـــە باشـــتر ڕوون بێتەوە، ئێمەش بـــە کەڵکوەرگرتن لەو دابەشـــکارییەی قاسملوو لە دێموکراســـی، پێوەندیی هەر یەک لە بەشەکان لەگەڵ ئازادی بەجیا شی دەکەینەوە.

## پێوەندیی نێوان دێموکراسیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئازادی

هەروەک کە پێشـــتر گوترا، قاسملوو ئازادی لە نەمانی چەوساندنەوەدا دەبینی و بۆ

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٧٣-٨٣

لەنێوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە باری ئابوورییەوە، دابەزاندنی سۆسـیالیزم لە کۆمەڵگادا بە پێویسـت دەزانێت.[1] بە بڕوای قاسملوو دێموکراسیی ئابووری لە وڵاتانی سۆسیالیسـتیدا لە وڵاتانی سـەرمایەداری زیاترە و هۆکاری ئەو یەکەشـی دەگەڕاندەوە بۆ دابەشبوونی دادپەروەرانەی داهاتی نەتەوەیی. یانی ئەگەر ئێمە دێموکراسی بە هاوواتای ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە دابنێین، بە بووچوونی قاسملوو ئازادیی مرۆڤ لە باری ئابوورییەوە لە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیدا ئەگەری ڕئالیزەبوونی زیاترە. لەبەر ئەوەی کە لەوێدا ئامرازی بەرهەمهێنان لە خاوەنداریەتیی گشتیدایە و هاووڵاتیان بۆ خۆیان لەسەر خۆیاندا سەردەستن.

قاسملوو دەڵێت: لە کۆمەڵی سۆسیالیستیدا هەموو ئیمتیازەکان لا دەچن و تەنیا کار وەک مێعیـار دەمێنێتەوە. یانی ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا پێوەری دیکە بێجگە لە کار بوونیـان هەبێت، خاوەنی پەرگالێکی دژی ئازادیـی مرۆڤە، کە بە مێعیارەکانی دیکە (نەژادی، میراتگری، عەشیرەتی، ئایینی و هتد) دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئازادی لە کۆمەڵگادا بە یەکسـانی دابەش نەکرێت و هێندێک کەس ئازادیی زیاتر لەسـەر حەسێبی کەمکردنەوەی ئازادیی ئەوانی دیکە وەدەست بێنن. قاسملوو بەپێوەردانانی کار بە دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر دەزانێت.[2] وەها پێوەرێک کۆسپ دەبێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ وەک کەرەستە بە کار ببردرێت و ئازادییەکەی لێی زەوت بکرێت.

## پێوەندیی نێوان دێموکراسیی سیاسی و ئازادی

قاسملوو بۆ دابینبوونی ئازادیی سیاسی و لە ڕاستیدا نەهێشتنەوەی ستەمی سیاسی، سیستەمێکی دێموکراتیک بە پێویست دەزانێت. بۆ قاسملوو ئازادیی دەربڕینی بیروڕا بەشێکە لە ئازادیی سیاسی. قاسملوو دەڵێت: «تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئادەمیزاد کافـی نییە. بۆیە ئێمە هەر لە سـەرەتاوە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. باشـە، ئەگەر

۱. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۹۱

۲. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۵۲-۳۲

خەڵک نەچەوسێندرێتەوە، نانی هەبێ، بە زمانی خۆی بخوێنێت، بەڵام ئازادیی نەبێ بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لەســەر وەزعــی وڵاتەکەی دەرببڕێ، مانای ئەوەیە ســتەمێک ماوە کە ستەمی سیاســییە. حیزبی ئێمە خەبات دەکا بۆ ئەوەی کە ئەو ستەمە سیاســییەش نەمێنێ. ستەمی نەتەوایەتی و ســتەمی چینایەتی و ستەمی سیاســی هەر ســێکیان لە بەین بچن. لەبەینبردنی ســتەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی و دابینکردنی دێموکراســی و ئازادی».[1] لێرەدا دەردەکەوێت کە ئازادی بۆ قاســملوو هاوواتایە لەگەڵ دێموکراســی و ئەو ئازادییەی کە مەبەستی قاسملوویە، ناتوانێت لەگەڵ دێموکراســی ناتەبایی هەبێت، یان لە چوارچێوەی سیســتەمێکی دێموکراتدا جێی نەبێتەوە. لە ســەرەوەدا باس کرا کە دێموکراســیی سیاســی لە ڕوانگەی قاســملووەوە لە دوو بەشــی «دێموکراسیی تاکەکەســی» و «دێموکراسیی سیاسیی گشتی» پێک دێت. دێموکراسیی سیاسیی جێی مەبەستی قاسملوو ڕاست ئازادیــی نەرێنییە کە تاک یان یەکینەیەک لە تاکەکان بە ئیرادەی هاوبەشــەوە لە سنووردارکردن، دەستێوەردان و سەردەستیی ئەوانی دیکە دەپارێزێت. دێموکراسیی تاکەکەسیی جێی مەبەستی قاسملوو ئەو ئازادییە تاکەکەسییانە لە خۆی دەگرێتەوە، کــە پێوەندیی بــە ژیانی تایبەتیی تاکەکەســییەوە هەیە و ئەو ژیانە لە گوشــاری کۆمەڵگا و حکوومەت دەپارێزێت و ناهێڵێت زۆرینە یان حکوومەت دەســتێوەردانی ئەو چالاکییانە بکات، کە پێوەندی بە ژیانی تاکەکەسەوە هەیە. بۆ قاسملوو ئەو یەکە گرینگــە کە تاک بتوانێت بــە گوێرەی ئەو نرخانە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بژی، کە بۆ خۆی بڕوای پێی هەیە. بەڵام ئازادیی سیاســیی گشتی جێی مەبەستی قاسملوو پێوەندیــی هەیە لەگەڵ چالاکییە سیاســییەکانی تاک کە لەوێــدا تاکەکان بتوانن چالاکییەکانیان بەبێ پێشــگرتن لە لایەن حکوومەتــەوە ئەنجامی بدەن. هەروەک کە «برلین» دەڵێت: «بە شــێوەی سروشــتی، بەو ڕادەیە ئــازادم کە هیچ تاک یان کۆیــەک لە مرۆڤەکان لە چالاکییەکانمدا دەســتێوەردان نەکەن. ئازادیی سیاســی

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٥٦-٤٦

لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە، فەزایەکە کە تاک لەوێدا بەبێ پێشپێگرتن لەلایەن خەڵکی دیکەوە، دەتوانێت چالاکی بکات».[1] ئازادیی تاکەکەسی هەر ئەم هەمان ئەو ئازادییە تاکەکەسییانەیە کە قاسملوو دەڵێ لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بوونیان هەبوو، بەڵام کاتێک کە باس لە دێموکراسیی سیاسیی گشتی دەکرێت، بابەتەکە جیاوازە و قاسملوو باس لە نەبوونی ئەو شێوە دێموکراسییە (ئازادییە) لەو وڵاتانەدا دەکات و کێشەی جیددی لە گەڵیدا هەیە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو ئازادییە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی زیاترە. قاسملوو نەبوونی دێموکراسیی سیاسیی گشتی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بە زەرەری سۆسیالیزم دەزانی و ئەوە بە سنووردابوونی دێموکراسی ناوی دەبات.[2] جێگرەوەی قاسملوو بۆ سۆسیالیزمی مەوجوود، سۆسیالیزمی دێموکراتیکە کە لەوێدا ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکان بۆ خەڵک، بە بەشداریی خەڵک لە هەڵسووڕانی کاروباری وڵاتدا دەستەبەر دەبێت و ئەوان وەک هاونیشتمانیی ئازاد لە چەوساندنەوەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەپارێزرێن.[3] سۆسیالیزمی جێباوەڕی قاسملوو ئەوەیە کە لە هەر وڵاتێکدا بەپێی هەلومەرجی تایبەتیی ئەو وڵاتە دابمەزرێت. هەروەها قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە بۆ دابەزاندنی سۆسیالیزم، پێویستی بە شۆڕش و سەپاندنی هەژموونی نییە و دەبێت لە ڕێگای دێموکراسییەوە سەر بکەوێت. ئەو بۆچوونانە خاڵی جیاوازیی نێوان سۆسیالیزمی قاسملوو وەک مارکسیستێکی پۆست مودێرنیست و سۆسیالیزمی مەوجوود و کلاسیک بوون. لەبەر ئەوەی کە قاسملوو ڕاستییەکانی سەردەمی خۆی بۆ شیکردنەوەی بۆچوونەکانی بەکار دەبرد، کە لەگەڵ ڕاستییەکانی رابردوو کە تیئۆرییەکانی مارکسیستی لەسەری داندرابوون، جیاواز بوون. بۆیە قاسملوو دەیگوت کە تیئۆری دەبێت خۆی لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەم

---

1. Berlin, Isaiah, 1969: p. 3 & Svendsen, Lars Fr. H., 2013: p.121

٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٣-٨٣

٣. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٤-٢٤

ڕێک بخات.[١]

لە بەشـــی تیئۆریدا بـــاس کرا، کە ئازادیـــی بیروڕادەربرین وەک کەرەســـتەی خاوێنکردنەوەی دێموکراسییە، واتە کەسێک بە هۆی بیر و هزرەکانییەوە بە شێوەی یاسایی لەلایەن حکوومەتەوە بەدواداچوون و شوێنهەڵگرتنی بۆ نەکرێت. بۆ قاسملوو ئەو پرســـە پێوەندیی بە دێموکراسیی گشتییەوە هەیە کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیی ئـــەو کاتدا بوونی نەبوو و تاک نەیدەتوانـــی بە ئازادی بیروڕای خۆی لە میدیادا بڵاو بکاتەوە و یان ڕەخنە لە حکوومەت بگرێت. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر کەســـێک وەها کارێکی بکردایە، ئاکامی خراپی بۆ بەدوادا دەهات و حکوومەتی ئەو وڵاتە لە یەکەمین دەرفەتدا بیانوویان بەو کەســـە دەگرت و ســـزایان دەدا. بەڵام بە بڕوای قاســـملوو، دێموکراسیی سیاسیی گشتی، لە بەرژەوەندیی سۆسیالیزمدایە و سنووردارکردنی ئەو دێموکراسییە (ئازادییە)، گیروگرفتی بنەڕەتیی سۆسیالیزمی مەوجوود بووە.

بە بڕوای قاســـملوو، دەبێت لە کوردســـتان سۆســـیالیزمێک پیادە بکرێت، کە لەلایەک لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی کوردستان ڕێک بکەوێت و لەلایەکی دیکەوە نەک نابێت دێموکراسی و ئازادی سنووردار بکات، بەڵکوو دەبێت پەرەشی پێ بدات.[٢] قاسملوو بۆ پێداگریی لەسەر ئەم بۆچوونەی، لەلایەک بە هێنانی فاکت لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران و کوردستان کە خەڵکەکەی بە سەدان ساڵ لە ژێر حوکمی ڕێژیمی ئیستبدادیدا ژیاون و پێویستیان بە ئازادی و دێموکراسی هەیە و لەلایەکی دیکەوە بە هێنانی فاکت لە «مارکس» و «ئێنگلس» کە دەڵێن: «ئێمە کۆمەڵگایەکمان دەوێت، کە لەوێدا گەشـــەی ئازادانەی هەر تاکێک، مەرجی گەشەکردنی ئازادانەی هەمووانـــە» پێداگری دەکات، کە سیســـتەمی سۆسیالیســـتی نـــەک نابێت ئازادیی هاووڵاتییان ســـنووردار بکات، بەڵکوو دەبێت زیاتر لە ســـەردەمی ســـەرمایەداریش پەرەی پێ بدات. یانی قاسملوو ئەوە بە ئەرکی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دەزانێت،

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٣ ، ٠٤ و ٧٩-٩٦

٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٤-٣٨

کـــە دەرەتانـــی خۆڕئالیزەکردنی ئازادانە بۆ تاک دەســـتەبەر بـــکات و ئەوەش نەک ناتەبایی لەگەڵ پێشـــکەوتنی سۆسیالیزمدا نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی گەشەکردنی و ئەوەش لە بەرژەوەندیی سۆســـیالیزمدایە. بە بڕوای قاسملوو کاریگەریی ئازادیی تاک لەسەر پێشکەوتن و گەشـــەکردنی کۆمەڵگا، کاریگەرییەکی دوولایەنەیە. «ئەگەر لە کۆمەڵگایەکـــدا تاک ئازادی هەبێت، ڕێگای پێشـــکەوتنی توانایی و بەهرەکان ئاوەڵا دەبێـــت» و ئەوەش دەبێتە هـــۆکار کە «پتر ئامادە بن لە هەوڵدان بۆ پێشخســـتنی کۆمەڵی سۆسیالیستی» و ئەوەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی خێراتری کۆمەڵگا.[١]

## ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆری، تۆتالیتاریزم و پاترنالیزم وەک پێشمەرجی ئازادی

لە پێشـــدا باس کرا کە قاسملوو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی و چینایەتی بە جەوهەری ئازادی دەزانی. ئەو هەروەها چارەســـەریی پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا لە توانای «ڕێژیمێکی بەڕاستی گەلی، دادپەروەر و دێموکراتیکـ»ـدا[٢] دەبینی. بۆ قاسملوو دێموکراسی لە چەند ڕوویەوە گرینگیی تایبەتیی خۆی هەیە. سیستەمێکی دێموکراتیک دەتوانێت دەستەبەری ئازادییە تاکەکەسییەکان و ئازادییە سیاسییە گشتییەکان بکات و لەلایەک ســـنوور بۆ دەســـتێوەردانی حکوومەت لە ژیانی هاووڵاتییاندا دادەنێت و لەلایەکی دیکە یاســـا لە حکوومەتێکی دێموکراتیکدا ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ لە ئیرادەی زۆرینەی هاووڵاتییانەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت و پارێزەری مافەکانی هەر هاووڵاتییەکە و هەر کەسێک بە پێڕەوی لەو یاسایانە، ڕاستەوخۆ پێڕەوی لە ئیرادەی خۆی کردووە. لە سیستەمێکی دێموکراتیکدا بەڕێوەبەرانی وڵاتیش لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێـــن و لە ڕاســـتیدا خەڵک بۆ خۆی لەســـەر خـــۆی حکوومەت دەکات. دێموکراســـیی جێگای مەبەستی قاســـملوو، هەروەها بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووریش گرینگە و پێش لە هەر چەشنە چەوساندنەوەیەک دەگرێت. ڕەتکردنەوەی

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٤٧-٠٧

٢. بەهرامی. ٢٨٣١. ل. ٤٧

هەرچەشـــنە دیکتاتۆرییەک[١] و خەباتی بەردەوام بۆ دێموکراســـی[٢] سنووربەندییەکی بەهێزە لە نێوان هزرەکانی قاسملوو و سیاسەتوانەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشـــتی و ئێران و کوردســـتان بەتایبەتی و هەموو ئەوانەی کە بە شـــێوەیەک لە شێوەکان لە جیهاندا باس لە دێموکراسی وەک سیستەمێک بۆ سەپاندنی دیکتاتۆریی زۆرینـــە و یان دیکتاتۆریی وەک خۆی دەکەن و پێیان وایە کە دەتوانرێت لە پێناوی دادپەروەریـــدا ئازادی قوربانی بکرێت. لە نووســـینەکان و ئاخافتنەکانی قاســـملوو لە بارەی ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک، چوار شێوە دیکتاتۆری وەک نموونە و هەڕەشەی بەهێز بۆ ســـەر ئازادیی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاماژەیان پێ کراوە و لەسەر ڕەتکردنەوەیان پێداگری کراوە کە بریتین لە: دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا[٣]، دیکتاتۆریی پاشایەتی، دیکتاتۆریی ڕێژیمی خومەینی[۴] و دیکتاتۆرییەک کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا بە ناوی دێموکراســـیی زۆرینەوە[۵] بڕیارەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێت. قاسملوو هەروەها دژی سەپاندنی هەژموونی لەلایەن هەر حیزبێکی کوردییەوە بە سەر خەڵکی کوردستان بوو. بە لەبەرچاوگرتنی مێتافۆری «برلین» بۆ ئازادی وەک کراوەبوونی ژمارەی دەرگاکان لەلایەن «پێتیتـــ»ـەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە مەبەســـتی قاســـملوو لە دژایەتی لەگـــەڵ دیکتاتۆری ئەوەیە کە «دەبێـــت هیچ دەرگەوانێک بوونی نەبێت تا بتوانێـــت دەرگاکان دابخات، بەبێ دانی هیچ نرخێک». لێرەدا پێوەندیی نێوان ئەو هزرانەی قاسملوو و ئازادی شرۆڤە دەکرێن.

## ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا

قاســـملوو بۆ پیادەکردنی ئەو سۆســـیالیزمەی کـــە بڕوای پێ هەبـــوو و مۆدێلێک

١. بەهرامی. ٢٨٣١. ل. ٩٨
٢. بەهرامی. ٨٠٠٢. ل. ١٩
٣. بەهرامی. ٨٠٠٢. ل. ۶٩
۴. بەهرامی. ٢٨٣١. ل. ٩٨
۵. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ٠٢.۵.٢۶٣١ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ٣. ئەو نامەیە لە لایەن حەسەن ئەیووبزادەوە لە سەر تۆڕی ئینترنێت بڵاو کرا.

بـــوو بۆ دادپەروەری لـــە سیســـتەمێکی دێموکراتیکدا،[١] موخالیفی ئـــەوە بوو کە لە سۆســـیالیزمی پیادەکراو لـــە یەکێک لە وڵاتانی سۆسیالیســـتیی ئەوکاتدا وەک ئۆلگوو کەڵکی لێ وەربگیرێت. بۆ قاسملوو «لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتیی هەر وڵاتێک و ڕەتکردنەوەی هەموو ئۆلگوویەک لە دروســـتکردنی بناغەی کۆمەڵی سۆسیالیســـتیدا زۆر گرینگ بوو».[٢] بۆ قاســـملوو ڕەتکردنەوەی هەر چەشـــنە ئولگوویەک بۆ پیادەکردنی سۆسیالیزم، بە واتای ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەلایەک و «تاک ناوەندیـ»ـی (مۆنۆ ســـانتراڵیزمی) بلۆکی سۆسیالیســـتی لەلایەکی دیکە بوو، کە ئەوکات لە هەموو بارێکەوە وڵاتانی سۆسیالیســـتیی بە یەکیەتیی ســـۆڤییەتەوە گرێ دەدا.[٣] قاسملوو پێی وابوو کە پێوەندیی نێوان وڵاتانی سۆسیالیستی دەبێت پێوەندییەکی بەرامبەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دوولایەنەی وڵاتانی پێوەندیدار بێت و لەو پێوەندییەدا دەبێت لە نێوان وڵاتانی سۆسیالیســـتیدا فرەناوەندی (پۆلی سانترالیزم) حاکم بێت. مۆنۆ سانترالیزم و بە ئۆلگوودانانی یەکیەتیی ســـۆڤییەت لەگەڵ جەوهەری هزری قاسملووی دێموکرات کە بڕوای بە ئازادی و پلۆرالیزم هەبوو، ناتەبا بوو و بەو شـــێوەیە سەردەســـتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی ڕەت دەکردەوە. قاسملوو بە هێنانی فاکت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کە دێموکراسیی سیاســـییان تێدا ســـەقامگیر ببوو، بەڵگە دێنێتەوە کە لە سیســـتەمێکی دێموکراتیکدا سۆســـیالیزم بـــە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا یان لەشـــکەری وڵاتێکی دیکـــە دانامەزرێت و ناپارێزرێت.[٤] بە بڕوای قاسملوو سۆسیالیزم بە کۆمەڵانی خەڵک پێک دێت و دەپارێزرێت و ئەگـــەر ڕۆژێک حیزبی دێموکرات بە پشـــتیوانیی خەڵک دەســـەڵاتی سیاســـیی لە کوردســـتاندا گرتە دەســـت، بەبێ هەژموونیی پرۆلێتاریا دەتوانن ڕێگا بۆ دروستکردنی

١. قاسملوو و جان راولز دوو بیرمەندن کە خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەردووکیان بۆ دادپەروەری لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا خاوەن ڕای سەرنجڕاکشن. بەڵام جیاوازیان لەوەدایە کە جان راولز مۆدێلێک بۆ دادپەروەی لە سیستەمێکی دیموکراتیکی لیبراڵیدا داهێناوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، قاسملوو دادپەروەیی سۆسیالیستی بۆ کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا داهێناوە و پێیوایە کە سۆسیالیزم بە هۆی تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگایەک دەبێ لە گەڵ ڕاستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە ڕێک بخرێ. بە واتایەکی دیکە، سۆسیالیزمیش دەتوانێ مودێلێکی پلووراڵیستی بێ.

٢. بەهرامی. ٨٠٠٢. ل. ٥٨

٣. بەهرامی. ٨٠٠٢. ل. ٤٩-٣٩

٤. بەهرامی. ٨٠٠٢. ل. ٥٩-٤٩

سۆسیالیزم خۆش بکەن. قاسملوو دەڵێت: «ئێمەش لە هەلومەرجی خۆماندا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕەت دەکەینەوە».[1] مەبەست ئەوەیە کە نابێت بۆ هیچ کارێک ئیرادەی خەڵک بخرێتە ژێر ئیرادەی وڵاتێکی دیکە و یان حیزبێک و لایەنێکی دیکەوە.

قاسملوو پێی وابوو کە دەکرێت بۆ پیادەکردنی سۆسیالیزم لە کۆمەڵگای کوردستاندا، کوردستان ڕێگای تایبەتیی خۆی هەبێت کە لەگەڵ هەلومەرجی ڕێک دەکەوێت و سۆسیالیزم بەبێ هەژموونیی چینی کرێکاریش دەتوانێت دروست بکرێت.[2] ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلێتاریا لەلایەن قاسملووەوە سێ هۆی بنەڕەتیی هەبوو: یەکەم ئەوەی کە هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک دژی ئازادییە و هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆری، دوورکەوتنەوەیە لە دێموکراسی و ئازادی. دووهەم ئەوەی کە دیکتاتۆرییەتی پرۆلێتاریا و بە ئۆلگوودانانی یەکیەتیی سۆڤییەت دەبووە هۆی لەدەستچوونی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، و سێهەم ئەوەی کە باوەڕمەندانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلێتاریا پێیان وابوو، کە مافی دیاریکردنی چارەنووس نابێت ببێتە کۆسپ و بەربەست لەسەر ڕێگای دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا و دەبێت ملکەچی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا بێت. هەر سێی ئەو هۆیانە دژی ئامانج و بڕوا و پرنسیپەکانی قاسملوو بوون و بۆیە ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا لە بەر ئەو سێ هۆیە ئوسوولی و ژیرانەیە، شتێکی سروشتی بوو.[3]

بەکورتی دەتوانین بڵێین، کە ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا لەلایەن قاسملووەوە لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، بە واتەی ڕەتکردنەوەی سەردەستیی یەکیەتیی سۆڤییەت و ڕێگانەدان بەدەستێوەردانی ئەوان لە کاروباری نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا بوو، کە سۆسیالیزمی مەوجوود کە لەژێر هەژموونی و سەردەستیی یەکیەتیی سۆڤیەتدا بەڕێوە دەچوو و مۆنۆپۆلیزە کرابوو.

لە مەیدانی سیاسەتی نەتەوەییدا، ئەو ڕەتکردنەوەیە بەواتای ئەوە بوو کە

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل.٥٩

٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل.٩٦-٦٦

٣. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٧٤ و ٨٩-٦٩

قاســـملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو، نەتەوەی کورد بە ئازادی بگات و خەباتی دەکرد بۆ لابردنی ئەو کۆسپ و بەربەست و لەمپەرانەی کە لە بەردەم گەیشتن بەو مافەدا هەبوو، بۆ ئەوەی کە کورد بۆ خۆی سەردەست بێت لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیدا. بۆیە ئەو نەیدەتوانی بۆ خۆی کۆســـپ و بەربەســـتی دیکەش لێی زیاد بکات و گەیشـــتن بـــەو مافە بکاتە ملکەجـــی دیکتاتۆریی پڕۆلێتاریا و سەردەســـتیی ئەو چینە لەســـەر کۆمەڵگای کوردەواریدا بســـەپێنێت. دیکتاتۆریی پڕۆلێتاریا هەروەها دژی ئازادیی سیاســـیی گشـــتی و بەتایبەتی ئازادیی بیروڕادەربرین بوو و کۆمەڵانی خەڵک لە ئازادیی سیاســـی بێبەش دەکرد. ئەو ئازادییە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا گرینگـــە و قاســـملوو دژی ئەوە بوو، کە ئازادیی بیر و هـــزر و دەربڕینی ئەو هزرانە لەلایەن تاکەکانەوە تووشـــی کۆسپ و بەربەست و سانسۆر بێت، لە کاتێکدا ئازادیی بیروڕادەربڕین کەرەستەی خاوێنکردنەوەی دێموکراسی دێتە ئەژمار.

## ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پاشایەتی

لـــە ڕوانگەی قاســـملووەوە ڕێژیمی پاشـــایەتی بە هۆی دیکتاتۆری، ســـەرەڕۆیی و نکۆڵیکردنـــی ئازادییە دێموکراتیکەکان ئانتیتێزی دێموکراتییە و شۆڕشـــی گەلانی ئێران بەڵگەی ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێژیمە لەلایەن خەڵکەوەیە.[1] لە پێشـــدا ئاماژە بەو ڕاستییە کرا، کە قاسملوو خودموختاری بە ڕێگایەکی مومکین بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووســـی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دەزانی و ئەو تێزە بە واتای گەیشـــتنی کورد بە مافی چارەنووس لە چوارچێوەی ئێراندا بوو. قاســـملوو ڕێژیمی پاشایەتی بە ســـەرچاوەی کۆبوونەی دەسەڵات لە ناوەند (تاران) دەزانی، کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی دیکتاتۆری و دژی دابەشبوونی دەسەڵاتە کە بەشێک لەو دەسەڵاتە بدرێت بە هەرێمە خودموختارەکان.[2] لەبەر ئەوەیە کە قاسملوو بڕوای بە پرنسیپەکانی

---

١. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٨٦

٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٤٦

«ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە دیکتاتۆرییەک»، «کۆتاییهێنان بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند» و «پێکهێنانی ئێرانێکی سەربەخۆ و بێلایەن» هەبوو، تا کوردیش بتوانێت بە مافەکانی بگات، دژی دەسەڵاتداریەتیی پاشایەتی لە ئێراندا بوو، کە ئازادیی سیاسی و مافی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێرانی قەبووڵ نەدەکرد.[١] قاسملوو هەروەها ڕێژیمی پاشایەتی بە سەرچاوەی پەرەپێدانی شوێنیزمی خۆبەزلزانی فارس/ئێرانی دەزانی، کە دژی ماف و ئازادییەکانی گەلانی بندەستی ئێرانە و هەبوونی ئەو نەتەوە و گەلانە ئینکار دەکات، تا لەژێر ئاڵای ئێرانیبووندا دەسەڵاتی نەتەوەی فەرمانڕەوا بە سەریاندا بسەپێنێت و ئەوان لە ماف و ئازادییەکانیان بێبەش بکات.[٢]

قاسملوو، لەسەر بنەمای ئەزموونی مێژوویی، سیستەمی پاشایەتی ئێرانی بە بەستراوەبوون و دیسپۆتیزم لە قەڵەم دەدا و ئەوانی بە ئاڵترناتیڤ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێراندا دانانێت و هەر چەشنە هاوکارییەک یان پێکهێنانی بەرە لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان ڕەت دەکاتەوە. قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە شا لە ئێراندا لەبەر نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، بۆ پاراستنی دەسەڵات ناچارە خۆی بە دەرەوە ببەستێتەوە. ئەو هەروەها وەک کوردیش دژی سیستەمی پاشایەتی بوو و دەڵێت: بۆ کورد سیستەمی پاشایەتی بە واتای کۆبوونەوەی دەسەڵات لە تاراندایە و ئەوەش دەبێتە هۆی سەرکوت و ژێردەستیی نەتەوە و گەلان لە ئێراندا.[٣]

محەممەدڕەزا شای ئێران، دیکتاتۆرێکی لیبراڵ بوو کە لە سەردەمی ئەودا ئازادیی تاکەکەسی و هەرێمی تایبەتی تاکەکەسەکان تا ڕادەیەک لە دەستێوەردانی حکوومەت پارێزراو بوو، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتداریی ئەودا دێموکراسیی سیاسی بوونی نەبوو و خەڵک بە هۆی دەربڕینی بیروڕا و یان چالاکیی سیاسی بە توندترین شێوە دەکەوتنە بەر بەدواداچوون و شوێنهەڵگرتن، ئەشکەنجەدان، زیندانیکردن و ئێعدامەوە. ئەو هەروەها دژی مافی نەتەوە بندەستەکان بوو و هیچ مافێکی بۆ ئەوان

١. سەرچاوەی پێشوو & بەهرامی. ٢٨٣١. ل. ٩٨ & بهرامی. ٨٨٣١. ل. ۴٨٢
٢. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٠٣١-٩٢١
٣. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٢٩٢-٩٨٢ و ۴٣٣ & بەهرامی. ٨٠٠٢. ل. ۶۴٣ & بەهرامی. ۴٨٣١. ل. ٩۵-٨۵

بە ڕەوا نەدەزانی و هەموو هەوڵی ئەوە بوو، کە نەتەوە بندەســـتەکان لە نێو نەتەوەی سەردەستدا لەژێر ناوی ئێرانیبووندا بتوێنێتەوە.

حکوومەتی پاشـــایەتی لە ڕوانگەی قاسملووەوە کۆسپ و بەربەستی سەر ڕێگای ماف و ئازادیی نەتەوەییی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بندەســـتی ئێران بوو. شـــا لە ڕێگای حکوومەتی ناوەندییەوە سەردەســـتیی خۆی و نەتەوەکەی لەسەر نەتەوەکانی دیکـــەدا دەســـەپاند و دژی هەبوونی بیـــر و هزری جیاواز لە کۆمەڵـــگادا بوو. یانی سەردەمی شا، سەردەمی دیکتاتۆریی شەخسی شا و دیکتاتۆریی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست بوو لەسەر نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا، کە لەژێر ناوی ئێرانیبووندا پێش بـــە خەڵک دەگیرا و نەیاندەتوانی خۆیان بـــە گوێرەی ئەو بەهایانە ڕئالیزە بکەن کە بەهای گشـــتیی کۆمەڵگای خۆیان (نەتـــەوەی خۆیان) بوون. ئەو دژی ئەو ئازادی و دێموکراســـییەی بـــوو کە خەڵک بتوانێت بە ئازادی بیـــر و هزرەکانی دەر ببڕێت و بیخاتە تاقیکردنەوەی بێلایەن و ســـەختەوە بۆ ســـەلماندنی ڕاست و دروستیی ئەو هزرانەوە. کەواتە، ئەو پەرگالەی کە بۆ بەڕێوەبەری و دەســـەڵاتداری لە ڕێژیمی شادا هەبوو، سیستەمێکی نادادپەروەرانە بوو، کە لەسەر چارەڕەشیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران داندرابوو. لەو سیستەمەدا لە باری نەتەوەیییەوە تەنیا یەک دەرگا کراوە بوو، کە ئەویش لە ڕاستیدا لەژێر ناوی ئێرانیبوون بەرەو توانەوە لە نێو نەتەوەی سەردەستدا هەنگاوی هەڵدەگـــرت. یانی هەموو ئاڵترناتیڤەکانی دیکە بۆ نەتەوە بندەســـتەکانی ئێران داخراو بوون و زانیاریی ڕاســـت و دروســـت لەسەریان بە توندی دەشاردران و هەموو شتێک کە لە خزمەتی پەرەپێدانی شوێنیزمی مەزنخوازانەی ئێرانیدا قوربانی دەکرا و ئیرادەی نەتەوەکانی بندەســـت لەژێر ئیرادەی نەتەوەی سەردەســـتدا چاڵ دەکرا. قەبووڵکردنی ئەو سەردەســـتییە ناسروشتیترین شتە ئەگەر کەسێک بیکات. بۆیە ڕەتکردنەوە و دژایەتی لەگەڵ سیســـتەمی پاشـــایەتی لـــە ئێراندا لە خزمەتی ئازادیدایە و دەبێت دژایەتیی بکرێت، هەروەک چۆن قاســـملوو هۆکارەکانی شـــرۆڤە کردووە و ئازادیی لە ســـەربەخۆبوون لە ئیـــرادەی ئەوانی دیکەدا دەبینی و ژیان لە

بەزەیی و ڕەحمەتی پاشایەکی لیبراڵ-دیکتاتۆردا بە شیاوی مرۆڤی خاوەن کەرامەت و کەسایەتی نەدەزانی.

## ڕەتکردنەوەی ڕێژیمی تۆتالیتار ـ تیئۆکراتیکی خومەینی

ناکۆکییەکانی نێوان هزری قاســـملوو و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ناکۆکیی نێوان ســـکولاریزم و تیئۆکراســـی، ناکۆکیی نێوان نەتـــەوەی فەرمانڕەوا و نەتەوەی چەوســـاوە، ناکۆکیی نێوان دێموکراســـی و تۆتالیتاریـــزم و ناکۆکیی نێوان ئـــازادی و سیســـتەمێکی بەتەواوەتی داخراو بوو. ڕێبەری هـــەر بزاڤێک کاریگەریی زۆری لەسەر کار و کردەوەکانی ئەو بزاڤە هەیە. قاسملوو پێش ئەوەی کە خومەینی بە دەسەڵات بگات، لە فەڕانسە چاوی پێ کەوتبوو و بۆی دەرکەوتبوو کە خومەینی کەســـێکی کۆنەپەرەســـت و زاڵمە، بەڵام دوای ئەوەی کە خومەینی بە دەســـەڵات گەیشـــت، ئاســـتی بەرزی زاڵمبوون و خوێنڕێژبوونی بۆ قاسملوو زیاتر دەرکەوتبوو.[١] قاســـملوو ڕێژیمی خومەینی بە کۆنەپەرەســـت، سەرەڕۆی ســـەدەکانی نێوەڕاست، ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و ئەهلی شـــانتاژ و خەفەقان، ڕێژیمێکی ئاژاوەگێڕ و تیرۆریست کە تیرۆریزم و درۆی بە ئاســـتێکی بەرزی سیاســـەتی فەرمیی دەوڵەت گەیاندووە، دەســـتدرێژیکەر بۆ سەر ناموســـی ژنانی زیندانی، شەڕخواز، مرۆڤکوژ، دژی مرۆڤ، خولقێنەری قەیران و دژی ئاشتی و ئازادی ناو دەبات، کە لە بەرامبەر هیچ شتێکدا بەرپرسایەتی قەبووڵ ناکات و نە تەنیا توانایی چارەسەریی پرسگرەکانی نییە، بەڵکوو ئاڵترناتیڤی ئەوان بۆ چارەسەریی هەر پرسگرێکێک، خولقاندنی پرسگرێکی گەورەترە. قاسملوو دەڵێت: «هەموو کەس دەبێت تێ بگات کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی خومەینی ڕێژیمێکی دژی ئازادی، ڕێژیمێکی دژی گەلی، تەنانەت ڕێژیمێکی دژی ئینســـانییە و ئـــەوەی ســـەلماندووە. خەباتکردنی دژی ڕێژیمی خومەینـــی بریتییە لە دیفاع لە ئازادی، بەڵام بریتییە لە دیفاع لە ئینســـانیش. بەڕاستی وجوودی ڕیژیمی خومەینی

١. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ١١٠

نەنگە بۆ گەلانی ئێران، نەنگە بۆ تاریخی ئێران و هەموو گەلانی ئێران. هەموو هێزە پێشـــڕەوەکانی گەلانی ئێران، هەموو ئەو ئینســـانانە کە خۆیان بـــە ئازادیخواز و بە دێموکرات دادەنێن، دەبێت یەک بگرن بۆ ئەوە هەرچی زووتر ئەو ڕێژیمە بڕووخێت و شـــوێنەواری نەمێنێت و ئەو نەنگە لە تاریخی ئێران لابچێ».[1] قاســـملوو ڕێژیمی خومەینی نەک تەنیا بە کۆســـپ و بەربەستی سەر ڕێگای ئازادی، بەڵکوو بە کۆسپ و بەربەســـتی ســـەر ڕێگای بەها مرۆییەکانیش دەزانێت، کە شێوە ژیانێکی تایبەت بەســـەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێت و ئەوان لەسەر بنەمای هزری تێئۆکراتیکی تایبەت بە ڕێژیم، لە هەر چەشنە ئازادییەکی تاکەکەسی و ئازادیی سیاسیی گشتی بێبەش دەکات و لـــە ڕێگای بەکارهێنانـــی هێز دژی خەڵک بەپێچەوانـــەی حەزی ئەوان، خەڵکی لە ژیان لە کۆمەڵگایەکی خاوەن شارستانییەت بێبەش کردووە.

پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، کە قاسملوو ڕێژیمی خومەینی بە ڕێژیمێک دەزانێت کـــە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمە، هیچ یەک لە داخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران وەدی نایەن. بە وتەی قاســـملوو «داخوازە سیاســـی، کۆمەڵایەتـــی و ئابوورییەکانی ئێمەش لەگەڵ فەلسەفە و نێوەڕۆکی ڕێژیمی ئێران یەکتر ناگرنەوە و ئەو ڕێژیمە هەر شتێک بـــە مەیلی نەبێت قەبووڵی ناکات».[2] بە بۆچوونی قاســـملوو ســـەرکەوتنی نەتەوەی کورد و گەیشـــتنی بە ئازادی بەســـتراوەتەوە بە لەنێوچوونی کۆماری ئیســـلامی[3] و «جێبەجێبوونـــی خودموختاری، یانی پووچەڵبوونی ســـەرەڕۆیی ویلایەتی فەقیهی و تێکڕووخانی بناغەکانی ڕێژیمی خومەینی».[4]

دژایەتیی قاســـملوو لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی بە هۆی نێوەڕۆکی ئەو ڕێژیمەوە بـــوو، کە ئامانجەکانی قاســـملوو ـ دێموکراســـی و دابینکردنی مافی چارەنووســـی نەتـــەوەی کورد ـ تێدا وەدی نەدەهاتن.[5] لـــە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینیدا نە لە

١. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ١٧٣-١٧٢
٢. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٤١
٣. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٥٠
٤. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ١٧٦
٥. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٢٥٧-٢٥٦

ڕادەی بژاردەکان ئازادییەک بوونی هەیە و نە لە پێڤاژۆی هەڵبژاردنی ئاڵترناتیڤەکانی بەردەمی خەڵکدا. ئەو دەرگایانەی کە ڕێژیم بۆ خەڵکی بە ئاوەڵای هێشـــتوونەتەوە، بـــەرەو فەزایەکی داخراو و ئامانجێکی نادیار و خەیاڵی کراوەن و خەڵکی لە ژیانێکی نۆرماڵ ڕاماڵیوە و ژیانێکی ساویرانەی (وهمی) لە جیاتی ژیانێکی شایانی مرۆڤایەتی بە ســـەریاندا سەپاندووە. خەڵک لەو ئازادییە بێبەشـــە کە بۆ خۆیان ڕێگای خۆیان هەڵببژێرن.

قاســـملوو دەڵێت: ڕێژیمی خومەینی لە بەر ســـێ هـــۆ دژایەتیی ئەوانی دەکرد: یەکەم ئەوەی کە کورد خوازیاری دێموکراســـی بوون، بەڵام خومەینی دێموکراسیی بە هاوردەکراو لە ڕۆژئاوای دەزانی و بۆ خومەینی قابڵی قەبووڵ نەبوو. دووهەم ئەوەی کە کورد خوازیاری خودموختاری بوون کە لە فەلســـەفەی ئیســـلامیی خومەینیدا نەتەوە بوونی نەبوو تا مافی خودموختاریی هەبێت. سێهەم ئەوەی کە کورد زۆرینەی موســـڵمانی سونی بوون و چەکیشیان هەڵگرتبوو و حازر نەبوون بچنە ژێر زۆرداریی حکوومەتی ناوەندیدا.[١] ڕێژیمی خومەینی بە سڕینەوەی بژاردەکانی بەردەمی خەڵک و دەســـتێوەردان لە هەموو کاروبـــاری ژیانی تاکەکەســـی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاســـیی خەڵک و بە شاردنەوەی زانیاریی ڕاســـت و دروست لەسەر بژاردەکان لە ڕێـــگای بەکارهێنانی هێزی زبر و نەرم، بۆ ئەوەی کە خەڵک بە زۆر لە چوارچێوەی سیســـتەمەکەیاندا بگونجێنن، هەوڵی گۆڕینی ئامانج، هـــزر و بژاردەکانی بەردەمی خەڵک دەدات و ئیرادەی خۆیان لەســـەر ئیرادەی تاک و گرووپە جیاوازە نەتەوەیی، ئۆلی و کولتوورییەکاندا دەســـەپێنێت و دەرفەتی ئەوەیان لە خەڵک زەوت کردووە، کـــە بۆ خۆیان بیر بکەنەوە. هەمـــوو دەرگاکان بەرەو دیمەنی دڵخوازی بەڕێوەبەرانی ڕێژیم کراوەن و هێشـــتا منەتیش بەســـەر خەڵکدا دەکەن و هەوڵ دەدەن لەوپەڕی سەردەســـتیی خۆیاندا، نیازپاکیی خۆیان بســـەلمێنن. خەباتی قاسملوو بە دژی ئەو ڕێژیمـــە ئەوە بـــوو، بتوانێت کورد ئەوەندە بەهێز بکات کە هەموو ســـیناریۆیەک بۆ

---

١. فانی، ٢٠١٤. ٠٨:٥٠-٠٧:٥٥

سەردەسـتیی خەڵکی دیکە بەگشتی و کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی بەتایبەتی تەفروتوونـا بکات و ئەو یەکە بـۆ ئازادیی خەڵکانی دیکە لە ئێرانیشـدا لە پێناوی خزمەت بە مرۆڤایەتی بەکار بەرێت.

پێشـتر ئاماژەی پێ کرا کە ڕێژیمی خومەینی لەسـەر بنەمـای ئیدئۆلۆژیەکی تایبەت دانراوە، کە خودی ئەو ئیدئۆلۆژییەش لەلایەن خومەینییەوە بەلاڕێدا براوە. لە تێڕوانینێکی پۆزیتیڤیش بۆ ئازادی، ئەو ژیانەی کە لەلایەن سیستەمی تێئۆکراتیکی ئێرانەوە بە ژیانێکی باش بۆ مرۆڤەکان دادەنرێت، پێوەندیی بە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کولتووری گشـتیی خەڵک یان زۆرینەی نەتەوەی فەرمانڕەواشەوە نییە و ناتوانێت وەک پێوەر بۆ خۆڕئالیزەکردنی تاک لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری گشتی حەسێبی بۆ بکرێت. یانی ئازادیی پۆزیتیڤیش بەو شـێوەی کە دەیتوانی هەبێت، لە چوارچێوەی ڕێژیمی تۆتالیتاری ئیسـلامیی ئێراندا نییە و بەڕێوەبەرانی ئەو سیستەمە لە جیاتی ئـەوەی کە خۆیان وەک ئەندامانی ئەخلاقی و سیاسـیی کۆمەڵگا ڕئالیزە بکەن، بە دوای ڕئالیزەکردنـی بەرژەوەنـدی و حەزەکانی خۆیانەوەن و پێش بە خەڵکی دیکە دەگرن، کە بتوانن توانایی و شـیاویی خۆیان بخەنە خزمەت پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا لە پێناوی ژیانێکی شـیاوی مرۆڤدا. سەرەڕای هەوڵی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ نیشـاندانی کار و کردەوەکانی خۆیان لـە بەرژەوەندیی خەڵکدا، لەبەر ئەوەی کە کار و کردەوەکانی ئەو کاربەدەسـتانەی ڕێژیم لە ڕاستییە بێلایەنە ئەخلاقییەکانەوە سەرچاوە ناگرن، ئاکامی کردەوەکانیان ئەو بۆچوونەیانی پووچەڵ کردووە و بۆ خەڵک دەرکەوتووە و سەلمێندراوە کە کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران تەنیا لە خزمەتی ڕێژیمی تۆتالیتاری خومەینیدان. بە دەیان بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە لە دادگاکانی بێلایەنی بیانیدا هەن، کە نزمەخۆیی بەرپرسانی ڕێژیم نیشان دەدەن و چۆناوچۆن واقعییەتی کەسـایەتیی خۆیان دەشارنەوە. ئەوان جینایەتکاری خۆ بە مرۆڤدۆست نیشاندەرن.

بەو شـێوەیە بۆچوونی قاسملوو لە بارەی ئەوەی کە هیچ یەک لە داخوازییەکانی

گەلانی بندەســـتی ئێران لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا جێبەجێ نابێت و دەبێت ئەو ڕێژیمە تۆتالیتارە لە نێو بچێت، تا خەڵک بە ئازادی بگەن، بۆچوونێکی دروست و لە جێگای خۆیدایە. لەبەر ئەوەی کە حکوومەت مافی ئەوەی نییە کە ویســـتی خەڵک پێناسە بکات و هاووڵاتییان ناچار بە ئازادبوون لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی خۆی بکات. چونکە ئەوە بەپێچەوانەی ئەو ئیدەیەیە کە هەر کەس خاوەنی ئۆرجینالّی خۆیەتی.

## ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆری لەژێر ناوی دێموکراسیی زۆرینەدا

بە بڕوای قاســـملوو، لە سیســـتەمێکی دێموکراتیکدا زۆرینە بڕیار دەدا و کەمایەتی پەیڕەوی دەکات. بەڵام لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا کە پرسی مافی چارەنووسی نەتەوەیی دێتە پێشەوە، ئەوە کەمایەتیی نەتەوەییە کە دەبێت مافی بڕیاردانی هەبێت و لەسەر چارەنووســـی خۆی بڕیار بدات.[1] قاســـملوو دەڵێت: نەتەوەی فەرمانڕەوا بەو شێوەیە کـــە باوە، هەموو کاتێک دەتوانێت نەتـــەوەی زۆرلێکراو لە کەمایەتیدا ڕابگرێت و لە ڕێگایەکی بەتەواوەتی دێموکراتیکدا داخوازە نەتەوەییەکانی ڕەت بکاتەوە. لە بارەی ئەوەی کە خەڵکی کورد چ خودموختارییەکی دەوێت و کام هەرێم بە کوردســـتان دادەنرێت، دەبێت لە دانیشتوانی کوردستان پرسیار بکرێت.[2]

ئێرانییەکان ســـەرەڕای هەبوونی ئیدئۆلۆژیی جیاواز، لە بەرامبەر پرســـی مافی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هاوڕان و یان ڕایان لە یەک نزیکە. ئەوان بە ناوی ئێرانیبوون یان موسڵمانبوون، فرەچەشنیی نەتەوایەتی لە ئێراندا ڕەت دەکەنەوە و بەو شـــێوەیە ئینکاری هەبوونی نەتەوەکانی دیکە دەکەن و یان ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو فرەنەتەوەییەش قەبووڵ بکەن، مەسەلەی مافی چارەنووس دەکەنە پاشـــکۆی یەکپارچەیی خاکـــی ئێران و بە هیچ جۆرێک ئامـــادە نین ئەو ئازادییە بـــۆ نەتەوە بندەســـتەکانی ئێران بـــە ڕەوا بزانن و قەبووڵی بکەن، کـــە ئەو نەتەوانە

---

١. بەهرامی. ۴۸۳١. ل. ٩٠١

٢. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ٠٢.۵.٢۶٣١ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ٣

خاوەنی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیاندا بن. ئەگەر جارێک باسی دێموکراسیش بکەن، مەبەستیان ئازادیی تاکەکەسییە و نەک ئازادیی سیاسیی گشتی. ئەوان لە واقعدا دەیانەوێت دیکتاتۆرییەتی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە فۆرمی دێموکراسیی زۆرینەدا بخەنە مەزایدەوە و ئازادیی نەتەوەکانی دیکە کە هەر کامەیان بە جۆرێک بە هۆی دابەشبوونی وڵاتەکەیانەوە کەوتوونەتە بندەستی نەتەوەی فەرمانڕەوا، لێیان زەوت بکەن. قاسملوو ئەو جۆرە لە دیکتاتۆرییەت بە هەڕەشە بۆ سەر ئازادیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەگشتی و لەوانە نەتەوەی کورد بەتایبەتی دەزانێت.

## دژایەتی لە گەڵ سەپاندنی هەژموونی یان مۆنۆپۆلیزەکردنی دەسەڵات

قاسملوو، ئازادیی بە مافی بێئەملاوئەولای نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان دەزانی و هەوڵی دەدا، کە ئەو ئازادییە لە کردەوەدا بەڕێوە بچێت. قاسملوو دەڵێت کە ئەوان زۆر تێدەکۆشن کە لە ڕاگەیەنەکاندا خۆیان وەک ڕێکخراوێک لە ڕێکخراوەکان کە لە کوردستاندا تێکۆشانیان هەیە، لە قەڵەم بدەن و دژی مۆنۆپۆلیزەکردنی دەسەڵاتن و کوردستان تەنیا بە هی حیزبی دێموکرات نازانن. ئەوان حیزبی دێموکراتیش وەک حیزبەکانی دیکە سەیر دەکەن، کە بۆ تێکۆشان خاوەنی مافی یەکسانن و تەنیا ڕایان ئەوەیە کە دەبێت هەر حیزبێک یان ڕێکخراوێک بیروبۆچوونەکانی خۆیان بخەنە پێش چاوی خەڵک و خەڵک بۆ خۆیان ئازادانە هەڵیبژێرن کە بە دوای کامەیان دەکەون.[١] بۆ قاسملوو هەروەها گرینگ بوو کە لە کاتی دەسەڵاتداریشدا پارێزەری ئازادیی چالاکیی حیزبەکانی دیکە بێت و دەڵێت: لەو حیزبانەی کە لە کوردستاندا تێکۆشانیان هەیە و جیابیری حیزبی دێموکراتن و بە دژی ڕێژیمی خومەینی تێکۆشان دەکەن، نەک بچووکترین زەختیان لێ نەکراوە، بەڵکوو حیزبی دێموکرات هاوکاریشیان دەکات.[٢]

١. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٢٣١

٢. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ٠٢.٥.٢٦٣١ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ٨١

قاسملوو دژی پاوانکردنی دەسەڵات و سەپاندنی هەژموونی لەلایەن هەر هێزێک بوو و لە پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لەو پرنسیپە پێڕەوی دەکرد.

دژایەتی لەگەڵ مۆنۆپۆلیزەکردنی دەســەڵات لە کوردســتاندا، دژایەتییە لەگەڵ ســەپاندنی سەردەستیی لایەنێک بەسەر لایەنەکانی دیکە و یان خەڵک. قاسملووش وەک چۆن «برلین» دەڵێت: ئازادییەکانی وەک ئازادیی هزری، ڕێکخراوەیی، دەربڕینی بیروڕا، شوێنی ژیان و خاوەنداریەتی ئەوەندە لەمێژە قەبووڵ کراون، کە ڕەچاوکردنیان وەک تێگەهەکــی نۆرماڵی مرۆڤــی لێ هاتووە، پێداگری لەســەر ئازادیی چالاکیی ڕێکخراوەیی لە کوردســتاندا دەکات و دژی ئەوەیە کــە حیزبێک یان ڕێکخراوێک هەژموونیی خۆی بەســەر خەڵکدا بســەپێنێت. ئەو هەروەها لایەنگری هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکە کە لەســەر بنەمای زانیاریی دروســت و ئاڵترناتیڤ بۆ خۆیان هەر حیزبێک کە بە باش دەزانن، لایەنگری و پشتیوانیی لێ بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ ســەپاندنی هەژموونیدا، قاســملوو و حیزبەکەی ئەزموونی ئەوەیان لە شۆرای نەتەوەیی بەرگریدا وەدەست خست، چونکە ڕێکخراوی «موجاهدینی خەلق» لەســەر ناوی ئەم بەرەیە هەوڵی دەدا هەموو شتێک لە دەستی خۆیدا پاوان بــکات و یەکێک لــە هۆکارەکانی هاتنەدەریی حیزبی دێموکرات لەو شــۆرایە بوو. ئەم شــۆرایە جیا لە ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق، لە کەســایەتییە سیاسییەکانی ئێران پێک هاتبوو و حیزبی دێموکراتیش تێیدا ببووە ئەندام. ئەوە بوو کە قاســملوو ڕەخنە لە ڕێکخــراوی موجاهدین و ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە دەگرت و دەیگوت کە ئەوان لە ئاخافتنەکانی خۆیاندا بە ناوی ئەو شــۆرایە، ڕەچاوی یەکســانبوونی مافی خۆیــان و ڕێکخراوەکانــی دیکە ناکەن و زۆر جار بیروڕای خۆیــان بە ناوی بەرەوە دەردەبڕن، بەبێ ئەوەی کە پرســوڕا لەگەڵ ئەندامانــی دیکەی ئەم بەرەیە کرابێت. قاسملوو سەرەڕۆییەکانی موجاهدینی بە هەڕەشە لەسەر ماف و ئازادییەکانی کورد

و حیزبەکـــەی لەو بەرەیەدا دەبینـــی و بۆیە لەو بەرەیە کشـــایەوە.[١] خاڵی جێگای ســـەرنج لێرەدا ئەوەیە، کە ســـەپاندنی سەردەستی لە هەر ئاســـتێکدا بێبەشکردنی خەڵک لە ئازادییە. بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ کاری هاوبەشدا لەگەڵ هەر ڕێکخراوێکدا دەبێـــت ئەو بابەتە لەبەر چاو بگیردرێت، تا بڕیارەکان لەگەڵ ئیرادەی هیچ لایەنێک بەرکەوتن دروســـت نەکات و دژایەتیی ساز نەکەن و هەموو لایەک خۆیان لە کاری هاوبەشدا ئازاد هەست پێ بکەن.

## ئازادیی بیروڕادەربڕین و سەربەخۆییی بڕیاردان

ئازادی بۆ قاســـملوو بەدووره لە دانانی پێشـــمەرج. ئەو یەکە هەمـــوو ئازادییەک و بەتایبەتی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا لە خۆی دەگرێتەوە. بە بۆچوونی قاسملوو دانانی پێشمەرج بۆ ئازادی، ڕۆیشتن بەرەو دیکتاتۆرییە.[٢] قاسملوو دەربڕینی بیروڕا بە مافی هەمـــوو لایەک دەزانێت و لەو بڕوایەدایە، کە دەبێت هەموو کاتێک مافی کەمایەتی بۆ دەربڕینی بیرۆڕا پارێزراو بێت.[٣] لەبەر ئەوەی کە بۆ قاســـملوو مەسەلەی دەربڕینی بیروڕا ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە دێموکراسییەوە هەیە و بۆ چارەسەریی پرسگرییەکان پێویســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە.[٤] ئەو بۆچوونەی قاســـملوو ئەندامانی حیزبەکەشی دەگرێتـــەوە، کە لەســـەر بابەتەکان بە ئازادی، بیر و هـــزری خۆیان بخەنە بەرباس. قاســـملوو دەڵێت: بەڵام دوای باس و گۆڕینی بیر و هـــزر بە ئازادی، هەر بڕیارێکی بدرێت، بڕیاری گشـــتییە، کە لەلایەن حیزبەوە دەدرێت و هەموو بۆ بەڕێوەبردنی بە گوێرەی ئەساسنامەی حیزبی ئەرکدارن.[٥]

لێـــرەدا ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و خۆڕئالیزەکردن لـــە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری گشتیدا وەک تەواوکەری یەکتر دەبێت ببیندرێن، بەڵام هیچ بڕیارێک یان ئەرکێک

---

١. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ٠٢.٥.٢٦٣١ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ٥١ و ٣٢
٢. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٤١٢
٣. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٧٢١
٤. بەهرامی. ٦٨٣١. ل. ٣٧٢-٢٧٢
٥. بهرامی. ٨٨٣١. ل. ٧٣١

بـــە ڕەها دانانرێت. لەبەر ئـــەوەی کە خەڵک بە هۆی دێموکراســـییەوە لە نەبوونی سەردەســـتیی ئەوانـــی دیکەدا هـــەل و دەرفەتیان هەیە، کە بیـــر و هزری خۆیان بخەنە تاقیکردنەوە و پشکنینەوە و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی داهاتوودا دابنێن. ئەوە شـــێوەیەک لە ئازادییە کە «برلین» بە شـــیاوی هاووڵاتییان دەزانێت و «پێتیت» دەڵێت: لە وەها کۆمەڵگایەکدا هاووڵاتییان لەژێر یاســـای گرووپیی خۆیاندا کە ئیرادەی هاوبەشی گشتییە، دەژین.

هزرەکانی قاســـملوو لە بارەی ئازادیی بیروڕادەربڕین، ناکۆکیی تەواویان لەگەڵ هزرەکانی کاربەدەســـتانی ئێران هەیە، کە بە دامەزراندنی سیستەمیکی تێئۆکراتیک و بـــە ڕەها و بەبێ کەموکوڕیزانینـــی ئیدئۆلۆژییەکەیان، هەموو هزر و بیرێکی دیکە بە زیادە و هەڵە دەزانن و کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و فرەچەشـــن و پلۆرالیستییان بۆ قووت نادرێت.

قاســـملوو، پلۆرالیزم لە کۆمەڵگادا بە پێویست دەزانێت و بە بۆچوونی ئەو هەموو حیزبێـــک مافی چالاکیی هەیە.[١] ئـــەو بیروڕای جیاواز بـــە دوژمنایەتی نەدەزانی و لەو بارەوە زۆر جار دووپاتی کردووە کە «سیاســـەتی ئێمـــە لە بەرامبەر حیزبەکانی دیکەدا ئەوەیە کە هەرکەس دوژمنی ئێمە نەبێت دۆستمانە. ئێمە ڕەخنەکان قەبووڵ دەکەین و لە ڕادەی نەتەوەیی و ناوچەییدا ئێمە مۆنۆپۆلیســـت نین».[٢] بۆ قاســـملوو ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، مافی خەڵکە و دەبێت خەڵک دەرفەتی هەبێت کە پێکەوە بـــە گۆڕینەوەی ئازادانەی بیروڕا، ئەو ڕێگایە هەڵبژێـــرن کە بۆ خۆیان دەیانەوێت و پێیان دروســـتە. کاتێک کە خەڵک لە ئازادیی بیروڕادەربڕێن بێبەش دەبن، هەروەها لە ئازادیی تاقیکردنەوەی کردەوەکانیشـــیان بێبەش دەبـــن و ئەوەش دەبێتە هۆی دابەزینـــی بەختیاری لە کۆمەڵـــگادا. ڕێژیمی خومەینی ڕێز بـــۆ لانیکەمی ئازادیی خەڵـــک دانانێـــت و هەوڵ دەدات، کە ئـــەو خەڵکە لە جەوهـــەری مرۆڤیی خۆیان

---

١. بەهرامی. ١٣٨٦، ل. ١٠١

٢. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٥٧

بەتاڵ بکرێن. بێبەشـــکردنی خەڵک لە ئازادیی شێوازەکانی ژیان و ئازادیی ڕادەبڕێن، بێبەشـــکردنی ئەوان لە یەکێک لە بەکەڵکترین مافەکانە، بەڵام هەروەک کە «میل» دەڵێت: پلۆرالیزم دەرەتانـــی خۆڕئالیزەکردن بۆ هەر تاکێک بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا.

قاســـملوو، لـــە زۆر جێگادا لـــە جیاتی «ســـەربەخۆیی بڕیاردان» لـــە زاراوەی «سەربەخۆیی سیاسی»ـش کەڵکی وەر گرتووە. لە ڕوانگەی قاسملووەوە کەسایەتیی دێموکراتیک دەبێت هەموو کاتێک لایەنگری ئازادی و دێموکراسی بێت، کە دەرفەت دەدات خەڵک بتوانێت ســـەربەخۆ بیر بکاتەوە، بیروبۆچوونی خۆی بە شـــێوەیەکی ســـەربەخۆ و ئـــازاد دەرببڕێـــت و بۆ خۆی بڕیار بدات.[1] بۆ قاســـملوو پێشـــمەرجی ســـەربەخۆیی بڕیاردان، کەســـایەتیی دێموکراتیکە. کەســـێکی دێموکرات دەبێت لـــە هەموو هەلومەرجێکدا لایەنگری دێموکراســـی و ئازادی بێـــت. ئەوە ئانتی‌تێزی بەســـتراوەبوون و پاشکۆبوونە و ناهێڵێت مرۆڤ چاولەدەست بێت و چاوەڕوانیی ئەوە بکات، کە ئەو کارەی بۆ خۆی دەبێت بیکات، کەس یان لایەنێکی دیکە بۆی ئەنجام بدات و یان هەرچی خەڵکی دیکە (دۆســـتەکانیان) بڵێن، بە قسەیان بکات. یانی لە نێوان دێموکراسی و سەربەخۆیی بڕیاردان یان ئازادیی بیروڕادەربڕین و سەربەخۆیی بڕیارداندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دیالیکتیکی هەیە.[2]

ســـەربەخۆیی بڕیاردان ئێلێمێنتێکی گرینگ لە هزرەکانی قاســـملوو لە بارەی ئازادیدایە. ئەو دەڵێت: «مێعیاری ئەساســـی ســـەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆســـتایەتی دەکەین، بەڵام لەگەڵ پاراستنی ســـەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتییەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین».[3] زۆر نموونـــە هەن کە ڕاســـتیی ئەو وتەیەی قاســـملوو بە کردەوەش دەســـەلمێنن. پێوەندییەکانی دەوڵەتی بەعس و حیزبی دێموکرات باشترین بەڵگەن بۆ ئەم بەشەی

---

١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٨٠-١٧٨

٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٤

٣. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦٧ & بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٤٦ و ١٤٧

کە حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییانەدا قەت زەرەری بۆ کوردی باشـــوور و حیزب و لایەنە سیاسییەکانیان نەبوو.[١]

قاســـملوو پاراســـتنی ســـەربەخۆیی سیاســـی بە زامنی دوارۆژی نەتەوەکەی دەزانێت کە نابێت وازی لێ بێنن.[٢] لەســـەر بنەمای هزرەکانی قاسملوو، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی (سەربەخۆیی بڕیاردان) ولاتێک پێویستە کە دەسەلاتدارانی ولات ســـەربەخۆیی سیاسییان هەبێت و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی حیزبێک، دەبێ ڕێبەریی حیزب ســـەربەخۆیی حیزبەکە بپارێزێت.[٣] بۆ ئەوەی کە ڕێبەرانی حیزبێک ســـەربەخۆیی حیزبەکەیان بپارێزن، دەبێت ئەندامانـــی حیزب لەو بارەوە پەروەردە کرابن. بۆیە قاسملوو پێداگری دەکات کە «لایەنگری دێموکراسی نابێت نائاگا بێت»[٤] و ئەندامانـــی حیزبەکەی هان دەدات، کە پلەی زانیاریی خۆیان لە هەموو بارێکەوە ببەنە سەرێ.

قاســـملوو لە بارەی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی لە چەندین ئاستی جیاوازدا باسی لێ کردووە:

١. پاراســـتنی ســـەربەخۆیی سیاســـی ئەندامانی حیزبەکەی لـــە نێوخۆیی حیزبەکەیدا (سیمای دێموکرات).

٢. پاراســـتنی ســـەربەخۆیی سیاســـی حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ حیزبەکانی کوردســـتانی، ئێرانی، ولاتانی ناوچەیی کە کوردســـتانیان داگیر کردووە، ولاتانی دیکە و بەتایبەتی زلهێزەکان.[٥]

٣. پاراســـتنی ســـەربەخۆیی لە پێوەندییە هزرییەکاندا (بۆ نموونە مەســـەلەی سۆسیالیزم و یەکیەتیی سۆڤیەت).[٦]

---

١. مەحموود عوسمان. لە کاتی قسەکردن بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دیـموکراتی کوردستانی ئێران. https://n9.cl/v1bgh

٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٨٢

٣. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٣٠١-٣٠٠

٤. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦١

٥. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٤٣، ١٦٠، ٣٢١، ٣٣٨ و ٣٣٩ و ٣٤١

٦. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦٣

۴. پاراستنی سەربەخۆیی و سنووردانان لە نێوان دۆستایەتی و دەستێوەردانددا.[۱]
۵. وەرگرتنی یارمەتی و پاراستنی سەربەخۆییی سیاسی.[۲]

قاسملوو لە نێوان سازش و سازشکاری لە سیاسەتدا جیاوازی دادەنێت. بە بۆچوونی قاسملوو سازش یان نزیککردنەوەی پرێفرانسەکان لەگەڵ پرێفرانسەکانی لایەنی دیکە بۆ بەرەوپێشبردنی پرنسیپەکان، شتێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراوە، بەڵام سازشکاری وەک سیاسەت بۆ سازان لەگەڵ هەر لایەنێک و لەبەرچاونەگرتنی پرنسیپەکان ناڕەوایە.[۳] لە پێوەندی لەگەڵ سازش، هزرەکانی قاسملوو وەک بۆچوونی «میل» دێتە بەرچاو، کە لەسەر بنەمای هزری ئوتوولیتاریستی، ئازادی لەخۆگونجاندن (انطباق) دانراوە، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ تەواو نییە و خاوەنی بیروڕای جیاوازە، بە قازانج دەزانێت. بەڵام بۆ قاسملوو نەک بابەتی «بەرژەوەندی» بەڵکوو «پرنسیپ» گرینگە. لێرەدا لەوانەیە ئەو خوێندنەوەیە بۆ «سازش» زیاتر لە شێوەی تێڕوانینی هابزی لە پێوەندی لەگەڵ «خۆگونجاندن» نزیک بێت. بەڵام دوایین ئامانج هەر سڕینەوەی سەردەستیی ئەوانی دیکەیە، کە لەوێدا دوو لایەنی دژ بە یەک، هەوڵی بەرەوپێشبردنی پرنسیپەکان بدەن.

## ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران ـ کۆمارێکی دێموکراتیک

پێشتر باس‌کرا کە قاسملوو بە هۆی هەلومەرجی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان، بە کەڵکوەرگرتن لە سیاسەت وەک هونەری مومکین، پێی وابوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتی، لە پێشدا پێویستە کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان هەوڵ بدات مافی چارەنووسی خۆی بەو شێوەیەی کە دەتوانێت دیاری بکات. هەروەها باسی ئەوەش کرا کە قاسملوو بۆ کوردی ڕۆژهەڵات لە بندەستی ئێراندا دەستەبەربوونی مافی چارەنووس بە شێوەی فیدراڵی یان خودموختاری بە لواو دەزانی و هەوڵی

---

۱. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۳۲۱
۲. سەرچاوەی پێشوو & بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۶۰-۲۵۹
۳. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۳۸ & لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۱۳

بۆ دەدا، ئەگەرچی مافی چارەنووس بە شـێوەی ئیدەئاڵ لە سـەربەخۆییدا دەبینی. قاسـملوو دەڵێت کە چارەسـەریی پرسی مافی چارەنووسـی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا پێوەندیی بە جۆری سیستەمی سیاسیی وڵاتەوە نییە و سیستەمێک کە چارەسەریی پرسـی مافی چارەنووس قەبووڵ دەکات، دەتوانێت پاشایەتی، کۆماری سۆسیالیسـتی و یان کۆمارێکی سادە بێت،[1] بەڵام لەبەر ئەوەی کە پرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕێژیمەکانی دیکتاتۆریی پاشـایەتی و کۆماری ئیسـلامیدا چارەسەر نەکـرا و ئەوان بە هۆی فەلسـەفەی بوونی خۆیانەوە بڕوایان بـە فرەنەتەوەییبوونی ئێران یان پرسـی نەتەوەیی بەگشتی نەبوو و «شۆرای نەتەوەیی بەرگری»ـش کە بەڕواڵەت بڕوای بە چارەسـەریی پرسـی نەتەوەیی بە شێوەی خودموختاری هەبوو و دەیەویست ئەو پرسـە لەژێر ناوی پاراستنی تەواویەتیی خاکی ئێران و دژایەتیی لەگەڵ بالکانیزەکرانی ئێران سەرپۆشـی لەسـەر دابنێت،[2] قاسملوو چارەسەریی ئەو پرسـەی بۆ هەموو نەتەوەکانی بندەسـتی ئێران لە چوارچێـوەی ئێراندا لە هاتنە سەرکاری کۆمارێکی دێموکراتیک، فیدراتیڤ و پلۆرالدا دەبینی، کە پارێزەری ئازادییە دێموکراتیک و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و چارەسـەریی پرسی مافی چارەنووسـی نەتەوەکانی بندەسـتی ئێران لەلایەکی دیکە بێت. بە وتەی قاسملوو، «سـەقامگیربوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لەگەڵ پاراسـتنی پلۆرالیزمی سیاسی و ڕێزدانان بۆ مافی گشتی و بەشداریی هەمووان، ئەڵبەتە هەر کەس بە گوێرەی بەشی خۆی»،[3] ئەو بۆچوونەی قاسـملوو لە هێڵی دروستکردنی دامەزراوەی هاوبەشدایە بۆ گارانتیکردنی پێکەوەژیان لە شێوازی فرەچەشندا.

ئەو هزرەی قاسـملوو لە چەند ڕەهەندەوە پڕبایەخە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئازادیی ئەرێنییـەوە ئەو خاڵە بە ڕاسـت دابنێین، کە مرۆڤ دەبێـت چۆنایەتیی ئازادی لە چەندایەتی جیا بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە هەموو کەسێک یان سیستەمێک

---

١. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٢.٥.٢٠ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ٣
٢. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٢.٥.٢٠ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ١١
٣. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٦١-٥٩ & بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٢٥٨

شـــیاوی ئەوەیە کە بتوانێت شتی دروســـت لە بارەی ژیانی باشەوە فێری ئەندامانی بکات. تێگەیشتنی خەڵک بۆ ژیانی باش فرەڕەهەند و پلۆرالیستییە و سەپاندنی یەک شێوە ژیان بەسەر خەڵکدا پێشـــێلکردنی ئازادی لە کۆمەڵگادایە. خۆرئالیزەکردن لە چوارچێوەی حکوومەتێکی داپڵۆســـێنەر و سەردەســـتخوازیی نەتەوەی فەرمانڕەوادا، ڕەواییدان بە ئاسمیلاســـیۆنی نەتەوە بندەســـتەکانە، کە بە نـــاوی ئازادی دەتوانێت لەسەر کۆمەڵگادا بسەپێندرێت. ئەوەش دەرفەت و مەجال لە نەتەوە بندەستەکان و گرووپە جیاوازەکان دەســـتێنێت، کە بتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەم بڕیارانە هەبێت کـــە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لە بەشـــداریی لە ژیانی سیاســـیدا بێبەش دەکات. بۆیە هزرەکانی قاسملوو لە بارەی کۆمارێکی دێموکراتیک و پلۆرالیســـت، گارانتییە بۆ مافە تاکەکەسی و نەتەوەیییەکان بەگشتی و بەتایبەتی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا.

ئەگەر ئەو وتەیەی ئەفلاتوون بەڕاست سەیر بکرێت، کە هەموو کەسێک خاوەنی ئەو لێهاتووییە نییە کە بە ڕوانگەی دروست بگات و کارەکانی بە گوێرەی ئەو ڕوانگە دروستە ئەنجام بدات، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشندا ئەو هزرە ناتوانێت ڕەوایی بە حکوومەتێکی تۆتالیتار بدات و دەســـەڵاتدارانی بە خاوەنی لێهاتوویی بۆ ڕێنوێنیی خەڵک بژمێردرێت. هەبوونی دەسەڵات بە واتای هەبوونی تێگەیشتنی دروست لەمەڕ مەســـەلەکان نییە. قاســـملوو بە هێنانە بەرباســـی هزری کۆماری دێموکرات، پێش بـــە وەها هزرێکی پاوانخواز و پاترنالیســـتی دەگرێت و ئیزن نادات لایەنەکانی دیکە بەســـەر کورددا ببن بە سەردەســـت و بە ناوی جۆراوجۆرەوە یان لەژێر ناوی ئازادی لە یاســـادا کە کورد لە دانانیدا دەوری نەبووە، پێشـــمەرج بۆ ڕاســـتکردارییی کورد دابنرێت و تێگەیشـــتنی کورد و پێشمەرجەکانی بۆ ژیانێکی باش، بە دوور لە گوشار و کەڵکاژۆیی دەســـەڵاتدارانی سەردەست بە لاڕێدا ببردرێت. بۆیە ئامانج و هزرەکانی قاســـملوو نیشان دەدات کە کورد دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ خۆی شێوەی ژیانی خۆی دەستنیشـــان بکات و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیی بە خەڵکی دیکە نییە.

خەبات و هزرەکانی قاسملوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە خۆڕئالیزەکردنی کورد لە ڕوانگەی قاسملووەوە بەدوور لە ئازادیی ڕاستەقینە و دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لەسەر بنەمای یاسا پێوەندیدارەکان بە مافی مرۆڤەوە دژی ئامانجی سەرەکیی گەلی کوردە و شتێکی بەتەواوەتی نامۆیە. بۆیە ئەو سیستەمەی کە دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبێت، دەبێت جێگای پەسەندی زۆرینەی کورد بێت و ئەوەش ڕێگا لە تۆتالیتاریزم و ئامانجی تاکڕەهەندی دەگرێت و فرەچەشنی وەک ئاڵترناتیڤ پێشکەش دەکات و ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە لە ڕێگای دروستکردنی بەربەست، دەستێوەردان یان سەپاندنی سەردەستیی ئامانجی تاکەکەسی یان گرووپی تووشی عاجزکردن ببێت.

## خەباتی ئازادیخوازانە لە ئاستی نێونەتەوەیی و نەتەوەیی لە پێناوی ڕەتکردنەوەی سەردەستیی ئەوانی دیکەدا

ئازادیی مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ئایین یان هەر کاراکتێرێکی دیکە کە دەبێتە هۆی هەڵاواردن، بۆ قاسملوو ئامانج بوو. لەبەر ئەوەی کە ئەو هیچ نێعمەتێکی لە ئازادی بە بەنرختر نەدەزانی و دەیگوت کە ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە مرۆڤ و ناهێڵێت بکرێت بە مۆرە.[1] قاسملوو ئازادیخوازێکی ئینترناسیۆنالیست بوو کە بۆ ئازادیی گشتگیر لە جیهاندا پشتیوانیی لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا، بە ئەرکی خۆی و حیزبەکەی دەزانی.[2] قاسملوو ناتەباییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و پرسە نێونەتەوەییەکان لە هێندێک وڵاتدا بە سەرچاوەی ئاژاوە و کێشەکانی دەزانی و لەو بڕوایەدا بوو، کە خەبات بۆ ئازادی سەرەڕای سەرهەڵدانیان لە شوێن و وڵاتە جیاوازەکاندا، لایەنی هاوبەشی هەموویان خەبات بۆ دێموکراسی و مافی چارەنووس

---

۱. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۶۶

۲. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۵۹ & بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۳۱۴-۳۱۳

لە خۆی دەگرێتەوە و دابینبوونی ئازادی و مافی چارەنووس کلیلی چارەسەریی ئەو گرفتانەیە.[۱] قاســملوو لە باری سیاسەتی نێونەتەوەیی و پشتیوانیی لە خەباتی گەلان بۆ ئازادی، لە ڕاســتیدا دژی هەر پەرگالێکی نادێموکراتیک بوو، کە لەســەر بنەمای چەوساندنەوە و ژێردەستیی خەڵکی دیکە بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانیان هەوڵیان دەدا.

هەروەک کە پێشــتریش ئاماژەی پێ کرا، ئازادی بۆ قاســملوو بە واتای نەبوونی هەرچەشنە زۆردارییەکە. بە بۆچوونی قاسملوو خەبات بە دژی زۆرداری فاکتەرێکی گرینگ و هاندەر بۆ پێکهاتنی گۆڕانکاریی سیاسی لە جیهاندایە. بۆ قاسملوو خەبات بۆ لابردنی زۆرداری، بە واتای خەبات بۆ ئازادی و دێموکراســییە لە جیهاندا.[۲] بەس خەباتی قاسملوو بۆ ئازادی لە جیهاندا لە ڕاستیدا خەبات بۆ سڕینەوەی سەردەستیی هەمــوو ئەوانە بوو، کە بە هەر جۆرێک و لە هەر ڕێگایەکەوە هەوڵ دەدەن ئیرادەی ئەوانی دیکە بخەنە ژێر ئیرادەی خۆیانەوە و سەردەستیی خۆیان بسەپێنن.

قاســملوو لە خەباتی ئازادیخوازانەدا پێڕەوی لــە مێتۆدەکانی خەباتی ڕەوای بە پێویســت دەزانــی و دژی بەکارهێنانی تیرۆریزم بوو، کە ئــازادی و ژیانی خەڵکی ســڤیل و ئەوانەی کە پێوەندییان بە کێشــەکانەوە نییە، دەکاتە ئامانج. ئەو دەڵێت: لەلایەک دەبێت هەوڵ بدرێت هۆکارەکانی تیرۆریزم، وەک نادادپەروەری و ســتەمی نەتەوایەتی و هتد لە نێو ببردرێت و لەلایەکی دیکە دەبێت نەک تەنیا لەگەڵ تاقمە تیرۆریســتیەکان، بەڵکوو هەروەها لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە کە هاندەری ئەم گرووپانەن خەبات بکرێت و ســەرکەوتنی وەها خەباتێک بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی هەموو نەتەوەکانی تینوو و ئەویندار ئازادی لە سەرتاســەری دنیادا، بەتایبەت نەتەوەکانی جیهانی سێهەم و جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی ڕەسەن و دێموکراتەکان.[۳] بە بۆچوونی قاســملوو، بــۆ خەباتی ڕەوا دەبێت لە کەرەســتەی ڕەوا کەڵــک وەربگیرێت، یانی

---

۱. بەهرامی. ۶۸۳۱. ل. ۷۷۲
۲. بەهرامی. ۶۸۳۱. ل. ۹۳۲-۷۳۲
۳. بەهرامی. ۸۰۰۲. ل. ۸۶-۷۶

قاسملووش بڕوای بەو یاسایە هەبوو کە بۆ گەیشتن بە ئازادی، نابێت ئیزن بە خۆمان بدەین کە زەربە لە خەڵکی دیکە بدەین، کە پێوەندییان بە کێشـــەکەوە نییە. ئەوە لەلایەک خوێندنەوەیەکە بۆ بەرزەخۆیی کەســـێکی ئازادیخواز و لەلایەکی دیکەوە هەڵســـەنگاندنێکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە کام نـــرخ دەبێت لە خەباتی ئازادیخوازانەدا بایەخی پێ بدرێت. خەباتی ئازادیخوازانە بۆ نیشـــاندانی ئەو ڕاســـتییەیە کە ئەگەر لایەنێک یان کەســـێک هـــەوڵ دەدات بۆ ڕێالیزەکردنی حـــەز و ئارەزووی خۆی و لایەنەکەی و بۆ ئەم مەبەســـتە سەردەستیی خۆی سەپاندووە، وەها سەردەستییەک بەبێ دانی هیچ نرخێک ناتوانێت بەردەوام بێت و ژێردەستەکان ئامادەن بۆ سڕینەوەی ئەم سەردەستییە نرخی پێویست بدەن.

قاســـملوو ڕادەی پێشـــکەوتووبوونی جووڵانـــەوەکان بـــە بەشـــداریی ژنان لەو جووڵانەوەیـــەدا دەبەســـتێتەوە. ئەو بەشـــداری کەمی ژنان لە خەباتـــدا بە لاوازیی خەباتی نەتەوەی کورد و پاشـــکەوتوویی کۆمەڵ بەگشـــتی دەزانێت، دەمارگیریی نابەجێی ئەندامان و بەرپرســـانی حیزبی ســـەبارەت بە تێکۆشانی ژنان لە حیزبدا و ئامادەنەبوونی خودی ژنان بە کۆسپ و بەربەستی سەر ڕێگای ئەو بەشدارییە دێنێتە ئەژمار.[1] ئەو بۆچوونەی قاســـملوو نیشـــان دەدا کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا کۆسپ و بەربەســـتەکانی سەر ڕێگای ئازادیی ژنان زیاترن لە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئازادیی پیاوان و هەڵگرتنی ئەو کۆســـپ و بەربەستانە بە پێویست دەزانێت و خەباتی یەکسانیخوازانە بە بەشێک لە خەبات بۆ ئازادی لە تەواوییەتی خۆیدا دێنێتە ئەژمار و ئەو خەباتە لە خزمەتی ئازادیی نەتەوەیی و ئازادی بەگشـــتی لە کۆمەڵگادا دەبینێت. یانی بۆ ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بێجگە لە لابردنی زۆرداریی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاســـی پێویستە کە سەردەستیی پیاوانیش لەسەر ژنان لا ببردرێت.

قاســـملوو گەیشـــتن بە ئازادی لە کوردســـتانی داگیرکراو لەلایەن ئێرانەوە، لە

---

١. بەهرامی. ١٣٨۶. ل. ١٩٧-١٩۶

نەمانـــی ڕێژیمـــی خومەینیدا دەبینی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمـــەش لە ڕێگای خەباتی چەکداریی شێلگیرانە کە لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی خەبات هاوتەریب بەرەو پێش ببرێـــت، بە لواو دەزانی.[١] ئەو هزرەی قاســـملوو بەپێچەوانـــەی هزری ئەوانە بوو کە پێیان وابوو بە هۆی سروشتی دژی ئیمپرالیستیی ئەو ڕێژیمە، دەبێت خۆیان لەگەڵ ڕێژیم بگونجێنن. قاســـملوو خۆگونجاندن لەگەڵ ڕێژیمێکی تۆتالیتار بە هۆی ئەوەی کە خۆی بە ڕواڵەت دژی ئیمپریالیستی نیشان دەدا، دوورکەوتنەوە لە پرنسیپەکانی شۆڕشـــگێڕی دەزانی و ئامادە نەبوو سەردەستیی ئەو ڕێژیمە قەبووڵ بکات. قاسملوو خەبـــات لە پێناوی ئازادی بە پێویســـت دەزانی، بەڵام لەگەڵ ئـــەوەدا نەبوو کە بە بێســـوود و بە نرخێکی گران زەربە لە دوژمن بدرێت. قاســـملوو دەڵێت: «بەگشـــتی زەربە لە دوژمن دان زۆر باشە، بە شەرتێک بە نرخێکی هەرزان جێبەجێ بێت».[٢]

قاسملوو لەسەر نێوەڕۆکی شەڕی پێشمەرگە دەڵێت: «نابێ لە بیرمان بچێت کە پێشمەرگە لە پێناوی وەدەســـتهێنانی ئەو ئامانجانەی گەلی کورددا خەبات دەکات کە دوژمنانی ئازادی بە ئاشـــتی حازر نەبوون قەبووڵیان بکەن و بۆ ســـەرکوتکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد پەلاماریان هێناوە و شـــەڕیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا ســـەپاندووە. کەوابوو شـــەڕی پێشمەرگە شـــەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و لە ئاکامدا شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە و عادڵانە».[٣] یانی سەرەڕای ئەوەی کە خەبات بۆ ئازادی قورس و گران بوو، بەڵام قاسملوو ئامادە نەبـــوو پەنا بـــۆ قەڵای دەروونیی خۆی ببات و ئیزن بـــدات کە حیزبەکەی ئامانجی ئازادیخوازانەی فڕێ بدات بۆ ئەوەی کە بتوانێت خۆی ئازاد هەســـت پێ بکات. ئەو بە هەڵســـەنگاندنێکی بەهێز بۆ دیاریکردنی ســـنووری نێوان ئامانج و کاراکتەرەکانی گرینگ بۆ ناســـنامەی خۆی و ئەوانەی کە لـــە ژێر ڕێبەریی ئەودا خەباتیان دەکرد، دەڵێـــت: «بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشـــگێڕێک گرینگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات

١. بەهرامی. ٦٨٣١. ل. ٥١٢
٢. بەهرامی. ٤٨٣١. ل. ٣٨
٣. بەهرامی. ٤٨٣١. ل. ٧٥٢

شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیدعا بکا، کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتووە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی».[١]

قاسملوو نرخی سەپاندنی سەردەستیی ڕێژیمی خومەینی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بۆ ڕێژیم بە گران دەزانێت و دەڵێت: لە ماوەی دە ساڵ خەباتی دژی ڕێژیمی خومەینیدا [١٩٧٩-١٩٨٩]، زیاتر لە ٤٠ هەزار لە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژراون.[٢] قاسملوو شەڕ لە کوردستاندا بە هەڵەی ئەوانە دەزانێت، کە دەیانەویست دەسەڵاتی خۆیان بە زۆری چەک بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن و هەڕەشەیان لە مان و مەوجوودییەتی کورد دەکرد. قاسملوو دیفاع لە ئازادی بە ئەرک دەزانێت و دەڵێت: تا ئاخرین دڵۆپی خوێن، دیفاع دەکەین.[٣] قاسملوو شەڕی حکوومەتی داگیرکەری ئێران، شەڕ بۆ سەر نەتەوەی کورد و لەنێوبردنی ئازادی و دێموکراسی ناو دەبات.[٤] قاسملوو بە نیشاندانی ئەو هەژمارە لە کوژراوەکانی چەکدارەکانی ڕێژیم، ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە کورد بۆ نەهێشتنەوەی سەردەستیی ڕێژیمی خومەینی کە کۆسپ و بەربەستی سەرەکیی سەر ڕێگای ئازادیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە، بە هەموو توانای خۆیان هەوڵ دەدەن. قاسملوو دەڵێت: ئەگەر نەتەوەیەکی زیندوو ئازادیی بوێ و بیەوێت بە مافەکانی بگات، نابێت لە فیداکاری و لەخۆبردوویی بترسێت.[٥] هەروەها دەڵێت: ئەگەر نەتەوەیەک لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی فێری فیداکاری بێت، لە هیچ فیداکارییەکی ناکشێتەوە.[٦] دیسان دەڵێت: شەهیدبوون بۆ ئەوان ئامانج نییە، بەڵام تا گەیشتن بە ئامانج کە ئازادیی گەلەکەیانە ئەگەر پێویست بێ گیانی خۆیان بەخت بکەن، نابێ یەک ئانیش دوودڵ بن.[٧] ئەوە

١. بەهرامی. ١٣٨٢. ل. ٨٩
٢. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٢٢
٣. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٩٦-٩٤
٤. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١١٦
٥. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٢٠
٦. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٠٩
٧. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٦٤

نرخاندنێکی زۆر بەهێزە بۆ پیشـــاندانی بەرزەخۆییـــی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وتەکانی قاسملوو وەک ڕێبەری خەباتی ئازادیخوازیی کورد و گرینگیدان بە ئازادی و ســـڕینەوەی سەردەستیی ئەوانی دیکە گرنگە، هەروەها هێنانی یەکێکی تر لـــە بەناوبانگترینی وتەکانی قاســـملوو لە بارەی خەباتـــی ئازادیخوازانە کە بووە پێناسەیەک بۆ نرخی ئازادی، لە کۆتاییی ئەو بەشەدا پێویستە:

*«گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێت نرخی ئەو ئازادییەش بدات. هیچ میللەتێک بەبـــێ زەحمەت و تێکۆشـــان، بەبێ فیداکاری، بەبـــێ بەختکردنی رۆڵە بەنرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشـــتووە. گەلـــی کوردیش و حیزبی ئێمەش کە پێشـــڕەوی خەباتی گەلی کوردە، لەمێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی فیداکاریی دەوێ، خۆبەختکردنی دەوێ. کاروانی شـــەهیدانمان درێژە، بەڵام ڕەنگە لەوەش درێژتر بێ.*

*ئێمە لە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهیدانمان، لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێـــژە بڕیارمان داوە کە تەنیـــا و تەنیا کارێک کـــە دەتوانین بکەین لـــە بەرچاو و لە بەر بیری شـــەهیدانمان شـــەرمەزار نەبین، ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەر نەدەین، وەک ئەوان تاســـەر ئەو ڕێگایە بڕۆین. لە هیچ تەنگوچەڵەمەیەک نەترسێین، لە هیچ سەختییەک نەکشێینەوە.*

*خەباتـــی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە، خەبات بـــۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بـــۆ دوارۆژ و دوارۆژی منداڵەکان و نەســـڵەکانی دیکەیـــە. ئەگەر ئێمە وەک ئەو نەســـڵە، ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجـــێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسڵی داهاتوومان شەهیدی نەبێت، هەروەها کە ئەگەر نەســـڵی ڕابردوو یا نەســـڵەکانی ڕابردوو بەچاکـــی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا، ڕەنگ بێ ئەو نەســـڵەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو. بۆیە بیرەوەری شـــەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمانهێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیر و*

*باوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕش و بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت: هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکا و هەم میللەتەکەمان ڕزگار دەکا بۆ ئەوە ئیدی لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبێ».*[1]

## ژێدەرەکان

بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ٢٠٠٨. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو» (بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم).
بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ١٣٨٤. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « (بەرگی دووهەم).
بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ١٣٨٦. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « ( بەرگی سێهەم).
بهرامی کاوه. گردآورنده. ١٣٨٨. «کردســـتان، رنج و ایســـتادگی- بخشی از مقالات و مصاحبه‌های دکتر عبدالرحمن قاسملو» (تاڤگەی هەقیقەت بەرگی چوارەم).
بازیار ســـمایل، ٢٠٢٠. «کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان / حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە (١٩٤٥-١٩٩١).
قاسملوو. ١٣٦٨. «وتاری قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال لە سەر وتووێژ» https://n9.cl/34lgx لە خوڵەکی ٠١:٠٠-٠١:١٠
نامەی قاســـملوو بۆ ڕەجەوی کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٢.٥.٢٠ نووسراوە. ئەو نامەیە لە لایەن حەسەن ئەیووبزادەوە لە سەر تۆڕی ئینترنێت بڵاو کراوەتەوە.
دوکتۆر مەحموود عوسمان. پێشکەش‌کردنی وتار بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە. https://n9.cl/v1bgh

١. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٠٨-١٠٧

## مانیفێستی ئازادیخوازی لەسەر بنەمای هزرەکانی قاسملوو

قاسملوو یەکێک لەو دەگمەنە ڕێبەرانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە دوای چەندین دەیە لە نەمانی، هزرەکانی هەنووکەش لە گۆڕەپانی سیاسەت و خەبات بۆ ئازادیدا گرینگی و کاریگەریی خۆی هەیە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت بە لەبەرچاوگرتنی بەشەکانی ڕابردوو، مانیفێستی ئازادیخوازیی لەسەر بنەمای هزرەکانی قاسملوو فۆرموولبەندی بکرێت.

### ڕاستییەکان

**خەباتی نەتەوەیی و ڕەخنە لە ڕەوشی ئێستای زاڵ بەسەر چارەنووسی کورددا**

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەگەرچی مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس بۆ نەتەوەکان یەکێک لە گرینگترین پرسەکان لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا بوو، بەڵام بە هۆی بەرژەوەندییە ژئۆپۆلیتیکەکان، ئابووری و ستراتێژیکیی زلهێزەکان ئەو مافە وەک پێویست بۆ هەموو نەتەوەکان لەبەرچاو نەگیرا و لە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکاندا جێبەجێ نەکرا. یەکێک لەو نەتەوانە کە لە باری مافی چارەنووسدا

نە پرسی پێ کرا و نە مافەکانی لەبەرچاو گیرا، نەتەوەی کورد بوو. بڕیار وابوو لەسەر مافی نەتەوەکان خاڵێک لە پاکێجی کۆمەڵەی نەتەوەکان بگونجێندرێت، کە لەســەر بنەمای هزرەکانی «ســەرکۆمار ڕووزوێڵت» داندرابوو و بە «خاڵی ١٠» بەناوبانگ بوو. ئەو خاڵە ئەگەرچی ولاتانی لە دەســتێوەرانی دەرەکی دەپاراست، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتاندا دەســتیان بۆ گۆڕانکارییەکان ئاوەڵا دەهێشت لە هێڵی مافی خۆبڕیاردان بۆ گرووپــە کەمایەتییەکان. بە هۆی ئەوەی کە ئەو هزرە هیچ گارانتییەکی لە پشــت نەبوو، نەیتوانی ســەرکەوتن بەدەســت بێنێت و لە پاکێجــی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا لابــرا و لە کۆتاییدا هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکرا. دانی مافی چارەنووس بە کەمایەتییە نەتەوەییــەکان لە چــاو کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، بەهێزکردنی ئانارشــی لە جیهان و لاوازکردنــی ســەقامگیریی نێوخۆیــی وڵاتان دەهاتــە ئەژمار و بۆیــە چۆنیەتیی چارەســەریی پرسی مافی چارەنووس وەک مەســەلەیەکی نێوخۆیی هاتە ئەژمار و پشتیوانی لە مافی حاکمیەتی حکوومەتە داگیرکەرەکان کرا، ئەگەرچی لەلایەن ئەو کۆمەڵەیەوە پاراســتنی کولتوور و مافی خودموختاری بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە ڕەوا زانرابوو. ئەوە بەو واتایەیە کە مافی چارەنووســی نەتەوە بندەســتەکان وەک مافێکی نێوخۆیی قەبووڵ کرا، بەڵام ئەوان لە بڕیاردان لەســەر چارەنووســیان وەک پرســێکی دەرەکی بێبەش کران.[1] پێداگریی قاسملوو لەسەر ئەو پرنسیپە کە پرسی کورد پرسێکی نێوخۆیی وڵاتانی داگیرکەر نییە، لەو ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت کە وڵاتانی داگیرکەر تا ئەو جێگایە کە پێوەندیی بە حەز و ئارەزووی خۆیانەوە هەیە، مافی چارەنووس بۆ نەتەوە بندەســتەکان بــە ڕەوا نابینن. بەس دەبێت ئەو مافە لە دەرەوەی ئیرادەی داگیرگەران پێداگری لەسەر بکرێت و جێبەجێ بکرێت.

لە سەردەمی دوای شــەڕی یەکەمی جیهانیش پشــتگیریی کۆمۆنیستەکان و

1. Norheim Tor Johan. 2015. «Retten til ytre selvbestemmelse etter folkeretten Hadde befolkningen på Krimhalvøya rett til å løsrive seg fra Ukraina våren 2014?». (Tromsø: Masteroppgave, Universitetet i Tromsø). p. 12-16
https://n9.cl/ck8sk

یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ مافی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان زۆرتر بۆ ئەوە بوو، کە ئەوان دوای ڕزگاربوون ببن بە ملکەجی بیری کۆمۆنیستی و دیکتاتۆریی پرۆلتاریا و لە ڕاستیدا پشتگریی ئەوان لە مافی چارەنووس زۆر شتێکی ڕواڵەتی بوو.

مافی جیابوونەوە بۆ نەتەوە بندەستەکان لەلای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئەسڵدا دەوڵەتە یەکگرتووەکانەوە بوون، وەک دوایین ڕێگەچارە دانرابوو کە ئەگەر حکوومەت توانایی یان حەزی بۆ پاراستنی کەمایەتییەکە نەبوو، ئینجا کەمایەتییەکان دەتوانن داوای جیابوونەوە بکەن. ئەگەرچی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بڕیاربەدەستەکان لەوانەیە بیانوویان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی داگیرکراو و بندەستی سووریە و عێراق ئەوە بووبێت کە عێراق و سووریە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزرابوون و هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نەبوو، کە بسەلمێنن ئەو دوو حکوومەتە لەوانەیە کوردەکانی ژێردەستی خۆیان بچەوسێنن و مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسیان لێ زەوت بکەن، بەڵام هەم پێش و هەم دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەوڵەتانی تورک و فارس نیشانیان دابوو، کە ڕێز لە مافی نەتەوەییی کورد ناگرن و بە هەموو شێوەیەک بەردەوامی بە سیاسەتی سەرکوت، تواندنەوە و ژێردەستهێشتنەوەی نەتەوەی کورد دەدەن، بەڵام هیچ لایەنێک گوێی بۆ داخوازە نەتەوەیییەکانی کورد شل نەکرد و لە ئاکامدا شۆڕشە نەتەوەیییەکانی کورد یەک لە دوای یەک تووشی نسکۆ و شکست هاتن.

لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، کورد لەو دەرفەتەی کە بۆی هاتبووە پێش کەڵکی وەرگرت و هەوڵی دا بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئیرادەی نەتەوەییی خۆی ڕئالیزە بکات و دەوڵەت-نەتەوەی کوردی دامەزرێنێت. کەچی لەو هەوڵەشدا نەیتوانی لە بەرامبەر داگیرکەراندا سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بە هێزی چەکداریی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، ئەو دەوڵەتە نەتەوەیییەش لە نێو برا.

لە سەردەمی شەڕی سارددا کورد هەوڵی دا کە بۆ چەسپاندنی مافی چارەنووسی

خۆی لەژێر سـێبەری سیاسـەتی نێونەتەوەیی دووجەمسەریدا، خەباتەکەی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسـەتی نێونەتەوەیی ڕێک بخات. بۆیە هەوڵی دا کە پرسـی مافی چارەنووسـی کورد لە هـەر پارچەیەکی کوردسـتاندا لە چوارچێـوەی نێوخۆییی هەریەک لە وڵاتانـی داگیرکەردا بەدواداچوونی بۆ بکات. ئاکامەکەشـی بووە هۆی ئەوەی کە پرسی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە دابەزێندرا بۆ خودموختاری یان فیدراڵی لە چوارچێوەی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا. کەچی کورد نەیتوانی لەو هەنگاوەشدا سەرکەوتنێکی هەستپێکراو بەدەست بێنێت، چونکە سـەرەڕای هەوڵ و تێکۆشـانی نەتەوەی کورد، هیـچ لایەنێک لەو جیهانە پانوبەرینـەدا ئامادە نەبوو پرسـی کورد وەک پرسـێکی دەرەکیـی ئەو حکوومەتە داگیرکەرانە ببینێت و حکوومەتـە داگیرکەرەکانیش هیچ کاتێک ئیرادەی ئەوەیان نەبوو کە ئەو پرسە وەک پرسێکی نێوخۆیی چارەسەرییەکی دادپەروەرانە و گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

مافـی چارەنووس ئەگەرچی لە جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (لە ڕاسـتیدا دەوڵەتە یەکگرتووەکان) بە ئاشکرا ئاماژەی پێ نەکراوە، تاکوو نەبێتە هۆی ئانارشیزم لە جیهاندا (بۆ وڵاتانی کۆلۆنی ئەو مافە بە فەرمی ناسراوە)، بەڵام مافێکە کە گەلانی چەوسـاوە دەتوانن بەکاری بێنن و بە دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی خۆیان بە بەختیاری و سـەربەرزی بژین. کاتێک کە حکوومەتـە داگیرکەرە ناوەندییەکان نەک مافە سیاسـی، ئابووری و کولتوورییەکانی کورد ناپارێزن، بەڵکوو هەڕەشەش لەسـەر هەبوون و ژیان و مافی کورد، لە وەهـا هەلومەرجێکدا دەبێت کورد ببێتە خاوەنی سەروەریی خۆی تا بتوانێت لەو هەڕەشانە خۆی بپارێزێت و درێژە بە ژیانی بدات. دەبێت ئەو سـەروەرییە هەم لەلایەن یاسـا نێونەتەوەیییەکانەوە پارێزراو بێت و هەم کورد بۆ خۆی دەرفەتی خۆپاراسـتنی هەبێت. لەو جێگایەوە کە سـەروەریی کوردسـتان دەسـت پێ بکات، دەبێت سـەروەریی هەموو داگیرکەرانی کوردستان کۆتایی پێ بێت.

زانایـــان و تئۆریســـییەنەکان باس لە دوو هۆکاری ســـەرەکی دەکەن، کە مافی جیابوونـــەوە بە گرووپێـــک دەدات تاکوو لە وڵاتی ســـەرەکیی خۆیان جیا ببنەوە و وڵاتێکی دیکەی سەربەخۆ بنیات بنێن. ئەو دوو هۆیە ئەوەندە بەهێزن کە خواستی «یەکپارچەیی خاک»ـــی وڵاتان دەتوانرێت بە هۆیانـــەوە وەلا بنرێت. هۆی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەر وڵاتێک پێشگیری بکات لە گرووپێکی دیاریکراو لە بواری نێوخۆییدا کە مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت و خۆی بەڕێوە ببات. هۆی دووهەمیش ئەوەیە کـــە ئەگـــەر وڵاتێک مافی مرۆیی گرووپێک بە شـــێوەیەکی بەهێز پێشـــێل بکات، ئەو کات ئـــەو گرووپە دەتوانێت بڕیاری جیابوونەوە بـــدات. لەو دوو حاڵەتەدا مافی جیابوونەوە بۆ ســـزادانی ئـــەو وڵاتانە کە مافی خەڵک پێشـــێل دەکەن، بە گرووپە چەوساوەکان دەدرێت. ئەو مافە لەو فەلسەفە ئەخلاقی و هزرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێت: «نادادپەروەرییەکان دەبێت ڕاســـت بکرێنەوە». ئەو هۆیانە وەک یاســـا بۆ ســـزادانی حکوومەتە پێشـــێلکەرەکانی مافی کەمایەتییەکان لە هیچ کۆنوانسیۆنێک یان پەیماننەمەیەکدا ڕاســـتەوخۆ ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام لە نێو ئەو مافانەدا کە وەک عـــورف و دابونەریـــت بوونیان هەیە، بەپێی ئەزموون ســـەلمێندراون و بە کار هاتوون. پرنسیپی پێنجەم، بەشی حەوتەمی شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پەیوەندییە دۆستانەکان کە باس لە سەروەریی خاک و یەکپارچەیی وڵاتان دەکات، بـــەڵام هـــەر لەو کاتەدا باســـی ئەوەش دەکات کـــە حکوومەتەکان دەبێت نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی خۆیان بکەن بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، بیر و باوەڕ و ڕەنگ؛ یانی ئەگـــەر حکوومەتێک جیاوازی دابنێت لە نێـــوان خەڵکەکەیدا و نوێنەرایەتیی هەمـــوو خەڵکەکە نەکات و بیانچەوســـێنێتەوە، بەو مانایەیە کە ئیدی یەکپارچەییی خاکی وڵاتەکە خەوشـــەهەڵگرە و دەتوانێـــت دابەش بکرێت. لەو مافە عورفییە کەڵک وەرگیراوە بۆ ســـەربەخۆیی بەنگلادش و جیاکردنەوەی جەزیرەی ئۆلاند لە فینلاند و نووســـاندنەوەی بە سوئیدەوە و لە بارەی چارەنووسی زۆر شوێنی دیکە (بۆ نموونە کۆزۆڤۆ).

شـــەرت و مەرجی ئەوەی کە مافی جیابوونەوە وەک سزایەک بە کار بهێنرێت، دەبێت لە پێشـــدا بە جوانی و تەواوی ڕوون بکرێنەوە. لە پێشدا دەبێت بزانرێت کە ئەو مافخوازانە دەتوانن وەک گرووپ بە حەســێب بێن یان نە. لەســـەر ئەو بنەمایە گەلۆ ئەو گرووپە پێشـــیان پێ گیـــراوە کە نەتوانن لە نێوخـــۆی وڵاتی مەوجووددا مافی خۆبەڕێوەبەری بە دەســـتەوە بگرن و یان ئەوەی کە تووشی پێشێلکرانی ماف بە شـــێوازێکی جیددی هاتوون!؟ و لە کۆتاییدا، گەلۆ مافی جیابوونەوە تەنیا ڕێگای گونجاوە یان نە (یانی دوایین ڕێگای چارەســـەری)!؟ تـــا ڕادەیەکی زۆر دەبێت ئەو مەرجانـــە بەردەوام وەک زنجیر یەک لە دوای یەکدا چاویان لێ بکرێت.[1] ئەگەر ئەو ڕاســـتییانەی لە ژیانی نەتەوەی کورددا ڕوویان داوە لە بەرچاو بگرین، سەربەخۆیی وەک تەنیا ڕێگای لواو بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد لە هەر یەک لە پارچەکاندا بەئەژمار دێت. بەڵام هەلومەرجی جیهانی لە لایەک و دابەزاندنی ویستی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد لەلایەن پارتە سیاســـییەکانی کوردەوە کە سەربەخۆیی بوو بۆ خودموختاری و فیدراڵیزم و بە نێوخۆییکردنی پرســـی کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا ئەو دەرفەتەی دا بەدەســـت دوژمنانی کوردەوە کە مافەکانی کورد پێشێل بکەن و کورد بـــۆ خۆی ئەو هێـــزە چەکدارییەی نەبوو، کە بتوانێت داخوازییەکانی خۆی لەســـەر دوژمناندا بسەپێنێت، بۆیە بە ئامانجەکانی نەگەیشت.

لە ســـەردەمی گلۆبالیزمیشدا هێشتا زۆر نەتەوە، گرووپ و تاکەکەس هەن کە لە نەبوونی ئازادیدا ڕۆژانە ڕەنج دەکێشـــن و پرســـی ئازادی هەنووکەش لە هەموو بەشەکانی جیهان و لە نێو نەتەوە و گرووپە جیاجیاکاندا بە هۆی زۆرداری و ستەم لە بیچم و شێوازی جۆراوجۆردا پرسی ڕۆژە، و ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە خەبات بۆ بەرفراوانکردن و گەشەپێدانی ئازادی پرۆسەیەکی بەردەوام، بێنێوبڕ و بێکۆتاییە. خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی نەتەوە بندەســـتەکان، پەرەپێدانی دێموکراسی، یەکسانی، خەبات بە دژی بناژۆییی ئۆلی، تیرۆریزم و ڕێژیمە تۆتالیتارەکان و خەبات

1. Norheim. 2015. p. 19-34

بۆ هەبوونی شێوەژیانی جۆراوجۆر و پلۆرالیستی هەر کامەیان بەشێک لە پرۆسەی ئەمڕۆی ئازادیخوازیی جیهانی پێک دێنن. ئێمە گەشــە، پێشکەوتن و هەڵکشانی ئاســتی ئازادی لــە جیهاندا لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیــدا دەبینین و بۆیە لە هەر بزاڤێکی ئازادیخوازانە کە لە ئیرادەی سەربەخۆی ئەو خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بۆ ئازادیی خۆیان خەبات دەکەن و لە تێکۆشانیاندا لە پرنسیپەکانی خەباتێکی ڕەوا بــۆ ڕێئالیزەکردنی ئامانجەکانیان کەڵک وەردەگرن، پشــتیوانی دەکەین. ئێمە بەتایبەتی خەباتی هەموو نەتەوەیەکی بندەست بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان بە دادپەروەرانە و ڕەوا دەزانین و لە خەباتی ئەو نەتەوانە بە دەستی خۆیان پشتیوانی دەکەین. ئێمە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ مافی نەتەوەیی، دێموکراسی و ڕزگاربوون لە سەردەســتیی نەتەوە داگیرکەرەکان بە بەشێک لە خەبات بۆ ئازادی لە جیهاندا دەژمێرین و باوەڕمان وایە کە بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد دەبێتە هۆی ســەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دابینبوونی بەختیاری بۆ زیاتر لە ٥٠ میلیۆن کەس و ئەوەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هەڵکشانی ئاستی ئــازادی و بەختیاری لە جیهاندا. نەتەوەی کورد لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا لە پرنسیپەکانی خەباتێکی ڕەوا کەڵکی وەرگرتووە و هەموو کاتێک خۆی لە تیرۆر و ئــەو کردەوەیانــەی بە دوور گرتووە، کە ئازادی و ژیانــی ئەو خەڵکە بێلایەنەی بکاتە ئامانج کە بەشــێک لە کێشــەکە نین. نەتەوەی کورد خەباتی خۆی لەسەر خاکی نیشــتمانی خۆی و بۆ دەرپەڕاندنی داگیرکــەران بەڕێوەی بردووە. هەر لەو کاتــەدا داگیرکەرانی کوردســتان بە هەموو هێز و توانــای خۆیان و بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانیان هەوڵیان داوە، کە بەردەوامی بە سیاســەتی داگیرکارانەی خۆیان لە کوردســتان بدەن و لە ئاکامی ئەو سیاســەتە بە بێبەشــکردنی نەتەوەی کورد لە ئازادی و مافە مرۆییەکانی، ژیانی ئەو خەڵکەیان تووشــی پرســگرێکی گەورە کردووە و گیان و ناســنامە وماڵی میلیۆنان کەســیان خستووە مەترسییەوە، ژیان و ماڵی زۆر کەسیشــیان تەفروتوونا کردووە، ژیانی زۆر کەسیان ڕۆژانە بەرەوڕووی

هەڕەشـــە کردووە و ناســـنامەی میلیۆنان کەس لە ئاکامی سیاســـەتی تواندنەوە و ئاسمیلاســـۆنی نەتەوەی سەردەســـت گۆڕدراوە. ئەوان بە دروستکردنی زیندان و ئەشـــکەنجەدانی کوردە ئازادیخوازەکان، ئەگەر گیانیشـــیان لێ نەئەستاندبێت، بە هەتکردن و بێڕێزیکردن بە جەوهەری مرۆڤیی ئەو ئازادیخوازانە، ویســـتوویانە ئەم نەتەوەیە لە ئامانجەکانی پاشەگەز بکەنەوە. هەموو ئەو جینایەتانە کە دەرهەق بەو نەتەوە ڕەنجکێشـــاوە بەڕێوە چووە، نەبووە هۆی بزاوتنی هەستی خەڵکانی دیکە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی ئەوان بۆ خەباتێکی ئازادیخوازانەی ڕەوا کە نەتەوەی کورد بەڕێوەی دەبات. هەموو ئەو شـــتانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە پێشـــمەرگە و شـــەڕڤانانی کورد لە شـــەڕی دژی تیرۆریزمدا بە دانـــی نرخێکی زۆری ماددی و مرۆڤی، هەموو جیهانیان لە جینایەتەکانی گرووپە تیرۆریســـتییە ئیســـلامییەکان پاراست.

ئەو ڕاســـتییانەی کە لە ســـەرەوەدا ئاماژەیـــان پێ کرا، نابنە هـــۆی ئەوەی کە ڕەخنـــە لە خۆمان وەک کوردیش نەگرین. کورد یەکێک لە ناتەباترین، ناگرتووترین نەتەوەکانی ســـەر گـــۆی زەوییە. ئەو ناگرتوویییە لە ســـەردەمی پێـــش دامەزرانی ڕێکخراوە سیاسییە نوێژەنەکاندا، لە شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان عەشیرەتەکان و میر و بەگ و ســـنجاقەکاندا دەبینین و لە ســـەردەمی دواتردا لە ناکۆکی و شەڕی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیشـــدا دەبینرێت. ئەو ناکۆکییانە دەســـتی دوژمنانی کوردیـــان بۆ دزەکردنە نێـــو پێوەندییەکانی کورد بە کوردەوە ئـــاوەڵا کردووە و ئەو یەکـــەش گەورەترین زەربەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانی داوە. نەتەوەی کورد بەگشـــتی و حیزب و ڕێکخراوە سیاســـییەکان بەتایبەتی دەبێت هەرکامەیان هەر هیچ نەبێت بۆ بەرەوپێشـــبردنی خەباتـــی خۆیان و بەئاکامگەیاندنی ئەو خەباتە خەسارناســـییەک لەسەر ڕابردووی خۆیان بکەن و لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەک پێداچوونـــەوە بکەن و لە پێناوی هاوخەباتی و یەکگرتوویەکی بەردەوام و هەرماندا تێکۆشن.

**بەهاکان**

بەها نەتەوەییەکان: نەتەوەی کورد خاوەنی زۆر بەهای هاوبەشی گشتییە، کە فاکتەرە سەرەکییەکانی نەتەوەبوونی کورد دەسەلمێنن و پێویستە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا بەهێزتر بکرێن. ئـــەو بەهایانە لەلایەک پێوەندییان بە تێگەیشـــتنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی نەتەوەی کوردەوە هەیە و لەلایەکی دیکەوە مان و هەبوونی نەتەوەکەمان دەســـتەبەر دەکەن. تاکی کورد پێویســـتیی بەو بەهانەوە هەیە کە پێوەندیدارن بە کرپاری گشـــتی بۆ ئەو ژیانە باشـــەی کە نەتەوەی کورد بۆ خـــۆی هەڵیدەبژێرێت. زەقکردنـــی ئەو بەهایانە دەبێتە هۆی پڕڕەنگکردنـــی جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوە فەرمانڕەواکان و دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان تێڕوانینی ڕزگاریخوازانە لەگەڵ تێڕوانینی داگیرکارانە بۆ ژیانی باش و بەڕێوەبردنی ئەو تێڕوانینە لە پراکتیکدا. کار لەسەر کولتووری هاوبەش، ناساندنی قارەمانە نەتەوەییەکان، ئافراندنی هەستی هاوبـــەش و گرینگیـــدان بە نیشـــتمان و خاکی نەتەوەیی و زمـــان و مێژوو و هتد لەو بەهایانەن کە نەتەوەکەمان بەوانەوە هەســـت بـــە بوونی خۆی دەکات. هەروەها ئاشتیخوازی و ژیان لە کۆمەڵگایەکی پلۆرالیستی لە بواری سیاسی، ئۆلی و شێوازی ژیان لەو بەهایانەن، کە بناغەی ژیانێکی باش لە ڕوانگەی کوردییەوە پێک دێنن.

مافـــی چارەی خۆنووســـین: هـــەر نەتەوەیەک مافی خۆیەتی کە چارەنووســـی خۆی بەدەســـت خۆیەوە بێت و بە گوێرەی ئیرادەی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. مافی دیاریکردنی چارەنووســـیش مافێکـــی دینامیکە کە لە جیلێکەوە بـــۆ جیلێکی دیکە دەتوانێت بگۆڕدرێت. بۆیە هەر جیلێک بەرپرســـیارە لە بەرامبەر چارەنووســـی خۆیدا و دەبێت ئەو ماف و ئازادییەی هەبێـــت، کە بۆ خۆی بڕیاردەر بێت لەســـەر چارەنووســـی خۆیدا. دوژمنانی نەتەوەی کورد نابێت چاوەڕوان بن کە کورد بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئیرادە و پرێفرانسەکانی ئەوان خۆیان ئازاد هەست پێ بکەن و یان لە نەبوونی ئازادی و بە هۆی داگیرکاری و سەردەســـتیی ئەوانەوە پەنا بۆ قـــەڵای دەروونیی خۆی ببات و ئینکاری هەبوون و مـــاف و ئازادییەکانی بکات.

ئازادیی نەتەوەیی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پۆزیتیڤی هەیە بە ئیرادە و ئامانجەکانی هەر نەتەوەیەک و نەتەوەی کورد بەباشی ماف و هەرێمی تایبەتیی خۆی بۆ ئازادی دەناسێت.

نەتەوەی کورد لە ســەردەمی ئێستادا بەدەســتهێنانی مافی چارەنووسی وەک ئامانجێکــی بەرز بۆ خــۆی دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی کە لە چ ســەردەمێکدا لە کام شــێوازی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەیەوێــت کەڵک وەربگرێت، پێوەندیی بــە ئیرادەی نەتەوەکەمان بەگشــتی و ئیرادەی نەتەوەکەمان لــە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بەتایبەتی هەیە. نە سەپاندنی ئیرادەی نەتەوە سەردەست و داگیرکارەکان بەســەر نەتەوەکەماندا بە ڕەوا دەزانین و نە ســەپاندنی ئیرادەی نەتەوەی کورد لە پارچەیەکی کوردستاندا لەسەر بەشێکی دیکەی نەتەوەکەمان لە پارچەیەکی دیکەدا بە ڕەوا دەزانین. ئەوەی کە ئەرکێکی ئەخلاقی دەخاتە سەرشانی نەتەوەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردســتاندا، ئەوەیە کە پشــتیوانیی لە ویست و ئیرادەی نەتەوەکەمان لــە هەر یەک لە پارچەکانی کوردســتاندا بکەن و بۆ سەرخســتنی ئیرادەی ئەوان یامەتیدەر، هاوکار و پشتیوان بن.

خەبات و تێکۆشــانی نەتەوەی کورد لە هەر یەک لە پارچەکاندا دەرخەری ئەو ڕاســتییەیە کە کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردســتاندا لە پلانیدا نییە لەژێر بەزەیی و ڕەحمەتــی ئەوانی دیکەدا بژی و هەســت بە بەختیاری بــکات. کورد خوازیاری ژیانێکە کە لە ئیرادەی خۆیەوە ســەرچاوەی گرتبێت و لەسەر بناغەی مەرجەکانی خۆی ئاوا کرابێت. پێویســتە کە هەموو دەرگاکان بەرەوڕووی کورد کراوە بن و ئەو نەتەوە چەوساوەیە بۆخۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. ئەوە دروستترین و ئەخلاقیترین ڕێگایە کە دەبێــت هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە مرۆڤ دەزانن، وەک ئەرکێکی مرۆڤانە پشتیوانیی لێ بکەن.

نەتــەوەی کورد بە هۆی دلۆڤانی یان دڵڕەقیــی نەتەوەیەکی داگیرکەر ناتوانێت درێــژە بە ژیان لە ژێردەســتیی ئەوانــی دیکەدا بدات. کورد ژیان لە ژێردەســتیی

ئەوانـــی دیکـــەدا بە بێڕێزیی بە جەوهەری مرۆییی خـــۆی دەزانێت و دژی ژیان لە ژێردەستیدایە. بۆ نەهێشتنەوەی سەردەســـتیی داگیرکەران، کورد نرخی پێویستی داوە و ئەگەر پێویســـت بێت، نرخی زیاتریش دەدات. مێژوو شایەتی ئەو ڕاستییەیە کە کورد دەزانێت بۆ ئازادی، فیداکاری پێویستە و نرخی ئازادیش گرانە. بەس ئێمە ئەگەرچـــی مافی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان و لەوانەش نەتەوەی کورد لە هەر پارچەیەکدا بە مافێکی بێئەملاوئەولا دەزانین، بەڵام تەنیا خۆمان لە بەرامبەر فۆرمی مافی چارەنووس لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا بە بەرپرسیار دەزانین سەرەڕای ئەوەی کە چارەنووســـی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکاندا پێکەوە گرێ دراوە و بەباش و خراپ کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن. ئێمە بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە پارچەکانی دیکەدا خۆمان بە پشـــتیوانی ئیـــرادەی نەتەوەی کورد لەو پارچانەدا دەزانیـــن و ئەگەر ڕۆژێک کـــورد بڕیار بدات، هەموویان پێکەوە یەک کوردســـتانی یەکگرتوو و ســـەربەخۆ دروســـت بکەن، ئەوەش مافێکی ڕەوایـــە ئەگەر لە ئیرادەی گشتیی کورد لە هەموو پارچەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

ئازادیی تاکەکەســـی: ئێمە ئازادیی تاکەکەســـی بە مافی هەر تاکێک دەزانین و وەک مافێکی ڕەوای هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بڕوای تەواومان پێ هەیە. بێبەشـــنەکردنی تاک لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بۆخۆی حەزی لێیە و بە هێز و هۆشـــی خۆی دەتوانێت بیکات، بە مافی هەر تاکێـــک دەزانین بەو مەرجەی کە زەربە لە خۆی و هیچ ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵگا نەدات و برینداری نەکات. دەبێت حکوومەت خۆی لە دەســـتێوەردان لـــە کاروباری گرێدراو بە ژیانی تاکەکەســـی و بژاردەکانـــی بەردەمیان بەدوور بگرێت و هەر هاووڵاتییـــەک لە ژیانی خۆیدا لەژێر سەردەســـتیی ئەوانی دیکەدا نەبێت. ئەوە مافی هەر تاکێکە کە پێڕەوی لە ئیرادەی خۆی بکات و ســـەربەخۆ لە ئیرادەی ئەوانی دیکە بڕیار لەسەر پرسەکانی پێوەندیدار بە ژیانی خۆیەوە بدات. دەبێت بۆ ئەم مەبەســـتە سنووری دەستێوەردانی حکوومەت لەلایەن یاساوە دیاری بکرێت و حکوومەت ئەو مافەی نەبێت، کە بە حەزی خۆی و

هەر کاتێک کە پێی خۆشبێت، دەستێوەردان لە ژیانی تاکەکاندا بکات.

تاکی کورد لەو کۆمەڵگایەی کە ئێستا تێیدا دەژی و لە ژێر داگیرکاریی حکوومەتە داگیرکەرەکان و نەتەوەکانی سەردەستدایە، ئازادییەکەی ئەوەندە سنووردار کراوە کە لە لانیکەمی ئازادیش بێبەش کراون و ڕۆژانە بێڕێزی بە جەوهەری مرۆڤانەی تاکی کورد بووە بە دیاردەیەکی سروشتی لەلایەن ئەو داگیرکەرانەوە. خەباتی کورد بۆ دوورخستنی ژیان لەو کارەسات و سووکایەتییانەیە کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەرەوڕووی تاکەکانی کورد دەبێتەوە، بەشێکە لە خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان کە هاوتەریب لەگەڵ خەبات بۆ مافی چارەنووس، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ستەم لە تەواویەتی خۆیدا بەڕێوە دەچێت. ئێمە بە مافی هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین، کە ژیان بە گوێرەی بەهاکانی خۆی و نەتەوەکەی بژی، نەک بەهاکانی نەتەوەیەکی دیکە.

تاکی کورد بە هۆی ژێردەستییەوە بێبەش‌کراوە لە پێداویستییە پەروەردەییەکان و لە ئاکامدا لە زانست و پێشکەوتن دوور خراوەتەوە و لەسەر ڕێگای گەشەپێدانی لێهاتوویی ئەوان کۆسپ و بەربەستی زۆر دروست کراوە و دوژمنان ڕۆژانە لە ڕێگای ئەو ئیمکاناتە بەربڵاوەی کە لە بەردەستیاندایە، هەوڵی داگیرکردنی مێشکی تاکی کورد و هێشتنەوەیان لە دواکەوتوویدا دەدەن. ئازادی ئەو دەرفەتە بە تاکی کورد دەدات، کە بتوانن بە ئیرادەی خۆیان ڕێگای ژیانیان هەڵبژێرن و لە ڕێگای پەروەردەیەکی تەندروستەوە خۆیان پێش بخەن و ئاوات و ئامانجەکانیان ڕیالیزە بکەن. ڕیالیزەکردنی ئامانجە تاکەکەسییەکان لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و لە خزمەتی ئامانجە گشتییەکاندایە.

**ئازادیی شێوازی ژیان:** ژیانی تاکی کورد دەبێت لەژێر تەوژمی کۆمەڵگا و ئەو دابونەریتانەی کە کۆمەڵگا لە ڕێگایانەوە ژیانی تاکەکەسی تووشی ئاستەنگ و ئاریشە دەکات، بەدوور بێت. ڕزگاریی تاکەکەسەکان لەژێر گوشاری زۆرینەی کۆمەڵگا ئازادیی ئەوانە لە دەست دیکتاتۆرییەتی زۆرینەدا.

ئێمە ئازادیی شـــێوازی ژیان بۆ هەر تاکێک کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی هەبوونی شـــێوەژیانی فرەڕەنگ و پلۆرالیســـتی لە کۆمەڵگادا و دەرەتانـــی خۆڕئالیزەکردن بۆ هـــەر یەک لەوان بـــەرز دەکاتەوە، بە ئەرێنی دەزانین و لە هێڵی هەڵکشـــانی کۆی گشـــتیی بەختیاری و بەرزبوونەوەی ئاســـتی تۆلێرانس لە کۆمەڵگادا دەبینین. ئێمە لەو بڕوایەداین کە وەها ئازادییەک دەرفەتی نوێ بە تاکەکان دەدات تا بەو شـــێوەیە کە خۆیان دەیانەوێت، خۆیان بنوێنن و بژین. ئێمە گوشـــاری کۆمەڵگا و حکوومەت بۆ ســـەر ژیانی تاکەکەسی بۆ ئەوەی کە تاکێک خۆی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگادا بگونجێنێت، بە دیکتاتۆری دەزانین و هەر چەشنە دیکتاتۆریەک مەحکووم دەکەین.

**ئازادیـــی ڕادەربڕیـــن:** ئازادیـــی ڕادەربڕین کـــە کەرەســـتەی خاوێنکردنەوەی دێموکراسییە، شتێکی پێویست و بەکەڵکە بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و تاکەکان بەتایبەتی. ئازادیی ڕادەربڕین بەو واتایەیە کە هیچ ڕاستییەک بە ڕەها دانانرێت. هاتنە بەرباسی بیر و هزری جیاواز لە دیسکۆرســـی ئازاد، گشـــتی و بێدادوەریدا کە بێلایەنانە تاقی بکرێنەوە، یارمەتیدەرە بۆ بەردەوامبوونی بیر و هزری ڕاســـت و بەرهەمهێنانی بیر و هـــزری نوێ. هیچ تاکێک نابێت بەهـــۆی دەربڕینی بیروڕای خۆی لەلایەن کۆمەڵگا یان حکوومەتەوە بکەوێتە بەر گوشار یان شوێنکەوتنەوە.

لە سەردەمی خۆیدا قاسملوو ڕەخنەی بەجێی لە دێموکراسیی لیبراڵی دەگرت و دەیگوت: ئەگەرچی لە دێموکراســـیی لیبراڵیدا ئازادیی بیروڕادەربڕین بوونی هەیە، بەڵام هەموو کەس ئەو کەرەســـتە و ئیمکاناتـــەی نییە کە بتوانێت هزرەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە. بەڵام لە ســـەردەمی ئێســـتادا کە بە ســـەردەمی تەقینەوەی زانیاری دەژمێردرێت،  ئەو دەرفەتە بۆ هەموو کەسێک پێک هاتووە کە بتوانێت بیر و هزری خۆی بەو شـــێوەیەی کە پێی خۆشـــە دەربڕێت. ئەو ئازادییـــە بە مافی هەر تاکێک دەزانین و بە دژی سانســـۆر، پێشـــپێگرتن، کۆســـپدانان و بەربەست لەسەر ڕێگای ئازادیـــی ڕادەربڕین و خەبات بە دژی ئەو دیاردانە کـــە پێش لە بڵاوبوونەوەی هەر هزرێک دەگرن، بە ئەرکی خۆمان و هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی دەزانین.

ئازادیی سیاسیی گشتی: ئازادیی سیاسیی گشتی، کە پێوەندیی بە چالاکییەکانی تــاک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، بنچینەی سیســتەمێکی دێموکراتیک پێک دێنێت و دەســتێوەردانی حکوومەت لە چالاکییە سیاســییەکانی خەڵکدا ســنووردار دەکات و ڕێــگا نادات کــە ئەندامانی کۆمەڵــگا بە هۆی چالاکییە سیاســییەکان و دەربڕینی بیروڕا لەسەر پرسە سیاسییەکان بکەونە ژێر گوشار و بەدواداچوون لەلایەن حکوومەتەوە. ئێمە هەر چەشنە سنووردارکردنی دێموکراسی بە زیانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا دەزانین و لە ڕاســتیدا دێموکراسی بە پارێزەری ئازادییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتییان دەژمێرین، کە ڕێگاخۆشکەرە بۆ بەشداریی هاووڵاتییان لــە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات و ڕەتکردنەوەی سەردەســتیی ئەوانی دیکە بەســەر ئیرادەی هاووڵاتییاندا، بەڵام هەروەها ئێمە بە ئەرکی بەڕێوەبەرانی وڵات و ئەو کەسانەی دەزانین کە لە داڕشتنی پلان و سیاسەتە گشتییەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بەشدارن، کە دەبێت ئەوان سیاســەت نەک بە دەرفەت بۆ ڕئالیزەکردنــی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵکوو بۆ خزمەت و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی هاووڵاتییان سەیر بکەن.

ئــازادی لە ســتەمی چینایەتی: ئێمە ئازادی لە نەبوونی چەوســانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤدا دەبینین و تەنیا کار لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگادا بە پێوەری دروست بۆ دادپەروەریی لە کۆمەڵگای دادپەروەردا دەژمێرین. بۆیە ستەمی چینایەتی بە پێشــێلکردنی ئازادی و دێموکراســی دەزانین، کە ئەندامانی کۆمەڵگا لە جەوهەریی مرۆڤیی ئەوان بەتــاڵ دەکات و دەرفەت دەداتە خەڵکانێک کە ئەندامانی کۆمەڵگا وەک کەرەستەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. ستەمی چینایەتی یەکێک لە کەرەســتەکانی سەپاندنی سەردەســتییە لەسەر هاووڵاتییاندا و بەتەواوی ڕەتــی دەکەینەوە. هاووڵاتییانی ڕۆژهەلاتی کوردســتان بێجگە لە ئازادییە تاکەکەسییەکان، شێوازی ژیان و ئازادییە سیاسییە گشتییەکان، پێویستە لە بەرامبەر ســتەمی چینایەتیشــدا پارێزراو بن و ئــەوە یەکێک لە پرنســیپە بنچینەیییەکانی کۆمەڵگای ئازادی کوردستانە.

## دوورەدیمەن

ئێمە ئازادی لە ڕئالیزەکردنی ئیرادەی نەتەوەکەماندا دەبینین کە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی ئـــازاد و مرۆڤانە خەبات دەکات. بۆ ڕئالیزەکردنی ئەو ئیرادەیە، گەلی کورد پێویســـتیی بە دیاریکردنی مافی چارەنووســـی خۆی لە هەر یەک لە پارچەکانی کوردستاندا هەیە. بـــۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا بێجگە لە مافـــی دیاریکردنی چارەنووس و ڕزگاربوون لە سەردەســـتیی داگیرکەران، پرســـی ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادیی سیاســـیی گشتی و بنبڕکردنی چەوساندنەوەی چینایەتی خاڵە بنەڕەتییەکانی ئامانج و بیروباوڕی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیدا پێک دێنن. کۆمەڵگای ئازادی کوردستان لە ڕێگای سیستەمێکی دێموکراتیکی دادپەروەرەوە پارێزەری کەرامەت و بەها مرۆییەکانی هاووڵاتییان دەبێت و بۆ ئەم مەبەستە سیستەمێکی کۆماری بە گونجاو دەزانێت.

## گۆڕانکاری

ڕزگاریی کورد لە ژێردەســـتیی داگیرکەران و بەدەســـتەوەگرتنی چارەنووســـی خۆی هەنگاوێکـــی گرینگ و پێویســـتە کە تاکی کورد دوای ســـەدان ســـاڵ بندەســـتی و ســـووکایەتی و هەڵاواردن بتوانێت لەو هەموو لەمپەر و بەربەســـتە دەرباز بێت و ببێتە خاوەنی ژیانێکـــی ئازاد کە لە ئیرادەی خۆیەوە ســـەرچاوە دەگرێت. ئاکامی ئەو یەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد بەو چەشـــنەیە هەڵســـوکەوت بکات، کە بەشـــێکە لە ڕەســـەنایەتیی خۆی نەک ئەوەی کە لە بەر سەردەستیی ئەوانی دیکە هەوڵ بدەن بە شـــێوەیەک ئاکار و کارەکانیان لەگەڵ ویســـتی ئەوان بگونجێنن. بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووســـی نەتەوەی کورد، هیچ کەســـێک لە کورد باشتر ناتوانێت ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنێت. بۆیە دەســـتەبەرکردنی سەربەخۆیی بڕیاردان لەسەر چارەنووسدا ئەرکێکی قورسە کە دەکەوێتە سەرشانی هەر تاکێکی کورد و ئەگەر تا ئێستا کەسێک بەو ئەرکە هەڵنەستابێت، لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئازادی و چارەنووسی خۆیدا کەمتەرخەم بووە و یارمەتیدەر بووە بۆ ژێردەســـتمانەوەی کورد کە ئەوەش دژایەتیی هەیە لەگەڵ ئامانجی

بنەڕەتیـــی نەتەوەی کورد کە هـــەوڵ دەدات وەک نەتەوەیەکی ئازاد و بەختیار، وەک هەمـــوو نەتەوەکانـــی دیکە، ئیرادەی خۆی جێبەجێ بکات. لە ڕاســـتیدا ڕزگاربوون لە دەســـت ستەمی نەتەوایەتی بۆ نەتەوەی کورد، دەسپێک و پێشمەرجی بەدەستهێنانی ئازادی و دەربازبوون لە هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکی دیکەیە. تێگەیشتن و تێڕوانینی کورد بۆ ژیانێکی باش ئەگەر جیاوازیی لەگەڵ تێڕوانینی داگیرکەران لەو بارەوە هەبێت، نـــەک گوناح نییە، بەڵکوو دەوڵەمەندییەکە بۆ مرۆڤایەتی. وەها ئیدەئاڵێک دەبێتە هۆی فرەڕەنگیی زیاتر و بەرزبوونەوەی ئاستی پلۆرالیزم لە هێڵی ژیانێکی باش بۆ مرۆڤەکان.

هـــەر وەک پێشـــتریش ئاماژە پێ کـــرا، ئێمە نەک بە تەنیا ئازادیی تاکەکەســـی و ژیـــان بە گوێرەی پێوەر و بەها تاکەکەســـییەکان بە گرینـــگ دادەنێین، بەڵکوو لە ڕێگای دێموکراســـییەوە دەمانەوێت ئـــەو گارانتییە بۆ هەر تاکێک هەبێت کە بتوانێت کاریگەریی لەسەر بڕیارە پێوەندیدارەکان بە ژیانی گشتییەوە هەبێت و مافی سیاسیی تاکەکان پارێزراو و دەسەڵاتداریی نیشـــتمانیی کوردی ئەرکدار بێت بۆ ڕێالیزەکردنی دەروونیترین ویستە تاکەکەسییەکان لە ڕێگای ئیرادەی گشتییەوە.

خەباتـــی نەتەوەی کورد بە دژی ڕێژیمە داگیرکەر و تۆتالیتارەکانە و دیکتاتۆری لە هەر شـــێوازێکدا ڕەت دەکاتەوە. بۆ دەســـەڵاتداریەتی نیشـــتمانی کورد، پاترنالیزم ڕەت دەکاتەوە و کۆمەڵگای کوردســـتان بە هیچ جۆرێـــک ناتوانێت لەگەڵ پاترنالیزم دەربەرێـــت. ئێمە ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی وڵات نەک بـــۆ ناچارکردنی هاووڵاتییان بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک، بەڵکوو بۆ ڕێالیزەکردن و کردەییکردنی ئیرادەی گشـــتی لە کۆمەڵگادا هەڵدەبژێرن. لەبەر ئەوەی کە لەو بڕوایەداین کە پرنســـیپەکانی سیاســـەت و کۆمەڵگایەکی باش نابێت لەگەڵ ویســـتی خەڵک کە ئەو خەڵکەش لە تاکەکان پێک دێت ناتەبا بێت. مەبەست لێرەدا ئیرادەی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگایە.

ئێمـــە ئازادیی نەتەوەی کورد لە بوون بە حاکمی خۆی و بەڕێوەنەچوون لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دەزانین، کە بەو شـــێوەیە ئێمە خاوەنی سەربەخۆییی بڕیاردانی سیاسیی خۆمان بین و تەنیا پێڕەوی لە شعووری خۆمان بکەین.

سیستەمێکی دروستی پەروەردەیی ڕۆڵێکی گەورە لە هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەگێڕێت بۆ ئەوەی کە ماف و ئازادییەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان بناسن. پێشتر ئاماژەمان بەو ڕۆڵە خراپەی سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستاندا کرد، کە لەلایەن داگیرکەرانەوە دامەزراوە و هەوڵ دەدەن کە لەو ڕێگایەوە نفووز و دەسەڵاتی خۆیان لەسەر کۆمەڵگای کوردستان بسەپێنن و وا بنوێنن کە سیستەمی دەسەڵاتداریی ئەوان بێکەموکوڕییە و سیستەمەکەیان لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی ئابژێکتیڤی ئەخلاقی و سیاسی بنیات نراون و ئەرکی تاکی کوردە کە ئەو یەکە وەک ڕاستی قەبووڵ بکات. ئەو یەکە لەگەڵ پرنسیپەکانی بەڕێوەبەرییەکی دێموکراتیک ناتەبایە و ئاکامەکەی بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی دیکتاتۆری لەلایەن دەسەڵاتداران و نەتەوەی داگیرکەرەوە لەسەر نەتەوەی کورد و بێبەشکردنی لە ئازادی و دروستکردنی کاریگەریی لەسەر ئەو یاسایانەی کە ئەمڕۆ لەو سیستەمە داپڵۆسێنەرەدا بەڕێوە دەچن. ناچارکردنی نەتەوەی کورد بۆ ئەوەی کە لەژێر سێبەری وەها سیستەمێکدا هەست بە ئازادی بکات، پێشێلکردنی ئازادییە.

ئێمە لە کوردستانێکی ئازاددا خوازیاری سیستەمێکی پەروەردەیی سەربەخۆین کە تاکەکانی کۆمەڵگا فێری زانستی ڕاستەقینە بکات، نەک ئەوەی کە ئامانجیان کار بۆ بەکۆیلەکردن و داگیرکردنی هزری تاکی کورد لە ڕێگای دەرخوارددانی سەدان ئەفسانەی ناژیربێژانە و فووبیایی بێت و هاووڵاتییانی کوردستان بە لاڕێدا ببەن.

**دەرووەستبوون**

بەو باسەی کە تا ئێستا کراوە لێرەدا پێویستە کە لە خۆمان بپرسین کە بۆ گەیشتن بە ئازادی بەو شێوەیەی کە تا ئێستا باس کراوە، دەبێت چی بکەین؟ ڕێگای گەیشتن بەو ئازادییە کامەیە؟

ئەگەر بەکورتی باسی ئازادی لە ڕوانگەیەکی کوردانەوە بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، ئازادی بە واتای دەستەبەرکردنی حاکمییەتی نەتەوەیی لەسەر

خاکی کوردســـتان لە ڕۆژهەڵات، دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیکی کۆماری و کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی مرۆڤەکان بە دەستی مرۆڤەوەیە. دوای دەستەبەرکردنی مافی چارەنووس، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە ســـەر شـــانی سیستەمی پەروەردەیی بۆ ئەوەی کە هاووڵاتییان بە دروســـتی پەروەردە بکرێن کە ماف و ئازادییەکانیان بناسن. لە سیستەمێکی دێموکراتیکی کۆماریدا ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکانی ئەندامانی کۆمەڵـــگا پارێزراون و کۆمەڵـــگا پێڕەوی لە ئیرادەی خۆی دەکات. لەو سیســـتەمەدا سەردەســـتی بوونی نییە و هاووڵاتییان بۆ خۆیان و لە ڕێگای بەشداریی لە کاروباری سیاسی و هەڵبژاردنی نوێنەرانیانەوە ئیرادەی خۆیان ڕێالیزە دەکەن.

بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجە، سڕینەوەی دەسەڵاتداریەتیی داگیرکەر هەنگاوی یەکەم پێـــک دێنێت و بۆ ئەم مەبەســـتەش هەموو هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە یـــەک ڕادە ئەرکـــدارن. بۆیە پێویســـتە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و حیزب و ڕێکخراوەکانیـــان هەوڵ بدەن بە ئۆرگانیزەکردنـــی خەباتێکی ڕزگاریدەرەوە، بۆ ئەم ئامانجە تێکۆشـــن. بۆیە بە دامەزراوەییکردنی خەبات لە ڕێگای دامەزراندنی چەترێک کە هەموو هاووڵاتییان و ڕێکخراوەکانیان لە خۆ بگرێتەوە، ئەرکی ئەمڕۆی ئێمەیە.

بە ئاراستەکردنی خەباتێکی هاوبەش و جەماوەری، ئاسۆی ڕزگاری و گەیشتن بە بەرزترین ڕادەی ئازادی یەکەمین هەنگاوی پێوسیتە کە دەبێت هەڵ بگیرێت.

## ژێدەرەکان

Norheim Tor Johan. 2015. «Retten til ytre selvbestemmelse etter folkeretten Hadde befolkningen på Krimhalvøya rett til å løsrive seg fra Ukraina våren 2014?». (Tromsø: Masteroppgave, Universitetet i Tromsø). p. 12-16
https://n9.cl/ck8sk

پنج گام برای خلق یک مانیفست پایدار. لەو گۆتارە بۆ داڕشتنەوەی قەوارەی ئەم مانیفێستە کەڵک وەرگیراوە.
https://n9.cl/pgb6d

## ئەنجام

ئازادی لە ڕوانگەی قاسملووەوە بە واتای نەمانی هەر چەشنە زۆرداریيەک بوو. ئازادیی جێگای مەبەستی قاسملوو بۆ نەتەوەی کورد یانی بەدەستهێنانی مافی دیارکردنی چارەنووس، نەهێشتنەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییە گشتییەکان. بۆچوونەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی لە تیۆروانینی کۆماریخوازانە نزیکە، بەڵام لێی بەرفراوانترە. دەتوانین بڵێین کە ئازادیی جێی مەبەستی قاسملوو، ئازادی لە ئاستی هەرەبەرزی مومکیندایە. ئازادییەک کە جێبەجێ دەکرێت، لە ڕێگای یاساوە سنوورەکانی دیاری دەکرێت. بەڵام ئەو یاسایە لە ئیرادەی هەموو هاوولاتییانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەو چوارچێوەیەدا ئازادییە تاکەکەسییەکان و ڕێزدانان بۆ هەرێمی تایبەتی پارێزراوە و ئیرادەی تاکەکەسیی خۆیان لە هێڵی ژیانی باشدا ڕئالیزە دەکەن و ئیرادەی گشتیش لە کۆی ئیرادەی ئەو تاکانە پێک دێت و هیچ ناتەباییەک لە نێوانیاندا نییە. پەرگالێک کە وەها ئازادییەک تێیدا لواوە، پەرگالێکی دادپەروەرانە و دێموکراتیکە. بەس ئەو پەرگالە ئانتیتێزی هەر چەشنە سیستەمێکی دیکتاتۆری و تۆتالیتارە کە نە ئیزن بە دیکتاتۆریی

زۆرینەی سەرچاوەگرتوو لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەدا و نە ئیزن بە دیکتاتۆرییەتی حکوومەتی دەدات، کە تاک یان کۆیەک لە تاکەکان بچەوسێنێتەوە.

ئەو شـێوە ئازادییە لەلایەک بەربەستەکانی سـەر ڕێگای ئازادیی تاکەکەسی لا دەبـات و ئازادیی نەرێنی بە مافـی بێئەملاوئەولای هاووڵاتییـان دەزانێت، تا ئەو جێگەیـە کە زەربە لـە هاووڵاتییانی دیکە یان لە خودی تاکەکە نەدات و لەلایەکی دیکەوە بەربەسـتەکانی دەروونیی مرۆڤەکانیش لا دەبات و تا ڕادەی لواو ئیزن دەدا کە هەر تاکێک بە دوور لە بەربەسـتە دەروونییەکان بەو شـێوەیە کە خۆیان پێیان خۆشە، لە ڕێگای هەڵسەنگاندنێکی بەهێزەوە بژاردەکانیان هەڵبژێرن.

وەها ئازادییەک سـڕینەوەی سەردەستیی کەسانی دیکە بە پێشمەرجی ئازادی دادەنێت و ئەو پرنسـیپە بە بنەما دادەنێت، کە مرۆڤەکان دەبێت لە ئیرادەی خۆیان پێـڕەوی بکەن. وەها ئیرادەیەک دەتوانێت بە هۆی هەلومەرجی جیاوازەوە ئاڵوگۆڕی بەسـەردا بێت. یانی دینامیکبوون و پلۆرالیستیبوونی ئاڵترناتیڤەکان بە پێویست و گونجاو دەزانێت بۆ ژیانی مرۆڤەکان و هیچ ڕاستییەک بە ڕەها دانانێت.

قاسـملوو ئازادیی بۆ ژیانی مرۆڤەکان بە شـتێکی بەقاڵیتە (باکیفیت) دەزانێت، کە کەرامەت و کەسـایەتیی تاکەکان دەسـتەبەر دەکات. بۆیـە خەبات بۆ ئازادی لـە پەنابردن بە قەڵای دەروونی یان وەلانانی ئامانجی ئازادی لە سـەردەمێکدا کە خەبات بۆ ئازادی دژوار بێت، بە باشـتر دەزانێت. بۆیە دەڵێت: «لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادیدا ئەگەر مرۆڤ بە دەیان جار مردنیشی لە پێش بێت، نابێت دەست لە خەبات هەڵبگرێت» و ئەوە بە کارەکتەرێکی کەسایەتیی شۆڕشگێڕی دادەنێت.

# ژێدەرەکان


1. Svendsen, Lars. 2013, «Frihetens filosofi», (Oslo: Universitetsforlaget), p. 119
2. Isaiah, Berlin. 1969. «TWO CONCEPTS OF LIBERTY,» Four Essays On Liberty. ((Oxford, England: Oxford University Press), p. 118-172) p.3
https://n9.cl/ugg1y

ئەو گۆتارەی ئایزایا برلین لە ١٩٦٩دا نووســـیویەتی. ژمارەی لاپەڕەکانی ئاماژەپێکراو لەو نووسینەدا بە گوێرەی فایلی پیدیئێفە کە لە لینکی سەرەوەدا داندراوە.

3. Svendsen 2013. p.127
4. Lavik, Trygve; Fjørtoft, Kjersti; Pedersen, Jørgen. 2016. «Filosofi for samfunns-vitere, 2. utgave». (Oslo: Universitetsforlaget, 2.) p.196
5. Svendsen 2013. p.127
6. Pettit Philip. 2011. «The Instability of Freedom as Noninterference: The Case of Isaiah Berlin». (Chicago: The University of Chicago Press, Ethics , Vol. 121, No. 4 (July 2011), pp. 693-716, 2011) p. 694
https://n9.cl/ir9wvk
7. Pettit. 2011. pp. 696-698
8. Berlin 1969. p. 3 & Svendsen 2013. p.121
9. Lavik, m.m.; 2016. p. 196
10. Berlin 1969. p. 3 & Svendsen 2013. p.121
11. Berlin 1969. p.3 & Svendsen 2013. p.123
12. Berlin. 1969. p.5
13. Pettit. 2011. p. 698
14. ibid
15. Pettit. 2011. pp. 699-701

16. Svendsen 2013. pp.126-127
17. Pettit. 2011. pp. 702-704
18. Pettit. 2011. p. 704
19. Pettit. 2011. pp. 704-707
20. Pettit. 2011, p. 694
21. Pettit. 2011. p. 707
22. Pettit. 2011. p. 708
23. Pettit. 2011. pp. 709-7011
24. Lavik, m.m., 2016. p. 196
25. Lavik, m.m., 2016. p. 200
26. Lavik, m.m., 2016. p. 207
27. Lavik, m.m., 2016. pp. 201-203
28. Lavik, m.m., 2016. pp. 203-206
29. Lavik, m.m., 2016. pp. 208-210
30. Lavik, m.m., 2016. p. 196
31. Svendsen 2013. p.120
32. Berlin 1969. p.6
33. Svendsen 2013. p.130
34. Berlin 1969. p. 6
35. Lavik, m.m., 2016. pp. 197-198
36. Lavik, m.m., 2016. pp. 199-200
37. Svendsen 2013. p.135
38. Lavik, m.m., 2016. p.212
39. Svendsen 2013. p. 127
40. Lavik, m.m., 2016. 213-214
41. Lavik, m.m., 2016. p. 214
42. ibid
43. Svendsen 2013. p.127
44. Lavik, m.m., 2016. p. 215
45. Lavik, m.m., 2016. p. 215
46. ibid
47. Lavik, m.m., 2016. p. 216 & Svendsen 2013. p.133
48. Lavik, m.m., 2016. p. 217
49. Berlin 1969. p.10-13
50. Lavik, m.m., 2016. p. 217
51. Lavik, m.m., 2016. p. 220
52. Taylor Charles. 1985. «What´s Wrong With Negative Liberty», (Kopisamling fra SVF- FIL-2022 Politisk Filosofi ved universitetet I Tromsø (2008)) p. 213
53. Taylor. 1985. P.213
54. Taylor. 1985. P. 216
55. Lavik, m.m., 2016. pp. 217-218
56. Svendsen 2013. p.134

57. Svendsen 2013. p.129
58. Lavik, m.m., 2016. p. 218
59. ibid
60. Lavik, m.m., 2016. p. 219
61. Lavik, m.m., 2016. p. 219
62. ibid
63. Lavik, m.m., 2016. p. 220
64. ibid
65. Svendsen 2013. pp.128-129
66. Lavik, m.m., 2016. pp. 220-221
67. Lavik, m.m., 2016. p. 221

بۆیە بۆ نموونە بە بڕوای «لێنین» پێڕەوی لە دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا نەک بندەستیی هاووڵاتیان، بەلکوو لە پێناوی ئازادیی ئەواندا بوو و ئەندامانی کۆمەڵگا دوایی دەزانن کە لە بەر خاتری ئازادیی ئەوان دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا دامەزرابوو. یانی مەجبوورکردنی تاک بە ئازادبوون لە ڕێگایەکی وەها بۆ ئەوان نەک باوکسالاری، بەلکوو لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیاندا لێکدەدرێ و بۆیە ئەو یەکە بە ئەخلاقی دەژمێردرێ. یانی هاووڵاتیان هەموو کاتێک نازانن چ شتێک باشە. بەس ئەوانە دەزانن، دەتوانن بۆیان دیاری بکەن چ شتێک باشە یان نە.

68. Lavik, m.m., 2016. p. 222
69. ibid
70. Ibid
71. Svendsen 2013. pp.136-137
72. Pettit. 2011. p. 712
73. Pettit. 2011. p. 713-714

۷۴. بازیار سمایل، ۲۰۲۰. «کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان / حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە (۱۹۴۵-۱۹۹۱)». ل. ۲۷۹ (هەولێر)

۷۵. وەرگرتنی بیر و بۆچوونی سارۆ ئەردەڵان لە ڕێکەوتەکانی ۳ی کانوونی یەکەمی ۲۰۲۱ و ۲۵ی کانوونی دووهەمی ۲۰۲۲دا.

۷۶. ڕەستگار حەسەن. ۲۰۲۱. «برگەیەک لە ژیان و خەباتم، بەرگی یەکەم، بەشی دووهەم». ل. ۹۵ (ئاڵمان)

۷۷. بازیار. ۲۰۲۰. ل. ۲۸۲ و ۴۵۸

۷۸. زەنگین موستەفا، ۲۰۱۹، « دوکتور قاسملوو ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد»، و. سیپان ڕۆژهەڵاتی، گوڤاری تیشک ۵۳، ۲۹۱-۲۷۴

۷۹. بازیار. ۲۰۲۰. ل. ۳۴۸

۸۰. بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ۲۰۰۸. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو» (بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم). ل. ۴۳

۸۱. ئەردەڵان سارۆ، ۲۰۲۰، «دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی، بەرەو خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، گوڤاری تیشک ژمارە ۵۵، ۱۴۳-۱۲۴

۸۲. قاسملوو عبدلرحمان، وەرگێڕانی حسنزادە عبداللە. ۲۰۰۷. «کوردستان و کورد». ل. ۲۸۵-۲۸۳ (هەولێر)

۸۳. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۸۷-۲۸۶

۸۴. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۱۹۲-۱۸۷

۸۵. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۱۳

۸۶. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۴۰

۸۷. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۴۱

۸۸. سەرچاوەی پێشوو

۸۹. سەرچاوەی پێشوو
۹۰. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۴۶-۴۳
۹۱. هێندێک کەس بۆچوونێکی دیکەیان لە پێوەندی لە گەڵ «مەلای خەتێ»دا هەیە و پێیانوایە کە ئەوە «گیۆ موکریانی» بوختانی بۆ هەڵبەستووە و ئەو خەیانەتی نەکردووە. بەڵام باس لە «مەلای خەتێ» وەک کەسێکی خەیانەتکار لە هزری نەتەوەییدا جێ کەوتووە و زۆر زەحمەتە کە بە پێچەوانەکەی بۆ خەڵک بسەلمندرێ. لە پێوەندی لە گەڵ ئەم بۆچوونەدا ئێوە دەتوانن زانیاری لەو سەرچاوەیەدا وەربگرن :
https://n9.cl/o4iqu
۹۲. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل ۵۵-۴۶
۹۳. سەرچاوەی پێشوو
۹۴. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۲
۹۵. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۱
۹۶. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۹ و ۳۱
۹۷. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۳۲
۹۸. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۴۱
۹۹. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۵۸
۱۰۰. سەرچاوەی پێشوو
۱۰۱. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۵۹
۱۰۲. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۶۵-۶۱
۱۰۳. فانی عنایت، ۲۰۱۴. مصاحبه با قاسملوو در سال ۱۹۸۹، که یک ماه قبل از ترورش ضبط شده بود و در سال ۲۰۱۴، مصادف با بیستوپنجمین سالگرد ترورش از بیبیسی فارسی پخش شد. ۰۸»۵۰-۰۸:۴۰
https://n9.cl/r44na
۱۰۴. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۶۶-۶۵
۱۰۵. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۷۰-۶۹
۱۰۶. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۷۱
۱۰۷. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۸۳-۷۱
۱۰۸. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۸۴
۱۰۹. سەرجاوەی پێشوو.
۱۱۰. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۸۵-۸۴
۱۱۱. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۸۵
۱۱۲. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۸۶-۸۵
۱۱۳. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۹۶
۱۱۴. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۹۰-۸۹
۱۱۵. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۹۳-۹۲
۱۱۶. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۱۰۲-۱۰۱
۱۱۷. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۵۸-۲۵۷
۱۱۸. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۸۰-۲۷۷
۱۱۹. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۸۲
۱۲۰. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۹۴-۲۹۳
۱۲۱. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۹۶-۲۹۵
۱۲۲. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۲۹۸-۲۹۷
۱۲۳. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۳۰۳-۲۹۹
۱۲۴. قاسملوو. ۲۰۰۷. ل. ۳۰۸-۳۰۵

١٢٥. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣١٢-٣٠٨
١٢٦. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣١٦-٣١٢
١٢٧. قاسملوو. ٢٠٠٧. ل. ٣١٩-٣١٦
١٢٨. بەهرامی کاوە. ئامادەکردن. ١٣٨٢. «قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێرێکی دێموکرات». ل. ٨٦
https://n9.cl/4pnjz
١٢٩. بهرامی کاوه. گردآورنده. ١٣٨٨. «کردستان رنج و ایستادگی- بخشی از مقالات و مصاحبه‌های دکتر عبدالرحمن قاسملو» (تاڤگەی هەقیقەت بەرگی چوارەم). ل. ٣٢٥
١٣٠. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦٦-٦٤
١٣١. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٧٩
١٣٢. نابێ ماڵاوایی لە گەڵ مێتافیزیکی مارکسیسم هاوواتای ماڵئاوایی لە مارکسیسم دابنرێ. قاسملوو لەو بڕوایەدابوو کە ئەگەر چی زانست لە سەر بناغەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگا دادەنرێ، بەڵام ئەو ڕاستییانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک دەگۆردرێن و بۆیە زانستیش شتێکی دینامیکە کە دەبێ خۆی لە گەڵ ڕاستییەکانی سەردەم ڕێک بخات.
لە بەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە کە قاسملوو بە مارکسیستێکی پۆست مودێرنیست دادەنرێ. هزری مێتافیزیکی نەگۆڕن بەڵام مارکسیستێکی پۆست مودێریست ڕاستی بە موتڵەق دانانێ.
١٣٣. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٤
١٣٤. هەروەک کە پێشتریش باس کرا، قاسملوو ترسی لەوە هەبوو کە مارکسیستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا تووشی ئەو هەڵەیە ببن و لە بەرامبەر پرسی مافی چارەنووسی گەلی کورددا، پشتیوانی لە شۆوینیسمی نەتەوەی فەرمانڕەوا بکەن کە ئەو گومانەی قاسملوو نیشانەی تێگەیشتنی قاسملوو لە بارودۆخی ئەو سەردەمە و ناسینی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نیزیکەوە ناسیون و لێکدانەوەیەکی بە تەواوی ئابژێکتیڤ بووە.
١٣٥. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٨٠
١٣٦. بازیار. ٢٠٢٠. ل. ٢٧٩
١٣٧. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦٦-٦٤ & بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٢٨
١٣٨. بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ١٣٨٦. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « ( بەرگی سێهەم). ل.٢٣٧
١٣٩. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٩
١٤٠. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٢٥٠-٢٤٩
١٤١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٢٩٠
١٤٢. بەهرامی کاوە. کۆکردنەوە. ١٣٨٤. «تاڤگەی هەقیقەت- بەشێک لە بەرهەمەکانی قاسملوو « (بەرگی دووهەم). ل. ٣٦ (سلێمانی)
١٤٣. قاسملوو. ١٣٦٨. «وتاری قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال لە سەر وتووێژ». https://n9.cl/34lgx لە خوڵەکی ٠١:١٠- ٠١:٠٠

144. Solberg Susseg, Monica Irén. 2020. «det muliges kunst». Trønder avisa. Publisert: 14.06.20 20:35
https://n9.cl/e9sgz

١٤٥. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٢٣
١٤٦. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٣٦
١٤٧. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٢٩٥-٢٨٥
١٤٨. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٨٥-١٨٤
١٤٩. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٥٩ & بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٦٠ و ١٦٧-١٦٦
١٥٠. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٠٣
١٥١. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٩ و ل. ١٥٨ & بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٣٠-١٢٩

١٥٢. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٠-١٢٩
١٥٣. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٠-١٢٩
١٥٤. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٣٠-١٢٩
١٥٥. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٠٣
١٥٦. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٢٣٧
١٥٧. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٨-٣٧
١٥٨. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ١٩
١٥٩. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٢٥-٢٣
١٦٠. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٦٥-٦٤
161. Berlin, Isaiah, 1969: p. 3 & Svendsen, Lars Fr. H., 2013: p.121
١٦٢. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٩-٣٨
١٦٣. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٤٣-٤٢
١٦٤. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣١ ، ٤٠ و ٩٧-٩٦
١٦٥. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٤١-٣٨
١٦٦. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٧٤-٧٠
١٦٧. بەهرامی. ١٣٨٢. ل. ٧٤
١٦٨. بەهرامی. ١٣٨٢. ل. ٨٩
١٦٩. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩١
١٧٠. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٦
١٧١. بەهرامی. ١٣٨٢. ل. ٨٩
١٧٢. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٢.٥.٢٠ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ٣. ئەو نامەیە لە لایەن حەسەن ئەیووبزادەوە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو کرا.
١٧٣. قاسملوو و جان ڕاولز دوو بیرمەندن کە خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەردووکیان بۆ دادپەروەری لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا خاوەن ڕای سەرنجراکشن. بەڵام جیاوازیان لەوەدایە کە جان ڕاولز مۆدێلێک بۆ دادپەروەی لە سیستەمێکی دیموکراتیکی لیبراڵیدا داهێناوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، قاسملوو دادپەروەیی سۆسیالیستی بۆ کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا داهێناوە و پێیوایە کە سۆسیالیزم بە هۆی تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگایەک دەبێ لە گەڵ ڕاستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە ڕێک بخرێ. بە واتایەکی دیکە، سۆسیالیزمیش دەتوانێ مودێلێکی پلووراڵیستی بێ.
١٧٤. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٨٥
١٧٥. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٤-٩٣
١٧٦. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٩٥-٩٤
١٧٧. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل.٩٥
١٧٨. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل.٦٩-٦٦
١٧٩. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٤٧ و ٩٨-٩٦
١٨٠. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٨٦
١٨١. بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٤٦
١٨٢. سەرچاوەی پێشوو & بەهرامی. ١٣٨٢. ل. ٨٩ & بهرامی. ١٣٨٨. ل. ٢٨٤
١٨٣. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ١٢٩-١٣٠
١٨٤. بهرامی. ١٣٨٨. ل. ٢٩٢-٢٨٩ و ٣٣٤ & بەهرامی. ٢٠٠٨. ل. ٣٤٦ & بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٥٩-٥٨
١٨٥. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ١١٠
١٨٦. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ١٧٣-١٧٢
١٨٧. بەهرامی. ١٣٨٤. ل. ٤١

۱۸۸. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۵۰
۱۸۹. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۱۷۶
۱۹۰. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۲۵۷-۲۵۶
۱۹۱. فانی، ۲۰۱۴. ۰۸:۵۰-۰۷:۵۵
۱۹۲. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۱۰۹
۱۹۳. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۳
۱۹۴. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۳۲
۱۹۵. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۱۸
۱۹۶. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۱۵ و ۲۳
۱۹۷. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۲۱۴
۱۹۸. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۲۷
۱۹۹. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۷۳-۲۷۲
۲۰۰. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۳۷
۲۰۱. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۱۰۱
۲۰۲. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۵۷
۲۰۳. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۱۸۰-۱۷۸
۲۰۴. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۴۹
۲۰۵. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۷۶ & بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۱۴۶ و ۱۴۷
۲۰۶. مەحموود عوسمان. لە کاتی قسەکردن بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. https://n9.cl/v1bgh (۲۰۲۲.۰۲.۱۳).

۲۰۷. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۱۸۲
۲۰۸. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۳۰۱-۳۰۰
۲۰۹. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۶۱
۲۱۰. بەهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۴۳، ۱۶۰، ۳۲۱، ۳۳۸ و ۳۳۹ و ۳۴۱
۲۱۱. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۶۳
۲۱۲. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۳۲۱
۲۱۳. سەرچاوەی پێشوو & بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۶۰-۲۵۹
۲۱۴. بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۱۳۸ & لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۱۳
۲۱۵. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۳
۲۱۶. لە نامەی قاسملوودا کە لە ڕێکەوتی ۱۳۶۲.۵.۲۰ بۆ ڕەجەوی نووسراوە، ل. ۱۱
۲۱۷. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۶۱-۵۹ & بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۵۸
۲۱۸. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۶۶
۲۱۹. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۵۹ & بهرامی. ۱۳۸۸. ل. ۳۱۴-۳۱۳
۲۲۰. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۷۷
۲۲۱. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۳۹-۲۳۷
۲۲۲. بەهرامی. ۲۰۰۸. ل. ۶۸-۶۷
۲۲۳. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۱۹۷-۱۹۶
۲۲۴. بەهرامی. ۱۳۸۶. ل. ۲۱۵
۲۲۵. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۸۳
۲۲۶. بەهرامی. ۱۳۸۴. ل. ۲۵۷

٢٢٧. بەهرامی. ١٣٨٢. ل. ٨٩
٢٢٨. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٢٢
٢٢٩. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ٩٦-٩٤
٢٣٠. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١١٦
٢٣١. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٢٠
٢٣٢. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٠٩
٢٣٣. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٦٤
٢٣٤. بەهرامی. ١٣٨٦. ل. ١٠٨-١٠٧
235. Norheim To Johan. 2015. «Retten til ytre selvbestemmelse etter folkeretten Hadde befolkningen på Krimhalvøya rett til å løsrive seg fra Ukraina våren 2014?». (Tromsø: Masteroppgave, Universitetet i Tromsø). p. 12-16
https://n9.cl/ck8sk
236. Norheim. 2015. p. 19-34

**تێبینی**

ـ بۆ کورتکردنی لینکە ئینترنێتییەکان لەو پرۆگرامە کەڵک وەرگیراوە: https://n9.cl/no

ـ هەموو سەرچاوەکانی ئینترنێتی تا ١٣ی شوباتی ٢٠٢٢ لەبەردەستدا بوون.

قاسملوو تەنیا ڕێبەری ڕێکخراوەیەک نەبوو کە لە چوارچێوەی نۆرمەکانی ڕێکخراوەییدا بیەوێت حیزبەکەی بەرەو لووتکەی گەورەترین هێزی پارتیزانی سەردەمی خۆی ڕێبەری بکات، بەڵکوو قاسملوو بیرمەندێکی سیاسی بوو کە بیری لە شێوازێک لە بەڕێوەبەریی سیاسی دەکردەوە کە ئازادی و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤایەتی پێشمەرجی دامەزراندنی سیستەمی سیاسیی داهاتووی وڵات بوو. ئازادی بە بڕوای قاسملوو هەڵبژاردن و مافێک بوو، کە لە چوارچێوەی «ئەخلاق»ـدا شرۆڤە دەکرێت و مرۆڤ بە شێوەی سروشتی دەبێت لەو ئازادییە کەڵک وەربگرێت.

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com